# بەرەو بنەماگەلێکی تازە و هاوچەرخ

# بۆ فیقهی ئیسلامیی

## بناغەکانی یاساسازیی لە بواری باری کەسیەتیدا

وەصیەت ـ میرات ـ پایەداریی و قیوامە ـ هاوسەرگیریی و چەندیەتیی لە هاوسەرگیریدا ـ مولکولیەمین ـ دەس لەیەک بەردان و تەڵاق ـ پۆشاک

**(بەرگی دووەم)**

**نوسینی: د.محەممەد شەحرور**

**بەکوردیی کردن: ئیبراهیم میکە عەلی**

## ناساندنی کتێب ...

🙠 ناوی کتێب: بەرەو بنەماگەلێکی تازە و هاوچەرخ بۆ فیقهی ئیسلامیی، بەرگی دووەم.

🙠 نووسین.............. د.محەممەد شەحرور

🙠 بەکوردیی کردن...... ئیبراهیم میکە عەلی

🙠 بابەت.............. ڕەخنە و چاکسازیی لە هزری ئایینییدا

🙠 تیراژ............... ٥٠٠

🙠 چاپخانەی.......... حەمدی

🙠 نەخشەی بەرگ..... ڕەوشت محەممەد

🙠 ساڵی چاپ......... ٢٠٢٠

🙠 ژمارەی سپاردن.... لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەسپاردنی ( ٨٥٢) ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە.

## بەناوی خواوەندی بەخشندەی میهرەبان

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِـــــي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْـدِيلَ لِخَلْـقِ اللَّـهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الرّوم/٣٠.

﴿قَالَ يَاقَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَرَزَقَنِـي مِنْـهُ رِزْقًـا حَسَـنًا وَمَـا أُرِيـدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَــنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَـوْفِيقِي إِلَّـا بِاللَّـهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ هود/٨٨ .

**<u>سوپاس و دەسخۆشیی...</u>**

**ـ سوپاس و دەسخۆشیی و پێزانینی گەرم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە یارمەتیدەرم بوون لە تەواو کردن و بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمەدا.**

**ـ هەروەها بۆ هەموو خوێنەرێکی خۆشەویست کە کاتی دەبەخشێت بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە.**

سەرنج ڕاکێشانێکی پێویست...

پێم خۆشە سەرنجی خوێنەری خۆشەویست ڕابکێشم بۆ ئــەوەی کە: هەموو ئەو بابەتانەی لە کتێبەکانی پێشترماندا هاتوون و لـــە هەنــدێ بابەتدا لەگەڵ ناواخنی ئەم کتێبەماندا ڕێك نایەنەوە، هەموویانمان لەم کتێبەدا ڕاس کردوونەتەوە.

چوونکە ئەو ڕەویە و مەنهەجەی کە ئێمە پەیڕەویی لێ دەکەین، خۆی پەنجە دەخاتە سەر ئەو خاڵانەی کە نــەساز و نــەگونجاون و بـەبێ نازکردن و خۆلادان، پەردەیان لـەسەر لا دەدات و هەوڵـی چـارەسەریـان دەدات، بـەمەبەستی گـەیشتـن بـە تێگەیشتنێکی بـاشتر و گـونجـاوتـریـش، شەرم نـاکـەین لە پـێداچوونــەوە و خوێندنەوەی دووبارەدا بۆ نووسینەکانمان.

محەممەد شەحرور

# پێڕستی بابەتەکان


* **بەشی یەکەم:** ڕاسپاردە و میرات (الوصیە والمیراپ)........................ (٧)

* هەڵەکانی فیقهی بۆماوە لە تێگەیشتنی بابەتی میراتدا........................ (١٠)

* میرات بەپێی دابەزێنراوی بەجێ........................ (٣٥)

* (کُتِبَ) و (فُرِضَ) لە تەکلیف و ئەرکەکاندا........................ (٣٧)

* گشتیی و تایبەت........................ (٤١)

* وەسیەت و ڕاسپاردە ـ **الوصیة**........................ (٤٤)

* میرات گرتن... **ألإرث**........................(٦٠)

* میرات گرتنی ڕۆڵەکان (وەچە و لقەکەن)........................ (٦٥)

* میرات گرتنی باوانەکان **(ألأصُول)**........................ (٧٩)

* خاڵی هاوبەش لەنێوان میرات گرتنی لقەکان و باوانەکاندا **(الفروع والأصول)**........ (٨٤)

* میراتگرتنی هاوژینەکان (ژن و مێرد)........................ (٨٥)

* کەلالە... **(الکَلاَلَة)**........................ (٨٩)

* کەلالەی دووەم........................ (٩٧)

* چەند نموونەیەکی جێبەجێ کردن........................ (١٠٤)

* **بەشی دووەم:** هاوسەرگیریی و گرێبەستەکانی هاوسەرگیریی........................ (١١٩)

* هاوسەرگیریی.......................................... (١٣١)

* مولکولیەمین ـ **مُلْكُ اليَمين**.......................................... (١٣٧)

* ناپەسەندەکان ـ **الفَواحِش**.......................................... (١٤٧)

* دایکێکی گەورەکچ ـ **ألأُمُ العَازِبَة**.......................................... (١٥٢)

* چەندییەتیی لە ژن خواستندا ـ **التَعَدُدِيَة الزوجية**.......................................... (١٥٣)

* سەرپەرشتیی و گرتنە ئەستۆی بەڕێوەبردنی ژیان ـ **القِوامة**.......................................... (١٦٦)

* جیابوونەوە و دەست لە یەکتر بەردان ـ **الطلاق**.......................................... (١٩٠)

* **بەشی سێیەم:** پۆشاك (اللِّباس).......................................... (٢٠٩)

١ـ پۆشاك ـ **اللِّبَاس**.......................................... (٢٣٣)

٢ـ شەرمگە ـ **السوأة**.......................................... (٢٣٥)

٣ـ ڕازاوەیی ئافرەت ـ **زينة المرأة**.......................................... (٢٤٦)

٤ـ کەسە نزیکەکانی ڕازاوەیی ـ **مَحَارِمُ الزينَة**.......................................... (٢٥٣)

٥ـ حوکمی پۆشاکی ئەو ئافرەتانەی کە هیوایەکیان بە هاوسەرگیریی نەماوە (**القَواعِدُ مِنَ النِسَاء**)..... (٢٧٠)

* کۆتایی.......................................... (٢٧٨)

# بەشی یەکەم

# ڕاسپاردە و میرات

# (الوصية والإرث)

## دەسپێك...

لەم جیهانەدا و بەهۆی گەشەی بەردەوامی زەمینەی مەعریفەی مرۆڤایەتیی و فراوان بوونی ئاسۆیی و ستوونیی ئەو زەمینەیەوە، لەگەڵ هەر هەڵهاتنێکی تازەی خۆردا، چەند تەنگژەیەکی تازەش لەدایك دەبن، کە پێشتر بوونیان نەبووە، هەروەها لەلایەك بەهۆی گەشەسەندنی ئامرازە مەعریفییەکانەوە چ لەڕووی چەندییەتیی و چ لەڕووی چۆنایەتیشەوە و، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو پێکدا پژانە ئەزەلییەی نێوان نوێگەریی و ئەو نەریت پارێزییەدا کە پەیڕەوان و هەوادارەکانی، مکووڕن لەسەر دەست پێوەگرتن و پابەند بوون بەو تێگەیشتنە گەردوونیانەوە کە لە سایەی زەمینە و ئامراز گەلێکی مەعریفی کۆنەوە هاتوونەتە کایەوە.

سەیر لەوەدایە ئەمەش کە ئێستا گوتمان، خۆی لەخۆیدا دیسان دژوارییەکی ترە، چوونکە بەلای هەندێ لەو بەڕێزانەوە، هەر باوەڕبوون بە گەشەی بیری مرۆڤایەتیی لەو بوارانەدا کە پەیوەستن بە تێگەیشتن و چەشنی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خواوەنددا، خۆی لەخۆیدا بە سەرلێشێوانێك دادەنرێت کە شایستەی ئەوەیە خاوەنەکەی بەکافر دابنرێت و ڕووبەڕووی چەندین گرفت و ئاستەنگ بکرێتەوە کە لێرەدا بە پێویستی نابینین قسەیان لەسەر بکەین، ئەمە لەکاتێکدایە کە گەشەسەندن، ڕەویە و سوننەتێکی خواییە و خواوەند لە پەڕاوەکەیدا

بەڕاشکاویی ناوی هێناوە و ڕوونی کردوەتەوە کە هیچکام لە درووستکراوەکانی بەدەر نین لە یاسای گەشەسەندن.

مکووڕ بوونی هەندێك لەو بەڕێزانەش ـ چ وەك تاکەکەس یان وەك دامەزرامەوە و ناوەند ـ لەسەدەی بیستویەکدا، لەسەر بەکافر زانین و هەڕەشەی دۆزەخیی بوون بۆ هەرکەسێك کە باوەڕی بە نوێگەریی ببێت، دیسان دژواریی و گرفتێکی تر زیاد دەکات بۆ لاوان لە هەردوو جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیدا، ئەو لاوانەی لەبەردەم ئەو ڕاسییە زانستیە چەسپاوانەدان کە کتێبەکانی فیقه و گێڕانەوەکان قسەیان لەبارەوە کردووە، بۆیە پێویستە لاوان هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە و یەکێك لەو دوو بژاردەیەی بەردەمیان هەڵبژێرن کە شیرین ترینەکەشیان هەر تاڵە.

لەوانەیە بابەتی وەسیەت و میراتیش، لەلایەکەوە وەك ئەوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە و لەلایەکی تریشەوە وەك ئەوەی کە بەپێی تێگەیشتنی فەقیهەکان بۆ بابەتەکە و بەپێی ئەوەی کە لە پەڕاوەکانیاندا تۆماریان کردووە و لە سەدەکانی ڕابوردوودا کاری پێکراوە و لەڕوویێکی تریشەوە هەموو ئەو پرس و بابەتە زیادانەش کە بەهۆی نەریت و بەند و باوی کۆمەڵگە و وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە و لێرە و لەوێ، بەدەر لە ئایەتەکان، ئاڵێنراوە لە بابەتی میراتەوە، هەموو ئەمانە نموونەی ئەو دژواریی و گرفتانەن کە ئێمە مەبەستمانن.

هەوڵ دەدەین لەم دەسپێکەدا ئەو دژواریی و گرفتانە دەسنیشان بکەین کە لە ئاکامی جێبەجێکردنی ئایەتەکانی میراتەوە هاتوونەتە کایەوە، هەروەها هەوڵ دەدەین ئەو دژواریانەش دەسنیشان بکەین کە خۆمان بەمەبەستی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئایەتەکان ڕوبەڕوویان دەبینەوە، تێگەیشتن و جێبەجێ کردنێك کە دوور بێت لەو پێگە و بنەمایانەی کە باون و جێکەوتە و کاریگەرییان هەیە لەسەر تێڕوانینی خەڵك، ئیتر جیاوازیی نییە ئەو پێگە و بنەمایانە مەعریفیی بن، وەك ئەوەی کە خۆیان قەتیس کردووە لە چوار کردە ژمێریارییەکەدا، یان پێگە و بنەمای کۆمەڵایەتیی بن، وەك نێرسالاریی کۆمەڵگە و ئەو

گیانی خێڵایەتیەی کە لە سەدەکانی ڕابوردوودا زاڵ بووە بەسەر سامانی میرات و بۆماوەدا، یان پێگە و بنەمای سیاسیی بن، وەك ئەو تێکەڵ کردنەی کە لە حوکمەکانی میراتدا کراوە لە نێوان ساماندارێی و حوکمڕانیی و پێغەمبەرایەتیدا، هەموو ئەمەش بەمەبەستی دارشتنی بنەمایەکی شەرعیی و ڕەوایەتیدان بووە تا ببێتە پاساو بۆ حوکمڕانیی و دەسەڵاتی ئومەوییەکان یان زوبەیرییەکان یان عەباسیی و تالبییەکان.

بەپێویستی دەزانین لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە وا سەیری ئایەتەکانی میرات و وەسیەت ناکەین، کە بەڵگە و سەنەدێك بن بۆ داماڵینی ڕەوایەتیی حوکمڕانیی کەسێك، یان قایم کردنی جێ پێی حوکمڕانیی کەسێکی تر، بەڵکو وەك چەند یاسا و ڕێکخەرێك سەیریان دەکەین کە پرۆسەی گواستنەوەی سەروەت و سامانی گوازراوە و نەگوازراوە ڕێك دەخەن لە باوانەوە بۆ نەوەکان، لە کەسێکەوە بۆ کەسانێکی تر کە کۆچکردوو لە وەسیەتنامەکەیدا ناوی بردوون و بەشی دیاریی کردوون، یان ئەگەر وەسیەت و ڕاسپاردەی نەکردبوو، دابەش کردنی ئەو سامانە بەپێی ئایەتەکانی میرات و هەریەکە و بەشی خۆی.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ئێمە لەم سەردەمەدا و پاش گەیشتن بە شیکارییە ماتماتیکیەکەی نیوتن (١٦٤٢- ١٧٢٦) و دوای دەرکەوتن و دۆزینەوەی بیردۆزەی کۆمەڵەکان لە سەدەی بیستدا، ئیتر ئەو چوارچێوە مەعریفیە ژمێرییارییەمان تێپەڕاندووە کە زاڵ بووە بەسەر تێگەیشتنی خەڵکی سەدەکانی ڕابوردوودا بۆ ئایەتەکانی میرات و جێبەجێ کردنیان.

هەروەها ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیی و سیاسیە کۆنانەشمان تێ پەڕاندووە کە لە سەدەکانی ڕابووردوودا باو و زاڵ بوون بەسەر ژیانی ئەوسادا، ئیتر پێویستمان بەوە نییە ملی واتای ئایەتەکان با بدەین بۆ ئەوەی گیانی ئەو نێرسالاریی و حوکمی خێڵەکی بچەسپێنین کە باو و زاڵبووە بەسەر بیر و تێگەیشتن لە چەمکەکانی وەك: **العَصَبْ و الرَحِمْ**، یان بۆ دەسخستنی ڕەوایەتیی و شەرعییەت بۆ حوکمڕانێك، یان ڕاماڵینی دەسەڵاتێك.

## هەڵەکانی فیقهی بۆماوە لە تێگەیشتنی بابەتی میراتدا

تا ئێستەش زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە عەرەبییەکان لەجێبەجێ کردنی یاساکانی باری کەسییەتیدا پشت بە فیقهی بۆماوە دەبەستن، وەك ئەوەی ڕەوڕەوەی کات و مێژوو لە سەردەمی خوێندنەوە و تێگەیشتنەکانی: شافیعیی و ئەبوحەنیفە و جەعفەری سادق و ئەوانی تردا وەستا بێت یان چەقیی بێت، لەو ڕوانگەیەوە هەموومان بە ناچارییەوە هەڵسووکەوت دەکەین لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوان پێی گەشتوون، نیازیان هەرچیی بووبێت، ئەوان و هەوڵەکانیان جێگەی ڕێزن، بەڵام پێویستە ئێمەش بوێریی ئەوەمان ببێت کە لانی کەم پێداچوونەوە بکەین بە تێگەیشتن و بۆچوونەکانی ئەواندا، بەتایبەت لەو بوارانەدا کە پەیوەستن بە پرس و بابەتگەلێکی بنەڕەتییەوە لە ژیانی ئێمەدا، بە تایبەت ئەو بنەما و یاسایانەی کە فەقیهە بەڕێزەکان بۆیان دارشتووین، بەداخەوە لەوەشدا کە لافی ئەوەیان لێداوە گوایا ئەو بنەمایانەی ئەوان دایان ڕشتووە وێنا و نوێنەرایەتیی یاسا خواییەکان دەکەن، ئەمە دەمانخاتە بەردەم چەندین دژواریی و گرفتی کەڵەکە بووەوە، دژواریی گەلێکی ئەوتۆ کە بەدرێژایی چەندین سەدە، کەس بوێریی ئەوەی نەکردووە نەلەکەس و تەنانەت نە لەخۆشی بپرسێت لەبارەی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دژوارییانەوە، چوونکە هەرگیز ناگونجێ خواوەند یاسایەکی هەمیشەیی و تارۆژی دوایی لەبارەی دابەشکردنی سامانە جێماوەکانەوە دابڕێژێت بۆ هەموو بەندەکانی لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا، کەچیی ئەو یاسایە ئەوەندە شاشیی و کەلەبەری تێدا بێت، پێویست بکات بۆ پینەکردنی، پەنا بەرینە بەر: گێڕانەوەی پشك و کورت هێنان و تەواوکردن **(الرَّد و العَول)** و بەشی مامیش بدەین، لە کاتێکدا کە لە دەقێکی ڕاشکاودا ناوی نەهاتووە و بڕگەی کۆتایی ئایەتەکانیش پشتگوێ بخەین کە دەفەرمووێت: **﴿يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ النساء/١٧٦.**

واتە: خواوەند بۆیە بۆتان ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی نەکا بەهەڵەدا بچن، خواوەند بەهەموو شتێك زانایە.

گرنگترینی ئەو دژوارییانەی کە بەڕوونی دەردەکەون لە یاساکانی میراتدا بەو شێوەی کە فیقهی بۆماوە لێی تێگەشتووە:

١ـ بەرتەریی و گرنگیی تەواو دەدات بە میرات و حوکمەکانی، نەك بە ڕاسپاردە ـ **الوصية** ـ و حوکمەکانی، لەکاتێدا ئەگەر سەیری دابەزێنراوی بەجێ بکەین دەبینین: دە ئایەت باسی ڕاسپاردە و وەسیەت دەکەن، لەبەرانبەرەوە سێ ئایەت باسی میرات دەکەن، هەروەها دەبینین خواوەند لە چوار جێگەدا لە ئایەتەکانی میراتدا، وەسیەت پێش دەخات بەسەر دابەشکردنی بۆماوەی ساماندا و دەڵێت: **﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾**، **﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾**، **﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾**، **﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ النساء/ ١٠ـ١٢.**

خوێنەر و هەرکەسێك مەبەستی بێت تێبگات، بە تێڕامانێکی سەرپێیی لەوە تێدەگات کە ئێمە چی دەڵێین.

ئایەتەکانی میرات بە ئایەتی ژمارە ١١ ی سورەتی **النساء**، دەس پێدەکەن کە دەفەرمووێت: **﴿يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ﴾** و بەئایەتی ژمارە ١٣ ی هەمان سورەت، کۆتاییان دێت: **﴿وَصيَة مِنَ الله وَالله عَليم حَليم﴾**، خواوەند بڕیارمان لەسەر دەدات کە وەسیەت و ڕاسپاردە بنووسین: **﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/ ١٨٠**، بەهەمان ئەو شێواز و داڕشتەیەی کە نوێژ و ڕۆژوو و جەنگان و قیساسی لەسەر بڕیار داوین.

٢ـ پێداگریی دەکات لەسەر مەترسیی سڕینەوە و لەکارخستنی ئایەتەکانی وەسیەت، ئەو ئایەتانەی کە بەم شێوە و داڕشتە دەس پێدەکەن: **﴿يُصِيكُم الله﴾** لەسەرەتای ئایەتی ژمارە ١١ ی سورەتی **النساء**، خواوەند کاتێك وەسیەت دەکات، کە مرۆڤ خۆی وەسیەتی نەکردبێت. خواوەند لە وەسیەت و ڕاسپاردەکەشیدا بناغە و ڕێکخەرەکانی میرات دەچەسپێنێت، ناگونجێت دابەزێنراوی بەجێ چەن ئایەتێکی حوکم و یاسازیی لەخۆ بگرێت کە سەردەمی

کارپێکردنیان کۆتایی هاتبێت، تەنانەت تا کۆتایی سەردەمی پێغەمبەرایەتیش بڕنەکەن، بۆیە بیرۆکە و بیردۆزەی نەسخ و لەکار خستن، ناگونجێت لە چوارچێوەی یەك پەڕاو و پەیامدا قەبووڵ بکرێت.

بەڵام ئەوەی باوە ئەوەیە کە: هەموو کتێبەکانی تەفسیر، بە **التفسير الكبير** ی پێشەوا ڕازیشەوە، لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە نەسخ وەستاون و کاریان لەسەر کردووە، تەفسیرەکان دابەشن بەسەر:

- **پەرگیرێك** کە باوەڕی وایە: هەموو ئەو ئایەتانەی کە هانی کارکردن دەدەن و باس لە بایەخی کارکردن هەوڵدان دەکەن، هەموویان بە ئایەتی شەفاعەت و تکاکاریی، نەسخ بوونەتەوە و لەکار خراون، وە هەموو ئایەتەکانی ئارام گرتن و لێبوردن و ئامۆژگاریی و دانایی لە بواری بانگەوازدا، هەموویان بە ئایەتی شمشێر نەسخ بوونەتەوە و لەکار خراون.

- **ڕاستڕەوێك** کە باوەڕی وایە: نەسخ و لەکارخستن، تەنها لە بواری چەند ئایەتێکدایە.

بەڵام هەموویان کۆك و هاودەنگن کە ئایەتەکانی وەسیەت، بەئایەتەکانی میرات، نەسخ بوونەتەوە و لەکار خراون، هەروەها هاوڕا و یەك دەنگن کە حەدیس و قسەکانی پێغەمبەریش (بەو پێیەی کە بە وەحیی و نیگا بۆی هاتوون)، ئایەتەکانی حوکم و فەرمانە خواییەکان نەسخ دەکەنەوە و لە کاریان دەخەن.

تەنها دەرچوون لەم دۆخە و لەم چەشنە تێگەیشتنانەی کە لە باوەڕ نەبوون بە نەسخ و لەکارخستنی ئایەتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە تێگەیشتنێکی تازەوە تێ بگات لە دابەزێنراوی بەجێ و ئەو بۆچوونانە ڕاس بکاتەوە کە سەرەڕۆکان و خاوەنی تەفسیرەکان لە چەن بوار و بابەتێکی گرنگ و هەستیاردا باوەڕیان پێیان هەبووە، گرنگ ترینی ئەو بابەتانە:

ـ حوکمەکانی ڕاسپاردە و وەسیەت، گوایا: بەحوکمەکانی میرات، هەڵوەشێنراونەتەوە.

ـ حوکمەکانی هاوڕەگەز بازیی زایەندیی، گوایا: بەحوکمەکانی زینا، هەڵوەشاێنراونەتەوە.

ـ حوکمەکانی بەخشین و خەیرات، گوایا: بەحوکمەکانی زەکات هەڵوەشێنراونەتەوە.

ـ حوکمەکانی فیدیە و لەبریی خستنی ڕۆژوو، گوایا نەسخ بوونەتەوە و هەڵوەشێنراونەتەوە.

ـ حوکمەکانی ڕێگریی لە دەسپێکردنی جەنگان و بەشەڕهاتن (القتال)، گوایا: هەڵوەشاونەتەوە.

ـ حوکمەکانی ڕووەرگێڕان و لێبوردن لە موشرکین و حوکمەکانی گفتووگۆ بەجوانترین شێوە و ئامۆژگاریکردن، گوایا: بە ئایەتی شمشێر هەموویان هەڵوەشێنراونەتەوە.

ـ حوکمی ئەوەی کە لەئاییندا، ناچارکردن، بوونی نییە، گوایا: بە ئایەتی شمشێر هەڵوەشانراوەتەوە.

ـ حوکمی بە ناڕەوا خواردنی ماڵ و سەروەتی منداڵانی بێ باوك، گوایا: هەڵوەشێنراوەتەوە، لەکاتێدا کە فەرموودەی خواوەند: ﴿**إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرً**﴾ **النساء/١٠**، بۆ ئەوە هاتووە کە بەشە میراتی منداڵان لەکاتی مردنی باوکیان و زیندوویەتی باپیریاندا بچەسپێنێت، بەڵام کەلەپوور ئەم ئایەتەی هەڵوەشاندووەتەوە و هەموو کەسە نزیکەکانی مردووەکەی بەشدار کردوون لە میراتی مردووەکەدا و تەنها نەوەکانی مردووەکەی بێ بەش کردوون ئەگەر باوکیان پێش باپیریان مردبێت.

باو و مەشهوریشە کە هەرکەس باوەڕی بە نەسخ و هەڵوەشاندنەوە و لە کارخستن ببێت، باوەڕی بە هۆکارەکانی دابەزینیش هەیە، چوونکە ئەو دووانە جمکێکن لە جمکەکانی زاستە قورئانییەکان، ڕێك وەك زانستی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی قورئان و زانستی تەجوید،

دیسانیش دەیڵێمەوە: تەنها دەرچوون لەم قاوغ و چوارچێوانە، بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دروست بوونی تێگەیشتنێکی تازە بۆ دابەزێنراوی بەجێ و ڕاڤەکردنی مەبەست و واتای ناو ئایەتەکان، پاشانیش چارەسەری ئەو پرس و بابەتانەی کە باوەڕبوون بە: لەکارخستن و هۆکارەکانی دابەزین (**النَّسخ وأسبابُ النزول**)، بووەتە هۆی تێکدانی واتای ئایەتەکان و ئاوەژووکردنیان و لادانیان لە ئاراستە درووستەکەی خۆیان و تێگەیشتن لێیان، تێگەیشتنێکی ئەوتۆ کە لە سەدەکانی سەڵتەنەت و دەسەلاتی ڕابووردوودا بەو شێوەیە لێی تێ نەگەشتن، هەرچەندە ئێمە پێداگریی دەکەین لەسەر بوونی ئەو تێگەشتنەش (بەلام دەشێ گوم کرابێت، یان بە مەبەستەوە تۆمار نەکرابێت)، چوونکە ناگونجێت ئوومەتێك بەگشتیی لەو چەمك و واتایانە وەك خۆیان تێ نەگەشتبێت و بەدرێژایی چەندین سەدە ئاوڕی بەلای پرسێکی گرنگی وەك ئەم پرسەوە نەدابێتەوە، لەکاتێکدا کەسانی وەك: ڕازیی و ئیبنوسینا و ئیبنولڕوشد و ئیبنوخەلدوون و جاحزی، تێدا هەڵکەوتبێت.

باوەڕبوون و پشت بەستن بە هۆکارەکانی دابەزین، لە کاتی ڕاڤە کردنی دابەزێنراوی بەجێدا، بیری مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبات کە پەیوەندییەك هەبێت لە نێوان ئایەتەکە و هۆکاری دابەزینەکەیدا، کە ئەمەش پەیوەندیی ئاماژەیە بە ئاماژەپێ کراوەکەیەوە، ئەمەش تەنها لە ئایەتەکانی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا ڕاست و گونجاوە، لەوانەش چیرۆك و بەسەرهاتە محەممەدییەکان، کە هیچ یاسازیی و تەشریعێکیان لێوە وەرناگیرێت و تەنها بۆ پەند و ئامۆژگارین.

چوونکە ئەگەر وابێت بەلادان و نەمانی ئەو نونگە و هۆکارە، ئایەتەکە و حوکمەکەشی بە یەکجاریی دەچنە خانەی مێژووەوە، بەمەش ئەو بنەمایە ئیتر باوی نامێنێت کە دەڵێت: پەیامی محەممەدیی گونجاو و لەبارە بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێك، ڕەحمەت لە پێشەوا عەلی کە ئەو یەکەم کەسە پەی بەم پرس و بابەتە بردووە و بە: بۆنەکانی دابەزین، ناوی بردووە، نەك هۆکارەکانی دابەزین.

بەهەمان شێوە باوەڕبوون بە نەسخ و هۆکارەکانی دابەزین و پێداگریی کردن لەسەر ناونانیان وەك زانستە قورئانیەکان و ڕێگەنەدان بەهیچ ڕاڤە و تێگەیشتنێك لەدەرەوەی ئەمانەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا بچووك کردنەوە و بە بودەڵەکردنە بۆ ئەو جیهانگیرییەی کە لەپەیامەکەی محەممەددا هەیە و دەبێتە هۆکار بۆ پەك خستنی بنەمای مەزنی، ڕەحمەت بوونی پەیامەکە بۆ گرۆی ئادەمیزاد بە گشتیی: ﴿**مَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ**﴾ **ألأنبياء/١٠٧**.

لێرەدا کارێکی بەڵگە نەویست هەیە لە پرسی وەسیەت و ڕاسپاردندا، بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بەوە هەیە کە ئایەتەکانی وەسیەت کردن، بە ئایەتەکانی میرات لەکار خراون و نەسخ کراونەتەوە، ئەوکارەش بریتییە لەوەی کە: بۆئەوەی بتوانین پاشماوەی ماڵ و سامانی مردووەکە دابەش بکەین بەسەر کەسە شایستەکانیدا، بەپێی ئەو فەرمانەی خواوەند کە چوارجار جەختی لەسەر کردووەتەوە لە ئایەتەکانی ١١ و ١٢ ی سورەتی **النساء** دا، پێویستە لەسەرمان وەسیەت و قەرزەکانی مردووەکە، لە پاشماوەکەی، جیا بکەینەوە، ئەمەش نایەتە دی، ئەگەر مردووەکە لەدوای خۆیەوە دوو خشتەی بەجێ نەهێشتبێت و لە خشتەی یەکەمدا ڕوونی نەکردبێتەوە کە: چی هەیە و چیش قەرزارە، لەخشتەی دووەمیشدا ئەو حەز و خواستانەی خۆی نەخستبێتە ڕوو کە پێی خۆشە دوای خۆی نەوەکانی جێبەجێیان بکەن.

تەنها بەوەشەوە نەوەستاون کە گوتوویانە چەن ئایەت و حوکمێك هەن کە بە چەند ئایەتێکی تر سڕراونەتەوە و لەکار خراون، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پەڕاوی خواوەند دەکاتە پەڕاوێکی کاتیی و پەیوەست بە چەن هۆکار و ڕووداوێکەوە، کە دەیان سەدە لەمەوپێش ڕوویان داوە، بەڵکو دەشڵێن گوایا سوننەتی گۆکراو کە خۆی لە قسەکانی پێغەمبەردا دەبینێتەوە ـ ئەویش بەو شێوەی کە لەناو ئەو کتێب حەدیسانەی کە لە بەردەستماندان ـ لەتوانایدا هەیە ئایەتەکانی ئەحکام کە لە ناو پەڕاوی خواوەنددان بسڕێتەوە و لە کاریان بخات، لەم سۆنگەیەشەوە ڕایان گەیاندووە کە پەڕاوی خواوەند، زیاتر پێویستی بە سوننەتە تا سوننەت بە پەڕاو، سوننەتیش بالاّ دەستە بەسەر پەڕاودا (خوا پەنا بدات). بڕگە ئایەتی ﴿**الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ**﴾

**البقرة/١٨٠**، به گێڕانەوەیەکی ئاحاد که لە **المغازي** دا هاتووە و دەڵێت: (**لاوصية لوارث**)، سڕیوەتەوە و لەکاریان خسووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا، ئەوانەی گاڵتەجاڕیی بە سوننەتی پێغەمبەرەوە دەکەن و دەڵێن: سوننەت لەتوانایدا هەیە حوکمە خواییەکان لەکار بخات، هەر ئەمانە یەکەم کەسن کە سوننەتی پێغەمبەر پشگوێ دەخەن، کاتێك مەسەلەکە دەبێتە باسی پارە و سەروەت و سامان، کاتێك ئەمە دەڵێین کە حەدیسێکی پێغەمبەرمان لەبەر دەسدایە ـ ئەگەر ڕاست دەرچێت ـ کە دەڵێت: (ئێمە دەستەی پێغەمبەران نە میرات دەگرین و نە میراتیشمان لێ دەگیرێت)، هەندێ گێڕانەوەش ئەم دەستەواژەیەی لەکۆتاییەکەیدا بۆ زیاد دەکەن کە دەڵێت: (لەدوای خۆشمانەوە هەرچیمان بەجێ هێشت خێراتە)، ئەبوبەکری سدیق ڕێك پشتی بەم فەرموودەیە بەست لە بێبەش کردنی فاتیمەی کچی پێغەمبەر لە زەوی و باخچەی فەدەك دا.

ئێمە لەم حەدیسەدا هەست بە بوونی ڕاسپاردە و وەسیەت دەکەین و وا دەبینین ئەم گوتەیەی وەك فەرمانبەرداریی و جێبەجێ کردنێك بۆ ئەم ئایەتە: ﴿**كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ**﴾ **البقرة/ ١٨٠**، ئەم حەدیسە و ئەم ئایەتەش پێکەوە، دەمکوتی ئەو کەسانە دەکەن کە لافی نەسخ و لەکارخستن لێ دەدەن، دەپرسین: زانایانی بەڕێز بۆ پابەند نابن بەم حەدیسەوە و سەروەت و سامانەکەیان ناکەن بە خێر؟ ئایا لافی ئەوە لێ نادەن کە ئەوان نەوەی پێغەمبەرانن، یان سوننەتی پێغەمبەر تەنها وەك بەڵگەیەك بەکار دەهێنن بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر ژێریی خەڵکدا و بۆ خۆنواندن و خۆبردنە پێشەوە لە کۆنیشت و بۆنەکاندا؟

دەگەڕێینەوە سەر باسی دژوارییەکانی فیقه لە خوێندنەوە و ڕاڤەی میراتدا:

٣ـ تێگەیشتنی فیقهی کەلەپووریی بە پشت بەستن بەو حەدیسەی کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر و دەڵێت: (ڕاسپاردن بە سێ یەك و هێشتا سێ یەکیش زیادە)، سنورێك دادەنێت بۆ وەسیەت و

ڕاسپاردن کە دەبێت لـە: سـێیەك/یەك لەسـەر سـێ، تـێ نەپـەڕێت، لـە کاتێکدا دەزانـین کـە خواوەند لە دابەزێنراوی بەجێدا هـیچ سـنوورێکی دانـەناوە بـۆ ڕاسـپاردن و وەسـیەت کـردن، بەڵکو تەنها ئەو لایەنانەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە کە شیاو و شایسـتەن بـۆ ئـەوەی تـا ئـەگـەر مرۆڤ ویسـتی ڕاسـپاردە و وەسـیەت نـەکات لەبەرچـاویان بگرێت، دواتـر لـە درێـژەی ڕاڤـەی وەسیەتدا، دەگەڕێینەوە سەر باسی قسەکەی پێغەمبەریش ـ ئەگەر ڕاستدەرچێت قسەی ئەوە ـ.

٤ـ هەردوو چەمك و بابەتی (**الحَظ**) و (**النَصـیب**) تێکـەڵ دەکـات بەسـەر یەکـداو وادەزانێـت هەردووکیان یەك شتن، ئەم تێکەڵ کردنەش سەردەکێشێت بۆ تێکەڵ کردنی ئایەتەکانی میرات و ئایەتەکانی وەسیەت و، وا دەزانێت برِگە ئایەتی: ﴿**لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ**﴾ **النساء/٧** باسی میرات دەکات، لەکاتێکدا بـاس لـە بابـەتی ڕاسـپاردە و وەسـیەتە، چـوونکە (**النَصیب**)، بریتییە لە بەشی مرۆڤ لە وەسیەتدا، بەڵام (**الحَظ**)، بریتیە لەو برِەی کـە لـەمیرات بەر مرۆڤ دەکەوێت، دواتر قسە لەسەر جیاوازیی نێوانیشیان دەکەین.

٥ـ جیاوازیی ناکات لە نێوان ئەو دادپەروەرییە گشتییەی کە لـە ئایەتـەکانی میراتـدا هەیـە و ئـەو دادپەروەرییـە تایبەتـەی کـە لـە ئایەتـەکانی وەسـیەتدا هەیـە، لـە ئایەتـەکانی میراتـدا دادپەروەریەتەکـە گشـتییە و بـە تایبـەت بـۆ بنەماڵەیـەك دانـەنراوە، لەکاتێکـدا دەگونجێـت وەسیەت تایبەت بێت بە بنەماڵەیەکەوە، میرات دادپەروەریی گشتیی دێنێتەدی، وەسـیەتیش دادپەروەریی تایبەت دێنێتەدی، چوونکە دادگەریی خواوەند، لە یاسای میراتدا دەدرەوشێتەوە و نومایان دەبێت، ئەویش بەوەی کە بەیەك چاوەوە دەڕوانێتە دانیشتوانی سەر گـۆی زەویـی و بەدوور لە تایبەتمەندیی هەر خێزان و بنەماڵەیەك، لە دوو کۆمەڵەدا پۆلێنیـان دەکـات (نێـر و مێ)، بەڵام وەسیەت و ڕاسپاردن بە پێچەوانەوە، دەبێت تایبەتمەندیی هەر بنەماڵە و خێزانێك لەبەرچاو بگیرێت تیایدا.

٦ـ ناوی (**وَلَد**) ی لە ئایەتەکانی میراتدا، بە ڕۆڵەی نێرینە داناوە و تەنها نێرینەش دەتوانێت و بۆی هەیە ببێتە ڕێگر لە کەسانی تر لە بردنی بەشە میراتدا، بەڵام مێینە نابێتە ڕێگر، ئەمەش پێشێل کارییەکی ئاشکرای تێدایە بۆ ئەم برگە ئایەتە کە دەفەرموێت: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّـهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ کە بوونی نێر و مێ لە ڕۆڵەدا دەچەسپێنێت، واتە: ڕۆڵە، دەشێ نێر بێت و دەشێ مێیش بێت، هەروەها پێشێل کردنێکی ئاشکراشە بۆ زمانی عەرەبیی کە چەن گوتەیەك لەخۆدەگرێت دارشتەی مێینەیان نییە و ئاماژەشن بۆ هەردوو ڕەگەز، وەك: (**عَبوس، أرمَل، زَوج، ولَد**) کە هەموویان بۆ نێریش و بۆ مێش بەکاردەبرێن، بۆیە نابینین بگوترێت: **عَبوسَة، أرمَلة، زَوجَة، وَلَدَةَ**، ئەم حاڵەتە لای کەسانی شارەزا ڕوون و ئاشکرایە.

٧ـ وای داناوە کە ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّـهُ فِي أَوْلَادِكُمْ**﴾ وەك بڵێی فەرموویەتی: (**يوصيكم الله في أبنائكم**)، و دواجار کوڕەکان دەبنە ڕێگر لە بەردەم کەسی تردا، بۆ بردنی میرات لە بۆماوەی باپیریاندا.

٨ـ هەروەها ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ**﴾ یان، والێکداوەتەوە وەك ئەوەی گوتبێتی: (**فإن كن نساءً إثنتَين فما فوق**)، بەلای کەسی فامیدەشەوە ئاشکرایە کە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، فیقهی کەلەپووریی دەڵێت: لە ئایەتەکەدا پێش و پاش کراوە ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕستەی (**فَوقَ إثنَتَين**) بەڕاشکاویی واتای ئەوەیە کە: سێ بەرەو ژوور تا ناکۆتایی بوون.

هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە خواوەند بەمەرجی گرتووە، هاوسەرەکانی کۆچکردوو، دوو سێیەك، واتە: دوو لەسەرسێی ماڵە جێماوەکەی کۆچکردوو وەرگرن، بە بەڵگەی (**إنْ ـ الشرطية**) لەسەرەتای ڕستەکەوە، هەروەها بە بەڵگەی بوونی (ف) ی پەیوەستکەر بە وەڵامی

مەرجەکەوە لە وشەی (**فَلَهُنَّ**)، سەرەڕای هەموو ئەمانە فەقیهە بەڕێزەکان بە: (**فَإن كُنَّ نِساءً إثنَتَينِ فَما فَوق**) واتە: ئەگەر هاوسەرەکان لە دوو و زیاتر بوون لێکیان داوەتەوە، ئەوکات دوو لەسەر سێیان دەکەوێت، ئێمە لێرەدا چەپڵەیان بۆ لێ دەدەین و سەرسامین بەو زیرەکییەیان کە هاتوون ڕستە و داڕشتنەکانی خواوەند لە پەڕاوەکەیدا ڕاس دەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەم قسەیەش ڕاس نابێت تا لەوە تێنەگەیت کە بەشی نێر یەکسانە بە بەشی هەر مێینەیەك.

ئەوان دێن و دەڵێن: خواوەند بەڕاشکاویی حوکمی (**إثنَين**) دووانی، ڕۆشن نەکردوەتەوە، هەیانە بە نوێنەرایەتیی خواوەند ڕایگەیاندووە کە خواوەند نیاز و مەبەستی ئەوە بووە کە: ئەگەر هاوژینەکانی کۆچکردوو دووان و بەرەو ژوور بوون، هەشیانە بازی داوە بەرەو ژوور بۆ لای ئایەتی ١٧٦ ی سورەتی النساء : ﴿**يَسْتَفْتُونَكَ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ إِنْ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**﴾ و پێی وایە: مادام خواوەند دوو لەسەر سێی داوە بە دوو خوشك، دەکرێت ئەم حوکمە بدرێت بەسەر ئەو (**الإثـنَين**) دوو مێینەیەشدا کە لە ئایەتی ١١ ی سورەتی **النساء** دا بە ڕاشکاویی ناو نەبراون، لەکاتێکدا کە ئایەتەکە بەڕوونی باسی ئەوەی کردووە کە پەیوەستە بە یەك مێینە و دووان و بەرەو ژووریشەوە.

پاشان دوای ئەو قسە و بڕیارەیان کە ڕایان گەیاند، ئیتر پەنجەیان ئاخنی بە گوێیاندا و هەموو ئەو ناڕەزایەتیانەیان پشتگوێ خست کە لە دژیان بەرز کرانەوە، ئەوە ئیبنوعەباسە دەڵێت: (**الثُلثانِ فَرْضُ الثلاثِ فَصاعدا**) واتە: دوو لەسەر سێ، بەشی دەسنیشان کراوی سێ و بەرەو ژوورە، بەڵگەشی بۆ ئەم بڕیارەی بریتییە لە: (**فَوق إثنَتَينِ**)، و وشەی (**إنْ**) کە واتای بەمەرج گرتن دەدات بەدەستەوە، جێبەجێ نەبوونی مەرجیش، بوون و هاتنە دیی دوو لەسەر سێ بۆ دوو کچ لادەدات و ڕای دەماڵێت، سەرەڕای ئەمەش کەس گوێی لێ نەگرتووە.

٩ـ وایان داناوە: ﴿فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾ یانی: (للذَّكَرِ مثلُ حَظ الأنثى) واتە: نێریش وەك بەشی مێینەی پێ دەبڕێت، یان: مێینە نیوەی بەشی نێری پێ دەبڕێت، یان: نێر دوو ئەوەندەی بەشی مێی پێ دەبڕێت. کە ئەمەش هەڵەیەکی قورسە و هەر بەمەشەوە نەوەستاون، بەڵکو گشتێنراوە بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا، هەمیشە دووبەرابەری بەشی مێینە دراوە بە نێرینە، بۆ ئەوەی ئەو دژوەستانەوەیە لە بۆچوونەکەیاندا ڕوون بکەینەوە دەڵێین:

با وادابنێین ڕادەستی ئەوە بووین کە ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾ وەك ئەوەی جێبەجێتان کردووە بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا، بریتییە لەوەی کە: نێر دووئەوەندەی بەشی مێی پێ دەبڕێت و ئەمەش یاسای خواوەندە لە میراتدا. ئێمە دەپرسین: ئەم یاسایە کەی دەگونجێت و کەی جێبەجێ دەبێت لەگەڵ: ﴿فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾؟ لێرەدا دوو ئەگەر هەیە و هەردووکیشیان لەگەڵ قەسەکەی ئەواندا دژ دەوەستێتەوە:

ـ ئەگەر وا دابنێین کە ئایەتەکە ئاماژە دەکات بۆ بوونی تەنها ڕۆڵەی مێینە لە سەرووی دووانەوە و سێ یەك/یەك لەسەر سێکەی تر، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە گێڕانەوەکاندان و پشتیان پێ دەبەستن، دەڕوات بۆ مامەکان، ئەوا لێیان دەپرسین: ئەگەر ژمارەی مێینەکان سێ دانە و ژمارەی مامەکانیش پێنج بێت، لەو حاڵەتەدا چۆن یاسای (نێر دوو بەرانبەری مێی پێ دەبڕێت) جێبەجێ دەبێت؟ ئایا چۆن ئەو ناکۆکییەی نێوان بۆچوونەکەی خۆیان و ئەم حاڵەتە ڕێك دەخەن؟ ئایا بەشی هەریەك لە مامەکان، دوو ئەوەندەی بەشی یەکێك لە کچەکانە؟

ـ ئەگەر وایشی بۆ چوون کە ئێمە بۆی چووین، بەوەی کە بوونی ڕۆڵەی مێینە لەسەرووی دوانەوە و بە هەمان ڕێژەش برا بوونی هەبوو، مامەکان هیچ پەیوەندییان نییە بە باسەکەوە، ئیتر قسە و بۆچوونەکەیان چۆن دێتەدیی و چۆن جێبەجێ دەبێت کە بۆ نموونە دەپرسین: لە

حاڵەتی سێ مێینە و پێنج برادا، هەر نێرێك دوو ئەوەندەی مێینەیەکی بەردەکەوێت؟ مەگەر دەقەکە ڕوون و ڕەوان نییە لە دەسنیشان کردنی حاڵەتی سەرووی دوانەوە؟ ئایا لەم حاڵەتەدا و بە پێی دەقەکە بەشی نێر دوو ئەوەندەی بەشی مێیە؟ هەمووشمان دەزانین کە ئەم دوو نموونەیە تاکە نموونە و حاڵەت نین کە دەکرێت لەم بارەیەوە بخرێنە ڕوو، بەڵکو تەنها وەك نموونە ئەم دوانەمان هێنایەوە، فیقه پێی وایە بەڵگە نەویستە کە: (نێر دووبەرابەری بەشی مێینەی پێ دەبرێت)، بەڕادەیەك کە فەقیهە بەڕێزەکان وەك بەڵگەیەکی خوایی دەیبینن و دەیهێننەوە لەسەر ناتەواویی ئایین و ژیریی مێینە، ئەگەر بیشپرسین: بۆچی خواوەند لە ئایەتەکەدا بە ناو هێنانی نێر دەستی پێ کردووە نەك بە ناوی مێینە؟ وەڵامان دەدەنەوە و دەڵێن: چوونکە نێر بەڕێزترە لە مێینە، بۆیە ناوی پێشخراوە بەسەر ناوی مێینەدا، پێش خستنی ناو هێنانیش بەڵگەیە لەسەر ڕێزی ناو هێنراوەکە بەوەی کەپێش خراوە، بەڵگەشە بۆ ناتەواویی مێینەش کە دوا خراوە و کراوەتە پاشکۆی نێرینە، هەروەها ئاماژەی تێدایە بەوەی کە پێویستە جوانیی و شیاویەکان دەر بخرێن و پەنهان و شاراوەکانیش داپۆشرێن، بەو پێیەش کە مێینە عەورەت و شاراوەیی پیاوە و هۆی تاقیکردنەوە و لە خشتە بردن و شەڕ و وەیشوومەیە، پێویستە داپۆشرێت و بکرێتە پاشکۆ، ئەم لاف و نوقڵانەشیان بە زنجیرەیەك گێڕانەوە پشت ئەستور دەکەن کە داوییانەتە پاڵ پێغەمبەری مەزن، بەناوبانگترینی ئەو گێڕانەوانە بریتییە لە گێڕانەوەکەی ئەبوهورەیرە کە دەڵێت: سێ شت نوێژی پیاوان بەتاڵ دەکەنەوە: ژن و کەر و سەگی ڕەش!

درێژەیان بە باسەکە داوە و گوتویانە: (تایبەت کردنی نێر بەوەی کە لە هەموو حاڵەتەکاندا، دوو ئەوەندەی بەشی مێینە دەبات، بەڵگەی ئەو ڕێزلێنانە خواییەیە کە نراوە لەپیاو، بەو هۆیەوە پێویستە ناز و نیعمەتی زیاتریشی بڕێژرێت بەسەردا، هەروەها لەبەر ئەوەی کە ئەو بژێویی ماڵ و منداڵ دابین دەکات، کەواتە: پێویستیشی بە ماڵ و سامانی زیاترە).

ئێمە لە ئاست ئەم بڕیار و ڕاگەیانراوانەدا، هیچمان پێ ناگوترێت بێجگە لەوەی کە هەردوو دەستی ناتەواناییی و نائومێدیی بدەین بەیەکدا و بڵێین: خوا بەهانامانەوە بێت و ئەو باشترین بریکارە، بەدوورە لەوەوە یەکێك لە دروسکراوەکانی هەڵکێشێت بەسەر ئەوانی تردا تەنها لە ڕێگە و بەهۆی پارێزکاریی و کردەوەی چاکەوە نەبێت، ئێمە وای بۆ دەچین کە هۆکاری پێش خستنی نێر بەسەر مێدا و یەکجار ناوهێنانی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نێر پاشکۆیە و مێینە لەیەکەوە تا ناکۆتایی ناوی براوە، چوونکە گۆڕاوە و گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆیە تاکە ئەگەری لۆژیکی ئەوەبوو کە بڵێت: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾، بۆیە بەم دەربڕینەش دەستی پێ کردووە، چوونکە بەپێی ئەو ڕاڤەیەی کەدواتر دەیکەین، دوو حاڵەت لەخۆ دەگرێت.

چیرۆکەکە ئەوەیە کە فەقیهە بەڕێزەکان گوتەی خواوەندیان بە دید و لۆژیکێکی دەمارگیرانەی نێرانە و گیانێکی کۆمەڵگەی نێرسالارانەوە ڕاڤە کردووە، پاشان دواتر هاتوون گوتویانە ئەمە مەبەست و مەرامی خواییە و هەرکەسیش پێچەوانەی ئەمە بڵێت کافرە.

لەبارەی بابەتی ڕێزلێنان و پیاهەڵدانیشەوە، دەبینین خواوەند فەرموویەتی: **﴿إِذْ قَالَتْ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ * فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ﴾ آل عمران/٣٥-٣٦**، ئێمەش دەڵێین: لەو بڕگەیەیدا کە دەفەرموێت: **﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾**، ڕێز لێنان و پیاهەڵدانێکی ئاشکرای ئەو تۆی تێدایە بۆ مێینە، چاوی هەموو ئەو کەسانە دەتەقێنێت کە باس لە ڕێز و هەڵکێشانی شکۆی نێر دەکەن بەسەر مێینەدا، هەڵکێشان و ڕێزە زیادەکە و پیا هەڵدانەکە لە ئاستێکدایە وەك ڕەوانبێژان دەڵێن: **أَيْنَ الثَّرى مِنْ ثُرَيّا؟**. واتە: گڵ لە کوێ و ئەستێرە پرشنگدار و ورشە جوانەکان لەکوێ؟. بەڵام لێرەدا هەر ئەو ڕەوانبێژانە زمانی نەتەوەکەیان لەبیر دەکەن کە پەڕاوی خواوەندی پێ دابەزیوە و ڕوو دەکەنە ئەو تولە ڕێیانەی سیخناخن بەو گیانی

نێرسالاریەی کە بەهەموو هێز و چەکی دەستیەوە دەجەنگێت لەپێناو سەپاندن و چەسپاندنی بۆچوونەکەیدا.

ئەوان لافی ئەوە لێ دەدەن کە گوایا ئەو دەربڕینە بەشێکە لە قسەکانی ژنەکەی عیمران و قسەی خواوەند نییە، گوایا هەڵکێشان و ڕێزلێنانی زیادە لە نێر بیروباوەڕی ژنەکەی عیمران بووە، بەڵام ئەگەر ئەمەش ڕاس بێت، ئەوا لەگەڵ ڕستە و دەربڕینەکەی پێشتریدا دژ دەوەستێتەوە، کە تیایدا داوای لێبوردن لە خواوەند دەکات کە مێینەی لێکەوتوەتەوە.

بۆ ئەوەی لەم دژوارییەش دەربازیان ببێت گوتویانە: دوای ئەوەی کە خۆی ئاواتی ئەوەبوو خواوەند نێرینەیەکی پێ ببەخشێت بەڵام مێینەیەکی پێ بەخشیی، ژنەکەی عیمران تەنها لەم حاڵەتەدا باوەڕی هەبووە و هێناوە بە بەڕێزیی و بەرتەری مێینە بەسەر نێرینەدا، و بەخششی خواوەندی بەلاوە بەڕێزتر و باشتر بووە لە ئاواتەکەی خۆی، وەك جەخت کردنەوەیەکیش لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕستەیە قسەی ژنەکەیە، هاتوون وشەکەیان بە: (وَضَـعْتُ) خوێندوەتەوە، واتە: نیشانەی نەبزوانیان داناوە بۆ (عْ) نەکە و بۆرەش بۆ (تُ) بەو پێیەی کە ئەمە قسەی ژنەکەیە، سەرەڕای ئەوەی کە ئیبنوعەباس بە: (وَضَعَتْ) خوێندویەتیەوە، واتە: سەرەی داناوە بۆ (عَ) کە و هێمای نەبزوانیش بۆ (تْ) کە، بەو پێیەی کە قسەی خواوەندە و ڕستەی: ﴿وَاللَّـهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْـأُنْثَى﴾ ش، ڕستەیەکی ناکاویە و کەوتوەتە نێوان قسەکانی ژنەکەوە، ئەگەر ئەو گوتەیە لە قسەی ژنەکە بوایە، وەك ئەوان دەڵێن، نزیکتر بوو دوای ئەوەی کە قسەکانی بەوە دەس پێ کرد و گوتی: ﴿رَبِّ إِنِّـي وَضَـعْتُهَا أُنْثَـى﴾، بیگوتایە: تۆ زاناتری بەوەی کە هێناومە و دامناوە.

پرسێکی تر کە باشترە بیری خوێنەری بهێنینەوە ئەوەیە کە: بزواندنی (تُ) کە بە دانانی بۆرە بۆی، لەو ڕووەوە کە قسەی ژنەکە بێت، چەشنە ڕێکخستن و شێوازێکە بۆ نووسینەوە، کە بە دڵنیاییەوە دوای نووسینەوە و کۆکردنەوەی پەڕاو داهێنراوە، هەوادارانی ئەم شێوازەش

هەوڵیان داوە بەرگی ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی کە پەیامهێنی مەزن (سڵاوی لەسەر) ڕێگەی پێدابوون، بکەن بە بەری ئەم شێوازە خوێندنەوەیەشدا، چوونکە دابەزێنراوی بەجێ بەشێوەی دەنگێکی بیستراوی زارەکیی دابەزیوە، نەك بە نووسراویی، شێوازی بەبۆرە خوێندنەوە (تُ) ش بە هیچ شێوەیەك ناکرێت دەرکەوێت لە خوێندنەوەدا.

پرسی بەشی نێرینەش لەو ڕووەوە کە وەك ڕێزێك بۆی، هەمیشە دوو ئەوەندەی بەشی مێینە بێت، ئەم پرسەش دیسانەوە لە ڕاڤەکار و فیقهزانەکانەوە بووە و لەو باوەڕەیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێویستە کار بکرێت لەسەر سەپاندن و چەسپاندنی باڵادەستیی نێرایەتیی لە کۆمەڵگەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نێرسالاریی کۆمەڵگە مۆرکی کۆمەڵگە کۆنەکانە و بەتایبەتیش کۆمەڵگەی جولەکە، گوتوشیانە ئایینی مێینە ناتەواوە، چوونکە بەردەوام دەکەوێتە سووڕی مانگانەوە و بەو هۆیەشەوە نابێت لەو کاتانەدا نوێژ بکات و ناشبێت ڕۆژوو بگرێت، بیریان چووە کە پرۆسەی سووڕی مانگانە پرۆسەیەکی سرۆشتییە و ڕێك وەك پرۆسە و کرداری هەرس کردن وایە، بێ ئاگا بوون لەوەی کە دەبێت: هێلکە بەتەمەنە نەپیتێنراوەکان بخرێنە دەرەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش ببێت بۆ هێلکە گەنجەکان کە ئامادەی پیتاندنن، ئەمەش هەمووی دەسکردی کردگارێکی زانا و دانایە، بەدوورە لەو بەدیهێنەرەوە کە یەکێك لە دروسکراوەکانی دەستی خۆی ببێتە هۆکار و بەڵگە بۆ ناتەواویی ژیریی و ئایینی، بەشێك لە بەندەکانی.

بەسەرنج و تێڕامانەوە لەبەردەم هەواڵێکی ناوەزەدا دەوەستین کە دەدرێتە پاڵ پێشەوا جەعفەری سادق، پرسیاری لێکراوە لە بارەی ئەوەوە کە ئایا هۆکارچییە هەمیشە خواوەند دووبەرانبەری بەشی مێینەی تایبەت کردووە بە نێرەوە. هەواڵەکە دەڵێت: (حەووا مشتێك گەنمی هەڵگرتووە و خواردویەتی، پاشان مشتێکی تری هەڵگرتووە و شاردویەتیەوە، مشتی سێیەمیشی هەڵگرتوە و داویەتی بە ئادەم، لەبەر ئەوەی دووهێندەی بەشەکەی ئادەمی هەڵگرت بۆخۆی، خواوەند هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە بەڕوویدا و بەشی ئەوی کردە

نیوەی بەشی پیاو)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێویست دەکات کە کۆمایەك گەنم لەبەردەستی حەووادا بوبێت و ئەو چەند مشتێکی لێ هەڵگرتبێت، مەسەلەکە دەخوازێت کە هونەر و پیشەی چاندن و پێگەیاندن و دروێنە کردن و شەن و کەو کردن و بەخەرمانکردنی گەنم، زانراو بووبێت بەلای ئادەم و حەوواوە، ئەمەش پرسێکە زانیاریی و پشکنینە بنکۆڵکارییەکانی شوێنەوارناسی بەگشتیی ڕەدی دەکەنەوە.

هەروەها هەواڵ و گێڕانەوەکە دەڵێت: حەووا مشتی دووەمی هەڵگرت و شاردیەوە، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە و بۆ ئەوە هەڵی گرتووە تا لە کاتی پێویست و تەنگانەدا لەگەڵ ئادەمدا پێکەوە بیخۆن، ئیتر چیی پاڵی نا بە پێشەوا جەعفەرەوە تا گومانی نیازی خراپ ببات بە حەووا و وای دابنێت کە بەو مەبەستەوە شاردویەتیەوە کە دەستی بگرێت بەسەردا و تەنها بۆخۆی بێت؟ یان هەر لەبنەڕەتەوە بۆچیی و لەکێی بشارێتەوە، کە تەنها خۆی و ئادەم لەسەر زەویدا بوون؟ ئەوپەڕی ئەوەیە چەن منداڵێکیشیان بووبێت.

بۆمان هەیە بپرسین: ئەو (ئادەمە) دەسەپاچە و زەبوونە کێ و کامە بووە کە ئەم گێڕانەوەیە باسی لێوە دەکات؟ کە حەوواکەی مشتێك گەنمی پێدەدات و ئەویش بە مل کەچیی و کزۆڵیی و بە بێدەنگیی وەری دەگرێت.

هەروەها هەواڵ و گێڕانەوەکە باس لەوەش دەکات کە: خواوەند لە کچەکانی حەووای تووڕەیە و تاڕۆژی دوایی دەبێت باجی ئەو هەڵەیە بدەن کە دایکیان کردی و نیوەی بەشی پیاوی بۆ بڕیاردراون، ئەم تێڕوانینەش هیچ بنەمایەکی نییە و بەو بڕیارە خواییە پوچەڵ دەبێتەوە کە دەڵێت: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ الزمر/٧.

بەکورتیی و پوختیی لە ئاست ئەم چیرۆکە پوچەدا کە تەنانەت بۆ ئەوە ناشێت پێش خەواندنیان بۆ منداڵانیشی بگێڕیتەوە، مرۆڤ هیچی پێ ناگوترێت بێجگە ئەوەی پێبکەنێت پێی.

نموونەیەکی ترمان لەبەردەستدایە، ئەویش حاڵەتی مردنـی ژنێکـە کـە دوای خـۆی مێردێـك و باوك و دایکی بەجێ هێشتووە، ئیبنوعەباس دەڵێت: نیوەی ئەوەی کە لێی بەجێماوە دەدەینە مێردەکەی و یەك لەسەر سێی بۆ دایکی و یەك لەسەر شەشیشی بۆ باوکەکەی، ئیبنـو سیرین لـەم بەشـکردنە نارازییـە و بـەڕووی ئیبنوعەباسـدا دەوەسـتێتەوە و دەڵێـت: ئـەم بەشـکردنە هەڵەیە، چوونکە بەهۆیەوە دایکەکە کە مێینەیە دوو ئەوەندەی باوکەکە دەبات کە نێرینەیـە، ئیبنوسیرین دەڵێت: ئەمەش دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْـلُ حَـظِّ الْـأُنثَيَيْنِ﴾، سـەرەڕای ئەوەی کە قسەکەی ئیبنوعەباس ڕێك دێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئایەتەکانی میراتدا هاتووە:

- ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ﴾.
- ﴿فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُث﴾.
- ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ﴾.

ئەوەی خۆشترە ئەوەیە کە ئیبنوسیرین دانی ناوە بـە ڕاو بۆچـوونەکەی ئیبنوعەباسـدا لـەبارەی ژنەکە و باوك و دایکەکەوە، بـەڵام لـە باسـی مێردەکـەدا، دژی وەسـتاوەتەوە، چـوونکە ڕێـك نایەتەوە لەگەڵ: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾.

١٠ـ بەهۆی هەڵە تێگەیشتنەوە فیقهـی کەلـەپوور، حـوکمی ﴿لِلـذَّكَرِ مِثْـلُ حَـظِّ الْـأُنثَيَيْنِ﴾ ی ڕاکێشاوە بەسەر هـەموو حاڵەتـەکانی تـردا، ڕوون و ئاشـکراترین نموونـە بـۆ ئـەو بۆچـوونەیان بریتییە لەو قسەیەی خۆیان کە دەڵێن:{بە کارکردن بە فەرموودەی خواوەند کـە دەفـەرموێت ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ﴾، ئەگەر مردوێك مرد و کوڕ و کچێکی لێ بەجێ مـا، ئـەوا نێرەکـە دوو پشـك دەبـات و مێینەکـەش پشـکێك}، ئێمـەش پێیـان دەڵـێین: تەنانـەت ئەگـەر خوێندنەوەکەتان بۆ حاڵەتە یەکەمەکەش ڕاست بێت، کە حاڵەتی سێ ڕۆڵە بوو، نێرێـك و دوو مێینە، بەو پێیەی کـە حاڵەتەکـە لێـرەدا جیـاوازە، جێبـەجێ کردنـی ئـەو حوکمـە بەسـەریدا نابەجێیە، ئێمە وای بۆ دەچین کە حوکمی ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾، شیاوترە و پێویسـتە

جێبەجێ بکرێت، بەتایبەت بەسەر ئەم حاڵەتەدا، چوونکە خواوەند باسی دابەشکردنی میراتمان بۆ دەکات بەسەر ڕۆڵەکاندا بە نێر و مێیانەوە، ئیتر دابەش کردنی میرات بەسەر ڕۆڵەیەکدا کە لەیەك ڕەگەزن، پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە، ئەوەش کە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً﴾، حسابی بۆ ئەوە کردووە کە نێرینەیەکیش لەبەرانبەر مێینەکەوە بوونی ببێت، واتە: دوو ڕۆڵە، نێرینەیەك و مێینەیەك، بەیەکسانیی میراتەکەیان پێ دەبڕێت.

ئەوەی وای کردووە ئەم بڕگەیە ببێتە گەورەترینی ئەو دژوارییانە بەگشتیی، ئەوەیە ئەو فەقیهە بەڕێزانەی کە یاساکانی میراتیان داڕشت، حسابیان بۆ ئەو سێ نموونەیە نەکرد کە لە ئایەتی ١١ ی سورەتی النساء دا هاتوون وەك سێ نموونەی خوایی کە هەموو حاڵەت و ئەگەرەکان لەخۆ دەگرن: ﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾، پێویستە ئەوەش بزانین کە هەر نموونەیەك حوکمی تایبەت بەخۆی هەیە و ناگونجێت هەمان ئەو حوکمە بدەین بەسەر نموونەکانی تردا، هەروەها لەم نموونانەدا حسابیان بۆ (نێرێك) ی پاشکۆی جێگیر نەکردووە، ئەمەش بووە هۆکار تا تووشی هەڵەیەکیماڵوێرانکەر بن، کە بریتیی بوو لەوەی: لەگەڵ ئەو هەڵەیەدا واگومانیان برد کە خواوەند یەکانەیی تایبەت کردووە بە مێینەیەکەوە کە لە دایك و بابی بەجێ بمێنێت، تەنها ئەو، نیوەی بۆماوەی بەردەکەوێت، هەروەها واتێگەشتوون کە پشکی دوو سێیەك/دوولەسەر سێ، تایبەتە بە دوو مێینە و زیاتر، وایان داناوە کە برای نێرینە بوونیان نییە لەگەڵ مێینەکاندا، بەو هۆیەوە بیرۆکەی (نیوەی پاشماوە) یان (سێیەك/یەك لەسەر سێ) ی پاشماوەیان لاگەلاڵە بوو، کە گوایا خواوەند باسی خاوەنەکانیانی نەکردوە و ئەمان سەرگەردان بوون بەکێی بدەن باشە!، بۆیە خزمە نزیکەکانی مردووەکەیان هێنایە سەر هێڵی میرات، بەڵام (تەنها نێرینەکانی سەری باوك)، تا ئەم کارە

ببێتە بەڵگەیەکی ئاوڕووبەر لەسەر بیرکردنەوەی نێرسالاریی، ئەم هەنگاوە لە هیچ ئایەتێکدا نەباس و نە ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵکو وەك خۆیان دەڵێن: لە سوننەی نەبەوی شەریفدا پەیدایان کردووە، بەدیاریی کراویش لە هەواڵ و گێڕانەوەی سەعدی کوڕی ڕەبیعدا، جێی خۆیەتی بپرسین ئەو گێڕانەوەیە کامەیە کە وابۆ چواردەسەدە و نیو دەچێت وەك بەڵگەیەك لە دابەش کردنی سەروەت و ساماندا بەسەر کەسە شایستەکانیاندا بەو پشکانە، پشتیان پێ بەستووە؟

**گێڕانەوە و هەواڵی سەعدی کوڕی ڕەبیع:** فەخری ڕازیی لە (بەرگی ٩ لاپەڕە ٢٠٣ – ٢٠٤) ی تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (عەتا دەگێڕێتەوە کە کاتێك سەعدی کوڕی ڕەبیع کوژرا و دوو کچ و ژنێك و برایەکی لێ بەجێما، براکە دەستی گرت بەسەر هەموو سامانی برا مردووەکەیدا، ژنەکەی سەعد هاتە لای پێغەمبەر و گوتی: ئەم دوو کچە کچی سەعدن و سەعدیش کوژراوە، مامەکەیان هەموو سامانەکەی بردوون، پێغەمبەریش (سلاوی لەسەر) گوتی: بگەڕێرەوە بەڵکو خواوەند بڕیارێك لەم بارەیەوە بدات، پاش ماوەیەك ژنەکە بە گریانەوە گەڕایەوە و ئەم ئایەتە دابەزی، پێغەمبەریش مامەکەیانی بانگ کرد و پێی گوت: دووسێیەك/دوولەسەرسێی سامانەکەی سەعد بدە بە دوو کچەکەی و هەشتیەك/یەکلەسەر هەشتیش، بە ژنەکەی، هەرچیشی لێ مایەوە بۆ خۆت، ئەمەش یەکەم بەشکردنی میرات بوو لە ئیسلامدا).

سەعدی کوڕی ڕبیعیش وەك پێشەوا نەوەویی لە لاپەڕە ٢١٠ ی کتێبی (**تهذیب الأسماء واللغات**) دا باس و پەسنی دەکات: ئەو هاوەڵە بەڕێزەیە کە یەکێکە لە شەهیدەکانی جەنگی ئوحد و بەشدارێکی پەیمانی عەقەبە و بەدریشە و یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە و یەکێکیشە لە نووسەرانی نیگا.

ئەوەش کە دەڵێت: (بەشداریکی پەیمانی عەقەبە)، مەبەستی ئەوەیە بەشداریی پەیمانی عەقەبەی یەکەم و دووەمیشی کردووە، ئەوەش کە دەڵێت: (بەشداریکی بەدریشە)، مەبەستی ئەوەیە لەگەڵ پێغەمبەردا بەشداریی جەنگی بەدری کردووە، ئەوەش کە دەڵێت: (یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە)، مەبەستی ئەوەیە یەکێکە لەو دوانزە کەسە بژاردانەی کە پەیمانیاندا بە پەیامێن، ئەوەش کە دەڵێت: (یەکێکیشە لە نووسەرەوانی نیگا)، مەبەستی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا وەك ئیبنوسەعد لەکتێبی (**طبقات**) بەرگی ۳ لاپەڕە ٥٢٢ دا دەڵێت: نووسین دانسقە بووە و کەسانی نووسەریش دەگمەن بوون، باوکی سەعد، کە بینیی جولەکەکان تانەی نەخوێندەواریی دەدەن لە عەرەب، سەعدی نارد و خستیە بەر خوێندن تا فێری خوێندنەوە و نووسین ببێت.

ئەو برایەشی کە دوای مردنی سەعدی برای، دەستی گرت بەسەر ماڵ و سامانەکەیدا، کەلەپوور ناوێکی شك نەبردووە بۆی و کەس نازانێت ناوی چی بووە، نازانرێت ئایا وەك سەعدی برای، باوەڕی بە پەیامەکەی *محمد* هەبووە یان نا. هەرچەندە ئێمە وای دەبینین بەو پێیەی کە گێڕانەوەکە دەڵێت: ملی داوە بە فەرمانەکەی پەیامهێن و باوەڕدار بووە، بەڵام کە سەیری دەستەواژەی (مامەکەیان هەموو سامانەکەی بردوون) دەکەین، دەزانین کە خەڵکی سەردەمی نەفامیی میراتیان لە ڕۆڵەی بچووك و مێینە وەر نەگرتووە، بەڵکو لەو خزمە پیاو و نێرینە نزیکانەیان وەریان گرتووە کە بەسەر ئەسپەوە دەجەنگان و تالانییان دەهێنایەوە لەگەڵ خۆیاندا.

لەوانەیە کەسێك بڵێت: مادام حوکم و فەرمانی دابەشکردنی میرات لە ئایەتی ١١ ی سورەتی **النساء** دا هاتوە و ئەو ئایەتەش لەکاتی ئەو ڕووداوەدا هێشتا نەهاتووە، ئیتر ئەم پیاوە باوەڕی بە پەیامەکەی پێغەمبەر هێنابێت یان نا چ جیاوازییەکی هەیە؟

لەوەلاّمدا دەلّێین: سوودی ئەو زانیارییە زۆرە و جیاوازیش فراوانە لە نێوان دوو حالّەتەکەدا، ئەگەر موشریك و بێباوەڕ بوو‌بێت، ئەوا لەو حالّەتەدا هیچ ماف و دەسەلاّتێکی نەبووە بەسەر مالّ و سامانی برا باوەڕدارە کوژراوەکەی و ژن و منداڵەکانیدا، ئەگەر باوەڕداریش بووبێت، ئەوا بێگومان ئەو ئایەتانەی بیستووە کە فەرمان دەکەن بە باوەڕداران تا لەگەلّ منداڵی یەتیم و بێ باوکدا چاك بن، هەروەها گوێی لە پێغەمبەری مەزنیش بووە کە گوتوویەتی: من و لەلە و سەرپەرشتیاری یەتیم، وەك ئەم دوانە واین (ئاماژەی بۆ دوو پەنجەی کردووە).

ئەوە سەبارەت بە براکەی، سەبارەت بە سەعدی کوڕی ڕەبیع خۆیشی، ئێمە لەبەردەم هاوەلّێکی بژاردە و نووسەرێکداین، ژیریی پەسەندی ناکات ئەم هاوەلّە بەم تایبەتمەندییانەوە دەرچێت بۆ جەنگێك لە کێوی ئوحود، بەبێ ئەوەی ڕاسپاردە و وەسیەتی خۆی بنوسێت، لە کاتێکدا خواوەند فەرمانی کردووە کە: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/١٨٠، ﴿وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا﴾ النساء/٩، هەوالّ و گێڕانەوەکانیش پێمان دەلّێن: هاوەلّە بەڕێزەکان خەویان لێ نەدەکەوت تا وەسیەت و ڕاسپاردەکانیان نەخستایەتە ژێر سەریان، باشە ئەی بۆچی سەعد وەسیەت و ڕاسپاردەیەکی بەجێ نەهێشت، بە تایبەت کە دەیزانی دوو کچەکەی چەندە پێویستیان بە پارە و سامانە تا بتوانن شوو بکەن؟

لەوانەیە کەسێك بلّێت: لەو کاتەدا ئایەتەکانی وەسیەت هێشتا دانەبەزیبوون.

لەوەلاّمدا ئێمەش دەلّێین: دابین کردنی ئایندەی منداڵەکان و دلّنیا بوون لە لادانی گێچەلّ و ستەم لێیان دوای مردنی خۆی، بابەتێکی سرووشتییە و لە ئەزەلەوە هەیە و هەتا هەتاییشە لە ناخی هەر باوکێکدا بە کاراییەوە دەمێنێتەوە و پەیوەندیی نییە بە ئایەتێکەوە یان شتێکی ترەوە.

دەگەڕێینەوە سەر باسی هەواڵ و گێڕانەوەکە تا بزانین ئایا پێغەمبەر دوای ئەوەی بەژنەکەی سەعدی گوت: (بگەڕێرەوە بەڵکو خواوەند بڕیارێك لەم بارەیەوە بدات)، ئایا بێدەگ بوو و چاوپۆشیی کرد لە دەسبەسەرا گرتنەکەی براکەی بۆ سامانەکەی سەعد؟ بەدووره لە پەیامهێنی مەزنەوە لەئاست کارێکی وادا بێدەنگ بێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەم حاڵەتە تێبگەین، پێویستە بگەڕێینەوە سەر پرسی میرات گرتن لە کۆمەڵگەی کۆچبەرییدا.

گوتمان: کە هۆزەکانی ئەم ناوچەیە لەسەردەمی نەفامییدا یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆیان هەبوو لە بارەی میرات و میرات گرتنەوە، کاتێکیش پەیامهێنی مەزن سەری هەڵدا، لەسەرەتاوە لەسەر ئەو دۆخەی خۆیان وازی لێهێنان، نەك هەر ئەمە، بەڵکو زانایان گوتوویانە: خواوەند لەسەر ئەو دۆخەی خۆیان هێشتوونیەتەوە و گوتوویەتی: ﴿**وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ**﴾ **النساء/٣٣**، مەبەست میرات بردنە بە بەڵێن و پەیمان، (سەیری التفسير الكبير ی ڕازیی بەرگی ٩ لاپەڕە ٢٠٣ بکە).

پاشان فەرمان کرا بە کۆچ کردن، دەستە دەستە کۆچبەرەکان گەشتنە یەسرب، پەیامهێنی بەڕێزیش برایەتیی درووست کرد لەنێوان کۆچبەران و پشتیواناندا، یاساکانی میرات و میراتگرتنیش لەسەر دوو پرس وەستانەوە کە بریتیی بوون لە: کۆچکردن و برایەتیی نێوان کۆچبەران و پشتیوانان، لە زوبەیری کوڕی عەوامەوە گێڕراوەتەوەکە گوتویەتی: (کاتێك ئێمەی قوڕەیشیی کۆچمان کرد بۆ مەدینە هیچکاممان هیچمان نەبوو، کۆچبەران باشترین برا بوون بۆ ئێمە و میراتمان لەیەکتر دەگرت، ئەبوبەکر و خارجەی کوڕی زەید برایەتییان کرد و من و کەعبی کوڕی مالکیش برایەتیمان کرد، سوێند بەخوا ئەگەر کەعب لەو دەمەدا بمردایە، بێجگە من کەس میراتی لێ نەدەگرت، تا خواوەند لە پەیامەکەیدا ﴿**وَأُوْلُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ**﴾ **الانفال/٧٥** ی نارد و هەرکەسامان لە بابەتی میرات گرتندا، گەڕاینەوە لای کەسە نزیکەکانی خۆمان.

بەردەوام لەگەڵ هەواڵەکەی سەعدی کوڕی ڕەبیعدابن، لەبەردەم هاوەڵێك لە پشتیوانان کە لە دەوروبەری ساڵی دووەمی کۆچیدا و پێش دابەزینی ئایەتەکانی میرات کۆچی دوایی کردووە، قسە لەسەر گێڕانەوەکەیە، بۆیە دەڵێین: گونجاوتربوو پێغەمبەر ڕووی بکردایەتە ئەو برایەی سەعد کە دەستی گرتبوو بەسەر سامانەکەیدا و پێی بگوتایە: برا کۆچبەرەکەی سەعد گەرچی لەخزمانی نزیکیشی نەبێت میراتی لێ دەبات، نەك تۆ کە لە نزیکترینەکانی ئەوی، واتە: وەك فەرمانی پێکرابوو، پێویست بوو کە دەقێکی لەبەردەسدا نەبوو، بە دابونەریت **(العُرْف)** ی باوی سەردەمەکەی حوکم بکات، وەك پێی گوترابوو: ﴿**خُذْ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنْ الْجَاهِلِينَ**﴾ **الأعراف/١٩٩.**

بەڵام ئایا سەعدی کوڕی ڕەبیع، برای لە کۆچبەرەکان هەبوو؟ ئیبنوسەعد لە کتێبی **(الطبقات)** بەرگی ٣ لاپەڕە ٥٢٣ و ئیبنولئەسیر لە کتێبی **(البداية والنهاية)** بەرگی ٣ لاپەڕە ٢٢٨ دا، بە (بەڵێ) وەڵامی پرسیارەکەمان دەدەنەوە، کە برا کۆچەریەکەی سەعد، بریتیی بووە لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.

ئیبنوسەعد دەڵێت: (کاتێك پەیامهێن برایەتیی پێك هێنا لە نێوان سەعدی کوڕی ڕەبیع و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفدا، سەعد دەستی عەبدوڕەحمانی گرت و بردیەوە بۆ ماڵەوە، داوای خواردنی کرد و خواردیان، پاشان پێی گوت: دوو ژنم هەیە و تۆش برامی و خێزانت نییە، من دەست لەیەکێکیان هەڵدەگرم و تۆ بیخوازە، عەبدوڕەحمان گوتی: نەبەخوا شتی وا ناکەم.

پاشان سەعد پێی گوت: دەی مادام وایە با بچین بۆ ناو باخچەکەم و بیکەین بە دوو بەشەوە و بەشێکی بۆ تۆ، عەبدوڕەحمان دیسانیش گوتیەوە نا... خوا ماڵ و حاڵت لەخۆت پیرۆز بکات).

دواتر ئایەتەکانی میرات دابەزین و ڕایان گەیاند: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾، هەروەها فەرمووی: ﴿**فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ**﴾

**النساء/١٢**، هەرکە ئەم ئایەتە دابەزی خێرا پێغەمبەر براکەی سەعد و مامی دووکچەکەی بانگ کرد و پێی گوت: دوو سێیەك/دوو لەسەر سێ، بدە بە کچەکانی سەعد، هەشتیەك/یەك لەسەرهەشتیش بدە بە دایکیان و هەرچیش مایەوە بۆ خۆتە، چوونکە هەشتیەکی بێوەژنێك کە مێردەکەی مردبێت پێویستە لە سامانە جێماوەکە و دوای وەسیەت و قەرزێك کە کۆچکردوەکە کردوویەتی بدرێت. پێشخستنی، دوو سێیەك، بەسەر هەشتیەکدا، لە گێڕانەوەکەدا تەمومژ درووست دەکات لەسەر بابەتەکە و ئاماژەشە بۆ دەرچوون لە مەبەست و ئامانجە خواییەکان لە دابەشکردندا، حەشا بێت و بەدوورە لە پێغەمبەرەوە کە ئەو سەردەسەی ڕەوانبێژان بووە، قسە لەبارەی بابەتێکی وردی وەك ئەم بابەتەوە بکات و قسەکەی تەمومژ هەڵ بگرێت.

دوا پرسیش کە لەم بابەتەدا و لەبارەی ئەم هەواڵ و گێڕانەوەیەوە لەسەری دەوەستین، بریتییە لەوەی کە گوایا پێغەمبەر وا تێگەشتوە لە: ﴿**فَوْقَ اثْنَتَيْنِ** ـ لەسەرووی دوانەوە﴾، واتای ئەوەبێت: (**إثنتين فما فوق** ـ دوان و بەرەو ژوور)، ئەم تێگەیشتنە لە پێغەمبەرەوە بەڵگەیە بەلای خاوەنانی ئەم بۆچوونەوە، نەخێر، بەڵکو ئەگەر ڕاستیش بێت کە ئەمە قسەی پێغەمبەرە، هەموو بۆچوونێکی تر پوچەڵ دەکاتەوە، ئەگەر حوکمێکی ترمان لەبەردەستا نەبوایە کە قسەی پێشەوا ئیبنوعەباسە و فەخری ڕازیش لە بەرگی ٩ لاپەڕە ٢٠٥ ی تەفسیرەکەیدا هێناویەتی و دەڵێت: {دوو سێیەك، بەشی دەسنیشان کراوی سێ کچ و بەرەو ژوورە، وەك خواوەند دەفەرمووێت: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾ ، وشەی (**إنْ**) لە زانستی زماندا بۆ مەرج بەکار دێت، واتە: وەرگرتنی دووسێیەك مەرجدار کراوە بەوە کە مێینەکان لەسەرووی دوانەوە بن، سیان و بەرەو ژوور، ئەمەش دابین کردنی دوو سێیەك بۆ دوو کچ ڕەد دەکاتەوە} . کۆتایی. ئەمە حوکم و بڕیارێکە بەپێی هەواڵەکەی سەعدی کوڕی ڕەبیع کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر، بەتەواوەتی دژی حوکم و بڕیارەکەی پێغەمبەرە، ئایا ژیریی و لۆژیك پەسەندی دەکات پێشەوا ئیبنوعەباس ڕێگە بدات بەخۆی کە دژ بە حوکمێك کە پێغەمبەر داویەتی و بڕیاری لەسەر داوە بوەستێتەوە یان پێچەوانەی ئەو بڕیار بدات؟

بەتایبەت ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین کە پێشەوا ئیبنوعەباس نزیکەی نیوسەدە دوای پێغەمبەری بەڕێز ژیاوە و حوکم و فەتوا و تەفسیر و ڕاڤەی کردووە، هەروەها بە دڵنیاییەوە دەزانین کە چەندین میراتیی لەسەر بڕیار و بەپێی حوکمی ئەو دابەش کراوون، هەروەها بەدڵنیاییەوە دەزانین کە فەتوا و ڕاڤە و حوکمەکانی ئیبنوعەباس بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نییە، پرش و بڵاو بوونەتەوە و پشتگوێ خراون و لەبیر کراون.

١١ـ فیقهی کەلەپور و میرات، گرفتاری دەستی دیاردەی کورت هێنان و گێڕانەوەی پشك و تەواوکردن (**العَول والرَّد**) ە، کە بەهۆی پێداگریی کردنەوە لەسەر ڕازیی بوون و وەستان لەسەر چوار کردە ژمێرییارییەکە، لە دوای دابەشکردنی سامانی مردوەکەوە زیادەیەك دەمێنێتەوە و دەگێڕرێتەوە بۆ کەسانی تر، یان بەش کردنەکە کورت دەهێنێت و ناچار لەپشکەکان دەگێڕرێتەوە، هەر ئەمەش بوو پێش چواردە سەدە بووە مایەی سەر سوڕمانی ئیبنوعەباس و بەسەرسامیەوە پرسیاری کرد: کەی ڕەوایە و چ ژیرییەك ئەوەی لا پەسەندە، زانایەك کە زانایە بە دەنکە لمەکانی بیابانە کاکیی بەکاکییەکان، بێت و یاسایەك دابنێت بۆ دابەشکردنی میرات و پاشان بە بیانووی ئەوەوە کە ڕێك نایەتەوە، ناچار بین پەنا ببەینە بەر: گێڕانەوەی پشك و کورت هێنان و تەواوکردن (**الرَّد والعول**).

هەموو ئەو دژواریانەی کە پێشتر باسمان کردن دەرنەدەکەوتن ئەگەر ئەو بیروباوەڕە زاڵە نەبوایە کە باڵی کێشا بوو بەسەر بیرکردنەوەی فیقهزانەکاندا، بەوەی کە ئەو بۆچوونە فیقهییە گونجاوە و پێویستە لەهەموو سەردەم و جێگەیەکدا جێبەجێ بکرێت و دەرچوون و لادان لێی دروست نییە، هەروەها بیروڕایەکی تری باو کە گوایا پەیامهێن (سڵاوی لەسەر) هەموو دابەزێنراوی ڕاڤە کردووە و لەڕێگەی وردەکاریی و ڕووداوەکانی ژیانی خۆیەوە چەند نموونەیەکی ڕێڕۆشنکەرەوەی پێشکەش کردووین بۆ هەموو ئایەت و حوکمەکانی دابەزێنراو. هەندێکیان زیاد لەمەش دەڕۆن و دەڵێن: پێغەمبەر چەن حوکمێکی هێناوە کە دابەزێنراو قسەی لەبارەوە نەکردوون و پێویستە پابەندیشیان بین، بەلای ئێمەوە هەردوو بیروباوەڕەکە پوچ و بێ ناوەڕۆکن، لەم لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەماندا ئەوە دەخەینە ڕوو کە پاش تاوتوێ کردنی بابەتی میرات پێی گەیشتووین.

## میرات بەپێی دابەزێنراوی بەجێ

پەیامەکەی محەممەد وەك کۆتا پەیام هات و ڕایگەیاند کە: ئیدی مرۆڤایەتیی لە سەردەمی دوای پەیامە ئاسمانیەکانەوە شایستەیی و توانای ئەوەی هەیە دەس بداتە دارشتنی یاساو ڕێسا بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی و لەگەڵیشیدا سۆزوبەزەیی هەڵبگرێت بۆ کۆی مرۆڤایەتی: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الانبیاء/١٠٧، کۆتا پەیام ئەو کۆتوبەندانەشی هەڵگرت کە بەهۆی پەیامە پێشوەکانەوە خرابوونە ئەستۆی مرۆڤایەتییەوە، سزاکانیشی سووك کردوو و لە توندوو و تیژییەوە گۆڕینی بە سنوورگەلێك کە لانی کەم و لانی زۆریان هەبێت و بسازێن لەگەڵ ڕێڕەوی مێژووشدا، پەیامەکەش وەك پەیامێکی سازگار و گونجاو لەگەڵ هەموو سەردەم و سەرزەمینێکدا تا ڕۆژی دوایی بمێنێتەوە و بەیەك چاو سەیری هەموو دانیشتوانی سەر ڕووی زەویی بکات.

لەکاتێکدا ئەو مۆرکە لە پەڕاوی دابەزێنراو دادەماڵین کە پەڕاوی یاساسازیی و باری کەسییەتیی بێت، لەوێشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە چەند هێڵێکی گشتیی و پان لەخۆدەگرێت کە یارمەتیدەری خەڵك دەبن بۆئەوەی بەدوای چارەنووسی خۆیاندا بگەڕێن لەژیانی ڕۆژانەیاندا، یەك لەو بابەتە چارەنووس سازانەش بابەتی گواستنەوەی موڵکداریی و سەروەت و سامانە لەنێوان نەوەکاندا، بەو پێیەی کە ئەم بابەتە گرنگترین بابەتە کە بەدرێژایی مێژوو هاوڕێ و هاوملی مرۆڤ بووە، لەو بارەیەوە خواوەند دوو بژاردەی خستوەتە بەردەم مرۆڤەوە بۆ گواستنەوەی ماڵ و سامانەکەی بۆ کەسانی دەورووبەری: یان لەڕێگەی ئەو وەسیەت و ڕاسپاردەیەوە کە مرۆڤ خۆی دای دەڕێژێت، یان لەڕێگەی ئەو یاسایانەوە کە خواوەند لەو بارەیەوە دایڕشتوون، کە دواتر باسیان لێوە دەکەین و دەبینین چۆن خواوەند وەسیەت و ڕاسپاردەی پێش خستووە بەسەر یاساکانی میراتدا، بۆمان هەیە سەیری جیهانی ئەمڕۆش بکەین و ببینین کە زۆربەی پشت بە وەسیەت و ڕاسپاردە دەبەستن و ئەو پەیڕەو

دەکەن، بۆیە ئێمەش هەر ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە بڵێین: خواوەندی مەزن ڕاستی گوت (**صدق الله العظيم**). بەو پێیەش کە وەسیەت بەرتر و لەپێشترە، وەك هەنگاوی یەکەم بەراقەیەکی کورت و پوختی واتای هەردوو وشەی: (**فُرِضَ**) و (**كُتِبَ**) لە ئەرکەکاندا و بەپێی پەڕاوی خواوەند دەس پێ دەکەین، هیوادارین لێکۆڵینەوەکەمان بتوانێت پێگەی شایستەی خۆی بگێڕێتەوە بۆ وەسیەت و ڕاسپاردە، بەو شێوەی کە خواوەند لە پەیامەکەیدا نەخشەی بۆ کێشاوە.

## (كُتِبَ) و (فُرِضَ) لە تەکلیف و ئەرکەکاندا

**كُتِبَ**: لە پێشەکیی کتێبی (پوکاندنەوەی سەرچاوەکانی توند و تیژیی و تۆقاندن) دا پێناسەی کرداری (كُتِبَ) مان کردوە، کە کردارێکە لەڕووی زمانەوانییەوە بە واتای کۆکردنەوەی چەن چمکێکی جیاوازلەیەکتر دێت کە لەسەر یەك ڕەواڵ و شێواز کۆبکرێنەوە لەیەکتر و پەڕاو (كِتَاب) ێکیان لێ پێك بهێنرێت کە مەبەستێکی دیاریکراو بدات بەدەستەوە.

والێی تێدەگەین چەند پرس و بابەتێك دەگرێتەوە کە لە جێگەی چەن بژاردەیەکن لە یەك بازنەدا، ئەو بژاردانەش پێکەوە (**کِتاب**) پەڕاوێك پێك دەهێنن، بژاردەگەلێکن کە هەروەك بۆیان هەیە چەند دانەیەك بن، بۆیان هەیە دژ بەیەکیش بن، ئەو واتایەی کە ئێمە پەیدای دەکەین ئاماژەیە بۆ بوونی چەند ئەگەرێك بۆ ئەو بابەتەی کە بەلای وەرگرەوە جێگەی بایەخە، یان ئەو مەبەستەی کە جێگەی بایەخی نووسەر بووە، باشترین نموونەش لەسەر ئەمە ئەم بڕگە ئایەتەیە: ﴿**كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ**﴾ **الانعام/٥٤**، ئەم دەقە ئیلهامی ئەوەمان دەداتێ کە خواوەند، هاوشان لەگەڵ لایەنی سۆز و بەزەییەکەیدا لایەنێکی تریش هەیە کە بریتییە لە لایەنی سزا، کە لەم ئایەتەدا باسی لێوە کردووە: ﴿**عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاءُ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ**﴾ **الأعراف/١٥٦**، بەڵام لایەنی سۆز و بەزەییەکەی هەڵبژاردووە بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ درووستکراوەکانیدا.

لە ئەرکەکانیشدا وەك سۆز و بەزەییەك کارئاسانیی بۆ کردن، چوونکە دژی سروشتی مرۆڤ بوون، مرۆڤ زۆر لەخۆی دەکات لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکاندا چوونکە سروشتی ئێمەی مرۆڤ وایە کە بخۆین و بخۆینەوە، نەك بەڕۆژوو ببین، هەروەها سروشتمان حەزی بەوەیە ماڵ و سامان کۆبکەینەوە، نەك بیدەینە کەسانی تر، هەروەها حەزمان لێیە پابەند نەبین بەکاتی نوێژەوە بەڵکو هەرکات ویستمان یان زۆربەی کات حەزمان لێیە لە کاتی پێویستیماندا پێی بیکەین، بەهەمان شێوە سروشتمان وایە کە پەنا بەرین بۆ ئاشتیی نەك شەڕ، وە ژیانمان خۆش دەوێت و دەستی پێوە دەگرین، ناچار نەبین دەس نادەینە دابەش کردنی سامانەکەمان تا دواچرکەی ژیانمان.

خواوەند کە مرۆڤی بە سەربەستی درووستکردووە ڕێزیشی لە خواست و ویستەکانی گرتووە، بۆیە ئەرکەکانی مەرجدار کردووە بە توانای مرۆڤەکانەوە: ﴿**لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا**﴾ **البقرة/٢٨٦**، بەڵێنیشی داوە بەو کەسانەی کە ئەرکەکان ڕادەپەڕێنن، لە پاشەڕۆژدا پاداشتیان بکاتەوە، هەروەك چۆن لەخانەی بژاردەکانیشدا دایناون و لەوێوە مرۆڤ بژاردەی لەبەردەسدایە

تا بەپێی خواست و توانای خۆی چ بە گشتیی بێت یان لە وردەکارییەکاندا، ئەو بژاردەیەیان بکات کە دەیەوێت و لە توانایدا هەیە پێی هەستێت.

ئەگەر بەسەرنجەوە لەو ئایەتانە ورد ببینەوە کە ئەرك و تەکلیفەکانیان تێدا هاتوون، دەبینین هەندێکیان لەسەر دارِشتەی (کُتِبَ عَلَیکُم) دارِێژراون، ئەم چەشنە دارِشتنەش لەهەر جێگەیەکی پەراودا هاتبێت واتای هەواڵدان (ألإخبار) دەدات بەدەستەوە، فەرموون لەخوارەوە قسە لەسەر ئەو جێگایانە دەکەین کە ئەم بابەتەیان تێدا هاتووە.

- بەرِۆژوو بوون: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ **البقرة/١٨٣**، دەبینین هاوکات لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر باشتر بوونی رۆژووگرتن و بەرِۆژوو بوون، دەتوانین لەباتیی بەرِۆژوو بوون بارمتە و (فِديَة) بدەین: ﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ **البقرة/١٨٤**.

- جەنگ و بەشەرِهاتن: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ﴾ **البقرة/٢١٦**، بەڵام جەنگاوەر بژاردەیەکی تری لەبەردەسدایە کە بریتییە لە ئاشتی: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً﴾ **البقرة/٢٠٨**.

- ئەنجامدانی نوێژ: ئەنجامدانی نوێژ لەوە زیاتر نییە کە لەکاتەکانی خۆیدا ئەنجام بدرێت: ﴿فَإِذَا قَضَيْتُمْ الصَّلَاةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِكُمْ فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ **النساء/١٠٣**، لەکاتی ئەنجامدانەکەشیدا چەندین بژاردەی تێدایە، هەروەها نوێژی ترس.

- راسپاردە و وەسیەت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/١٨٠، ئەگەر کۆچکردوەکە هیچ راسپاردەیەکی

بەجێ نەهێشتبوو، ئەوا پەنا دەبرێتە بەر یاسای دابەشکردنی میرات: ﴿يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ﴾ النساء/١١.

ـ هەقلێکردنەوە و قیساس: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنثَى بِالْأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنْ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ البقرة/١٧٨، قیساس و هەقلێکردنەوە لە وردەکاریەکانی جەنگن و تایبەتە بە شەڕی تیرەگەراییەوە، لە ئایەتەکەشدا خواوەند دوو بژاردە دەخاتە بەردەم خەڵکەوە: لێخۆشبوون و بەخشین یان هەقلێکردنەوە.

دەگەینە ئەمەی کە داڕشتەی (كُتِبَ عَلَيكُم) ئەوە دەگەیەنێت کە: لانی کەم بژاردەیەکی تر لە ئارادا هەیە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیەدا کە ڕاسپاردن و وەسیەت، ڕێک بەهەمان داڕشتەی ڕۆژوو هاتووە، بەڵام دەبینین فیقهی بۆماوە، ڕۆژوو گرتن بە یەکێك لە پێنج پایەکانی ئیسلام دادەنێت و لەبەرانبەرەوە وەسیەت هەڵدەتەکێنێت و هیچ گرنگییەکی پێ نادات.

فَرَضَ: ئەگەر لەزمانی عەرەبیدا بگەڕێین بەدوای واتای وشەی (فَرَضَ) دا، دەبینین واتای جێکەوتەیەکی دەسنیشان کراو و سنووردار دەکات لە شتێکی دیاریکراودا.

بە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەو ئایەتانەدا کە کرداری (فرض) یان تێدا هاتووە، دەبینین کە (الفَرض) هەمیشە دیاریکراو و سنوردارە، لەسورەتی النّور یشدا خواوەند چەن بابەتێکی فەرز کردووە، بۆیە سورەتەکەی بەم ئایەتە دەسپێکردووە: ﴿سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النور/١، لەم سورەتەدا سزادانی زیناکارانی نێر و مێی دەسنیشان کردووە: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ النور/٢، هەروەها سزای تۆمەتبارکردنی هاوژیندارەکانی دەسنیشان کردووە: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾ النور/٤، پۆشاکی هەریەك لە نێر و مێ ی دیاریی

کردووە (لانی کەمی پۆشاک): ﴿**قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ**﴾ **النور/٣٠**، ئەو کەسانەشی دەسنیشان کرد کە بۆیان هەیە بڕواننە ڕازاوەییەکانی ژن: ﴿**وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوْ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنْ الرِّجَالِ أَوْ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾ **النور/٣١**، هەروەها ڕێوشوێنی سەردانیکردن و شێوازی مۆڵەتگرتن و هاتوچۆی ماڵەکانیشی دەسنیشان کرد، ئەنجامدانی نوێژ و زەکاتیشی فەرز کرد، بەڵام بڕ و ئەندازەکەی هێشتەوە بۆ پەیامهێنی مەزن تا ئەو دەسنیشانی بکات: ﴿**وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**﴾ **النور/٥٦**، ئێمەش بە ئەنجامدانی نوێژ، فەرزەکان و فەرزکراوەکان ڕادەپەڕێنین (هەرچی دەسنیشان کراوە): بەیانی دوو ڕکات و نیوەڕۆ چوار... تاد، فەرزی بەیانیان کە دوو ڕکاتە هیچ ئەگەرێکی تر هەڵناگرێت، بەڵام کاتەکانی ئەنجامدانی نوێژ (کِتَابْ) ە، چوونکە زیاد لە بژاردەیەك لە کاتەکانی ئەنجامدانیدا هەیە: ﴿**إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا**﴾ **النساء/١٠٣**.

(فَرِيضَة) ش لە واتای (فَرْض) بەدەر نییە: ﴿**لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ * وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلَا تَنسَوْا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ**﴾ **البقرة/ ٢٣٦،٢٣٧**. ئەم دوو ئایەتە تایبەتن بە وردەکاریەکانی تەڵاق و لێك جیابوونەوەوە، چوونکە فەرزکراو دیاریکراوە، فەرزیش بریتییە لە بەخشراوێك کە واتای ئاسانکاریی بگەیەنێت، ئەگەر وەك دەسکەوت بێت بۆ تۆ، بۆ ژنیش لەحاڵەتی (**تَفْرِضُوا لَهُنَّ**)، هەروەها واتای پابەندبوون بە وردەکارییەکانەوە دەگەیەنێت، ئەگەر وەك ئەرك کەوتە

ئەستۆت: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ﴾ البقرة/١٩٧، مرۆڤ خۆی ئەو كەسەیە كە بۆی هەیە حەج كردن فەرز بكات لەسەر خۆی یان فەرزی نەكات.

پوختەی قسەكە ئەمەیە كە: (**كُتِبَ عَلَيكُمْ**) واتای بوونی بژاردە و هەروەها بوونی ئەگەرێكی تر هەڵدەگرێت، وە (**فرَضَ**) ش واتای دیاریكردن و (**تَحدِيد**) دەسنیشان كردن هەڵدەگرێت.[1]

## گشتیی و تایبەت

كاتێك دەوڵەتێك یاسایەك دادەڕێژێت، ئەوا لە بەرژەوەندیی گشتیی كۆمەڵگەوە هەنگاو هەڵدەگرێت، نەك لە بەرژەوەندیی چینێكی دیاریكراو یان خێزانێكی دیاریكراو یان كەسێكی دیاریكراوەوە، بۆیە لەو یاسا گشتییەدا دەسكەوت و بەرژەوەندییەكانی تاكێك و تاكێكی تر جیاوازییان هەیە، ئەمەش پشك و (**حَظ**) ە.

ئەگەر دەوڵەتێك یاسایەكی دەركرد بۆ نموونە: لەبارەی هاتوچۆوە، دەبینین ئەو یاسایە لە شەقامەكاندا چەند ڕێڕەوێك دەسنیشان دەكات بۆ هاتووچۆ، ڕێك دەكەوێت یەكێك لەو ڕێڕەوانە بكەوێتە بەردەم ماڵی ئەحمەد یان بەردەم دوكانەكەی و بەدووری سەد مەتریش لەماڵی مەحموود یان دوكانەكەیەوە دوور بێت، لەم حاڵەتەشدا بەرژەوەندییەكی زیاتر ڕوو دەكاتە ئەحمەد، ئەمەش پشكی هەركام لە ئەحمەد و مەحموودە و یاساكەش لەبنەڕەتدا بۆ دابین كردنی بەرژەوەندیی بۆ ئەحمەد یان مەحموود دانەڕێژراوە، بەڵكو لەپێناو بەرژەوەندی هەموو دانیشتوانی شارەكەدا داڕێژراوە.

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی خوێندنەوەی ئێمەوە بۆ (**كُتِب**) و (**فُرِض**) بەشێوەیەكی بەرفراوانتر، تكایە سەرێك بدەرەوە لە كتێبمان (**تَجفيف منابع الإرهاب**) كە خۆشبەختانە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی كوردیی بە ناوی: پوكاندنەوەی سەرچاوەكانی توندوتیژیی و تۆقاندن.

بەڵام کاتێك مەحموود باخچەیەکی هەیە لەبەردەم ماڵەکەیدا و دەیەوێت چەند ڕێـوەێکی تێدا بکاتەوە، ئەوکات بەپێی خواستە تایبەتـەکانی خـۆی و هەلومـەرجی ئەنـدامانی خێزانەکـەی ڕێڕەوەکان ڕێك دەخات، بۆ نموونە: ڕێڕەوێك دەخاتە بەردەم ژوورەکەی خۆی یان بـەردەم ژووری کوڕەکەی و هەوڵ دەدات ئەو ڕێڕەوانە هیچکامیان پلە و قادرمەی تێ نەکـەوێت لەبـەر کچـە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکەی... تاد. ئەمـە ئـەو بەشـە دەسنیشـانکراوەیە کـە پەیوەنـدیی نییە بە پشکە نادیار و دەسنیشان کراوەکەوە.

بەش (**النَصیب**) یش لـە ڕیشـەی ( **ن ص ب**) یـە، هـەروەها بەشـەکانیش لەمەوەیـە کـە چـەن بڕێکی دیاریکراون وەك: بەشی زەکـات، هـەروەها بەشـی یاسـایی لـە کۆنیشـتی کۆمپانیـا و دامەزراوەکان، هەروەها بەشەکان لە کاژێرەکانی وانە وتنەوە و موچـەکاندا، هـەموویان چـەند بڕێکی دیاریکراون و ئەوکەسانە دەسنیشـانیان دەکـەن کـە پەیوەنـدییان هەیـە بـە دەسنیشـان کـردن و بڕینـەوەی مووچـە و حەقدەسـەوە، هـەر لەوەشـەوە چـەمك و تێگەیشـتنی (تـابلۆ و پەیکەری یادەوەریی ـ **النصب التذکاري**) یش هاتووە، کە تـابلۆ و پەیکەرێکـە هـەموو خـەڵك لەجێگەیەکی گشتیدا تێی دەڕوانن، بـەڵام فـەرزکراو، بەتـەواوەتیی دەسنیشـان کـراوە، واتـە: بەشی دیاریکراو (**النَّصیبُ المَفروض**) کە نرخی دەسنیشانکراوو و زانراوە، لەکاتێکدا کە (پشـك ـ **الحَـظ**) پێچـەوانەی ئەمەیـە، کەسـانی پەیوەندیـدار دەسنیشـانی ناکـەن بـەڵکو لـەدەرەوەی خواستی ئەوانەوە دەسنیشان دەکرێن.

کەواتە: پشك نادیار و ئاشکرانەکراوە و، بەشیش زانراو و ئاشکراکراوە.

سیستەمی دابەشکردنی گشـتیش لـە بابـەتی گواسـتنەوەی موڵکداریـدا لـە نێـوان نەوەکانـدا بریتییە لە میرات، خواوەند وەك ڕاسپاردەیەك هەموو دانیشـتوانی سـەر ڕووی زەویـی لەسـەر ڕاسپاردووە، بەشی تاك تیایدا وەك لە ئایەتەکانی میراتدا هاتووە، بریتییە لە پشك.

بەڵام سیستەمی دابەشکردنی تایبەت، بریتییە لە ڕاسپاردە و وەسیەت، کە مرۆڤ خۆی چۆنیەتیی دابەشکردنی سامانەکەی دەسنیشان دەکات تا دوای مردنی خۆی و بەکێ پێی خۆشە بدرێت، بەپێی چەند بەشێکی دیاریکراو کە بەخواستی خۆی دەسنیشانیان دەکات، بەشی هەرتاکێك لەو سامانە، بریتییە لەوەی کە ئەو بۆی دیاریی دەکات.

ئایەتەکانی میرات بۆ چەند کۆمەڵەیەك لەخەڵك هاتن کە بریتین لە خەڵکی سەرزەویی، نەك بۆ تاکەکەسێك یان بنەماڵەیەکی دیاریکراو، واتە: کۆمەڵە یاسایەکی گشتین لەسەر چەند یاسایەکی ماتماتیکیی بونیاد نراون (بیردۆزەی کۆمەڵەکان/شیکاری ماتماتیکیی/بەباشتر زانراوەکان) لەگەڵ چوار کردە ژمێرییارییەکەدا، کە چەند یاسایەکی یەکلاکەرەوەن و خواوەند چەند ڕێژەیەکی زانراوی تێدا دەسنیشان کردووون.

ئایەتەکانی وەسیەت و ڕاسپاردەش، هیچ یاسا و ڕێژەیەکیان تێدا نییە، بەڵکو خواوەند بەجێی هێشتووە بۆ خواستی ڕاسپاردەکارەکە، تەنها ئەوەندە هەیە ئاراستەی کردووە و بیری خستوەتەوە، کە کێن ئەو کەسانەی پێویستە لەکاتی کردنی ڕاسپاردەکەدا لەبەرچاویان بگرێت و حسابیان بۆ بکات، لە کەسە نزیکەکانی و یەتیم و هەژارەکان و نەوە بێدەسەڵاتەکان، هەروەها بەمەرجیشی گرتووە کە پێویستە ڕاسپاردەکە زانراو و دەسنیشانکراو بێت و سەروبنی دیار بێت (نَصيباً مَفرُوضاً). ئەمەش ڕامان دەکێشێت بەرەو ئەوەی کە هەست بە جیاوازییەکی تری نێوان میرات و وەسیەت بکەین، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەوکەسانەی خواوەند هۆشداریی لەبارەوە داون لەبیر نەکرێن و سەرحسێب بکرێن، زۆرتریشن لەو کەسانەی کە ناوی هێناون لە باسی میراتدا. ناوبراوەکان لە ئایەتەکانی میراتدا لەناو ئایەتەکانی وەسیەتدا بوونیان هەیە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە لە وەسیەتدا ناوبراون لە ئایەتەکانی میراتدا ناویان نەهاتووە، لە ئایەتەکانی میراتدا ناوی هەژاران نابینین هەروەها ناوی نەوەی بێدەسەڵات نابینین، بەڵام لەئایەتەکانی وەسیەتدا دەیانبینین.

## وەسیەت و ڕاسپاردە ـ الوصية

ڕاسپاردە و وەسیەت بریتییە لەوەی کە: ڕاسپاردەکار ڕاسپاردەی لەسەر دەکات تا دوای مردنی جێبەجێ بکرێت، لێرەدا قسەمان لەسەر سەروەت و سامانە، وادەردەکەوێت کە ئەو بنەمایە لە ناو گەلە ڕابوردووەکانی ناو مێژوشدا پیادە و پەیڕەو کراوە، بۆ نموونە: لە شەریعەتی حامورابیدا هاتووە کە: (ڕاسپاردەکار ـ **الموصي**، دەتوانێت ڕاسپاردە و وەسیەت بکات باخچەیەك یان باخێکی بەریی یان خانوێك دابنێت بۆ یەکێك لە منداڵەکانی و لەژیانی خۆیدا دەتوانێت ئەو وەسیەتەی لە تیانووسێکدا تۆمار بکات، بەو پێیە دوای مردنی خۆی ئەو شتە لە سامانەکەی دەردەکرێت و پاشان بەیەکسانیی دابەش دەکرێت).

یاسای دابەشکردنیش تەنها بۆ منداڵە نێرینەکان بووە، یاسای یۆنانییش پێش لەدایك بوونی مەسیح، دانی بە بنەمای وەسیەت کردندا ناوە، لە مێژووی ڕۆمانیدا باسی بەمیراتگرتنی حوکم و فەرمانداریش هاتووە. شەریعەتی موساش، هیچ باسێکی تێدا نەهاتووە لەبارەی وەسیەتەوە، لەکاتێکدا باسی دابەشکردنی میراتی تێدا هاتووە بەپێی یاسایەکی دیاریکراو کە مێینە هیچ بەشێك لەمیرات نابات، مەگەر لەحاڵەتی نەبوونی ڕۆڵەی نێرینەدا و بەو مەرجەش کە هەر لەناو هەمان ماڵباتدا شووی کردبێت، هەستیش بەبوونی باسی بەشی باوك و دایك نەکراوە لە شەریعەتی موسادا.

بەڵام عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا، ئەوەی کتێبەکانی مێژوو لەبارەیانەوە باسیان کردووە، بریتیی بووە لەوەی کە ڕۆڵەی مێینەی کەم تەمەنیان بێبەش کردووە لە میراتدا، بەشی زۆر و گەورەش بەشی براگەورە بووە لەتەمەندا، یان جەنگاوەرترینیان.

پاشان پەیامی محەممەدیی هات، سەردەمی یەکسانیی نێوان نێر و مێ دەستی پێکرد، چەند یاسایەك دانران کە دەشێت جێبەجێ کردنیان لەهەموو سەردەم و سەرزەمینێکدا شیاو و

گونجاو بێت، بەشێك لەو یاسایانە بریتیی بوون لـە: ﴿**كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمْ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ**﴾ **البقرة/١٨٠.**

لەمـــەوە تێدەگـــەین کـــە خواوەنـــد لەئێمـــەی دەوێـــت خۆمـــان لـــەم بابەتـــە هەســـتیار و زۆر مەترسیدارەدا ڕۆڵمان هەبێت و بڕیار لەسەر خۆمان بدەین، ئەو کە خـۆی دادە و دادگەریشـە، سوورە لەسەر ئەوەی کە ئێمە ئازادیی خۆمان بەتەواوەتی پیادە بکەین لەبڕیاردان لـەوەدا کـە بەگونجاوی دەبینین و ئەو هیچ دەستێوەردانێکی تێدا ناکات، تەنها ئەوەندەی لێمان دەوێت کە لەڕۆژی حساب و کتاب و لێ پێچینەوەدا، حساباتی ڕۆشنی بخەینە بەردەست.

وەك پێشتر باسکرا لە دابەزێنراوی بەجێدا وەسیەت و ڕاسپاردە وەك شێوازێك لە شـێوازەکانی دابەشکردنی سەروەت و سامان، پێش خراوە بەسەر میراتـدا، بەڵگـەش لەسـەر ئـەم ڕاسـتییە ئەوەیە، وەسیەت زیاتر باسکراوە تا میرات، لە وەسیەتدا مرۆڤێك هەڵدەسێت بە دابین کردن و دەسنیشان کردنـی چـەند بەشـێك بـۆ چـەند کـەس و لایـەنێکی دیـاریکراو (بەشـێك ـ نرخێکـی ڕاگەیـەنراو) لەو کەسانەی کە ڕاسپاردەکار دەیەوێت سامانەکەی بگوێزرێتـەوە بۆیـان، تـا دوای مردنی خـۆی دابـەش بکرێـت بەسـەریاندا (ڕێکارەکـان)، ئـەمـەش بەتـەواویی بـەپێی خواسـتی تایبەتیی ئەوکەسە خۆی دەبێـت، کـە لەدیـدی ڕاسـپاردەکارەکە خۆیـەوە دادگـەریی جێبـەجێ کردووە، کە پەیوەستە بە ئاستی بژێویی و دارایی و هەلومـەرجی کۆمەڵایـەتیی و خێزانیـی و پەیوەندیەکانی کەسەکەوە لەگەڵ کەسـە نزیکـەکانی دەوروبەریـەوە، پێویسـتە ئـەوەش ڕەچـاو بکرێت کـە ڕاسـپاردە و وەسـیەت کـردن ئەرکێکـە لـە لایـەن خواوەنـدەوە و پێویسـتە لەسـەر ڕاسپاردەکار لەکاتی پەیڕەو کردنیدا بەپێی توانا وردەکاریی بکات لە خوێندنـەوە و سـەرنجدان لە باری گوزەرانی ئەو کەس و لایەنانەدا کە ئەو ڕاسـپاردەیان لـەبارەوە دەکـات، تـا بتوانێـت ئەو دادگەریە تایبەتە جێبەجێ بکات کە باسمان لێوەکرد.

هاو شێوەیی لە ڕاسپاردە و وەسیەتدا بوونی نییە، ئەمەش ڕاستییەکە بوونی بابەتیی و واقع پشتڕاستی دەکاتەوە، چوونکە دەبینین هەر مرۆڤێك هەلومەرجی تایبەت بەخۆی هەیە لە ماڵبات و کەسی نزیك و پابەندییە تایبەتەکانی خۆیدا، بۆیە ڕێژەی بەشەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن، بەڵام دەبینین لە میراتدا، هاوتاییەتیی و هاوشێوەبوون بوونی هەیە، چوونکە ڕێژە و پشکەکان دەسنیشان کراو و دیاریکراون، بەشی خاوەن بەش لەیاسای گشتیی میراتدا، پێگەی کەسەکە لە میراتلێگیراوە کۆچکردوەکەوە دەسنیشانی دەکات کە ئایا (باوکە/ دایکە/ ڕۆڵەیە/ هاوسەرە/ مێردە/ برایە/ خوشکە)، هاوشێوەبوون لەئاکاری گشتییە، بەڵام جیاوازیی لە ئاکاری تایبەتەکانە، میرات و وەسیەتیش، چەشن و شێوە و ڕوێکن لە ڕووەکانی مشتومڕی هاوشێوەبوون و جیاوازیی **(الإرث و الوصية يمثلان وجها من وجوه جدلية التماثل و الإختلاف)**.

بەو پێەش کە کۆمەڵگەی مرۆڤیی لەسەر هەمەچەشن بوون لە هەلومەرجەکانی بژێویی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و پابەندییە تایبەتییەکان ڕادەوەستێت، بۆیە لە دابەزێنراوی بەجێدا ڕاسپاردە و وەسیەت پێش خراوە بەسەر میراتدا، لەیەکەم ئایەت لە ئایەتەکانی وەسیەتدا، کە دەفەرموێت: ﴿**كُتِبَ عَلَيْكُمْ**﴾، واتە: داڕشتەی ئەرك و فەرمان، بۆیە بە داڕشتەی (**كُتِبَ**) ش هاتووە، لەبەر بوونی ئەگەرێکی تر کە بریتییە لە میرات، ڕێك وەك ڕاسپاردن و ئەرك خستنە ئەستۆی مرۆڤەوە بەڕۆژوو گرتن و کاتەکانی ئەنجامدانی نوێژ، لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی بنەڕەتیی کە کەسی بەراوردکار لەکاتی تێڕاماندا هەستی پێ دەکات، ئەو جیاوازییەش بریتییە لەوەی کە ڕۆژوو لەسەر باوەڕدارانی پەیڕەوانی **محەمەد** (سلاوی لەسەر) نوسراوە، هەروەها کاتی نوێژەکانیش تۆمارێکە لەسەر باوەڕداران: ﴿**فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا**﴾ **النسلء/١٣٠**، واتە: پەیڕەوانی **محەمەد**، بەڵام وەسیەت و ڕاسپاردن: ﴿**حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ**﴾ **البقرة/١٨٠**، ئەرکێکە لەسەر هەموو خەڵکی سەرزەویی، بەواتای

پارێزکاران بە پارێزکاریی ئیسلام لەهەر گەل و نەتەوەیەك بن، گرنگ ئەوەیە کە لە وەسیەت و ڕاسپاردە کردندا خزمە نزیکەکان و خاوەن پێداویستییەکان و نەداران ڕەچاو بکەن.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین گواستنەوەی خاوەندارییەتیی بە وەسیەت و ڕاسپاردە لە هەلومەرجی بابەتییە بەلای خەڵکی سەرزەوییەوە، دەبینین خەڵك لە وەسیەت کردن و ڕاسپاردەکانیاندا، بەسروشتی خۆیان پەیڕەویی لەو ڕێنومایییانە دەکەن و ڕەچاویان دەکەن کە خواوەند لەدابەزێنراوی بەجێدا ئاراستەی کردوون، لە ڕەچاوکردنی بێ باوکان و هەژاران و کەسە نزیکەکان، خانەکانی سەرپەرشتیی بێنەوایان و دەستە و دامەزراوە مرۆڤییەکان... تاد، کەواتە خواوەند ڕاستی گوت.

دوای هەموو ئەمانە، دەگوێزینەوە بۆ پێگەی وەسیەت و ڕاسپاردە لە ئایەتەکەدا، واتە: بۆلای ئەو کەسانەی کە دابەزێنراوی بەجێ داوامان لێ دەکات لە ڕاسپاردە و وەسیەت کردندا ڕەچاویان بکەین و لەبەرچاویان بگرین، کەلەم فەرموودەی خواوەنددا دەیان بینینەوە: ﴿**الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ**﴾، دەبینین دەستەی (**الوالدَينْ**) تەنها باوك و دایکی خاوەن ڕەچەڵەك و بایەلۆجیی دەگرێتەوە، ئەمەش وادەکات کە جیاکاریی بکەین لە نێوان: (**الوالِدْ**) و (**الأَبْ**) دا، دەگونجێت ئەمیان ئەو نەبێت، هەروەها جیاکاریی بکەین لەنێوان: (**الوالِدةَ**) و (**الأُم**) دا، کە دەگونجێت ئەوەشیان جیابێت لەویان، بەتایبەت ئایەتەکانی میرات بەدەق، قسە لەبارەی (**الأَبَوينْ**) ەوە دەکەن، نەك لەبارەی (**الوالدَينْ**) ەوە، هەروەهاش لەبارەی ئایەتی وەسیەتەوە کە ئێمە خەریکین قسەی لەبارەوە دەکەین.

لە کتێبێکی ترماندا بەدرێژیی و وەك پێویست قسەمان کردووە لەبارەی پرسی جیاکاریی نێوان هەریەك لە: (**الأَب و الوالِد / الأُم و الوالِدَة**) وە، لەوانەیە هەندێ کەس وایان زانیبێت بۆ خۆشیی ئەو باسەمان کردووە و وایان دانابێت هیچ کاریگەرییەکی نابێت، وا ئێستا ئێمە لە بواری وەسیەت و میراتدا کەوتووینەتە بەردەم بەرپرسیارییەتیی، جیاکاریی کردن لەنێوان

ئەو چەمك و دەستەواژانەشدا بووەتە پێویستیەکی بنەڕەتیی تا لەوێوە بتوانین مەبەست و مەرامە خواییەکان تێبگەین لە دابەزێنراو و پەڕاوەکەیدا.

لەسەردەمی ئیبنوعەباسدا جولەکەکان وا گومانیان دەبرد کە قورئانی پیرۆز ڕەچەڵەك و نەسەبەکان تێکەڵ دەکات بەیەکدا، دەیانگوت: لەپەیامەکەی ئێوەدا وا هاتووە کە باوکی ئیبراهیم ناوی (آزر) ە، لەکاتێکدا کە بەلای جولەکەکانەوە و لە (**العَهد القَديم**) دا ناوی بە (**تارح**) هاتووە، بۆیە بەهەڵەدا چوون، چوونکە وایان زانی ئیبراهیم هاتووە دوعا و نزای بۆ (آزر) ی باوکی پەروەرشیاری کردووە کە گوتویەتی: ﴿**رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ**﴾ **إبراهيم/٤١**، دوای ئەوەی کە تەبەڕا و حەشای لێکردبوو: ﴿**وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَنْ مَوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ**﴾ **التوبة/١١٤**. لەمەشدا سەرپێچییەك هەبوو بۆ فەرمانی خواوەند کە فەرموویەتی: ﴿**مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ**﴾ **التوبة/١١٣**.

لەڕاستیدا جیاکاریی نەکردن لەنێوان: (**ألأب و الوالِد**) دا بووەتە هۆی ئەوەی کە جووەکان بکەونە ناو ئەو گومان و هەڵەیەوە، **قورئانی پیرۆز** باسی ئەوەی کردووە، ئەو باوکەی ئیبراهیم کە پەروەردەی کردووە، بریتیی بووە لەوکەسەی کە ناوی (**آزر**) بووە، ئەمەش ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەدا کە ئەو باوکە بایۆلۆجیەی ئیبراهیمی لیٚ کەوتوەتەوە ناوی (**تارح**) بێت، وەك لە ڕەچەڵەکیدا هاتووە.

لە **قورئانیشدا** باسکراوە، ئیبراهیم دوای ئەوەی بۆی ڕوون بوەتەوە کە باوکە پەروەرشیارەکەی ناحەزیەتی، ئەوجا حەشا و تەبەڕای لە (**آزر**) ی باوکی پەروەرشیاری کردووە، پاشان باسی ئەوەشی کردووە کە داوای لێخۆشبونیشی کردووە بۆ باوکە خاوەن ڕەچەڵك و بایۆلۆجییەکەی کە لەوەوە کەوتووەتەوە، ـ بەڕەچاوکردنی جیاوازیی نێوان باوکی پەروەرشیار و باوکی خاوەن ڕەچەڵك و

بایۆلۆجیی ـ ئەمەش ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەدا کە (**والِد**) و باوکە بایۆلۆجیی و خاوەن ڕەچەڵکەکەی ئیبراهیم باوەڕدار بووبێت، بەمەش هیچ جیاوازیی و سەرپێچیی و دەرچوونێك لە فەرمانی خواوەند نامێنێتەوە.

ئەگەر کەسێکیش بڵێت: ئەگەر وەسیەتکارەکە (**أب**) و باوکی پەروەرشیار و (**أُم**) و دایکی شیردەر یاخود بەخێوکاری هەبووە، بۆچی لە ئایەتەکەی وەسیەتدا باسی (**ألأبَوان** ـ باوك و دایکە پەروەرشیارەکە) نەکراوە؟

ئێمەش دەڵێین: ئەوان لە خانە و ڕیزی خزمە نزیکەکاندان (**الأقربون**) کە هەموو ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ ـ باوکی پەروەرشیار و دایکی پەروەرشیار یاخود شیردەر.

ب ـ ڕەچەڵەکەکان هەرچەند بەرەوژوور بڕۆن.

ج ـ هاوسەر و پیاو ئەگەر ڕاسپاردەکارەکە مێینە و ژن بێت، هەروەها ژن و هاوژین ئەگەر ڕاسپاردەکارەکە نێر و پیاو بێت.

د ـ منداڵ و نەوە و وەچەکان هەرچەندە بەرەوخوار بڕۆن.

هـ ـ براکان و خوشکەکان.

و ـ مام و پوورەکان لەسەری باوکەوە (پەیوەندی پشت و ڕەچەڵەك)، خاڵ و پورەکان لەسەری دایکەوە (پەیوەندی ڕەحم).

ئەمە بواری وەسیەت و ڕاسپاردە کردنە، وەك لە سورەتی **البَقَرَة** دا هاتووە و دەفەرموێ: **﴿الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾**.

ئەگەر بگوێزینەوە بۆ بواری ڕاسپاردە و وەسیەت لەم ئایەتەدا: ﴿وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُوْلُوا الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَعْرُوفًا﴾ النساء/٨، دەبینین دەستەی سێیەمیش خراوەتە ڕیزی دوو دەستەکەی ترەوە کە لە ئایەتەکەی سورەتی البَقَرَة دا باسیان لێوە کرا، ئەم دەستە تازەیە بریتییە لە: اليَتامى والَمساكين ـ بێ باوکان و هەژاران.

سەرنجی ئەوە دەدەین ئەم دەستەیە چەند لایەن و توخمێك لەخۆ دەگرن کە لە ئایەتەکانی میراتدا باسیان نەکراوە، بەڵام لێرە لەوەسیەت و ڕاسپاردەدا بەش و (نَصِيبْ) یان هەیە و پشك و (حَظْ) یان نییە لە میراتدا، ئەم دەستەیە واتای کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراویش دەدات بەدەستەوە، دەشێ واتای ئەو دامەزراوە و ڕێخراوە خێرخوازیانەشی لێ بگیرێت کە هەڵدەسن بە یارمەتیدان و چاودێریکردنی بێ باوکان و هەژاران و بێنەوایان و کەسانی پیر و پەککەوتە و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.

دەستەی چوارەمیش هەیە، کە بریتییە لە ڕۆڵەی لاواز و کەم توانا و پێنەگەیشتوو کە بە ڕوونی لەم ئایەتەدا باسیان لێوە کراوە: ﴿وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا﴾ النساء/٩، تاکەکانی ئەم دەستەیە دەچنە خانەی ڕاسپاردە و وەسیەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کەم توانایی و لاوازیەیانەوە کە بەهەر هۆیەکەوە هەیە تیایاندایە، پێویستە لەسەر کەسە ڕاسپاردەکار و وەسیەت کارەکە، کە لە ڕاسپاردە و وەسیەتەکەیدا دادگەریی ڕەچاو بکات و پارێزکار بێت تیایدا و حساب بۆ وەڵامی دواڕۆژیش بکات.

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەم دەستەیە، وەك نموونە نەك بەدەسنیشانکراویی، ئەم چەشنە کەسانەی تێدا بێت:

ــ بوونی ڕۆڵەیەکی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ناو ڕۆڵە تەندروست و تەواوەکانی تردا.

ـ منداڵێکی پێنەگەیشتووی کەم تەمەن لەناو ڕۆڵە ئیشکەرەکانی تردا، کە ئەم توانای ئیش و بەرهەمهێنانی نەبێت.

ـ باوك و دایکێکی خاوەن ڕەچەڵەکی پەك کەوتوو و پیر.

ـ ژن و هاوژینی نەخۆش، ئەگەر ڕاسپاردەکارەکە پیاو بێت و، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕاسپاردەکار ژن بوو، پێویستە ڕەچاوی مێرد و هاوسەرە نەخۆشەکەی بکات.

ـ کچی شووکردوو کە لە خوشکە شووکردووە خۆشگوزەرانەکانی تری لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە ئاستی لاوازتر و نزمتر بێت.

دوای ئەم تاوتوێیە دەگەینە ئەوەی کە: بواری هەڵبژاردن لە پرسی وەسیەت و ڕاسپاردەکردندا کراوەیە و بڕیاردانیش بەبێ بوونی هیچ چەشنە سنوور و چاودێرییەك بێجگە لە پارێزکاریی و خۆلادان لە بەزاندنی سنوورەکانی خواوەند، بەجێ هێڵراوە بۆ ڕاسپاردەکارەکە، واتە: دەگونجێت لەبواری وەسیەت کردندا بەشی ڕۆڵەیەکی لەڕووی جەستەییەوە ناتەواو، بەچەندقات زۆرتر بێت لەبەشی خوشك یان برا تەندرووست و تەواوەکەی، یان بەشی منداڵێکی کەمتەمەن کە هێشتا خوێندنی تەواو نەکردووە، زۆرتر بێت لەبەشی برایەکی تری کە هاوسەرگیریی کردبێت و خاوەنی ئیش و داهات بێت، هەروەها دەگونجێت وەسیەت و ڕاسپاردەکە بەدەق بڕیار و قسە لەسەر چەن پرس و بابەتێك بکات کە لە میراتدا قسە و دەقیان لەبارەوە نەهاتبێت، وەك ئەوەی کە مرۆڤ ڕاسپاردە بکات بۆ یەکێك لە دایك و باوکی خاوەن ڕەچەڵەکی، یان بۆ هەردووکیان یان بۆ هاوسەرەکەی بەوەی کە تا ماون سوود وەرگرن لەو خانوەی کە تیایدا دەژین و بمێننەوە تیایدا، ئەم بابەتە لە ئایەتەکانی بواری میراتدا کە پشکەکانی منداڵان و هاوسەران و باوك و دایك دەسنیشان دەکەن، بوونی نییە، بە چاوپۆشی لە هەلومەرج و ئاستی دارایی و تەندرووستیی و کۆمەڵایەتییان.

ئەو مانا و لێکدانەوەیەش کە ئێمە بۆی چووین لەم ئایەتەدا بەتەواویی ڕوون بوەتەوە: ﴿**وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِأَزْوَاجِهِمْ مَتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ مِنْ مَعْرُوفٍ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**﴾ **البقرة/٢٤٠**، وەك ئەوەی بیەوێت بەم نموونە جێبەجێکارییە ڕێنوماییمان بکات بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ڕێڕەوە و لەبەر ڕۆشنایی ڕێنوماییەکانیدا لەهەموو بوارەکانی تریشدا هەنگاو هەڵبگرین.

لەوەش زیاتر کە باسمان کرد لە ئایەتەکانی وەسیەت و ڕاسپاردەکردنەوە چەند بابەتێکی تر تێدەگەین، لەوانە:

ـ خۆبەدوور گرتن لە جیاکاریی و جیاوازیکردن لەسەر بنەمای نێر و مێیی لەنێوان ئەو کەسانەدا کە ڕاسپاردەکار لەبارەیانەوە ڕاسپاردە و وەسیەت دەکات، ئەم ڕاستیەش لەو گوتەی خواوەندا ڕوون و ئاشکرایە کە دەفەرمووێت: ﴿**لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا**﴾ **النساء/٧**.

ــ پابەند بوون بە وەسیەت و ڕاسپاردەکەوە و پشتگوێ نەخستنی، پاشماوە جێماوەکە هەرچەندە ببێت، ئەمەش لەم فەرموودەی خواوەندا ڕوونە: ﴿**مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ**﴾.

ــ بەش، لە وەسیەتدا بەشێکە کە ڕاسپاردەکار و وەسیەتکار دەسنیشانی دەکات و دەیسەپێنێت، واتە: بەش و دیاریکردنی بڕەکەی دەچێتە خانەی ویست و خواستی مرۆڤەوە و ڕوون و ئاشکراشە، بەڵام پشك، لە میراتدا، پشکێکە خواوەند دیاریی دەکات و لەو ڕێگەیەوە سەپێنراوە، واتە: پشك و دەسنیشانکردنی بڕەکەی دەچێتە خانەی ویستی خواییەوە، بۆیە لە ئایەتی وەسیەتدا گوتوویەتی: ﴿نَصيباً مَفرُوضاً﴾ وە لە ئایەتی میراتدا گوتویەتی: ﴿**فَرِيضَةً مِنَ اللهِ**﴾، پێویستە بزانین کە فەرزکراو تەنها بریتییە لەوەی کە دەسنیشان کراوە.

بۆیە وەسیەت وەك ئەركێك هاتووە بۆئەوەی هەموو مرۆڤێك، هەرچەند سەروەتی هەبێت، كەم بێت یان زۆر، بیخاتە بەردەم دوو بژاردەوە:

- یان ئەوەیە بەش و برەبەشی ئەو كەسانەی كە دەیەوێت پاشماوەكەی بگوێزرێتەوە بۆیان دیاری دەكات.

- یان ئەوەیە واز لە سەروەت و سامانەكەی دەهێنێت بۆ ئەوەی دوای خۆی بەپێی ئەوەی كە خواوەند ڕای سپاردووین، دابەش بكرێت، بەپێی دادگەریی گشتیی نەك تایبەت.

ئەگەر مرۆڤێك وەسیەتنامەیەكی داناو لە چوارچێوەی بەند و باوەكاندا سنووردار بوو بە باوك و دایك و كەسە نزیكەكانەوە، ئەو ڕاسپاردە و وەسیەتنامەیە دەبێتە ڕاسپاردەیەكی پیرۆزی ڕێزلێگیراو و كەس بۆی نییە بیگۆڕێت یان گۆڕانكاریی تێدا بكات، ئەمەش بەپێی بڕیاری خواوەند: ﴿فَمَنْ بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة/١٨١.

بەڵام ئەی ئەگەر وەسیەتكار بەمەبەستەوە یان بێ مەبەست تاوانكاریی و ناڕێكییەكی لە وەسیەتەكەیدا كرد و لە وەسیەت كردنەكەیدا لە سنووری باوك و دایكی خاوەن ڕەچەڵك و كەسە نزیكەكانی دەرچوو؟

وەك ئەوەی: سەرەڕای بوونی خوشك و برا و منداڵ، وەسیەت بكات نیوەی سامانەكەی بدرێت بە ڕێكخراو و كۆمەڵەكانی چاودێریی و گرنگیدان بە ئاژەڵان، یان لە وەسیەت كردنەكەیدا لەسنووری باو دەرچێت، وەك ئەوەی ڕاسپاردە و وەسیەت بكات كە بەشی مامی یان خاڵی زیاتر دابنێت لە بەشی دایك و باوكی خۆی؟ لەم حاڵەتەدا ئەم فەرموودەی خواوەند هەیە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنْتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةُ الْمَوْتِ تَحْبِسُونَهُمَا مِنْ بَعْدِ الصَّلَاةِ فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ إِنِ ارْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَلَا نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللَّهِ إِنَّا إِذًا لَمِنَ الْآثِمِينَ﴾ المائدة/١٠٦.

ئەبێت ئەو فەرمانە چەندە گرنگ و جێگەی بایەخ بێت کە خواوەند خستویەتیە ئەستۆی باوەڕدارانەوە کە تەنانەت ئەگەر لەسەر کاروان و سەفەریش بن پێویستە پابەندی بن، لەکاتێکدا کە لەحاڵەتی سەفەردا ڕۆژوویان لەسەر نییە و ڕێگەشی پێداون نوێژ کورت بکەنەوە؟

ئەوەی کە لەبارەی نەسخ بوون و لەکارکەوتنی ئەم ئایەتانەوە بەتایبەت و بەگشتیش لەبارەی نەسخەوە دەگوترێت، وەك لە جێگەیەکی تری ئەم کتێبەدا ڕوونمان کردوەتەوە، لە ئاراستە کۆمەڵایەتییە باوەکان و پاڵنەرە سیاسییەکانەوە کە حوکمیان بە فیقهـ کردووە سەرچاوەی گرتووە، لەسەرووی ئەمانەشەوە بابەتی نەسخ و لەکارخستنی ئایەت، دەرگایەك بووە بۆ خۆ دەرباز کردن لەو تەنگەبەریەی کە پێشینان بە دژبەرییان زانیوە لە نێوان چەن ئایەتێکدا کە نەیان توانیوە لێیان تێبگەن و بەراورد بکەن لە نێوانیاندا.

پێداگریش لەسەر پابەندبوون پێیەوە دەچێتە خانەی پیرۆزکردنی پێشینانەوە، دوای ئەوەش کە ئەم پاڵنەرانە نەمان و خواستەکان گۆڕان، ئیتر بابەتەکە لەلایەك مایەی بەزەییپێداهاتنەوەیە و لەلایەکیشەوە مایەی تورەیی و بێزارییە.

لای هەرکەس مەبەستی بێت شاراوە نییە کە خواوەند وەسیەت و ڕاسپاردەکردنی پێش خستووە بەسەر میراتدا، دەبینین مرۆڤی سەرپشك کردووە لەنێوان دوو ڕێکاردا: یان ئەوەتا بە ئاگاداریی و سەرپەرشتیی خۆی و بەرەچاوکردنی هەلومەرجی ژیان و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانی ئەندامانی ماڵباتەکەی، سەروەتەکەی بگوێزێتەوە و بیبەخشێت پێیان (کە هەر ئەمەش ڕێگە درووست و دادپەروەرانەکەیە بەلای خواوەندەوە) یان ئەوەتا وازی لێ بێنێت تا دوای خۆی و بەپێی ڕاسپاردەی خواوەند دابەش بکرێت.

ئەو بەباشترزانینەی وەسیەتیش بەڕوونیی لەم بەمەرجگرتنەدا دەبینین کە لە ئایەتەکانی میراتدا چوار جار بەدارشتەی جیاواز هاتووە و دەفەرموویێت: ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ

دَيْنٍ﴾، ڕاسپاردە و وەسیەتیش دەشێت بە بەشێك لە سەروەتەکە بێت، ئەوسا یان کاری پێ دەکرێت یان ناکرێت، پاشان پاشماوەی سەروەتەکە بەپێی یاساکانی میرات دابەش دەکرێت، ڕوون و ئاشکراشە کە دوای مردنی وەسیەتکارەکە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییەی کەلە ئایەتەکاندا هاتووە ڕاپەڕاندنی وەسیەت بەبێ چەواشەکاریکردن تیایدا واجب و ئەرکی سەرشانمانە.

پێویستە ئاماژەش بۆلای خاڵێك بکەین کە پێویستە لەسەری بوەستین، ئەویش ئەوەیە کە بوونی ڕاسپاردە و قەرز، دەبنە مایە و هۆی بەتەواوەتیی ڕاگرتنی پرۆسەی جێبەجێ کردنی یاساکانی میرات، تەنانەت قەرز یان بژاردنی هەرچەشنە مافێکی کەسانی تر کە لە سەر مردووەکە بێت، پێویستە پێش هەرشتێکی تر بەکردار جێبەجێ بکرێت و ببژێردرێت، تەنانەت پێش ڕاسپاردە و وەسیەتەکە خۆیشی، پێشخستن لە ناوهێنان و دەربڕینی شتێکیشدا ئەوە ناگەیەنێت کە لە حوکمدانیشدا پێش بخرێت، چوونکە وشەی (أو) هەرگیز مانای بەشوێنیەکدا هاتن ناگەیەنێت، واتە: پێشخستنی وەسیەت بەسەر قەرزدا لەئایەتەکەدا واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لەحوکمداندا وەسیەت بەڕێزتر و گرنگترە لەقەرز، چوونکە جێبەجێکردنی وەسیەت پێش دانەوەی قەرز، بۆی هەیە هەموو سەروەتەکە ببات.

بەکورتیی دەڵێین: ئەگەر قەرزەکە هەموو سەروەتەکەی داگرت و بردی، ئەوا نە وەسیەت هەیە و نە میرات، ئەگەر وەسیەت و ڕاسپاردەش هەموو سەروەتەکەی داگرت (ئەگەر مردووەکە ئەوەندە قەرزی لەسەر نەبوو)، ئەوا میرات، بوونی نامێنێت، بەڵام ئەوەی کە فیقهزانەکانی ئەم سەردەمە و سەردەمانی ڕابوردوویش بۆی ڕۆیشتوون و سنورێکیان داناوە بۆ ڕاسپاردە و وەسیەت کە بریتییە لە سێیەك و چواریەك و زیاتر و کەمتر، لەم کارەشیاندا پشتیان بە گێڕانەوەیەك بەستووە کە دراوەتە پاڵ پەیامهێنی بەڕێز، ئەوە تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێت، تەنها ئیجتهاد و بۆچوونێکی پێغەمبەر بووە لە کاتی خۆیدا و بۆ هەلومەرجێکی تایبەت بەو کات و شوێنە بووە و هیچ مۆرکێکی هەتاهەتایی نییە، بێجگە لەمەش وەك گوتمان: ئەگەر

ڕاستیش بێت، ئەوا ئەو بۆچوونی تێکەڵکردنەی نێوان یاساکانی وەسیەت و میرات پشتڕاست دەکاتەوە، ئەو گێڕانەوەیەش کە لەپەیامهێنەوە (سلاوی لەسەر) گێڕراوەتەوە (ئەگەر ڕاست بدەرچێت)، کە لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتویەتی: "سێیەك و سێیەکیش زۆرە، تۆ ئەگەر ئەندامانی ماڵباتەکەت بە دەوڵەمەندیی بەجێ بێڵێت باشترە تا بەهەژاریی و ڕەجاڵی بەجێیان بێڵیت و دەس پان بکەنەوە لە خەڵك" **(البخاري ٢٥٣٧)**، لێرەدا پێغەمبەر ئامۆژگاریی ئەو کەسەی کردووە کە پرسیاری لێ کردووە و هەلومەرجی ژیانی خۆی بۆ پێغەمبەر ڕۆشن کردوەتەوە، ئەوەش یەکێك لەو دوو ئەگەرەیە کە بەردەستن بۆ ئەو کەسە لە دابەش کردنی سامانەکەیدا و خستونیەتە بەردەم ئەو کەسەوە بەتایبەتیی، ئەمەش هیچ گشتاندن یان تەشریع و یاساسازییەکی تێدا نییە.

ئەم گێڕانەوەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە پەیامهێن (سلاوی لەسەر) دانی ناوە بە وەسیەت و ڕاسپاردەکردندا، هەروەها دەمکوتی ئەوکەسانەش دەکات کە باسی نەسخ بوون و لەکارکەوتنی ئایەتەکانی وەسیەت دەکەن، ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە هەوڵی داوە و ئیجتیهادی کردووە و هەستی بەبوونی ڕێگرێك نەکردووە لە بەردەم کۆکردنەوەی وەسیەت و یاساکانی میراتدا و ڕێگەیداوە بە کۆکردنەوەیان، بەڵام لەهەمان کاتدا هەر ئەو گێڕانەوەیە دەمانخاتە بەردەم چەند پرس و بابەتێك:

**یەکەم:** بێگومان پێغەمبەر لە گێڕانەوەکەدا باس لە چەند حاڵەتێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەکات کە کەسە ڕاسپاردەکارەکەی کە لە لێواری مردندایە کەسێکی سادەی ئاساییە و سەروەتێکی ئەوتۆی نییە، باری داراییشی لە باری دارایی ئەبوزەڕی غیفاریی یان باری دارایی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالب دەچێت، ڕێنوێنیی و ئیجتیهادەکەی پێغەمبەریش بووبە ڕێنمایی بۆ ئەو و کەسانی هاوشێوەی، کە داکۆکیی و پێداگریی دەکات تا کەسەکە سامانەکەی وازلێ بێنێت بۆ کەسوکارەکەی تا دوای خۆی پێویستیان بەکەس نەبێت، لەم ئیجتیهادەشیدا پەیامهێن پشتی بەم ئایەتە بەست: ﴿**وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً**

ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّـهَ وَلْيَقُولُـوا قَوْلًـا سَـدِيدًا﴾ النسـاء/٩، لـەم ڕوانگەیـەوە دەبیـنین پێشەوا عەلی دەڵێت: "ئەگەر وەسیەت بکەم بە پێنجیەك پـێم خۆشـترە تـا چواریەك، ئەگـەر وەسیەت و ڕاسپاردە بکەم بە چواریەك پـێم خۆشـترە تـا وەسـیەت بکـەم بـە سـێیەك". بـەڵام ئەگەر حاڵەتەکەی کە خرایە بەردەم پێغەمبەر حاڵەتی کەسێکی دەوڵەمەنـدی وەك: (ڕوکفلـر یان ئوناسیس) بوایە، کـە دووسـورمایەداری گـەورەی دونیـان، یـان وەك عـەبوڕەحمانی کـوڕی عـەوف یـان عـەمری کـوڕی عـاص بوایـە، ئـەوا پێغەمبـەر شـتێکی تـری دەگـوت، بـەهۆی هۆکارێکی زۆر سادەوە ئەویش بریتییە لەوەی کە کەسێکی سـەروەتمەندی وەك ئەمانـە ئەگـەر ٩٥٪ ی سەروەتەکەشی بەوەسیەت بدایـە بـە کەسـانی دەرەوەی میراتگرەکـانی، هێشـتا هـەر ئەوەندە دەمایەوە بۆ میراتگرەکانی کە بەڕێزەوە پێی بژین و پێویستیان بەکەس نەبێت، ئەمـە وامـان لـێ دەکـات پێـداگریی لەسـەر ئـەوە بکـەین ئـەو ڕێـژەی سـێیەکەی کـە دراوەتـە پـاڵ پێغەمبەر ڕێژەیەکی جێگیر و گشتیی و بۆهەمووان و هەتاهەتایی نییە.

**دووەم:** لەگێڕانەوەکەدا پێغەمبەر باس لـە وەسـیەتکردن بـۆ کەسـانی دەرەوەی میراتگرەکـانی وەسیەتکارەکە دەکات، مرۆڤیش ئازادە لەوەدا کە سامانەکەی چیی لێ دەکـات و چـەندی بـە کێ دەدات، ئەم ئازادییەش خواوەنـد ڕێـزی لـێ گرتـووە، بۆیـە وەسـیەت کـردنیش بەشـێوەی گشتیی و ڕەها هاتووە و بەهیچ ڕێژە و ژمارەیەك سنووردار نەکراوە، بەڵام سـەرەڕای گشـتیی و ڕەهابوونەکەشـی لەڕێگـەی لەبەرچـاوگرتنی چـەند شـتێکەوە کـە لـە ئایەتەکـەی سـەورەتی **النساء/٩** دا باسکراون، مەرجدار کراوە، لەوانەیە پێشەوا ڕازییش لەو مەبەستە تێگەیشتبێت کە ئێمە بۆی چووین، بۆیە گوتویەتی: "بزانە کـە بـۆ مـرۆڤ وا باشـتر و لەپێشـترە کـە سـەرنج بدات لەڕێژە و ڕادەی ئەوەی کە بەجێی دەهێڵێت و سەرنجی ئەوەش بدات کـە کێـی لێ بـەجێ دەمێنـێ، ئـەوجا بـەپێی ئـەوە وەسـیەت بکـات، ئەگـەر مـاڵ و سـامانەکەی کـەم بـوو و میراتگرەکـانی زۆر بـوون ئـەوا وەسـیەت نـەکات، ئەگـەریش سـامانی زۆر بـوو بـا بـەپێی

سامانەکەی و بەپێی پێویستیی کەسەکانی دوای خۆی وەسیەت بکات، خواوەند زاناترە" (**التفسير الكبير** بەرگی ٩ لاپەڕە ١٨٣).

**سێهەم:** پێغەمبەر لەقسەکەیدا لەبارەی وەسیەتەوە بۆ کەسانی دەرەوەی میراتگرەکانی و پێشنیارەکەی بۆ ئەوەی لە سێیەکی سامانەکەی تێنەپەڕێت، هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبووە کە فقهزانەکان بۆی چوون، کە پێیان وابووە مەبەستی ئەوەبووە وەسیەتکردن لەبەرژەوەندیی و بۆ میراتگرەکان دروست نییە و نابێت، چوونکە بەلای خواوەند و پەیامهێنەکەشیەوە کەسە نزیکەکان شایستەترن کە چاکەیان لەگەڵدا بکرێت، واتە: گێڕانەوەی **"لاوصية لوارث" (الترمذي ٢٠٤٦ )** هیچ بناغەیەکی نییە و ڕاستیش نییە، بەڵکو وەسیەتکردن بەکورتیی و پوختیی چەشنێکە لە چەشنەکانی مامەڵەکردن و خاوەن موڵك بەو شێوەی کە بیەوێت مامەڵەی پێوەدەکات لە سامانەکەیدا، لەم سۆنگە و ڕوانگەیەوە وەسیەتکردن هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ هەچ هەڵسوکەوتێکی تردا کە خاوەن موڵك لەژیانیدا دەیکات لەگەڵ سامانەکەیدا، بۆیە هیچ بیانوێك نیە بۆ ڕێگەلێگرتن و بێبەش کردنی لەم مافەی، بەتایبەت کە لەدواساتەکانی ژیانیشیدابێت، ئەمەدەڵێین و دڵنیاشین کە مردن غەیبە و کەسمان نازانین کەی دێت و هیچکەس نازانێت کەی و لەچ شوێنێك دەمرێت، بینا لەسەر ئەم ڕاستییە پێویستە پەیڕەویی بکرێت لەوەسیەت تەنانەت لەحاڵەتی تەندروست باشیی وەسیەتکارەکەشدا، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئاماژە و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر جەختی لەسەر دەکەنەوە، (ئەگەر ڕاست دەرچێت) کە گوتوویەتی: **"ما حق امرىء مسلم له شيء يوصي به وتمضي عليه ليلتان إلا ووصيته مكتوبة عنده" البخاري/٢٥٣٣** لێرەوەیە کە دەڵێین: هەچ سنوردارکردنێك بۆ ڕەهاییەتی وەسیەت یان هەچ تایبەت کردنێك بۆ گشتییەتیی و تێکڕاییەتیی وەسیەت یان هەچ ڕەوانەکردن و حەواڵەکردنێك بۆلای یاساکانی میرات و کردنی وەسیەت بە پاشکۆی میرات، هیچ نییە بێجگە لە ڕاوبۆچوون و ئیجتیهادێك کە پەیوەست بووە بە سەردەمێکی دیاریکراوە و مۆرکی هەتاهەتایی هەڵناگرێت.

خواوەند فەرمانی کردووە بە بەندەکانی کە ڕاسپاردە و وەسیەت بکەن و بڕیاریشی داوە لەسەری، هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەشی ڕۆشن کردووەتەوە کە پێویستە پەیڕەو بکرێن و لەبەرچاو بگیرێن لەکاتی نووسینی وەسیەتدا، بۆیە بێجگە لە خواوەند خۆی، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە ئەو بڕیارە گشتییەی کە خواوەند بڕیاری لەسەرداوە بۆ بەندەکانی هەڵی بوەشێنێتەوە یان لەکاری بخات یان سنوورداری بکات، ئیتر جیاوازیی نییە ئەو کەسە پێغەمبەر بێت یان یان کەسی تر، ئەگەر هاتو کەسێکیش ئەمەی کرد، ئەوە دەچێتە خانەی ئیجتیهاد و تێڕامانەوە لە جێبەجێکردندا کە لەژێرکاریگەریی کارتێکەرەکانی کات و شوێن و هەلومەرجەکانیاندایە و ئیجتیهادەکەی مۆرکی ڕەهایی هەڵ ناگرێت، چوونکە سنوردار کردنی ڕەهایەك بەرێژەیی نەبێت نابێت و ناکرێت، ئەگەر وانەبێت ئەوا ڕەهایەکی ڕەهامان بۆ پێشدێت کە ئەمەش لەڕووی ژیریی و بابەتیی بوونەوە ئەستەمە. بۆنموونە: ئەگەر کەسێك گوێڕایەڵیی لەفەرمانەکەی خواوەند کرد و وەسیەتنامەیەکی نووسیی تا دوای مردنی خۆی بەپێی ئەو وەسیەتنامەیە سامانەکەی دابەش بکرێت، پاشان چەند ڕووداو و پێشهاتێك ڕوویاندا و بەهۆیانەوە ئەو بیروڕایانەی کەسەکەش گۆڕان کە لەسەر بنەمای ئەو بیروڕایە وەسیەتنامەکەی نووسیبوو، ئایا مافی ئەوەی نییە کە پێداچوونەوە و هەمووارکردن و گۆڕانکاریی لە وەسیەتنامەکەیدا بکات؟ دەڵێین: بەبێ ئەوەی ئەم هەمووارکردن و گۆڕانکارییە ناوببرێت بە لادان و بەلاداکێشان، بەتەواوی دڵنیاییەوە ئەو مافەی هەیە.

سەبارەت بەو گێڕانەوەیەش کە باس لەسێیەکی وەسیەت دەکات لە ئیجتیهادی پێغەمبەردا، تایبەتە بەو حاڵەتەوە کە خراوەتە بەردەستی و ئەو ئیجتیهادەشی وەك تەواوی ئیجتهادە پێغەمبەرانەکانی تری، مۆرك و سیفەتی نەمریی و تێکڕایی و ڕەهایەتیی نییە.

## میرات گرتن... ألإرث

بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە موڵکایەتیی مردووەکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ میراتگرەکانی، بەپێی وەسیەت و ڕاسپاردەیەك کە لەحاڵی زیدوویەتی خۆیدا سەرژمێریی کردوون و بەشی بۆ دیاریکردوون، یان میراتگرانێك کە لەحاڵی نەبوونی وەسیەتنامەیەکدا ئایەتەکانی میرات سەرژمێرییان دەکەن و پشکی هەریەکەیان دیاریی و دەسنیشان دەکەن. هەندێ جاریش وەسیەت لەبەشێکی سامانەکەدا پەیدا دەبێت، دوای ڕاپەڕاندی ئەو وەسیەتە لەو بەشەدا، پاشماوەی میراتەکە بەپێی ئایەتەکانی میرات دابەش دەکرێت.

لەڕوانگەی دابەزێنراوی بەجێوە بینیمان کە لەگواستنەوەی ساماندا بەرتەریی و پێشخستنی ڕەها بۆ وەسیەت و ڕاسپاردەیە، ئەگەر کەسێك ئەم فەرمانە خواییە (وەسیەتکردن) ی پشتگوێ خست یان ئەمڕۆ و بەیانی پێکرد تا مرد، ئەوا لەو حاڵەتەدا خواوەند لەبری ئەو چەشنە کەسانە وەسیەت و ڕاسپاردەیەکی گشتیی دەکات بۆ سەرجەم دانیشتوانی سەر ڕووی زەویی، نەك بۆ خێزان وماڵباتێکی دیاریکراو، بەپێی ئایەتەکانی میرات پشکەکان دابەش دەکرێن بەسەر میراتگرەکاندا و لەو حاڵەتەشدا پێویست دەکات پابەندیی بکرێت بە ئایەتەکان و هەموو وردەکارییەکەوە کەتێیاندا کراوە، ئیتر جیاوازیی نییە لەوەدا کە خاوەن مافەکان لەمیراتەکەدا پارێزراوبن یان بەشی هەریەکەیان پارێزراو بێت.

یاساکانی میراتیش یاسای گشتیین و لەوانەیە لەسەر ئاستی تاك دادگەریی بچەسپێنن و لەوانەشە هەندێ جار نەیچەسپێنن.

یەکەم ئایەت لە ئایەتەکانی میرات لەدابەزێنراوی بەجێدا بەم فەرموودەیە دەست پێ دەکات: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ**﴾ **النساء/١١**، وە دووەم ئایەتی ئایەتەکانی میراتیش بەم شێوەیە کۆتایی پێدێت: ﴿**... وَصِيَّةً مِنْ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ**﴾ **النساء/١٢**. لەمەوە لە پرس و بابەتێك تێدەگەین کە ئاماژەیەکی گەورەی تێدایە و بریتییە لەوەی کە وەسیەت و ڕاسپاردەکرن بناغە

و ئەسڵە لە گواستنەوەی خاوەندارییدا، هەروەها تێدەگەین کە ئەمەش تەکلیف و بەرپرسیارییەتیەکە لە خواوەندەوە بۆ خەڵك، ڕێك وەك دیاریکردنی کاتەکانی نوێژ و ڕۆژوو وایە.

هەروەها گوتمان کە خواوەند تەکلیف و بەرپرسیارییەتیی خستووەتە ئەستۆی مرۆڤەوە کە ئەگەر سامانێکی هەبوو پێویستە وەسیەت و ڕاسپاردەی لەبارەوە بکات تا لەڕێگەی ئەو وەسیەتەوە و بەپێی ئەو، سامانەکەی بگوێزرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆی دیارییان دەکات و بەشی هەریەکەیان لەو وەسیەتەدا دەسنیشان دەکات، بەڵام ئەگەر کەسەکە ئەمەی نەکرد ئەوا خواوەند بۆ ئەم مەبەستە وەسیەتێکی گشتیی دارشتووە کە بریتییە لە چەند یاسایەکی گشتیی و کاردەکەن لەپێناو دابینکردنی دادگەریی گشتیدا نەك دادگەریی تایبەت، وە ئەم ڕاسپاردە گشتییە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و مرۆییدا بەرانبەرێکی هەیە و هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ئایدیۆلۆجیای سیاسییەوە، واتە: نابێتە هۆی جێگیرکردن و چەسپاندنی حوکمڕانیی و جێنشینیی و سەرۆکایەتیی هیچ کەسێك، هەروەها ڕەوایەتیی حوکمڕانیی و پێشەوایەتیی و موڵکدارییەتیش لە هیچ کەس دانامالێت، بەڵکو تەنها یاسایەکی گشتییە بۆ دابەشکردنی سامانی مردووەکان لە سەرانسەری سەرگۆی زەویدا، بەبێ ئەوەی هەلومەرجی خێزانیی خێزانێکی دیاریکراو یان بەرپرسیارییەتیی خێزانێك بۆ کەسێکی دیاریکراو لەبەرچاو بگرێت، چوونکە یاسایەکە و خواوەند داینـاوە بـۆ کۆمەڵـە مرۆڤایەتییـەکان بەهەموویانـەوە بەگشتیی نەك بۆ چەند خێزانێك یان بۆ چەند کەسێك.

هەرچەندە ئەو ڕووبەرەش فراوان ببێت کە یاسای میرات دەیگرێتەوە، ئێمەش نزیکتر دەبینەوە لە جێبەجێکردنی یەکسانیی لە نێوان نێر و مێکاندا وەك کۆمەڵەکان (کۆمەڵەی نێرەکان ـ کۆمەڵەی مێینەکان)، چوونکە لای خواوەند یەکسانیی هەیە لە نێوان نێر و مێدا و بێجگە لەڕووی پارێزکارییەوە، هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوانیاندا، خواوەند کاتێك لەیاسا گشتییەکانیدا باس لە یەکێکمان دەکات، لەڕێگە و ڕوانگەی خێزان و ماڵبات و پێگەی

کۆمەڵایەتیی و ئابووریمانەوە سەیرمان ناکات، بەو مانایەی کە یاسای گشتیی میرات بە بەرفراوان بوونی ڕووبەری جێبەجێکردنەکەی ئەم ڕاستییە دوپات دەکاتەوە.

ئەو بناغانەی کە خواوەند دایڕشتوون بۆ چەسپاندنی دادگەریی لە میراتدا، لەسەر بنەمای دادگەریی و یەکسانیی لە نێوان کۆمەڵە جیاوەزاکاندا دەوەستن، لەم ڕوانگەیەوە پێویستمان دەبێت بە سیستمێکی مەعریفیی ماتماتیکیی کە جیاوازبێت لە زانستی چوار کردە ژمێریارییەکە، هەروەها پێویستیمان بە سەرژمێریی ژمارەی میراتگرەکان دەبێت لە نێر و مێ و باوك و دایك و هەردوو هاوژین لە کۆمەڵەی گەورە گەورەدا، بۆ نموونە: وڵاتێکی وەك میسر کە ژمارەی دانیشتوانەکانی ١٠٠ ملیۆن کەسە، گەر بمانەوێت حوکم بدەین و بزانین بۆچی مێرد دووقاتی ژنەکەی میرات دەبات، پێویستمان بە سەرژمێریی و زانینی ژمارەی ئەو نێرینانە دەبێت کە لە دە ساڵی ڕابوردوودا میراتیان لە ژنەکانیان گرتووە، هەروەها سەرژمێریی کردن و زانینی ژمارەی ئەو ژنانەی کە میراتیان لە مێردەکانیان گرتووە، بەم شێوەیە دەتوانین حوکم بدەین کە بۆچی مێرد دووقاتی ژنەکەی میرات دەبات.

دوپاتی دەکەینەوە کە یەکسانیی نێوان کۆمەڵەکان واتای یەکسانیی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵەکان بەپێی هەلومەرجە تایبەتیی و تاکەکەسییەکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و ئابووریيان ناگەیەنێت، تەنانەت لە خوێندنەوەی پێشینانیشدا بۆ ئایەتەکانی میرات ئەوە بەدی ناکەین کە بۆ نموونە: هەلومەرجی تایبەتی نێرینەکان لەبەرچاو گیرابێت و حسابی بۆ کرابێت، دەبینین پشکی منداڵێکی بچوکی کەمتوانا کە بەردەوام لەسەر کورسی خوێندنە، یەکسانە بە پشکی برا پێگەیشتووەکەی کە خوێندنی تەواو کردووە و خەریکی کەسابەتە، هەروەها دەبینین پشکی کچێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەوتەکار، یەکسانە لەگەڵ پشکی خوشکێکیدا کە لەوپەڕی تەندروستباشیدایە و شوشی کردووە، هەروەها دەبینین پشکی کوڕێکی چاکەکار لەگەڵ باوك و دایکیدا، وەك بەشی ئەو برا لاسارەی وایە کە پشتی کردووە لە باوك و دایکی و لێی نەپرسیونەتەوە، ئەمانە هەمووی تایبەتمەندیی تاکەکەسیی

خێزانین کە بەوەسیەت و ڕاسپاردەی تایبەتەوە نەبێت، لەڕێگەی یاسای گشتییەوە ناگونجێ دادگەریی پایەدار بکرێت تیایاندا، ئەمەش گرنگیی و بایەخی ئەو وەسیەت و ڕاسپاردەکردنە دوپات دەکاتەوە کە پێشتر باسمان لێوەکرد، بەو واتایەی کە بەپێی خوێندنەوەی پێشینان بۆ ئایەتەکانی میرات، دادگەریی تایبەت و تاکەکەسیی لەسەر ئاستی خێزان وماڵبات جێبەجێ نەبووە، هەروەك چۆن بە پێی خوێندنەوەی ئێمەش بۆ ئایەتەکانی میرات جێبەجێ نابێت، چوونکە ئایەتەکانی میرات وەك یاسایەکی گشتیی هاتوون و دادگەریی گشتیی ئەو یاسایە دەردەخەن (کۆمەڵەی نێرەکان ـ کۆمەڵەی مێینەکان) لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی. بۆیە ئێمەش دەڵێین: چەسپاندنی دادگەریی تایبەت و تاکەکەسیی تەوەرە و جێگەی گرنگیی پێدانی وەسیەت و ڕاسپاردە کردنە.

دەگەڕێینەوە بۆلای سێ ئایەتەکەی میرات لە دابەزێنراوی بەجێدا و بۆلای ئەو ڕاسپاردەیەی خواوەند کە دەڵێت: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ**﴾، لەسەر ئەو پیتی جەڕڕە دەوەستین کە لە ئایەتەکەدا هاتووە و پێگە و کاریگەریی وەسیەت و ڕاسپاردەکردن و مەبەست و مەرامی خواوەند دەسنیشان دەکات، کرداری (وصی) ش لە زمانی عەرەبیدا دەخوازێت کارپێکراو (**مفعول بە**) ێکی ببێت کە ئەو کارپێکراوە پێگە و جێگەی وەسیەتە، زۆرکاتیش ئەو کارپێکراوە ناوێکی ژێرەدار (**مجرور**) دەبێت بەکاریگەریی پیتی (**ب**)، وەك دەفەرمووێت:

- ﴿**وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ**﴾ **العصر/٣.**
- ﴿**وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ**﴾ **لقمان/١٤.**
- ﴿**وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا**﴾ **مريم/٣١.**

لێرەدا ناوەکە وا ئیعراب و شیکار دەکەین کە ناوێکی ژێرەدار (**مَجرور**) ە و لە ڕووی گۆکردنەوە، سەرەدار (**مَنصوب**) ە و لە ڕووی پێگەشیەوە کارپێکراوە، هەر ئەمەش بووە کە پێشەوایەکی وەك ئیبنوعەباسی والێکردووە قەناعەتی بێتە سەر ئەوەی کە ئەم ئایەتە بەم

شێوەیە بخوێنێتەوە: ﴿**وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ**﴾ **الاسراء/٢٣** وە واش واتای بکات کە: پەروەردگارت (ووصی) وەسیەت و ڕاسپاردەی کرد کە کەس نەپەرستن ئەو نەبێت و لەتەك باوك و دایکیشتاندا بەچاکیی ڕەفتار بکەن، ئەوجا دەڵێت: ئەگەر پەروەردگارت بڕیاری بدایە (**لَو قَضَى**) هیچکەس بێجگە ئەو نەپەرسترێت، کەس نەدەپەرسترا ئەو نەبێت!

مادام وەسیەت پێگە و جێگەیەکی هەیە، پێویستە لە وەسیەت و ڕاسپاردە کردندا ئەو جێگە و پێگەیە دەسنیشان بکرێن، هەروەها پێویستە پێگەکەی ڕوون بکرێتەوە و ئەو قسەلەگەڵ کراوەش ڕوون بکرێتەوە کە پێویستە وەسیەتەکە جێبەجێ بکات، پێویستە بابەتەکەش و ئەو بوارەش کە وەسیەتکار و ڕاسپاردەکار مەبەستیەتی ڕۆشن بکرێتەوە.

جێگە و پێگەی وەسیەتیش لە بڕگە ئایەتی: ﴿**وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا**﴾ بریتییە لە مرۆڤ (**ألإنسان**)، بەڵام بابەتەکەی، بریتییە لە باوك و دایك، جێگە و پێگەی وەسیەتیش لە بڕگە ئایەتی: ﴿**وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ**﴾ دا، بریتییە لە مەسیح (سڵاوی لەسەر)، بابەتەکەشی، بریتییە لە نوێژ (**الصلاة**)، خەریکە لە دابەزێنراوی بەجێدا وەسیەتێك پەیدا نەکەین کە جێگە و پێگەی و بابەتەکەشی لەگەڵێدا نەبێت، ئێستە دەپرسین پێگە و جێگە و بابەت لەم بڕگە ئایەتەدا کامانەن: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ**﴾؟

پێگەی وەسیەت لێرەدا، ئەو خەڵکانەن کە خواوەند لەسەرەتای ئایەتی یەکەمی سورەتی **النساء** دا گوتارەکەی خۆی ئاراستەی ئەوان کرد و فەرمووی: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ**﴾ تا سەرەتای ئایەتی ١١ لەهەمان سورەتدا کە دەفەرموێت: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ**﴾. بابەتی وەسیەتەکەش، بریتییە لە بەشەمیراتی منداڵان و پشکی هەریەکەیان لە میراتەکەدا.

## میراتگرتنی ڕۆڵەکان (وەچە و لقەکەن)

ئەم فەرموودەی خواوەند دەخوێنینەوە کە دەڵێت: ﴿يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِنْ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء/١١، سەرنج دەدەین کە خواوەند دەفەرمووێت: ﴿فِي أَوْلَادِكُمْ﴾، نەی گوتووە: (في أبنائكم)، هەرچەندە ناوهێنانی (الأبناء) لە هەمان ئایەتدا هاتووە و دەفەرموێ: ﴿آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعاً﴾.

ڕۆڵەکانیش، کۆیە و تاکەکەی دەبێتە ڕۆڵە (والأولاد جَمع مُفرده وَلد)، بە نێر و مێش دەگوتریت: (وَلد)، چوونکە لەزمانی عەرەبیدا داڕشتەی مێینە نییە بۆ وشەی (وَلد).

باوك منداڵ دەخاتەوە و دایکیش منداڵی لێ دەبێتەوە، تێگەیشتنی بایەلۆجیی پەتیی بۆ بابەتەکە لێرەدایە، باوك خاوەنی زیندەوەرە مەنەویەکەیە، دایکیش خاوەنی هێلکەکەیە، منداڵ و داڕشتە و صیغەی (وَلَد) یش، مێ (مُؤنَث) ی نییە، بەو واتایەی کە یەکەیەکی زمانەوانیمان نییە بریتی بێت لە (وَلَدَة)، هەڵەیەکی باو لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە کە لەبەکارهێنانی وشەی (وَلَد) دا، مەبەستیان منداڵە نێرەکانە، بۆ نموونە دەگوترێت: "پێنج (ألأولاد) و کچێکم هەیە" ڕاستەکەی ئەوەیە کە بگوترێت: شەش منداڵ (ألأولاد) م هەیە، ئەمەش فیقهی بۆماوە چەسپاندوویەتی لە زەینی خەڵکدا، چوونکە (وَلَد) ی لەم ئایەتەدا کردووە بە مانای کوڕ و ڕۆڵەی نێر بەتەنها: ﴿... وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُث...﴾ النساء/١١، بەم شێوەیە، فیقه بەمەستەوە لە حاڵەتی بوونی تەنها ڕۆڵەی مێینەدا، براکانی مردووەکەی هێناوەتە ناوەوە لە میرات بردندا، لەکاتێکدا کە بوونی کچ سێیەکی سامانە جێماوەکە (میراتەکە) دادەگرێت و

لە باوك و دایكی مردووەكەی دادەبڕێت. بۆیە دەبینین زۆر خێزان لەم سەردەمەدا كە تەنها ڕۆڵەی مێینەیان هەیە، دەترسن لەوەی دوای مردنی خۆیان موڵك و سامانەكەیان لەدەستی منداڵەكانیان دەربهێنرێت و بگوێزرێتەوە بۆ براكانیان، بەتایبەت لە سایەی ئەو تێگەیشتنەدا كە دەڵێت: وەسیەتكردن تەنها بۆ غەیری میراتبەرانە، بەپشت بەستن بە گێڕانەوەی **"لا وصیة لوارث"**، واتە: ڕاسپاردە و وەسیەت بۆ میراتگر ناكرێت.

(**وَلَد**) بێجگە لەوەش كە مانای ڕۆڵەی نێرینە و مێینەشە، هەموو مرۆڤێكی سەر ڕووی زەویش دەگرێتەوە، بەو واتایەی كە ئەویش لە دایك و باوكێك كەوتووەتەوە، لەم ڕوانگەیەوەیە كە خواوەند ڕێزی گرتووە لە ڕەگەزی مرۆڤایەتیی بە گشتیی و لە دابەزێنراوەكەیدا سوێندی پێ خواردووە: ﴿**وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ**﴾ **البلد/٣**، هەروەها لەهەمان ڕوانگەشەوەیە كە لەبارەی خۆشیەوە لە پەیامەكەیدا هاتووە: ﴿**لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ**﴾ **ألإخلاص/٣**.

بۆیە دەبینین بنەماكانی میراتگرتن وەك بابەتێك بۆ وەسیەت كردن لەدوای (**أولادكم**) ەوە هاتوون، هەموو حاڵەتەكانی میرات گرتنی خەڵكی سەر ڕووی زەوی بەگشتیی دەگرنەوە، هەروەها هەموو ئەو كەسانەش دەگرنەوە كە خۆیان لەدایك دەبن و منداڵیان لێ دەكەوێتەوە لە باوكان و دایكان و منداڵ و نەوە و هاوسەران و خوشك و برا.

بەڵام (**أبنائكم**) كوڕەكانتان، ئاماژە و واتایەكی تری هەیە و پەیوەستە بە ئاستی بەراورد و قسەلەگەڵ كردنەوە، بۆ ئەم مەبەستە بۆ نموونە: پیاوێك هەیە ناوی سەعیدی كوڕی ئەحمەدی كوڕی موحیەدینە، دەبینین ئەحمەد و موحیەدین دەبنە باوانی سەعید و، سەعید و ئەحمەدیش نەوەی موحیەدینن، هەروەها ئەحمەد لەنەوەكانی موحیەدینە و لە هەمانكاتیشدا لە باوانی سەعیدە، بەڵام هەموویان وەسیەت و ڕاسپاردەی خوایی لەبارەی میراتگرتنەوە دەیانگرێتەوە بەو پێیەی هەموویان (أولاد) ن، چوونكە لەدایك بوون بناغەی زۆربوون و زیادكردنی مرۆڤە، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستییە ئەم ئایەتەیە: ﴿**اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ**

**بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾ الحديد/٢٠.**

بەگەڕانەوە بۆلای ئایەتی ژمارە ١١ ی سورەتی **النساء** ، خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت سەرنجی ئەوە بدات کە ئەوەی خواوەند باسی لێوە کردووە تەنها نموونەیەکە و تیایدا ژمارەی نێرەکان جێگیرە و تەنها یەکە، بەڵام ژمارەی مێینەکان گۆڕراوە... یەکێکە و دوانە و سەرووی دوانە. ئەم نموونەیە هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە دەشێت ڕووبدەن، خواوەند ناوی نێری لەسەرەتای ئایەتەکەوە بردووە، پاشان بێجگە لە مێینە باسی کەسی نەکردووە، واتە: بنەماکە لەسەر بناغەی ژمارەی مێینە گۆڕاوەکان بەرانبەر بە یەك نێر بونیاد نراوە، بەشی نێر پەیوەستە بە ژمارەی مێینەکانەوە، ئەمەش ئەوەیە لە ڕیازیات و ماتماتیکدا بە چەمکی پاشکۆ (**التابع ـ ع**) و گۆڕاو (**المتحول ـ س**) گوزارەی لێ کراوە:

ئەوکات (س) بەها و نرخێکی گۆڕاو وەردەگرێت لە (٠) ەوە تا ناکۆتایی، لەم حاڵەتەدا لە (١) ەوە تا ناکۆتایی.

لە بابەتەکەی خۆشماندا لێرەدا:

(بەشی نێرێکی تەنها) = پاشکۆی (ژمارەی مێینەکان) بە یەك مێینە و زیاتر دەسپێدەکات.

لێرەدا بابەتێکی تەواو گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە کە خواوەند چەند نموونەیەکی جێبەجێکاریی دەهێنێتەوە بۆ چەن حاڵەتێك کە لە هەلومەرجی بابەتییدا بوونیان هەیە، واتە: لە بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا لە هەموو سەرزەویدا، مۆرکێکی گشتگیریشی هەیە، دەکرێت هەموو ئەو حاڵەتە خێزانیانە بگرێتەوە کە دەشێت بیانبینین لە کۆمەڵگەکانماندا:

١ـ حاڵەتی یەکەم: لەوێوە دەسپێدەکەین کە خواوەند لێیەوە دەستی پێکردووە: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ ئەمەش یەکەم یاسایە لە میراتگرتندا و ئەو حاڵەتە گشتیەیە کە هەموو ئەوانەی دوای خۆی دێن، هەموویان پەیوەست و پاشکۆی ئەمن، ئاماژەی ڕوونیشی تێدایە بۆ ئەوەی کە گوتمان لەبارەی ئەوەوە کە مێینە بناغەیە لە سەرحساب کردنی بەشەکاندا، وەك ئەوەی خواوەند پێمان بڵێت: دوای ئەوەی دەسنیشانتان کرد، سەیری بەشی دوو مێینە بکەن و وەك ئەوان بەشی نێرینەیەکەش بدەن، چوونکە لە لۆژیکی تیۆریی و کردارییشدا ناگونجێت هاوتا و هاوشێوەی شتێك بزانرێت و دەسنیشان بکرێت تا سەرەتا شتەکە خۆی نەزانرێت و دەسنیشان نەکرێت، واتە: لەحاڵەتی یەك نێرینەدا بەرانبەر دوو مێینە، کە نێرەکە هاوشێوەی هەریەکەیانی بۆ هەیە، نەك دووئەوەندەی هەریەکەیان، پێشتریش ئەم پرسیارەم کردووە لە کەسانێك لە چەند وڵاتێکی عەرەبیی جیاوازدا (سوریا، مصر، سعودییە، عێراق، جەزائر، مەغرب) بە شێوەزارە جیاجیاکانیانەوە: کە بەشی خۆت و دوو هاوڕێکەتم هەرسێکتان داوە، هەریەکەتان سەد دینار، پرسیارت لێکردم: چیت پێ داوم؟ منیش پێم گوتی: هاوشێوەی بەشی دووهاوڕێکەتم پێداوی، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دووسەد دینارم پێدابیت؟ بەداخەوە! ئەوەی کاری پێکراوە وەك ئەوەیە کە ئایەتەکە گوتبێتی: (**للذکرِ مِثلا حَض الأُنثی**) وەك گوتبێتی: بۆ نێر هەیە دووهێندەی بەشی مێینە، ئەمەش ڕاست نییە، نێر وەك بەشی دوو خوشکەکەی دەکەوێت، واتە: وەك بەشی هەریەکەیان، واتە: ئەویش ئەوەی دەکەوێت کە هەریەك لە دوو خوشکەکەی دەیانکەوێت، بەو واتایەی:

نێرێك بەرانبەر دوو مێینە، بەشی نێرەکە = بەشی یەك لە دوو مێینەکە

واتە: لەم حاڵەتەدا دوو مێینەکە، سێیەك/یەك لەسەرسێیان بەردەکەوێت.

ئەمەش دەچەسپێت بەسەر هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە ژمارەی مێینەکان دووهێندەی نێرەکان بێت:

دوو مێینە بەرانبەر یەك نێرینە

چوار مێینە بەرانبەر دوو نێرینە

شەش مێینە بەرانبەر سێ نێرینە... و هەروەها.

واتە: ئەگەر ڕێژەی ژمارەی مێینەكان/ژمارەی نێرینەكان = ٢، ئەوكات بەشی نێر = بەشی مێینە (بۆ نێرینەكان سێیەك و بۆ مێینەكانیش دوو سێیەك).

٢ـ حاڵەتی دووەم: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾، لێرەدا پەروەردگاری جیهانیان حاڵەتی یەك نێرینە بەرانبەر سێ مێینە، یان چوار، یان پێنج... یان زیاتر دەخاتە ڕوو، لەو حاڵەتەدا بەشی نێرینە دەبێتە سێیەك و بەشی مێینەكانیش بە هەموویانەوە دەبێتە دوو سێیەك، واتە: ئەم حاڵەتە لەگەڵ حاڵەتە پێشووەكەدا لەوەدا هاوبەشن كە بەشی نێر سێیەك و بەشی مێینەكان دوو سێیەكە.

ئەی ئەگەر بە نموونە: ژمارەی نێرەكان دوان بێت بەرانبەر بە پێنج مێینە؟

پێویستە لەسەر خاڵێكی گرنگی ناو ئایەتەكە ڕاوەستین كە ئەویش بڕگەی: "**فوق إثنتين**" ە، لەوەدا دەبینین كە لە جێگەیەكی تری هاوشێوەدا فەرموویەتی: "**أكثر**": ﴿**وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ**﴾ **النساء/١٢**،ئێستا دەپرسین: جیاوازی چییە لە نێوان: "**فَوقَ**" و "**أكثر**" دا؟

دابەزێنراوی بەجێ وشەی "**أكثر**" ی لەبواری ئەو ژمارە تەواوەدا بەكار هێناوە كە ئەگەری ئەوەی لێ ناكرێت كەرت ببێت و وردەبەشی لێ بكەوێتەوە (**الذي لايحتمل الكسور**)، واتە: ئەو ژمارەیەی كە پێی دەڵێین: Integer number ، لەئایەتی ژمارە ١٢ ی سورەتی **النساء** یشدا گوتویەتی: "**أكثر**" و نەی گوتووە "**فوق**"، چوونكە ناگونجێت مرۆڤ برایەك و نیوە برایەكی هەبێت، یان خوشكێك و یەك لەسەر چواری خوشكێكی هەبێت، واتە: ژمارەیەكە

کەرت بوون و بەش بەش کردن قەبوڵ ناکات، هەروەها لەو جێگەیەشدا کە دەفەرموێت: ﴿لَا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا﴾ الفرقان/١٤، دەبینین کە ناشوکریی کرد و دوعای خراپ (ثبور) دانەیەك و نیوێکی نییە، هەروەها کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ الروم/٦، خۆ لەژمارەی خەڵکدا ناکرێت بڵێین: ١٥٤٠,٥ کەس، واتە: زۆربە و زۆرینەی خەڵك دەبێت ژمارەیەکی تەواو بێت و کەرت بوون وەرنەگرێت، هەروەك چۆن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ﴾ يوسف/١٠٦، ﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ يوسف/١٠٣، ناڵێین: ٢,٢٥ باوەڕدار هەیە و ناشڵێین: ١٥,٧٥ موشرك هەیە، چوونکە کەرت بوون و بەش بەش بوون لەژمارەی کەسەکاندا نییە.

بۆ ئەوەی مانای ماتماتیکیی "فوق" ـە ش ڕوون بکەینەوە، دەڵێین: ئەم وشەیە چەندایەتیی و چۆنایەتیشی پێکەوە تێدایە، دراوەتە پاڵ، بە دانەپاڵی شتێك بۆلای شتێکی تر، ئەم واتایە لە وشەی "أكثر" دا بوونی نییە.

بۆ نموونە: گوتەی خواوەند دەخوێنینەوە: ﴿أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَنْ لَمْ يَجْعَلْ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ﴾ النور/٤٠، لێرەدا دەبینین کە شەپۆل هەم چەندیەتییە و هەم چۆنایەتیش، هەروەها ڕێژەشی تێدایە: شەپۆلێك دراوەتە پاڵ شەپۆلێکی تر، هەروەها تاریکاییەك دراوەتە پاڵ تاریکاییەکی تر.

ئێمەش لە ژیانماندا ئەم دوو چەمك و دەستەواژەیە بەتەواوەتیی بەکار دەهێنین هەروەك چۆن لە دابەزێنراوی بەجێدا بەکار هاتوون، کاتێك پەرلەمان دەنگ دەدات لەسەر پرۆژە یاسایەك، دەڵێین: یاساکە پەسەند کرا بە زۆرینەی ٨٠ دەنگی بەڵێ بەرانبەر ٥٠ دەنگی نەخێر، چوونکە لە دەنگداندا کەرتە دەنگ و پارچە و بەشە دەنگمان نییە، چوونکە دەنگەکان هەمیشە ژمارەی تەواو و دروستن.

دوای ئەوە دەڵێین: ڕێژەی دەنگدان بۆ دەرچواندنی یاساکە لەسەروی ٥٠٪: ٨٠/١٣٠ =٦١,٥٣٪
.

لەم ڕێگەیەوە تێدەگەین کاتێك خواوەند دەفەرموێ: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ**﴾، واتە: پێویستە لەسەرمان کە ژمارەی (**نساء**) ەکان بدەینە پاڵ نێرەکان، ئەوکات ڕێژەکە دەبێتە سەروی ٢، دەشگونجێت ڕێژەکە ژمارەیەکی دروست بێت وەك ڕێژەی ٣/١ = ٣، واتە: ژمارەی مێینەکان ٣ مێ بەرانبەر هەر نێرێك، دەشگونجێت ژمارەیەکی کەسریی و ناتەندرووست بێت، وەك ڕێژەی ٢/٥ = ٢,٥ واتە: ژمارەی مێینەکان ٥ مێ بەرانیەر دوو نێر، یان ٣/٧ = ٢,٣٣ واتە: ژمارەی مێینەکان ٧ مێ بەرانبەر سێ نێر... و هەروەها، هەموو ئەو ڕێژانە "**فوق إثنتين**" ن واتە: لەسەرووی دوانەوەن، لەهەموو ئەو حاڵەتانەشدا، بەشی نێرینەکان سێیەك دەبێت و بەشی مێینەکانیش دوو سێیەك، واتە: لە حاڵەتی زیاتر بوونی ژمارەی مێینەکان بەڕێژەی دوو بەرانبەری نێرینەکاندا، نێر زیاتر لە مێینە دەبات، وەك ئەوەی کە پێنج مێینە بن بەرانبەر دوو نێر، یان شەش مێینە بەرانبەر نێرێك، بەڵام تەنها کاتێك دوو ئەوەندەی مێینە دەبات کە ڕێژەکە یەکسان بێت بە: ٤، واتە: ژمارەی مێینەکان ٤ مێ بێت لە بەرانبەر یەك نێرەوە، ئەوکات بەشی نێرەکە دەبێتە: سێیەك/یەك لەسەر سێ، لەکاتێکدا بەشی هەر مێینەیەك: شەش یەك/یەك لەسەر شەشە.

واتە: کاتێك ڕێژەی ژمارەی مێینەکان دەبێتە/ژمارەی نێرەکان گەورەتربێت لە ٢، ئەوکات بەشی مێینەکان دوو سێیەك/دوو لەسەر سێیە و، بەشی نێرەکانیش سێیەك/یەك لەسەر سێ.

چەند نموونەیەك:

* حاڵەتی نێرێك و سێ مێینە: ٣/١ = ٣ کە گەورەترە لە ٢

کەواتە: بەشی نێرەکە = ١/٣ = ٠,٣٣٣ یە لە پاشماوە و سامانی مردووەکە

بەشی مێینەكانیش = ٣/٢ = ٠,٦٦٧ یە لە پاشماوەی مردووەكە

بەشی هەریەكە لە مێینەكانیش = ٠,٦٦٧/٣= ٠,٢٢٢ یە لە پاشماوەی مردووەكە

* حاڵەتی نێرێك و چوار مێینە: ١/٤ = ٤ گەورەتر لە ٢

كەواتە بەشی نێرەكە = ٣/١ = ٠,٣٣٣ یە لە پاشماوەی مردووەكە

بەشی مێینەكانیش = ٣/٢ = ٠,٦٦٧ یە لە پاشماوەكە

بەشی هەریەك لە مێینەكان = ٠,٦٦٧/٤ = ٠,١٦٧ یە لە پاشماوەكە، واتە: نیوەی بەشی نێرەكە

* حاڵەتی دوو نێرینە و پێنج مێینە: ٢/٥ = ٢,٥ گەورەتر لە ٢

كەواتە: بەشی دوو نێرەكە = ٣/١ = ٠,٣٣٣، بەشی یەك نێریش = ٠,١٦٧ یە لە پاشماوەكە

بەشی مێینەكانیش = ٣/٢ = ٠,٦٧٧، بەشی یەك مێینە = ٠,١٣٣٤ یە لە پاشماوەكە.

ئەوەی لێرەوە دەمێنێتەوە ئەوەیە كە ئاماژە بكەین بۆ ئەم فەرموودەی خواوەند كە دەڵێت: "النساء" لێرەدا هەموو مێینەكان بە پێگەیشتوو و پێنەگەیشتوو و بچووك و گەورەكان و شووكردوو و شوونەكردوو و هاوسەردار و بێ هاوسەریانەوە دەگرێتەوە، بەو پێیەی كە مێینە لەگۆڕاندایە و بابەت و كرۆكی باسەكەیە.

٣ـ حاڵەتی سێیەم: ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾، واتە: حاڵەتی بوونی تاكە مێینەیەك بەرانبەر نێرێك، نیوەی سامانە جێماوەكە بۆ مێینەكەیە و نیوەكەی تریشی بۆ نێرەكە، بوونی نێر لەهەموو حاڵەتەكاندا پرسێكی یەكلاییە و لەسەرەتای ئایەتەكەوە یەكلایی بوەتەوە، وەك پێشتر باسمان كرد ئایەتەكانی میراتگرتن قسە لەبارەی دابەشكردنەوە دەكەن بەبوونی

مێینەوە، هەروەك گوتمان: بەشی نێر پەیوەستە بە ژمارەی خوشکەکانیەوە، ئەمەش جێبەجێ دەبێت بەسەر دوو نێردا لەبەرانبەر دوو مێینەوە، یان سێ نێر بەرانبەر سێ مێینە، واتە: کاتێك: ڕێژەی مێینەکان دەبێتە/ژمارەی نێرەکان = ١، ئەوکات بەشی نێر = بەشی مێ.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئەی لەبارەی حاڵەتەکانی ترەوە چی؟

کاتێك بۆ نموونە: ڕێژەی ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرەکان بچوکتر لە ٢، وەك حاڵەتی دوو نێر بەرانبەر سێ مێینە

ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرینەکان = ٢/٣ = ١,٥، واتە: گەورەتر نییە لە ٢ (سەرووی دووان)، واتە: نێرێك بەرانبەر دوو مێینە، نێرەکە بەرانبەر بەشی هەریەك لە مێینەکانی دەکەوێت، هەروەها نێرێك بەرانبەر مێینەیەك، نێرەکە وەك بەشی مێینەکەی دەکەوێت.

لە کۆتاییدا: بەشی نێرەکە = بەشی مێینەکە، سامان و پاشماوەکە بەیەکسانی دابەش دەکرێت (حاڵەتی یەکەم).

دەشگونجێت ڕوبەڕووی حاڵەتێك ببینەوە کە ڕێژەی ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرینەکان بچوکتر بێت لە ١، وەك حاڵەتی سێ نێر و یەك مێینە یان پێنج نێر و دوو مێینە:

ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرەکان = ٣/١ یان ٥/٢ بچووکتر لە ١، ئەمە سەرووی دووان نییە، بۆیە نێر وەك مێینەی دەکەوێت، دیسانەوە لێرەشدا سامانە جێماوەکە بەیەکسانی لەنێوانیاندا دابەش دەکرێت (حاڵەتی یەکەم).

چەند نموونەیەك:

* حاڵەتی دوو نێر و دوو مێ: ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرینەکان = ٢/٢ = ١

کەواتە: بەشی نێر = بەشی مێینە = ٤/١= ٠,٢٥ لە سامانە جێماوەکە.

* حاڵەتی چوار نێر و مێینەیەك: ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرینەکان = ٤/١ = ٠,٢٥

کەواتە: بەشی نێر = بەشی مێ = ٥/١ = ٠,٢٠ لە سامانە جێماوەکە.

* حاڵەتی سێ نێر و چوار مێینە: ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرەکان = ٣/٤ = ١,٣٣

کەواتە: بەشی نێر = بەشی مێ = ٧/١ = ٠,١٤٢ لە سامانە جێماوەکە.

یەکێك لەو هەڵانەی کە فیقهی بۆماوە تێی کەوتووە بریتیە بووە لەوەی کە وای داناوە: ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾، واتە: مردووەکە یەك کچی لێ بەجێ بهێنێت بەبێ بوونی ڕۆڵەی نێرینە، بەمەش، نیوەی سامانە جێماوەکە دەبات، پاشان کەسیان دەسنەکەوتووە کە نیوەکەی تر ببات، بۆیە داویانە بە مام و مامەکان، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، چوونکە نێرینەکە لەسەرەتای ئایەتەکەوە هەیە و باسی هاتووە، خواوەند باس لە پاشبەندێك دەکات کە گۆڕان ڕوودەدات تیایدا کە بریتییە لە ژمارەی مێینەکان، چەندین حاڵەتیش هەن کە خواوەند باسی لێوە نەکردوون، لەو حاڵەتانە ئەوەیە کە مردووەکە تەنها ڕۆڵەی نێری لێ بەجێ بهێنێت (یەك نێر یان زیاتر تا ناکۆتایی)، یان تەنها ڕۆڵەی مێینە (یەك مێینە یان زیاتر تا ناکۆتایی).

لەم حاڵەتەدا، سامانە جێماوەکە بە یەکسانیی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت، ئەمەش بەڵگەنەویستێکە کە لای هیچکەس شاراوە نییە، چوونکە ئایەتەکانی میراتگرتن لە بنەڕەتەوە تەنها بۆ حاڵەتی بوونی دوو ڕەگەز هاتوون (نێر ـ مێ) (باوك ـ دایك) (برا ـ خوشك) (ژن ـ پیاو).

بەو پێیەش کە مێینە بنەڕەت و بنچینەیە، ئەگەر مێینە بە تەنها ناوبرا، ئەوە واتای ئەوەیە کە نێرینەیەك بوونی هەیە لەبەرانبەریەوە، بۆ نموونە: ئەگەر ناوی دایکی برد بەبێ ناوهێنانی باوك، بەتایبەت بوونی یەك ڕەگەز لە منداڵان (نێربن یان مێینە بەتەنها) پێویستی بەوە نییە کە خواوەند بێتە نێوانەوە و فێرمان بکات تا سەروەتەکەیان چۆن دابەش بکەین بەسەردا،

چوونکە هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانێت بڵێت: سامانەکە بەیەکسانیی دابەش دەکرێت لەنێوانیاندا.

ئێستاش ئاماژە بۆ پرسێکی یەکجار گرنگ دەکەین: بۆچی خواوەند بە حاڵەتی: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ دەستی پێکرد؟

ئێمە وای بۆ دەچین لەبەر ئەوە بەو حاڵەتە دەستی پێکردووە، چوونکە هەردوو حاڵەتەکەی تریش لەخۆ دەگرێت:

- لەو حاڵەتەدا بەشی کۆمەڵەی نێرەکان بریتییە لە سێیەك، بەشی کۆمەڵەی مێینەکانیش بریتییە لە دووسێیەك، هەروەك لە حاڵەتی دووەمیشدا دەڵێت: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾.

- هەروەها لەو حاڵەتەدا بەشی نێر یەکسانە بە بەشی مێینە، هەروەك لە حاڵەتی سێیەمیشدا دەڵێت: ﴿**وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ**﴾.

بەواتایەکی تر: بە مێینەکە دەستی پێکردووە چوونکە هەموو یاسای میراتگرتن لەخۆ دەگرێت. خواوەندیش لە ڕووی زمانەوانییەوە هاوکێشەیەکی ماتماتیکیی لە دوو دێڕدا داڕشتووە کە هەموو حاڵەتەکانی میراتگرتنی لقەکان دەگرێتەوە، دەتوانین بەشێوە ماتماتیکییەکەی بەم شێوەی خوارەوە بیخەینە ڕوو:

## یاسای گشتیی میرات گرت

ژمارەی مێینەکان

٢ ≤ ــــــــــــــــــــــــ > .

ژمارەی نێرینەکان

بەشی نێرینەکان = بەشی مێینەکان

ژمارەی مێینەکان

ــــــــــــــــــــــــ ≥ ٢

ژمارەی نێرینەکان

بەشی نێر: سێیەك

بەشی مێینەکان: دوو سێیەك

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا کە هەرکات ڕێژەی (ژمارەی مێینەکان/ژمارەی نێرینەکان) زیادی کرد، بەشی نێرەکە بە بەراورد بە بەشی مێینەکان، زیاد دەکات، بۆ نموونە:

ـ ژمارەی مێینەکان ٤، ژمارەی نێرینەکان ١، کەواتە: ٤/١ = ٤ > ٢ کەواتە: بەشی نێرەکە = ٣/١ = ٠,٣٣

بەشی مێینەکانیش =٣/٢، بەشی یەك مێینەکەش ٦/١ = ٠,١٦٧

ـ ژمارەی مێینەکان ٦، ژمارەی نێرینەکان ١، کەواتە: ١/٦ = ٦ < ٢ کەواتە: بەشی نێرەکە = ٣/١ = ٠,٣٣

بەشی مێینەکان = ٣/٢، بەشی یەك مێینەکە ٩/١ = ٠,١١

ـ ژمارەی مێینەکان ٧، ژمارەی نێرینەکان ٢، کەواتە: ٢/٧ = ٣,٥ < ٢

کەواتە: بەشی نێرینەکان = ٣/١، بەشی یەك نێریش = ٦/١ = ٠,١٦٧

بەشی مێینەکانیش = ٣/٢، بەشی یەك مێینەش = ٢١/٢ = ٠,٠٩٥

بە بیرخستنەوە و جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە لە یاسای میرات گرتندا لەوانەیە دادگەریی تایبەت نەیەتەدی، بەڵام وەك پێشتر گوتمان: دادگەریی گشتیی لە نێوان کۆمەڵەکاندا دێتەدی و جێبەجێ دەبێت، خواوەندیش بەئاگاترە لە بارودۆخی گشتیی بەندەکانی، زۆرجار یەکسانیی نێوان کۆمەڵە نێر و کۆمەڵە مێکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەیەك جێبەجێ دەبێت و دێتە دی، چەندە ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك زیاتر بن، یەکسانییش، نزیکتر دەبێت لە جێبەجێبوونەوە، ئەگەر کردارەکەمان بۆ نموونە: جێبەجێ کرد بەسەر کۆمەڵگەیەکدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی یەك ملیۆن کەس بن، سەرژمێریی میراتگریی منداڵەکانیشمان وەك دوو کۆمەڵەی نێر و مێ کرد، دەبینین کە بەشی کۆمەڵەی نێرەکان نزیك دەبێتەوە لە بەشی کۆمەڵەی مێینەکان.

بەو پێیەش کە متمانەی تەواومان هەیە بە وردەکاریی خواوەند، ئەوا ئێمە بەم خوێندنەوەیە دەگەینە ئەوەی کە ئیتر جێگەیەك نامێنێتەوە بۆ گاڵتەجاڕیی گێڕانەوەی پشك و کورت هێنان و تەواوکردن (**الرَّد و العَول**)، هەروەك چۆن وشەی (**وَلَد**) بەپێی ڕێساکانی زمان، نەك بەپێی قسەی فیقهـ، نێریش و مێیش دەگرێتەوە و جێگەیەك نامێنێتەوە بۆ گرفتی: ئایا مێینە و کچ ڕێگر دەبێت و ڕێگر نابێت (**تَحجب ولا تَحجب**)، ئەو پرس و گرفتەی کە فەقیهەکانی

سەردەمی عەباسیی لەسەر چەند ئامانجێك كە خواستی دەسەڵات بوون، ناچار بوون تا پەنای بۆ بەرن، لەوێوە مام بەشدار كرا لە میراتگرتندا (التعصیب)، لەكاتێكدا كە خواوەند ناوی مام و مامەكانی نەهێناوە و بەشیشی بۆ دانەناون، بەڵكو تەنها بەبوونی هەر لقێك بۆ مردووەكە، ئەوا ئەو لقە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم میراتبردنی برا و مام و كەسانی تری مردووەكەدا، بەو واتایەی كە ئێمە هیچ كەسێكمان نەهێناوە و نەمان ترنجاندووەتە ناو میراتگرانەوە ئەگەر خواوەند بەڕاشكاویی ناوی نەهێنابێت.

دەمێنێتەوە ئەوەی ئاماژەیەك بكەین بۆ لای ئەوەی كە ئەگەر یەكێك لە منداڵەكان پێش وەفات و مردنی باوكی یان مردنی دایكی، كۆچی دوایی كرد و پێش ئەوان مرد، ئەوا پشكی ئەو منداڵە مردووە ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ ماڵبات و خێزانەكەی، واتە: بۆ ژن و ڕۆڵەكانی و بەهەمان ڕێگا دابەش دەكرێتەوە بەسەریاندا، وەك باسمان كرد منداڵەكانی مردووەكە نەوەی باپیریانن، نەك وەك ئەوەی كە باو و بڵاوە كە نەوە بێبەش دەكرێت لە میراتگرتنی باپیریدا ئەگەر باوكی پێش باپیری مردبێت.

تا ئێرە وەسیەتەكەی خواوەند هەرسێ حاڵەتەكەی گرتووەتەوە كە ئەگەری هەیە لەژمارەی مێینەكاندا بەرانبەر ژمارەی نێرینەكان ڕوو بدەن، هەموو خێزان و ماڵباتەكان لە جیهاندا لەوە تێناپەڕن كە دەشێت: مێینەیەك یان دووان یان سەروتر لەدوان... تا ناكۆتایی، تێدا بێت، لە بواری ئەگەرە ماتماتیكییە تیۆرییەكان و هەلومەرجی بابەتیشدا چوارەمێك نییە بۆ ئەم سێ حاڵەتە، ئەمەش جارێكی تر ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە كە بناغەی هاتوچۆكەر و گۆڕاو لە یاساكانی میراتگرتندا بەو شێوەی كە خواوەند دایڕشتووە بریتییە لە مێینە، نێرینەش پەیوەست و پاشكۆیە و بەشیشی بەپێی گۆڕانی ژمارەی مێینە میراتگرەكانی كە لەگەڵیدان دەگۆڕێت، كە بریتییە لە بەشی مێینەیەك، تەنها مەگەر مێینەكان لەسەرووی دووانەوە بن لەبەرانبەر یەك نێرەوە، لەو حاڵەتەدا نێرەكە سێیەكی دەكەوێت و ئەوانیش هەرچەند بن دوو سێیەكیان دەكەوێت، بۆیە ناوی نێر یەك جار لەئایەتەكەدا هاتووە، چوونكە

پاشکۆ و پەیوەستی ئەوانە، ژمـارەی مێینـەکانیش لـە ئایەتەکـەدا دەگۆڕێت چـوونکە خـۆی لەبنەڕەتەوە جولاّو و گۆڕاوە.

جـارێکی تـریش دەیلێینـەوە: ئـەو یاسـایانەی میراتگـرتن کـە خواوەنـد لـە وەسـیەتەکەیدا دایڕشتوون، یاساگەلێکی گشتیین، بـەو هۆیەشـەوە دادگـەریی بەیەکسـانیی و لەسـەر ئاسـتی تاکەکان نایەتەدی تیایاندا، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵەکان تیایانـدا دێتـە دی و جێبەجێ دەبێت.

## میرات گرتنی باوانەکان (ألأصُول)

دوای ئەوەی کە بناغـەکانی میراتگرتنی لقەکانمان ڕاڤە و شیی کردەوە کە خواوەند لـەبری مردووە وەسیەتنەکردووەکە لەسەرەتای ئایەتی ١١ ی سورەتی **النساء** دا دایڕشتوون، بـەردەوام دەبـین و سـەرنج دەدەیـن تـابزانین چـۆن خواوەنـد بـەردەوام بـووە تـا بناغـەکانی میراتگرتنـی باوانەکانیشی دارشتووە: ﴿**وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا**﴾ **النساء/١١**.

یەکەم شتێك کە لـەێرەدا سـەرنجی دەدەیـن ئەوەیـە کـە گوتویـەتی: (**وَلِأَبَوَيـه**)، نـەی گوتـووە: (**لِوالِدَيه**)، لەمەشەوە تێدەگەین کە شەشیەکی سـامانە جێماوەکـەی مردووەکـە پشـکی (**أب**) باوکی پەروەرشیارە، جیاوازیی نییە ئەو (**أب**) ە (**والِد**) و خاوەنی تۆوی باوکایـەتیی بێـت یـان نـەبێت، هـەروەها شەشـیەکی سـامانی جێمـاوی مردووەکـەش، پشـکی (**ألأم**) دایکـە، ئـیتر جیاوازیی نییە کە مردووەکە لەو بووبێت یـان دایکەکـە تـەنها بەخێوکـەر و دایـانی بووبێـت، واتە: ئەگەر مردووەکە بە منداڵیی کرابێتە منداڵی ئەم دایکە. پاشان سـەرنجی ئـەوە دەدەیـن کە گوتویەتی: ﴿**وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ**﴾، واتـە: بەشـی بـاوکی بـە پشـکێك داوە کـە ئەگەر دایکی مردووەکە لەژیانـدا مابێـت، ئـەوا یەکسـانە لەگـەڵ پشـکی دایکەکـەدا، واتـە:

بەشی مێینە یەکسانە بە بەشی نێرینـە، خواوەنـدیش کاتێـك نـاوی دایـك (ألأم) ی هێنـاوە و ناوی باوك (ألأب) ی نەهێناوە، لەبەر ئەوەیە کە مێینە بنەڕەتە و نێریش پاشکۆی ئەوە، ئـەم دوو بابەتەش ئەو بۆچـوونەی ئێمـە پشـتڕاس دەکەنـەوە کـە لـەبارەی میراتگرتنـی منـداڵان و لقەکانەوە هەمانبوو، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا کە دەفەرموویێت: (مِمَّا تَـرَكَ)، تێدەگـەین کـە لێرەدا بەشێك هەیە کە پێویستە ببڕێت پێش جیاکردنەوەی بەشی دایـك و بـاوك کـە ئـەویش بەشی هاوسەر (الزَوج) ی مردووەکەیە ئەگەر هەبێت، ئـیتر جیـاوازیی نییـە مێینـە بێـت یـان نێرینە.

ئەگەر مردووەکە ڕۆڵەی نـەبوو، نـە نێـر و نـە مـێ، ئـەوکات بەشـی دایـك سـێیەك و بەشـی باوکیش دوو سێیەك.

دەچینە لای بڕگەی دواتر و دەبینین دەڵێت: ﴿فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾، ئەگەر مردوەکە بێ منداڵ بوو، دایك و باوکیشـی لەژیانـدا مـابوون، ئـەوا دایـك شەشیەك دەگرێت، بەڵام باوك پێنج لـە شەشـیەك دەگرێـت، واتـە: بەشـی براکـان لەڕوانگـەی بەشی باوکەکەوە ڕەچاوکراوە.

گومان لەوەدا نییە کە دادگەریی گشتیی لێرەدا لەبەرچـاو دەگیرێـت، واتـە: لـە کۆمەڵەکانـدا نەك لە تاکەکاندا، پێشبینیی ئەوە دەکەین کە ئەگەر سەرژمێرییەك بکەین بـۆ ئـەم ئەگەرانـە لە کۆمەڵگەدا، مەرجیش نییە لە کۆمەڵگەی عەرەبییدا بێت، ئەوکات دەبیـنین ژمـارەی ئـەو دایکانەی کە میرات دەگرن نزیك دەکەوێتـەوە لـە دووبەرانبـەری ژمـارەی ئـەو باوکانـەی کـە میرات دەگرن. ئەگـەر بـەبێ گوێـدان بـە وڵات لێکۆڵینەوەکـەش بگشـتێنین بەسـەر بـوارێکی فراوانتر لە خەڵدا، یان بەسەر ئاستی جیهاندا، پێشبینیی دەکەین بینەری ئـەوە بـین کـە کـۆی ئەوەی کە باوکانی میراتگر وەك کۆمەڵـە وەریـدەگرن، یەکسـان دەبێـت بـە کـۆی ئـەوەی کـە دایکانی میراتگر بەهەموویانەوە وەریدەگرن.

پاشان خواوەند دەفەرموویێت: ﴿**آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا**﴾، ئەم بەشە لە ئایەتەکە باس لە باوانەکان دەکات هەرچەندە بەرەوژوور سەرکەونەوە، ئەوانەی کە دەچنە خانەی (**آباؤكُم**) ەوە، بەبەڵگەی فەرموودەی خواوەند خۆی لەسەر زمانی یوسف پێغەمبەرەوە (سلاوی لەسەر) کە دەڵێت: ﴿**وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ**﴾ **یوسف/٣٨**، هەروەها لقەکان هەرچەندە شۆڕ ببنەوە، ئەوانەی کە دەچنە خانەی (**أبناؤكُم**) ەوە.

ئەو باوانە میراتگرانەی کە ئایەتەکە دەیانگرێتەوە، مەرج نییە تەنها باوکە ڕاستەوخۆکان بن، بەڵکو دەشێ باپیرانیش بن، هەروەها وەك چۆن ئەو لق و وەچە میراتگرانەی کە ئایەتەکە دەیانگرێتەوە تەنها ئەو منداڵانە نین کەڕاستەوخۆ لەپشتی مردووەکە کەوتبنەوە، بەڵکو دەشێت نەوەی بن، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو قسەی خواوەندە کە بەڕووی نەوەی ئیسرائیلدا کردوویەتی کە هەمووشیان ڕاستەوخۆ لەپشتی ئیسرائیلەوە نەکەوتوونەتەوە.

واتە: بناغە و بنەما لێرەدا بریتییە لە: سەرەتا نزیکترین و پاشان دوورتر، ئەگەر کەسێك مرد و باوکی و باپیری لەژیاندا بوون، ئەوا باوکەکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم میراتگرتنی باپیرەکەدا، بەڵام ئەگەر کەسێك مردوو باوکی پێشتر مردبوو بەڵام باپیرەی (باوکی باوکی) لەژیاندا بوو، هیچ ڕێگرێك نییە لەبەردەم باپیرەکەدا تا بەشی باوکەکە (واتە: کوڕەکەی خۆی) وەر بگرێت، هاوشێوەی ئەمەش هەیە بۆ باوانە پەیوەستەکان بەهۆی ڕەحمەوە (**ألأصول مِنْ ذوي الرَحم**).

ئەگەر کەسێك مرد و دایکی خۆی و دایکی دایکیشی هەردووکیان لەژیاندا بوون، ئەوا دایکی خۆی (واتە: دایکی مردووەکە) میراتی لێ دەگرێت و دەبێتە ڕێگر لە میرات بردنی نەنکەکەدا (دایەگەورەی مردووەکە ـ دایکی دایکی مردووەکە).

بەڵام ئەگەر کەسێك مرد و دایکی پێشتر مردبوو و نەنکی (دایەگەورەی) لەژیاندا بوو، ئەوا مافی میراتگرتن دەگوازرێتەوە بۆ دایەگەورەی مردووەکە و میراتی لێ دەگرێت.

ئەگەر کەسێکیش مرد و باوك و دایکی پێشتر مردبوون، باپیرەی و نەنکی لەژیاندا بوون، ئەوا بەشی ئەو باوك و دایکە وەردەگرن کە لەئایەتەکەدا هاتووە، بەپێی مەرجە بابەتییەکانی کە حوکم دەکەن بەسەر حاڵەتی میراتگرتنندا (**لیس له ولد/له إخوة ... إلخ**).

لەحاڵەتی مردنی کەسێکدا پێش باوك و دایکی و ڕۆڵەیشی هەبوو، ئەوکات بەشی ئەم کەسە مردووە لەباوك و دایکیەوە پاش مردنیان، ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانی، واتە: نەوەکان میرات دەگرن لە باپیرە یان داپیرەیان، تەنانەت ئەگەر باوکیان یان دایکیشیان مردبن.

سەبارەت بە: ﴿**لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا**﴾، کە هەرگیز هیچکەس نازانێت کێ دەبێتە میراتگری کێ؟ ئایا باوك میراتی کوڕەکەی دەگرێت یان کوڕ هی باوکەکەی؟ ئایا باپیرە میراتی نەوەکەی دەگرێت یان نەوە هی باپیرەکەی؟ ئەم بابەتانە لەڕووی تاکەکەسییەوە لەو شتانەن کە کۆمەڵگە نایان زانێت. بەڵام لەڕووی گشتییەوە، ڕوونە کە جیلی نەوە و منداڵەکان، دواتر میراتی جیلی باوانەکان دەگرن.

لێرەدا هەست بەو جیاوازییە گەورەیە دەکەین کە هەیە لەنێوان یاسای گشتیی یەکلابووە و یاسای ناگشتیی ئەگەرداردا (کە ئەمیش هەر لە نێو یاسا گشتییەکەدایە)، چوونکە ئەوەی کە گوتمان: جیلی نەوەی ڕۆڵەکان دواتر میراتی جیلی باوانەکان دەگرن، یاسایەکی گشتییە و مۆرکی یەکلاکردنەوەی هەیە و یەکلا بووەتە کە ڕوو دەدات.

بەڵام دەسنیشان کردنی میراتگر لە حاڵەتێکی دیاریکراودا بۆ نموونە: ئایا باوکەکە میرات لە ڕۆڵەکەی دەگرێت یان ڕۆڵەکە لە باوکەکەی؟ ئەمە یاسایەکی ناگشتییە و مۆرکی ئەوە هەڵدەگرێت کە دەشێ ئەمیان ڕوو بدات و دەشێ ئەویشیان ڕووبدات، هیچ دژبەیەکییەکیش نییە لە نێوانیاندا.

لەوانەیە ڕوونترین نموونە لەنێوان گشتیی یەکلا بووەوە و ناگشتیی ئەگەرییدا بریتیی بێت لە: ﴿**كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ**﴾، کە یاسایەکی گشتیی یەکلابوەوەیە. بەڵام یاسای درێژیی و کورتیی تەمەنی تاکەکان، بریتییە لە یاسایەکی ناگشتیی کە ئەگەر هەڵدەگرێت و هیچ دژبەیەکیی و پێچەوانەییەکیش نییە لە نێوانیاندا، چوونکە دواجار چارەنووس و ئاکامی گشتیی و کۆتایی لەسەر ئاستی کۆی دروسکراوەکان ئەوەیە کە هەموو نەفسێك هەر دەبێت بمرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هەندێ کەس پێیان وایە تەمەن دیاریکراوە و بڕاوەتەوە.

بەڵام ئەوەی کە کەسێك چەندە دەژیی؟ یان سەعید کەی دەمرێت؟ یان فلانە دارتووی گۆڕەپانی شارەوانی چەندە تەمەن دەکات؟... تاد. هەموو ئەمانە یاسای ناگشتیین و ئەگەر هەڵدەگرن و دەشێت دەسکاریی بکرێن.

درێژ کردنی تەمەنەکان لەڕێگەی چاککردنی هەلومەرجی تەندروستیی گشتیی و دابینکردنی ئەو پێکوتانەی دەبنە هۆی لەناوبردنی ئەو نەخۆشیانەی کە هۆی کورتکردنەوەی تەمەنەکانن، ئەم ڕێوشوێنانەش کۆمەڵە ئەرکێکن کە خواوەند و پێغەمبەرەکەی فەرزیان کردوون لەسەرمان، بەڵام هەرگیز بەدەر نین لە یاسا گشتییە یەکلاکراوەکە: ﴿**كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ**﴾ .

## خاڵی هاوبەش لەنێوان میرات گرتنی لقەکان و باوانەکاندا (الفروع والأصول)

لێرەدا و لە کۆتایی ئایەتی ١١ ی سورەتی النساء دا دەگەینە ئەو فەرموودەی خواوەند کە دەڵێت: ﴿فَرِيضَةً مِنْ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾، تا لەو ڕێگەیەوە تێ بگەین کە ئەوبەشانەی لە ئایەتەکەدا باسکراون، وەك پێشتر بە درێژیی باسمان کردن و بەو شێوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون، بە بناغەکانی میراتگرتن و دابەشکردنی میرات دادەنرێن، ئەو بناغە و ڕێکارانە فەرزکراوێکن و فەرزن لەسەر کەسێك کە وەسیەت و ڕاسپاردەیەکی دوای خۆی بەجێ نەهێشتبێت، چوونکە کاتێك کار بەو بنەما و ڕێکارانە دەکرێت کە مردووەکە وەسیەتنامەیەکی بەجێ نەهێشتبێت تا بەپێی ئەو وەسیەت و ڕاسپاردەیەی خۆی بۆماوە و سامانەکەی دابەش بکرێت بەسەر ئەو کەسانەدا کەدڵخوازی خۆی بوون و بەپێی ئەو بەشانەی کە خۆی دایناون بۆ هەریەکێکیان.

بەڵام لێرەدا پێویستە لەسەرمان لەوە تێ بگەین، ئەو بەشانەی کە لە ئایەتی میراتدا هاتوون ئەوانە فەرزکراون، بەو واتایەی کە پێشوەخت لەلایەن خواوەندەوە دیاریکراون و هیچ میراتگرێك بۆی نییە نەزۆر و نە کەم لەوە ببات کە بۆی دیاریکراوە، بە پشتبەستن بەوەی کە لەسەرەتای ئەم بابەت و لێکۆڵینەوەیەوە باسمان کرد لەبارەی ئەوەوە کە فەرز بەواتای: دیاریکردنی شتێك دێت کە فەرز بکرێت و دەسنیشان بکرێت، واتە: خواوەند پشکی هەموو ئەو کەسانەی دیاریی و دەسنیشانکردوە کە لە ئایەتەکەدا باسیان لێوە کراوە، کە بریتیین لە: ڕۆڵەکان و باوك و دایك، بەپێی چەند ڕێژەیەکی بەرجەستە و ڕوون و ڕەوان بەبێ هیچ زیاد و کەمێك، واتە: کاتێك دەڵێت: ﴿فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾، واتە: بۆ ئەوان هەیە دووسێیەك لەوەی لێی بەجێماوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دووسێیەك فەرزکراوێکە و نابێت بە هیچ بیانوویێك نادیدە بگیرێت و پایەماڵ بکرێت و سەر و خواری تێدا بکرێت، هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿فَلَهَا النِصْفُ﴾ یان ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ یان ﴿فَلِأُمِهِ السُدُس﴾، هەموو ئەمانە

فەرزکراون. فەرز کراوەکانی بواری میرات و میراتگرتن جیاوازن لەو سنوور (**الحُدود**) انەی کە لە ئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء** دا هاتوون و بەشی میراتگرەکانیان تێدا خراوەتەڕوو و بریتین لە: هاوژینەکان و براکان، چوونکە ئەم بەشانە پەیوەستن بەو بڕیارەوە کە دەڵێت: ﴿**تِلْكَ حُدُود الله**﴾ **النساء/١٣**، ئەمەش یارمەتیمان دەدات تا لەوە تێبگەین کە بەشی ئەو میراتگرانە بۆی هەیە زیاتر ببێت و زیاد بکات، بەو واتایەی کە ئەو بەشانە کە لە ئایەتی ١٢ ی **النساء** دا هاتوون، لانی کەمی بەشی ئەو کەسانەن و بۆی هەیە بەشەکانیان زیاد ببێت ئەگەر لە سامانە جێماوەکە دوای دابەشکردنی فەرزکراوەکان بەسەر کەسە شایستەکانی خۆیاندا، زیادەیەکی لێ مایەوە، وەك: بەشەکانی ژن و مێرد، وەك دواتر باسی لێوە دەکەین.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بۆی هەیە یەکێك لە میراگرەکان بە تەواوی ڕەزامەندیی خۆیەوە و بەبێ هیچ چەشنە ناچارکردن یان ڕووگیرکردنێك، دەس لە بەشی خۆی هەڵبگرێت بۆ میراتگرەکانی تر.

## میرات گرتنی هاوژینەکان (ژن و مێرد)

ئێستا دەچینە سەر باسی بەشی یەکەم لە ئایەتی دووەم، کە لەبارەی میرات گرتنەوە دەدوێت و پەیوەستە بە میرات گرتنی هاوژینەکانەوە لەیەکتر، کە دەفەرمووێت: ﴿**وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمْ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ...** ﴾ **النساء/١٢**.

یەکەم شتێك کە سەرنجی دەدەین بریتییە لە بڕگەی: ﴿**مَا تَرَكَ**﴾ لە سەرەتای ئایەتەکەدا، واتە: بەشی هاوسەر لە کۆی سامانە جێماوەکە دەبڕێت، پاشان لەوەی کە دەمێنێتەوە بەشی باوان و لقەکان حساب دەکرێت.

خواوەند سەرەتا گوتار ئاراستەی هاوسەرە نێرەکان دەکات، ئەوانەی کە هاوژین و ژنەکانیان دەمرن، ئەگەر ڕۆڵە و منداڵ و نەوەی نێر، یان مێی لێ بەجێ نەمابێت، ئەوا نیوەی ئەو سامانە جێماوەیەی کە لە هاوژینە مێینەکەیەوە بەجێماوە، تایبەت دەکات بە هاوسەرە نێرەکەوە، ئەگەر منداڵ و نەوەشی لێ بەجێ مابێت ئەوا چواریەکی بۆماوەکەی دەدات بەمێردەکەی، پاشان ڕووی گوتار دەکاتە ئەو هاوژینە مێینانەی کە مێردەکانیان دەمرن، ئەگەر مردووەکە ڕۆڵەی لێ بەجێ نەمابێت، ئەوا چواریەکی سامانی جێماوی مێردە کۆچکردووەکەی تەرخان دەکات بۆ هاوسەر و ژنەکەی، ئەگەر منداڵ و نەوەشی لێ بەجێ مابێت ئەوا هەشتیەکی بۆ دیاریی دەکات.

- بێوە پیاو کە ژنەکەی دەمرێت و ڕۆڵەی لێ بەجێ نامێنێت، نیوەی سامانی جێماوی ژنە مردوەکەی دەکەوێت، بەڵام ئەگەر ژنە کۆچکردووەکە ڕۆڵەی لێ بەجێما، ئەوا مێردەکەی چواریەکی دەکەوێت.

- بێوەژن کە پیاوەکەی دەمرێت و ڕۆڵەی لێ بەجێ نامێنێت، چواریەکی سامانە جێماوەی پیاوە مردووەکەی دەکەوێت، بەڵام ئەگەر پیاوە کۆچکردووەکە ڕۆڵەی لێ بەجێما، ئەوا ژنەکەی هەشتیەکی دەکەوێت.

سەرنجی ئەوەش دەدەین کە: بێوەپیاو دوو ئەوەندەی بێوەژنی دەکەوێت، بۆ ئەوەی بتوانین پەنجە بخەینە سەر هۆکارەکە، دەڵێین: لە میرات گرتنی ڕۆڵەکاندا سەرنجی ئەوە دەدەین کە نێر لەیەك حاڵەتدا نەبێت، هیچکات دووئەوەندەی مێینە نابات، ئەو حاڵەتەش بریتییە لەوەی کە: ژمارەی مێینەکان چوار هێندەی نێرینەکان بێت، واتە: یەك نێر بەرانبەر چوار مێینە، ئەوکات نێرینەکە سێیەکی دەکەوێت و مێینەکانیش دووسێیەك، واتە: بەشی نێرینەکە دووهێندەی مێینەیەکە.

مرۆڤ دەتوانێت سەرنجێکی خێرا بدات لەو ژینگە و دەور و بەرەی کە تیایدا دەژی تا لەوێوە بۆی ڕوون ببێتەوە کە ژمارەی بێوەژنەکان بە بەراورد بە ژمارەی بێوەپیاوەکان نزیك دەکەوێتەوە لە چوارقات، وە من پێم وایە ئەگەر کردەی سەرژمێرییەکە لە مەودایەکی فراوانتردا ئەنجام بدەین، ئەوا ئەو ئاکامە بەتەواوی بەدەس دەهێنین، واتە: دەبینین کە لەبەرانبەر یەك بێوەپیاوەوە چوار بێوەژن هەن.

سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بەڵگەیەکی سەرژمێریی یان لیستێکی زانیاریمان بەدەستەوە نییە تا بەڵگەبێت بۆ بۆچوونەکەمان، بەڵام پێشتر لە چەندین کۆمەڵگەی عەرەبیی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا بەدواداچوونمان بۆ بابەتەکە کردووە، ئاکامی بەدواداچوونەکانیش تا ئاستێکی باش و پەسەند پشتیوانیی بۆچوونەکانیان کردووین، لەوانەیە هۆکارەکەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ناوەنجیی تەمەنی ژن لە جیهاندا، گەورەترە لە ناوەنجیی تەمەنی پیاو بە لانیکەم تا نزیکەی ٤ ـ ٥ ساڵ، بەیەکسانی لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕووی تەندروستییەوە یان وڵاتە دواکەوتووەکان، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەگەر پیاوێك لەتەمەنی سی ساڵیدا ژنێکی هاوتەمەنی خۆی خواست، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە کە پیاوەکە پێش ژنەکە بمرێت و ژنەکە میرات لە پیاوەکەی بگرێت، دەشزانین کە پیاوان هەمیشە خواستیان بەلای ئەوەدایە کە ژنی کەم تەمەن تر لەخۆیان بە ٥ ـ ١٠ ساڵ بخوازن، لەم حاڵەتەشدا ئەگەری ئەوە هەیە کە پیاوەکە زووتر بمرێت و ژنەکەی میراتی لێ بگرێت.

ئەمە بێجگە لە هەلومەرجە ناکاوەکانی وەك جەنگەکان و ڕووداوەکان و تووشبوونی پیاوان بە چەندین پیشەهات لەکاتی ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا، هەموو ئەمانەش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ژمارەی بێوەژن و ژنانی مێرد مردوو، زۆر گەورەترە لە ژمارەی پیاوانی بێژن و بێوەپیاو، ناوەندەکانی سەرژمێریی دەتوانن لەڕێگەی سەرژمێرییەکانیانەوە و وەرگرتنی چەند نموونەیەك لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتردا، زیاتر دڵنیامان پێ ببەخشن لەبارەی ڕێژەکەوە. چوونکە هەرچەندە ڕووبەری سەرژمێریی فراوانتر بێت، ئاکامەکان وردبینانەتر دەردەچن،

هەرچەندە دڵنیاش نیم، بەڵام بیروباوەڕم وایە کە ئەگەر ئەم سەرژمێرییە لەسەر ئاستی گۆی زەویی ئەنجام بدرێت، ئەوکات دەردەکەوێت کە ژمارەی پیاوانی بێ هاوسەر نزیك دەکەوێتەوە لە یەك لەسەرچواری ژمارەی ژنانی بێ مێرد، لێرەدا دڵنیایی دەدەینەوە کە کۆمەڵەکان (کۆمەڵەی نێرەبێ هاوسەرەکان و کۆمەڵەی مێینە بێ هاوسەرەکان) لەسەربەنی تێگەیشتنمانەوە کاری یاسای گشتیی و تایبەتە، خواوەند کاتێك یاسایەکی گشتیی دادەڕێژێت تیایدا بەرژەوەندیی گشتیی ڕەچاو دەکات، نەك بەرژەوەندیی تایبەت، کاتێك دووبەرانبەری بەشی بێوەژنێك دەدات بە بێوەپیاوێك، دەزانێت کە بەشی کۆی نێرە بێوەپیاوەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا زیاتر نابێت لە بەشی کۆی مێینە بێوەژنەکان، واتە: بەدڵنیاییەوە یەکسانیی لە کۆمەڵەکاندا جێبەجێ دەبێت، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو یاسای میرات گرتنەی کە خواوەند دایڕشتووە، کاتێك کاری پێ دەکرێت کار بەو یاسا تایبەتە نەکرابێت کە مرۆڤێك وەسیەتی پێ دەکات بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت، جیاوازیش نییە کە وەسیەتکارەکە هاوسەری ژیان بێت یان منداڵ یان باوك یان هەرچی تربێت.

لێرەشدا بابەتێکی تری گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە لە چوارچێوەی ئەو یاسای میراتگرتنەدا کە خواوەند دایڕشتووە، میراتێك دەسنیشان نەکراوە و نییە بۆ ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم، کە بەسروشتی خۆی ئەو ژنانە بێوەژنن (دایکی منداڵانی بێ باوکن) و پێشتر لەمێردە یەکەمەکەیان میراتیان گرتووە. هەروەها (**مُلك اليَمين**) یش میراتی نییە، ئەمەش هاندەرێکە کە پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت تا وەسیەت و ڕاسپاردەیەك لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت و ئەو تایبەتمەندییەی ژیانی خۆی تێدا ڕەچاو بکات، ئەگەر زیاتر لە ژنێك یان نیکاحێکی مولکولیەمینی هەیە، ئەوا وەسیەت کردن بنەڕەتە لەو حاڵەتەدا، یاساکانی میرات گرتنیش جێگرەوەیەکە و خواوەند دایڕشتووە بۆ کات و حاڵەتێك کە وەسیەتی تێدا نەکرابێت.

## کەلالە... (الكَلاَلَة)

کەلالەی یەکەم بریتییە لە بوونی هاوسەرێك بەبێ منداڵ و بەبێ باوك و دایك، بەڵام خوشك و برای ببێت: حوکمەکانی کەلالە لە دابەزێنراوی بەجێدا لە دوو ئایەتی سورەتی النساء دا هاتوون (١٢ و ١٧٦)، ئەم دوو ئایەتەش جێگەی ناکۆکییەکی زۆری فەقیهەکانن، لەوانەیە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ناکۆکییەکەیان ئەوەبێت کە بەڵگەیەکیان دەست نەکەوتبێت تا یەکێك لە قسە و بۆچوونەکانی تایبەت بەم بابەتەوە پشتڕاس بکاتەوە و هەڵی بژێرن بەسەر ئەوی تردا، بۆیە حوکم لەم بابەتەدا هەر بە شێوەی ئیجتیهاد و لێکدانەوە و بۆچوونی تاکەکەسیی مایەوە، هەندێك لەو کەسانەی کە بە پیاوی زانست دێنە ئەژمار و لەم بابەتەدا بەدواداچوونیان هەیە، پێیان خۆشە جیاوازییەك لەنێوان دوو ئایەتەکەدا بکەن و بڵێن: ئایەتی ١٢ لە هاویندا دابەزیوە و ئایەتی ١٧٦ یش لە زستاندا، لەوانەیە قسە بەناوبانگەکەی عومەری کوڕی خەتتاب ئەمە زیاتر ڕوون بکاتەوە کە ئێمە دەیڵێین، کە دەڵێت: سێ شت هەن ئەگەر پەیامهێن (سڵاوی لەسەر) بۆی ڕوون دەکردینەوە بەلای منەوە خۆشەویستردەبوو لە دونیا و هەرچی لە دونیادا هەیە: کەلالە و جێنشینیی و سوو (**الكَلالـةُ و الخِلافةُ و الرِّبا**).

دەکرێت ئەو ناکۆکییانە بدەینە پاڵ:

١ـ بەپیرۆز زانینی ئەوەی کە پێشینان نووسیویانە و دانانیان لە خانەی قسە و بڕیاری ئیلاهیی و خواییدا، هەروەها نەبوونی بوێریی لەسەر ئەنجامدانی مشتومڕ، یان هیچ نەبێت دانانی ئەوەی پێشینان وەك کەلەپورێکی مرۆڤیی کە ڕاستیی و هەڵەشی لێ چاوەڕێ دەکرێت و ئەویش وەك هەمووشتەکان بۆی هەیە بکەوێت و لەبیر بچێت و کات لەناوی ببات.

٢ـ لە یاسای میراتگرتندا وا سەیری بەشەکانیان کردووە کە پێویستە لە هەموو حاڵەتێکدا و سەبارەت بە ڕۆڵەکان و ئەوانی تریش، جێبەجێ بکرێن و نابێت گۆڕانکارییان تێدا بکرێت،

باشترین بەڵگەش لەم بارەیەوە: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ە، فیقهزانەکان ئەم قسەیەیان واداناوە کە سنوورێکە و ناکرێت لە هیچ حاڵەت و هەلومەرجێکدا ببەزێنرێت، بەوشێوەیەش ئایەتەکە دەخوێننەوە وەك خواوەند مەبەستی بێت بڵێت: بۆ نێر هەیە دووهێندەی پشکی مێینە (**لِلذَّكَرِ مِثْلا حَظِّ الانثى**).

دوای ئەوەی کە خواوەند سنوری یاساکانی میرات گرتنی ڕۆڵەکان و نەوەکان و باوانەکانی هەردووسەری ڕەنگرێژ کرد، هەروەها پشکی هاوژینانیشی لەحاڵەتی بوونی منداڵ و نەبوونیشیدا، ڕۆشن کردەوە، پاشان دەچێتە سەر باسی ڕەنگرێژ کردنی سنووری ئەو یاسایانە و لە کۆتا حاڵەتدا کە بریتییە لە حاڵەتی کەلالە، میراتگران دیاریی دەکات و پشکی هەریەکەشیان لە سامانی جێماوی مردووەکە دەسنیشان دەکات.

کەلالەش لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەو کەسەیە کە: نە باوانی لەژیاندا مابن و نە ڕۆڵە و منداڵیشی لێ بەجێ مابێت، واتە: نە لق و نە باوان، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە دەرفەت دەدات بە خوشك و برا، تا میراتیان بەرکەوێت.

بەشی دووەم لە ئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء** دەخوێنینەوە: ﴿**وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ وَصِيَّةً مِنْ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ**﴾، لەم حاڵەتەدا پێی دەگوترێت: کەلالەی یەکەم، چوونکە مردووەکە نە باوان و نە لقی، لێ بەجێ نەماوە، بەڵکو تەنها هاوژینێك و خوشك و برای لێ بەجێ ماوە، سەرنجی ئەوەش دەدەین کە لێرەدا خواوەند یەکسانیی کردووە لە نێوان نێر و مێدا، بەپێی ئەم بناغە گشتییە: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ وەك پێشتر خوێندنەوەمان بۆکرد، بەشی یەکسانی دا بە برا و خوشك، ئەگەر یەك تاکە برا یان یەك تاکە خوشك بوو، ئەوا بەشەکە شەشیەکە، ئەگەر هەردوولاشیان کۆمەڵە خوشك و برایەك بوون، ئەوا لە سێیەکدا هاوبەش دەبن، واتە: سێیەك لانی زۆری سنوری میرات گرتنی

خوشك و براكانه لەم حاڵەتەدا، واته: لانی کەمی میرات گرتنی خوشك و براكان شەشیەکە و لانی زۆریشی سێیەکە.

دەپرسین: خواوەند لەم حاڵەتی کەلالەیەدا بۆچی بەشەکانی خوشك و براکانی بەتەنیشت بەشەکانی هاوسەرەکانەوە بە ژن و پیاوەوە داناوە، لە یەك ئایەتدا؟

ئەم نموونەی خوارەوە هۆکارەکە ڕوون دەکاتەوە: ئەگەر ژنێك بە کەلالەیی و وەجاخ کوێریی واته: نە منداڵ و نە باوك و دایکیشی لێ بەجێ نەما، بەڵام خوشك و برای هەبوون و لە ژیاندا مابوون، خوشك و براکان سێیەکی سامانە جێماوەکەی دەبەن و لەنێوان خۆیاندا بەیەکسانیی بەشی دەکەن، بەڵام ئەگەر تەنها یەك برای لێ بەجێمابوو، ئەوا براکەی شەشیەکی سامانەکە دەبات، ئەگەر تەنها یەك خوشکیشی لێ بەجێمابوو ئەوا شەشیەك دەبات، پاشماوەی سامانە جێماوەکە کە دووسێیەکیەتی چی لێدێت؟ دەڵێم: بەر مێردەکەی دەکەوێت، چوونکە ئەو میراتگری بنەڕەتیی و نزیکترینە.

ئەگەر خوشك و براکانیش زیاد لەیەکدانە بوون و هاوژینیشی مابوو، ئەوکات یەکسانیی جێبەجێ دەکرێت: ﴿**فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ**﴾ جیاوازیی نییە نێر بن یان مێ یان هەردووکیان پێکەوە.

ئەگەر پیاوێك مرد، ژنێك و پێنج خوشك و برای لێ بەجێما، ئەوا ژنەکەی دوو سێیەك دەبات، خوشك و براکانیشی سێیەك دەبەن و بەیەکسانیی دابەشی دەکەن لە نێوان خۆیاندا و هەر یەکەیان ١٥/١ لە سامانە جێماوەکە دەبەن.

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: میرات گرتنی هاوسەران سنوورگەلێکی هەیە کە دەشێت زیادووکەم ڕووبدات تیایاندا، لانیکەمی میرات گرتنی پیاو لە ژن و هاوسەرە مردووەکەی بریتییە لە چواریەك، لانی زۆر و سەرووشی بریتییە لە پێنج لە شەش، لانی کەمی میرات گرتنی ژنیش

لە مێردە مردووەکەی بریتییە لە هەشتیەك، لانی زۆر و سەرویشی بریتییە لە پێنج لە شەش، واتە: میرات گرتنی هاوسەران سنووردارە، هەروەها میرات گرتنی خوشك و برایش لێرەدا (لەنێوان شەشیەك و سێیەکدایە) وەك ئەوە نییە کە لە میرات گرتنی لقەکان و باوانەکاندا بینیمان کە پشکی ڕۆڵەکان و باوانەکان فەرز کرابوو (واتە: دەسنیشان کرابوو).

بەگەڕانەوە بۆ تەواوکاریی ئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء**، جارێکی تریش سەرنجی ئەوە دەدەینەوە کە خواوەند جەخت دەکاتەوە لەسەر بابەتی وەسیەت و ڕاسپاردە کردن و مەسەلەی قەرز، تا ئەوان هەبن بابەتی میرات گرتن و بەشکرنی، نایەتە ئاراوە، هەروەها بەبوونی ئەوان ئەو سنوورانە و بەشەکان لەکار دەکەون، واتە: ئەو بەشانەی کە ئایەتەکە و تەواوی ئایەتەکانی تری بواری میرات باسی دەکەن لەگرەوی بوونی قەرز و وەسیەتدان، ئەگەر قەرزێك لەئارادا بوو و هەموو سامانە جێماوەکەی دادەگرتەوە، ئەوکات نە وەسیەت هەیە و نە میرات گرتن، ئەگەر پاش دانەوەی قەرزەکان شتێکی لێ مایەوە و وەسیەتێکیش لەئارادا بوو، ئەوا وەسیەتەکە ڕادەپەڕێنرێت و میرات گرتن نایەتە ئاراوە.

هەروەها سەرنج دەدەین خواوەند لە ئایەتەکەی میراتی هاوسەراندا بەشی خوشك و براکان دابەش دەکات، لەمەوە تێدەگەین کە:

ـ کەلالە بریتین لە کەسە نزیکەکانی مردووەکە بێجگە لە باوان و منداڵ و نەوەکان.

ـ ئەو بەشانەی کە بەر کەسە نزیکەکان دەکەون، تەنها خوشك و براکانە، ئەگەر بن، تەنها ئەوانن کە لەم ئایەتەدا بە بوون و ئامادە بوونی هاوسەران، نەك لە حاڵەتی نەبوونی هاوسەراندا، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە حاڵەتەکە لە هەمان ئایەتدا کە ئەو باسە دەکات، بەبێ هیچ دابڕانێك لەباسەکەدا، باسی میرات گرتنی هاوسەرانیش دەکات.

ـ خواوەند لێرەدا بەشی هەریەك لە نێر و مێینە (خوشك و براكان) ی بەیەكسانیی فەرز كردووە، ئەمەش پشتگیریی ئەوە دەكات كە ئێمە دەیڵێین.

درێژە بەسەرنجدانەكانمان دەدەین لە ئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء** و دەبینین دەڵێت: ﴿**غَيْرَ مُضَارّ**﴾، گوتەی (**مُضارّ**) لە كرداری (**ضَرَّ**) ە وە هاتووە و سێ ڕەگ و بناغەی درووستی هەیە، **یەكەمیان:** (**الضَرّ**) كە دژی (**النَفع**) ە.

**دووەمیان:** (**الضَرّ**) ە كە لە (**الضَرَّة**) ە یە، بەواتای ژنی دووەم و لە كوردیدا وشەی (هەوێ) ی بۆ بەكار دێت.

**سێیەمیشیان:** بەرگەگرتنی سەختییەكانە و بەو هۆیەشەوە بە كەسی نابینا دەگوترێت: **الضَرير**.

ماوەتەوە بزانین ئەم وشەیە لە ئایەتێكدا كە باسی میراتگرتنی هاوسەران و خوشك و براكان دەكات، واتای چیی دەگەیەنێت؟

ئێمە زیاتر بەلای ئەوەدا دەچین كە مانای یەكەم لەخۆ بگرێت (**الضَرّ ضِد النَفع**)، وەك جەخت كردنەوەیەك لەسەر ئەوەی كە لەحاڵەتی كەلالە و وەجاخكوێریی مردووەكەدا، خوشك و براكان سێیەك دەبەن، ئەگەر مردووەكە ژن بوو و مێردەكەی نیوەی سامانە جێماوەكەی برد، شەشیەكی سامانە جێماوەكە دەمێنێتەوە و بە بۆچوونی ئێمە دەبێ بدرێت بە مێردەكە، ئەگەر هاوسەرەكەش پیاو بوو و ژنەكەی چواریەكی سامانە جێماوەكەی برد و خوشك و براكانیش سێیەكیان برد، ١٢/٥ ی سامانەكە دەمێنێتەوە و بە بۆچوونی ئێمە پێویستە بدرێت بە ژنەكە، چوونكە هاوسەر تاكە میراتگری پلە یەكە، نیوە و چواریەك بریتیین لە لانی كەمی سنوورەكانی میرات گرتنی هاوسەران لە حاڵەتی نەبوونی منداڵ و ڕۆڵەدا، كە بریتییە لە حاڵەتی وەجاخكوێریی و كەلالە، بەشەكەش زیاد دەكات لەو بەهایانە، ئەگەر ئەو پاشماوەیە

بدرێتە خوشك و براكان، یان بدرێت بە كەسانی تر كە بەهیچ شێوەیەك لە ئایەتەكانی میراتـدا ناویان نەهاتووە، ئەوكات زیانێکی گەورە بەر هاوسەری مردووەكە دەكـەوێت، چ ژنەكـە بێـت یان پیاوەكە، خواوەندیش ئاگادارمان دەكاتەوە كە نەكا بكەوینە ئەو هەڵەیەوە.

بێجگە لەمە، بەلای ئەوەشدا دەچین كە مانای دووەمیش هەڵبگرێت **(الضَرَّة)** ژنی دووەم، وای لێ تێدەگەین مەبەستی ئەوەیە كە **(الضَرَّة)** ژنی دووەم، وەك پێشتر و لەم بەشەدا باسمان كـرد، ژنی دووەم و زیاتر، بەشە میرات لە مێردە مردووەكەی ناگرێت، چوونكە بۆیە ڕێگە بـە چـەند هاوسەرگرتن دراوە تا تەنها بێوەژن مارە بكرێت: **﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِـي الْيَتَـامَى فَـانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِـكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا﴾ النساء/٣**، بێوەژن لە بنەڕەتدا ژنێكە كە پێشتر مێردەكەی مردووە و پشـكی خـۆی لـە میراتـی مێردەكـەی یـان بەشـی خـۆی لـە وەسـیەت و ڕاسپاردەكەی وەرگرتـووە، ئایەتەكەش ڕوونكردنەوە دەدات و گومانی تێدا نییە كە چەندیەتیی لە هاوسەر گرتندا دەبێت تەنها لەگەڵ ئەو بێوەژنانەدا بێت كە منداڵی یەتیم و بێ باوكیان كەوتووە بەسەردا، بیـانوو و پاساوی هاوسەرگیرییەكەش بریتییە لەوە كە پیاوەكە: چاكەكاریی بكات و بەیەكچـاو سـەیری ئەو منداڵە بێ باوكانە بكات لەگەڵ منداڵەكانی خۆیدا و چاودێرییان بكـات، لەبەرانبـەر ئـەم ئەركەشەوە كە دەكەوێتە ئەستۆی پیاوەكەوە، دابەزێنراوی بەجێ لە دوو بابەت بەخشـیویەتی: بڕە پارە و خەڵاتی مارەبڕین و، میراتگرتنی ژنەكە لێی، ئەمەش لـەم فـەرموودەی خواوەنـددا ڕوون دەبێتەوە: **﴿وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَى عَلَـيْكُمْ فِـي الْكِتَـابِ فِـي يَتَامَى النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَنْ تَنكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنْ الْوِلْدَانِ وَأَنْ تَقُومُوا لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا﴾ النساء/١٢٧**.

ئایەتەکە وێنای هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی دەکات کە پرسیارێکی لەبارەوە کراوە لە پێغەمبەر(سڵاوی لەسەر): پێمان بڵێ لەبارەی ئەو ژنانەوە کە لە کاتی مارە کردنیاندا مارەیی و خەڵاتیان نادەینێ بە مەبەستی بەخێوکردنی منداڵە بێ باوکەکانیان کە کەوتوون بەسەریاندا، ئایا لەسەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بین، یان خواوەند حوکمێکی تری هەیە لەم بارەیەوە؟ ئایەتەکە وەك وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە هاتووە و ڕێگە دەدات کە ئەوەی بڕیارە بدرێت بە ژنان لەکاتی مارەکردنیاندا، نەدرێت بەو بێوەژنانەی کە مارەیان دەکەن، لە بەرانبەردا چاودێریی منداڵەکانیان بکەن و بەخێویان بکەن، ئەوەی کە لەم بارەیەوە لە پەڕاوی خواوەندەوە دەخوێنرێتەوە بەسەرماندا چییە؟ من دەڵێم:

**یەکەم:** لەم قسەی خواوەندداية کە دەڵێت: ﴿**وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا**﴾ **النساء/٤**، ئەمە ئەو فەرمانەیە کە فەرمانمان پێ دەکات تا مارەیی ژنان بدەین و لەئایەتی ١٢٧ ی سورەتی **النساء** دا ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی پیاوان خستووە، بە مەرجی چاودێریی و بەخێوکردنی ئەو کەسە بێنەوا و هەژارانە و سەرپەرشتیی کردنی منداڵە بێ باوکەکان.

**دووەم:** لە دەستەواژەی ﴿**غَيْرَ مُضَارٍّ**﴾ ئەوەی کە ژنەکە و (**الضَرّة**) و هەوێ و ژنی دووەم، بەش لە میراتی پیاوەکەی نابات.

ئەوەش کە هەندێ لە ڕاڤەکاران بۆی چوون و ژمارەیەك لە فیقهزانە هاوچەرخەکانیش لەوەدا شوێنیان کەوتوون گوایا (**يتامى النساء**) واتای ژنە هەتیوەکان دەگەیەنێت، ئەم تێگەیشتنە هیچ بایەخێکی نییە بەلای ئێمەوە، ئەگەر وابێت ئەوا: (**كُتُبُ التاريخ**) یش واتای (**تاريخ الكُتب**) دەگەیەنێت، هەروەها واتای (**رِجْلُ الطاوِلَةِ**) دەبێتە (**طاولة الرِجْل**)، هەروەها (**رَجلُ الطاولة**) یش واتای دەبێتە (**طاولَةُ الرَّجُل**)، کە هیچیان وانین.

لەم سەربەنەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەگەر چەند هاوسەرییەتیی (**تعدد الزوجات**) قەدەغەکرا (نەك حەرام کرا) و تەنها ڕێگە بە مارەکردنی بێوەژن درا، ئەوە بسەپێنرێت بەسەر ئەوانەدا کە سەرپێچی ئەو بڕیاری قەدەغەکردنە دەکەن، کە چەند مەرجێك لە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیاندا تۆمار بکرێت و لەو ڕێگەیەوە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ژنی دووەم میرات لەو پیاوە ناگرێت.

پاشان خواوەند کۆتایی بە باسەکە دەهێنێت و دەڵێت: ﴿**وَصِيَّةً مِنْ اللَّهِ**﴾، هەروەك چۆن باسی یاساکانی میرات گرتنی بە دەستەواژەی: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ**﴾ دەست پێ کرد، لێرەشدا بە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی باسکرا وەسیەت و ڕاسپاردەی خواوەندە لە کاتێکدا کە مردووەکە وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی دوای خۆی بەجێ نەهێشتبێت، بەڵام وەسیەت و ڕاسپاردە خواییە جێگرەوەکە، یاسایەکی گشتییە و بۆ هەموو دانیشتوانی سەر ڕووی زەویی دانراوە و یەکسانیی و دادگەریی دەچەسپێنێت لە نێوان کۆمەڵەکانادا، ئەوەشی لەبیر نەچووە کە وەسیەتە مرۆڤییەکە پێش دەخرێت و پەسەند ترە، ئەو ڕاستییەشی لە چوار جێگەدا ئاماژە پێ کردووە کە یاسا خواییەکانی میرات لەدوای هەر وەسیەتێك یان قەرزێکەوە جێبەجێ دەکرێن ئەگەر بن، چوونکە وەسیەتە مرۆڤییەکان لەسەر ئاستی تاك دادگەرییان تێدایە.

ئەوەش کە دەفەرموێت: ﴿**وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ**﴾، ئەو قسەی خۆیمان لە کۆتایی ئایەتی ڕابوردووەوە بیر دەخاتەوە و جەخت دەکاتەوە کە: ﴿**إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا**﴾.

**عليمٌ حَكيم ــــــــــــــ عليمٌ حَليم**

خاڵی هاوبەشی نێوانیان بریتییە لەوشەی (**عليم**)، واتە: زانستی خواوەند لەبارەی دابەش کردنی خەڵك و منداڵ و نەوە و وەچەکانەوە بنەما و بناغەیە لەو حوکم و بڕیارانەدا، بەڵام دیسانەوەش لە زانستی خواوەنددایە کە مرۆڤایەتی پێویستی بە کاتێکی زۆرە تا تێبگات لەو یاسایانەی کە لە ئایەتەکانی میرات و جێبەجێ کردنیاندا بە ئاگایی و وریاییەوە هەیە، بۆیە کۆتایی ئایەتەکەی بە ﴿**وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ**﴾ هێناوە.

## کەلالەی دووەم

کەلالەی دووەم بریتییە لەوەی کە مردووەکە تەنها خوشك و برای لێ بەجێمابێت. ئەگەر کەسێکیش بڵێت: وادابنێ کە ژنێك مردووە و برایەك یان خوشكێکی لێ بەجێماوە و مێردیشی نییە؟ دەڵێین: دابەزێنراوی بەجێ ئاوڕی داوەتەوە بەلای ئەم حاڵەتەشدا و لە ئایەتی ١٧٦ ی سورەتی النساء دا باسی لێوە کردووە: ﴿**يَسْتَفْتُونَكَ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ إِنْ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**﴾ ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە پێی دەگوترێت کەلالەی دووەم.

لەدیدی ئێمەوە ئایەتەکە بۆیە بەم شێوەیە دەستی پێکردووە کە دەڵێت: ﴿**يَسْتَفْتُونَكَ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ**﴾، ئەوە دەگەیەنێت کە پێش دابەزینی ئەم ئایەتە، بابەتی کەلالە جێگەی مشتومڕ و مایەی پرسیار کردن و وەرگرتنی ڕاوبۆچوون بووە، ڕێك وەك ئەو فەرموودەی خواوەند کە دەڵێت: ﴿**يسألونَك عَنِ السَّاعَة**﴾ **الأعراف/١٨٧** و ﴿**وَيَسْألونَك عَنِ الرُّوح**﴾ **الإسراء/٨٥** و هاوشێوەکانیان، ئەمە بابەتێکە قسەکەی عومەری کوڕی خەتتابمان بیر دەخاتەوە کە دەیگوت: "سێ شت هەن ئەگەر پەیامهێن (سلاوی لەسەر) بۆی ڕوون دەکردینەوە بەلای منەوە خۆشەویستردەبوو لە دونیا و هەرچی لە دونیادا هەیە: کەلالە و جێنشینیی و سوو (**الكَلالَةُ و الخِلافَةُ و الرِّبا**)". (**البخاري ٥١٦٠**)، وە وامان لێ دەکات بپرسین: ئایا عومەر چۆن ئەمە دەڵێت، لەکاتێکدا کە ئەم ئایەتەی لەبەردەمدا بووە و ئەوەی تێدایە کە بەڕاشکاویی هێما دەکات بۆ ئەوەی کە خواوەند خۆی بڕیار و فەتوا دەدات لەبارەی کەلالەوە؟

دوای ئەوەی کە خواوەند لەئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء** و لە حاڵەتی کەلالەی یەکەمدا بەشی میراتگرەکانی ڕوون کردەوە بە بوونی هاوسەر (نێر بێت یان مێ)، لە ئایەتی ١٧٦ ی **النساء** یشدا چووەتە سەر باسی بەشی میراتگران لە حاڵەتی کەلالەی دووەمدا کە مردووەکە

هاوسەری لێ بەجێنەماوە، واتە: خواوەند لە دوو ئایەتەکەدا باس لە مردنی کەسێك دەکات کە مردووە و نە باوان و نە ڕۆڵە و نە نەوەی لێ بەجێنەماوە، ئەگەر هاوسەری مابێت، ئەوا ئایەتی یەکەم حوکمی تێدایە لەبارەی بەش کردنی سامانە جێماوەکەیەوە، ئەگەر هاوسەریشی نەبێت یان لێی بەجێ نەمابێت، ئەوا ئایەتی دووەم حوکمی حاڵەتەکە دەکات (کەلالەی دووەم).

لەوانەیە ئەوەی کە لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێت، بەکارهێنانی خواوەند بێت بۆ وشە و کرداری (**هَلَكَ ـ تیاچوو**)، کە وامان لێ دەکات کەمێك بگەڕێین بەدوای واتای "**الهلاك ـ تیاچوون** " دا، ئەگەر چەند ئایەتێك بخەینە ڕوو کە ئەم وشەیەیان تێدا هاتووە، دەبینین کە:

- ﴿**مَثَلُ مَا يُنْفِقُونَ فِي هَذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمْ اللَّهُ وَلَكِنْ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ**﴾ **آل عمران/١١٧**، کێڵگەی ئەو کەسانەی کە ڕەشەبا لێیدا جارێکی تر نەژیایەوە و زیندوو نەبوویەوە.

- ﴿**وَحَرَامٌ عَلَى قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَنَّهُمْ لَا يَرْجِعُونَ**﴾ **الأنبياء/٩٥**، خەڵکی ئەو گوندە جارێکی تر نەگەڕانەوە ناو گۆڕەپانی ژیان.

- ﴿**أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنْ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ**﴾ **يس/٣١**، لێرەشدا دیسانەوە ئەو سەدانەی کە تێپەڕیون ناگەڕێنەوە.

- ﴿**وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ**﴾ **الحاقة/٦**، نەتەوەی عادیش کە ڕەشەبا لەناوی بردن کەسیان لێ دەرباز نەبوو.

لە ئایەتەکانەوە ئەوە تێدەگەین کە لەناوچوونی گەل و نەتەوەکان جیایە لە مردنیان، ئەگەر کۆمەڵگەیەك بمرێت ئەوا جارێکی تر ئەگەری گەڕانەوەی هەیە بۆسەر شانۆی ژیان و دەسپێکردنەوەی بەشداریکردن لە بونیادنان و بەڕێوەبردنی شارستانییەتدا و وەك بکەرێك بەردەوامیی بدات بە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی، وەك نموونەی کۆمەڵگەی ئەڵمانیی کە توانی

جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر شانۆی ژیان، بەڵام تیاچوون و فەوتانی هەر کۆمەڵگەیەك ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کۆمەڵگەیە هەڵوەشاوە و دابڕاوە و ناتوانێت جارێکیتر هەستێتەوە و درێژە بە بوون و کاریگەریی و ڕۆڵی بدات، وەك ئەو هۆز و نەتەوانەی کە خواوەند باسی لەناوچوونی کردوون بۆمان.

لەم سەربەنەوە لەو گوتەیەی خواوەند تێدەگەین کە دەڵێت: ﴿إِنْ امْرُؤٌ هَلَكَ﴾ واتای ئەوەیە کە هیچیەك لەو لقانە و هیچیەك لەو باوانانە و تەنانەت هاوسەرەکەشی کە دەشێت دواتر بتوانن درێژە بە شوێنەوار و کاریگەریی و ناوی بدەن، نەماونەتەوە، بۆیە هیچ چەشنە بەردەوام بوونێکی لەژیاندا نەماوەتەوە، ئەم حاڵەتەش جیاوازە لە حاڵەتی کەلالەی یەکەم کە هاوسەرەکەی ماوە، هەروەها تێدەگەین کە وێناکردن و ناوهێنانی بەو شێوەیە، مرۆڤێکە نە ڕۆڵەی نە نێر و نەمێ و نە نەوە و نەدایك و نەباوك و نە باپیرە و داپیرەشی لەدوا بەجێ نەماوە، (ئەم حاڵەتەش لە زمانی هەورامیی خۆماندا ئەم ڕستەیەی بۆ بەکار دەهێنین و دەڵێین: قەرەچۆڵەش بڕێنۆ).

هەروەك چۆن فیهقزانە بەڕێزەکان وشەی (وَلَد) یان بەپاڵنەری چەند هۆکارێکی سیاسیی و ڕامیارییەوە کە پێشتر لەم کتێبەدا باسمان لێوە کردوون، قەتیس کردوە لە ڕۆڵەی نێرینەدا، لێرەدا و لە حوکمەکانی ئایەتی کەلالەی دوەمیشدا، درێژە بەو قەتیس کردنە دەدەن، وایان گوتووە کە ئەگەر مردووەکە ڕۆڵەی نێرینەی نەبێت، ئەوا خوشك نیوەی میراتەکەی دەبات، یان کچێکی هەبێت، ئەمەش بەلای ئێمەوە هیچ بایەخێکی نییە.

بەمەشەوە نەوەستاون، بەڵکو سەریان کێشاوە بۆ جیاوازیی کردن لەنێوان برا و خوشکی باوکییدا و هەروەها لەنێوان برا یان خوشکی دایکییدا، ئەو قسەیەشیان داوەتە پاڵ ئەبوبەکری سدیق گوایا لە گوتارێکدا گوتوویەتی: "ئەو ئایەتەی کە خواوەند لە سورەتی النساء دا دایبەزاندووە لە بارەی فەرزکراوەکانەوە، سەرەتاو بەشی یەکەمی لەبارەی ڕۆڵەی

باوکەوەیە، دووەمەکەشی لەبارەی هەردوو هاوسەر و براو خوشکەوەیە، ئەو ئایەتەش کە کۆتایی سورەتی **النساء** ی پێهێنراوە لەبارەی برا و خوشکە دایکییەکانەوە دایبەزاندووە. ئەو ئایەتەش کە کۆتایی سورەتی **الأنفال** ی پێهاتووە، لەبارەی خاوەن ڕەحمەکان **(أولي الأرحام)** ەوە دایبەزاندووە".

بە ئاماژە بۆ ئەوەی کە ڕابورد، بە پێویستی دەزانین قسە لەسەر بابەتێك بکەینەوە کە چەندین جار جەختمان لەسەر کردووەتەوە و بریتییە لە: هەموو یاساکانی میرات لە دەسنیشان کردنی بەشەکانی میراتگرەکاندا بەدیاریی کراویی بۆ ئەوە دابەزیون کە لە حاڵەتەکانی کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێن، نەك بەسەر حاڵەتی تاکە کەسیدا، واتە: لە حاڵەتەکانی میراتگراندا کە نێر و مێشی تێدا بێت، بوونی میراتگرانێك لەیەك ڕەگەز (چەند برایەك، چەند خوشکێك، منداڵ و ڕۆڵەی نێرینە، منداڵ و ڕۆڵەی مێینە) بەهۆی ڕوونیی **حاڵەتەکەوە** پێویستی بە نیگایەك نییە تا پێیان بڵێت: بەیەکسانیی سامانە جێماوەکە دابەش بکەن لەنێوان خۆیاندا، واتە: ئەگەر میراتگرەکان تەنها نێرینە بوون یان تەنها مێینە، سامانە جێماوەکە بەیەکسانیی دابەش دەکرێت.

ئەگەر بە ڕیزبەندیی ئەو حاڵەتانە بخوێنینەوە کە خواوەند لە ئایەتی ١٧٦ ی سورەتی **النساء** دا خستوونیەتە ڕوو، دەبینین هاوشێوەی ئەو حاڵەتانەی لقەکانن کە لە ئایەتی ١١ ی سورەتی **النساء** دا هاتوون، بەڵام ڕیزبەندییەکەیان هەڵگەڕێنراوەتەوە و مێینە وەك خۆی بە گۆڕاویی ماوەتەوە و نێرینەش پەیوەست و پاشکۆی ئەوە:

١- حاڵەتی بوونی یەك خوشك: ﴿**وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ**﴾، گومانی تێدا نییە ئەگەر ئێمە وا دابنێین کە ئەم یاسایە لەحاڵەتی تاکەکەسەکاندا جێبەجێ دەکرێت، واتە: مردووەکە تەنها خوشکێکی هەبێت لەژیاندا بێت، ئەوکات دەبینین نیوەی سامانە جێماوەکە ماوەتەوە و ئایەتەکەش ناوی خاوەنەکەی نەهێناوە، لێرەدا دڵنیا دەبینەوە کە برایەك لەبەرانبەر ئەم

خوشكەوە بوونی هەیە، لە ئاكامدا: خوشكەكە نیوەی سامانە جێماوەكەی مردووەكە دەبات و براكەش نیوەكەی تری: حاڵەتی بوونی برا و خوشك، هاوشێوەی حاڵەتی سێیەمە لە میرات گرتنی لقەكاندا، واتە: بەشی نێر = بەشی مێ.

٢- حاڵەتی بوونی دوو خوشك ئەوە دەگەیەنێت كە برایەك لەبەرانبەریانەوە هەیە: ﴿**فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ**﴾، ئەم حاڵەتەش هاوشێوەی حاڵەتی دووەمە لە میرات گرتنی لقەكاندا لەگەڵ جیاوازییەكدا بە نەبوونی ڕێژە: ﴿**فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾ **النساء/١١**، دوو مێینەكە دووسێیەكیان بۆ هەیە نێرەكەش سێیەك، واتە: بەشی نێر = بەشی مێ.

٣- حاڵەتی چەند خوشكێك و برایەك، بریتییە لەو حاڵەتە گشتییەی كە پوختەی ئەوەیە كە باسكرا: ﴿**وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ**﴾، ئەمەش هاوشێوەی ئەو حاڵەتەیە كە خواوەند یاساكانی میرات گرتنی پێ دەست پێكرد و بە وردیی قسەمان لەسەر كرد و بینیمان كە هەموو حاڵەتەكان دەگەڕێنەوە سەر ئەو، چوونكە حاڵەتێكی گشتییە و هەموو حاڵەتەكانی تر چ ئەوانەی لەسەرووی خۆیەوەن یان ئەوانەی كە لە خوار خۆیەوەن كۆ دەكاتەوە، یەكسان بوون و دووسێیەك: ﴿**فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ**﴾، واتە: وەك ئەوەی پێشتر باس و ڕاڤەمان كرد: نێر وەك بەشی مێیەكی دەكەوێت، واتە: بەشی نێر = بەشی مێ.

خواوەند حاڵەتەكانی میراتگرتنی لقەكانی دووبارە كردووەتەوە، بەڵام بە شێواز و ڕێگەیەكی پێچەوانە، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی كەلالەی دووەمدا بەوە بگەین كە خوشك و براكان سامانە جێماوەكە و میراتی مردووەكە بەیەكسانیی بەش بكەن لە نێوان خۆیاندا، ئەگەر یەكێك لە خوشك و براكانیش پێشتر مردبێت ئەوا بەشەكەی دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵەكانی بەنێر و مێوە.

پاش ئەم ڕوونکردنەوە دوورودرێژە بۆ بەشەکانی میراتگران لە باوانەکان و لە لقەکان و لە هاوسەران و لە خوشك و براکان، خواوەند یاساو سنوورەکانی بەم شێوەیە کۆتایی پێ دەهێنێت: ﴿يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾، واتە زانستی خواوەند بریتییە لەو ئاکارە هاوبەشەی کە لە نێوان هەموو ئایەتەکانی میرات گرتندایە.

لەکۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، لە حاڵەتی مردنی کەسێکدا کە هیچکام لەو کەسانەی نەبێت کە لە ئایەتەکانی میراتدا ناویان هاتووە، بەو واتایەی نە هاوسەر و نە باوان و نە لق و نە خوشك و برای لێ بەجێ نەمابێت و وەسیەتیشی بەجێ نەهێشتبێت، پێویستە قازیی بەو شێوەیەی کە خۆی بەشیاوی دەزانێت، هەستێت بە دابەش کردنی سامانە جێماوەکەی، لەم حاڵەتەدا بۆچوونی قازیی لە جێگەی وەسیەتی مردووەکەدایە.

## پوختەی بابەتەکە

دەگەڕێینەوە بۆ سەرلەنوێ تێڕامانمان لە ئایەتەکان، دەبینین خواوەند بەشی میراتگرەکانی بەپێی پلەی نزیکییان لە مردووەکەوە دیاریی و دەسنیشان کردووە، لە نزیکترینەوە بۆ دوورترین، سەرەتا بە ڕۆڵە و منداڵەکان دەستی پێ کردووە، بە نێر و مێیانەوە و پێکەوە بن، یان تاك تاك.

سامانی جێماوی مردووەکە هەمووی بۆ ڕۆڵەکانی و ئەو نەوانەیەتی کە باوکیان پێشتر مردووە، ئیتر جیاوازیی نییە کە یەك ڕۆڵەی نێر یان مێ بێت، یان دوو ڕۆڵە یان کۆمەڵێك بن، بۆ هەر حاڵەتێك سنور و یاسای خۆی بۆی داناوە، پاشان چووەتە سەر باسی باوك و دایك، ئەگەر لەژیاندا مابن هەریەکەو بەشی خۆیانی بۆ دیاریی کردوون، ئەمانە هەمووی دوای ڕاپەڕاندنی وەسیەتێك ئەگەر مردووەکە کردبێتی، یان دانەوەی قەرزێك کە لەسەر مردووەکە بێت، دوای ئەوانە هەرچی لە سامانە جێماوەکە مایەوە دابەش دەکرێت بەسەر

ڕۆڵە و نەوەکانی مردووەکەدا بەپێی ژمارەیان و دەقی ئایەتەکان کە باسی لێوە دەکەن، بەشی هەریەك لە لقەکان و باوانەکانیش فەرزێکە لەلایەن خواوەندەوە، مەبەستمان پشکی دیاریی کراوی خۆیانە. دواتر چووەتە سەرباسی هاوسەران و لەگەڵ بوونی باوان و منداڵانی مردووەکەدا، بەشی خۆیانی بۆ دیاریی کردوون، دوای ڕاپەڕاندنی وەسیەتنامەی مردووەکە ئەگەر وەسیەتی بەجێ هێشتبێت، یان دانەوەی قەرزێك ئەگەر لەسەری بێت، ڕێك وەك چۆن هەردوو باوك و دایکی مردووەکە بەشی خۆیان وەردەگرن، هاوسەرانیش بەشی خۆیان وەردەگرن، پاشان هەرچیی مایەوە دابەش دەکرێت بەسەر منداڵەکانی مردووەکەدا، خواوەند بەشی هەریەك لە باوانەکان و هاوسەرەکانیشی ڕوون کردووەتەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر مردووەکە ڕۆڵەی لێ بەجێ مابێت، یان لێی بەجێ نەمابێت، بەشێوازێکی ڕوون لێی تێدەگەین کە بوونی کەسی نزیك تر، ڕێ لە کەسی دوورتر دەگرێت لە میرات گرتندا، ئیتر جیاوازیی نییە ئەو کەسە یەك کەس بێت یان زیاتر، نێر بێت یان مێ. پاشان خواوەند دوای ئەمانە هەمووی چووەتە سەر باسی چۆنییەتی دابەش کردنی میراتی مردوێك کە باوك و دایکی پێش خۆی مردبن و منداڵیشی لێ بەجێ نەمابێت، ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە بەپێی ئایەتی ١٢ ی سورەتی **النساء**، پێی دەگوترێت: ﴿**رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً**﴾. بەشی خوشك و براکانی ڕوون کردووەتەوە ئەگەر بن، بەرەچاو کردنی ئەوەی کە بەشی هاوسەران و خوشك و براکان لە حاڵەتی کەلالەی یەکەمدا بریتییە لە چەند سنورێك، کە بریتین لە فەرزکراوی خوشك و براکان لە کەلالەی دووەمدا. لە بابەتی کەلالەشدا، خواوەند لە چوارچێوەی بنەمای گشتیی: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلَ حَظِّ الأنثيَين**﴾ دا بەشێوەیەك ڕوونی کردووەتەوە کە گومان هەڵ نەگرێت و بەشی برا یەکسانە بە بەشی خوشك.

## چەند نموونەیەکی جێبەجێ کردن

**١ـ پیاوێك مردووە و ژن و دایك و سێ ڕۆڵەی (یەك مێینە و دوو نێرینە) ی لێ بەجێ ماوە:**

أ ـ سەرەتا ئەو قەرزانە دەدەینەوە کە لە ئەستۆیدایە، بە هەموو ئەو باجانەی دەوڵەتیشەوە کە تا ئەو ڕۆژەی مردووە هاتووەتونەتە سەری، دوای قەرزەکانی ئەگەر شتێك لە سامانەکەی مایەوە، درێژە بە دابەش کردنی دەدەین.

ب ـ پاشان ئەگەر وەسیەتێکی بەجێ هێشتبوو، دەسدەکەین بە جێبەجێ کردنی وەسیەتەکەی بەو شێوەی کە ڕایسپاردووە یان نووسیویەتی، تەنانەت ئەگەر ئەو وەسیەتە هەموو سامانە جێماوەکەشی بگرێتەوە، ئەگەر وەسیەتیشی بەجێ نەهێشتبوو، یان ئەگەر وەسیەتی جێ هێشبوو و دوای جێبەجێ کردنی، شتێك لە سامانەکە مایەوە، درێژە بە پرۆسەکە دەدەین، با وادابنێین ئەو بڕەی کە ماوەتەوە ١٠٠ دینارە.

ت ـ هەشتیەك دەدەینە ژنەکەی، واتە: ١٠٠÷ ٨ = ١٢,٥ ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٨٧,٥ ، شەشیەکیش دەدەینە دایکەکەی، واتە: ٨٧,٥ ÷ ٦ = ١٤,٥٨ ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٢,٩٢، بەوپێیەش کە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی ژمارەی مێینەکان بە بەراورد بە ژمارەی نێرەکان بریتییە لە: ١ ÷ ٢ = ٠,٥ کە بچووکترە لە ٢، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەشی مێینە یەکسانە بە بەشی نێرینە کە بریتییە لە: ٧٢,٩٢ ÷ ٣ = ٢٤,٣١، سەرنج دەدەین لێرەدا بەشی نێر وەك بەشی مێینە وایە، سەرنجی ئەوەش دەدەین لەم دابەش کردنەدا، گێڕانەوە و تەواوکردن (**الرَّد والعول**) پێویست نەبووە و نەهاتوەتە ئاراوە:

١٢,٥ + ١٤,٥٨ + ٢٤,٣١ + ٢٤,٣١ + ٢٤,٣١ = ١٠٠.

**٢ـ ژنێك مردوە و مێردەکەی و دایك و باوکی و چوار ڕۆڵەی (دوو مێینە و دوو نێرینـە) ی لێ بەجێماوە:**

أ ـ سەرەتا قەرزەکانی دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین لە سامانە جێماوەکەی ١٠٠ دینار ماوەتەوە.

ت ـ یەك لەسەر چوار دەدەینە مێردەکەی، واتە: ١٠٠ ÷ ٤ = ٢٥، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٥، شەشیەکی جێماو دەدەین بە باوکەکە، واتە: ٧٥ ÷ ٦ = ١٢,٥ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٦٢,٥، شەشیەکیش دەدەینە دایکەکە، واتە: ٧٥ ÷ ٦ = ١٢,٥ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٥٠، بەوپێیەش کە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی ژمارەی نێرەکان بریتییە لە ٢ ÷ ٢ = ١، کە بچوکترە لە ٢، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشی مێینە، ئەوەیە کە یەکسانە بە بەشی نێرینە، کە بریتییە لە: ٥٠ ÷ ٤ = ١٢,٥، لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە بەشی نێر وەك بەشی مێ وایە، هەروەها سەرنجی ئەوەش دەدەین کە پێویستمان نییە بە گێڕانەوە و تەواوکردن (**الرَّد والعول**):

٢٥ + ١٢,٥ + ١٢,٥ + ١٢،٥ + ١٢,٥ + ١٢,٥ + ١٢,٥ =١٠٠.

**٣ـ پیاوێك مردوە و ژن و پێنج ڕۆڵەی لێ بەجێماوە (سێ مێینە و دوو نێرینە):**

أ ـ قەرزەکانی دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامەیەکی بەجێ هێشتبێت جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە ١٠٠ دینار.

ت ـ هەشتیەك دەدەینە ژنەکەی، واتە: ١٠٠ ÷ ٨ = ١٢,٥، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٨٧,٥، بەو پێیەش کە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی ژمارەی مێینەکان بە بەراورد بە ژمارەی نێرەکان بریتییە لە: ٣ ÷ ٢ = ١,٥ و کەمترە لە ٢، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشی مێینە یەکسانە بە بەشی نێرینە، کە بریتییە لە: ٨٧,٥ ÷ ٥ = ١٧,٥، لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین، بەشی نێر ئەوەیە کە وەك بەشی مێینە وایە، هەروەها لەم حاڵەتەدا سەرنجی ئەوەش دەدەین کە پێویستمان نییە بە گێڕانەوە و تەواوکردن (**الرَّد والعول**):

١٢,٥ +١٧,٥ + ١٧,٥ + ١٧,٥ + ١٧,٥ + ١٧,٥ = ١٠٠.

**٤ـ پیاوێك مردوە و ژن و دایك و پێنج منداڵ (یەك نێرینە و چوار مێینە) ی لێ بەجێماوە:**

أ ـ قەرزەکانی دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە ١٠٠ دینارە.

ت ـ هەشتیەك دەدەینە ژنەکەی، واتە: ١٠٠ ÷ ٨ = ١٢,٥، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٨٧,٥، شەشیەك دەدەینە دایکەکەی، واتە: ٨٧,٥ ÷ ٦ = ١٤,٥٨، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٢,٩٢، بەوپێیەش کە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی ژمارەی مێینەکان، بە بەراورد بە ژمارەی نێرەکان، بریتییە لە: ٤ ÷ ١ = ٤ و گەورەترە لە ٢، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشی مێینەکان بریتییە لە دووسێیەك، واتە: ٧٢,٩٢ × ٢ ÷ ٣ = ٤٨,٦١، بۆ هەر مێینەیەك ٤٨,٦١ ÷ ٤ = ١٢,١٥، بەڵام نێرەکە سێیەکی دەکەوێت، واتە: ٧٢,٩٢ ÷ ٣ = ٢٤,٣١، لەم حاڵەتەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە بەشی نێرینە، دووبەرانبەری بەشی مێینەیە، لە دابەشکردنەکەشدا پێویستمان نەبوو بە گێڕانەوە و تەواوکردن (**الرَّد والعول**):

١٢,٥ + ١٤,٥٨ + ٢٤,٣١ + ١٢, ١٥ + ١٢,١٥ + ١٢,١٥ + ١٢,١٥ = ١٠٠.

**٥ـ پیاوێك مردوە و ژن و سێ ڕۆڵەی نێرینە و سێ نەوەی مێینەی لە كوڕێكی پێشتر مردوویەوە لێ بەجێماوە:**

أ ـ قەرزەكان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەكی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەكەین، با وادابنێین ئەوەی كە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ هەشتیەك دەدەینە ژنەكە، واتە: ١٠٠ ÷ ٨ = ١٢,٥، ئەوەی كە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٨٧,٥ و دابەشی دەكەین بەسەر چوار نێرینەكەدا (وادادەنێین كە كوڕە مردووەكەشی زیندووە)، ئەوكات بەشی یەك نێرینە بریتییە لە: ٨٧،٥ ÷ ٤ = ٢١،٨٧٥، بەشی نێرینە مردووەكەش بەیەكسانیی دابەش دەكەین بەسەر سێ كچەكەیدا و بەشی هەریەكەیان بریتیی دەبێت لە: ٢١,٨٧٥ ÷ ٣ = ٧,٢٩ و لەم حاڵەتەشدا پێویستمان نەبوو بە گێڕانەوە و تەواوكردن **(الـرَّد والعول):**

١٢,٥ + ٢١,٨٧٥ + ٢١,٨٧٥+ ٢١,٨٧٥+ ٧,٢٩ + ٧,٢٩ + ٧,٢٩ = ١٠٠.

**٦ـ ژنێك مردوو برایەك و مێردی لێ بەجێما و نە باوان و نەلق، هیچی نەمابوو:**

أ ـ قەرزەكان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەكی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەكەین، با وادابنێین ئەوەی كە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ نیوەی سامانە جێماوەكە دەدەینە مێردەكە، واتە: ١٠٠ ÷ ٢ = ٥٠، شەشیەكیش دەدەینە براكە، واتە: ١٠٠ ÷ ٦ = ١٦،٦٧، ئەوەی كە دەمێنێتەوە بریتییە لە ٣٣,٣٣، پاشماوەكە بریتییە لە ٣٣,٣٣ سەرەڕای ئەوەی كە وەك هاوسەر و مێرد نیوەكەشی وەرگرتووە، لەسەر ئەو

بناغەیەی کە کە نیوە لانیکەمی بەشی مێردە، ئەم پاشماوەیەش دەدەینە مێرەدەکە و ئەوکات بەشەکەی دەبێتە ٥٠ + ٣٣,٣٣ = ٨٣,٣٣، سەرنج دەدەین کە برا، هەموو سامانی جێماوی خوشکەکەی بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە ئەگەر مێردی لێ بەجێ نەمێنێت، ئەمەش وەك ئەو وایە، واتە: مێرد هەمووشت بەمیرات دەگرێت ئەگەر، نە باوان و نە لق و نە خوشك و نە برا لەژنە مردووەکەی بەجێ نەمابێت، هەروەها ژنیش هەمووشت بە میرات دەگرێت ئەگەر مێردە مردووەکەی نە باوان و نە لق و نە خوشك و برای لێ بەجێ نەمابێت.

**٧ـ پیاوێك مردوە و ژن و چوار خوشك و برای لێ بەجێماوە، نە باوان و نە لقی لێ بەجێ نەماوە:**

أ ـ قەرزەکان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ چواریەکی سامانە جێماوەکە دەدەینە ژنەکە، واتە: ١٠٠ ÷ ٤ = ٢٥، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٥، هەموو خوشك و براکان پێکەوە سێیەکیان دەدەینێ ، واتە: ١٠٠ ÷ ٣ = ٣٣,٣٣ ÷ ٤ = ٨,٣٣ واتە: بەشی هەریەك لە چوار خوشك و براکە بە بێ جیاوازیی، بریتیی دەبێت لە: ٨,٣٣ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٤١,٦٧ و سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر وەك ژن و هاوسەری مردووەکە چواریەکی وەرگرتووە، ئەم پاشماوەیەش دەیدەینە ژنەکە، ڕێك وەك ئەوەی کە لە نموونەی ڕابوردوودا کردمان لەگەڵ مێردەکەدا، ئەوکات کۆی ئەو بەشەی کە بەر ژنەکە دەکەوێت بریتیی دەبێت لە: ٦٦,٦٧، ئەمە لە کاتێکدایە کە نە بەشی هیچ برایەك و نە بەشی هیچ خوشکێکیش لە: ٨,٣٣، زیادی نەکرد، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە ئیبنوسیرین دژ وەستایەوە لەگەڵ ئیبنوعەباسدا تیایدا و بەڵگەی

دەستیشی بریتیی بوو لە: ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأنثَيَيْن﴾ و وای بۆچووبوو کە ئەم سنوورە پێویستە لە هەموو حاڵەتێکدا جێبەجێ بکرێت.

**٨ـ پیاوێك مردوە و دایك و ژنێکی لێ بەجێماوە، ئیتر نە باوك و نە ڕۆڵەی لێ بەجێ نەماوە:**

أ ـ قەرزەکان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ چواریەکی سامانە جێماوەکە دەدەینە ژنەکە، واتە: ١٠٠ ÷ ٤ = ٢٥، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٥، ئەو سێیەکەی کە ماوەتەوە دەیدەینە دایکەکە، واتە: ٧٥ ÷ ٣ = ٢٥ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە، بریتییە لە: ٥٠ و ئەمیش دەیدەینە ژنەکە و بەشەکەی دەبێتە ٧٥ و بەشی دایکەکەش ٢٥.

**٩ـ پیاوێك مردوە و دایك و باوك و ژن و چەن خوشك و برایەکی لێ بەجێماوە، بەبێ منداڵ:**

أ ـ قەرزەکان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ چواریەکی سامانە جێماوەکە دەدەینە ژنەکە، واتە: ١٠٠ ÷ ٤ = ٢٥، ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٥، شەشیەکی جێماوەش دەدەین بە دایکەکە، واتە: ٧٥ ÷ ٦ = ١٢,٥ و هەرچی مایەوە دەیدەینە باوکەکە، واتە: ٧٥- ١٢,٥ = ٦٢,٥.

**١٠- پیاوێك مردوە و دایك وباوك و سێ کچی لێ بەجێماوە:**

أ ـ قەرزەکان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ شەشیەك دەدەینە باوکەکە، واتە: ١٠٠ ÷ ٦ = ١٦,٦٦، شەشیەکیش دەدەینە دایکەکە، واتە: ١٠٠ ÷ ٦ = ١٦,٦٦ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٦٦,٦٦، ئەم ٦٦,٦٦ پاشماوەیە بەیەکسانیی دابەش دەکەین بەسەر سێ کچەکەدا، ئەوکات دەردەکەوێت کە بەشی یەك کچ بەبێ گێڕانەوە و تەواوکردن (**الرَّد والعول**)، بریتیی دەبێت لە ٢٢,٢٢.

**١١- پیاوێك مردوە و چوار کچ و ژن و دایك و چەند خوشك و برایەکی لێ بەجێماوە:**

أ ـ قەرزەکان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ هەشتیەك دەدەینە ژنەکە، واتە: ١٠٠ ÷ ٨ = ١٢,٥ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٨٧,٥، شەشیەکی ئەوەی کە ماوەتەوە، دەدەینە دایکەکە، واتە: ٨٧,٥ ÷ ٦ = ١٤,٥٨ و ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ٧٢,٩٢، ئەم پاشماوەیە بەیەکسانیی دابەش دەکەین بەسەر چوار کچەکەدا، ئەوکات دەردەکەوێت کە بەشی یەك مێینە بریتییە لە: ١٨,٢٣، هەروەها سەرنجی ئەوە دەدەین کە لێرەشدا پەنامان نەبردە بەر گێڕانەوە و تەواوکردن (**الرَّد والعول**)، هەروەها تێگەشتین کە بوونی مێینە، بووبە ڕێگر لەبەردەم مام و پورەکاندا و مام و پورەکان میرات ناگرن.

**١٢ـ پیاوێك مردوە و نەباوان و نە لق و نە ژنیشی لێ بەجێ نەماوە، بەڵام تەنها خوشك و برای هەن:**

أ ـ قەرزەکان دەدەینەوە.

ب ـ ئەگەر وەسیەتنامە و ڕاسپاردەیەکی بەجێ هێشتبوو جێبەجێی دەکەین، با وادابنێین ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە: ١٠٠ دینار.

ت ـ سامانی جێماوی مردووەکە بەیەکسانیی دابەش دەکرێت بەسەر خوشك و براکانیدا (بەبێ جیاوازیی لە نێوان نێر و مێدا).

## کۆتاییەك لە بارەی وەسیەتەوە

١ـ وەسیەت کردن بریتییە لە بناغەی یەکەم لە گواستنەوەی ساماندارییدا، بەلای خواوەندیشەوە پێشخراوە بەسەر وەسیەتەکەی خۆیدا (یاسای میراتگرتن)، چوونکە ئەو پێشمەرج و هەلومەرجە تایبەتانەی تێدا لەبەرچاو دەگیرێن کە تایبەتن بە وەسیەتکارەکەوە، هەروەها دادگەریی تایبەت لەسەر ئاستی تاکەکان جێبەجێ دەکات، خواوەندیش ڕێزی لە خواست و ویستی مرۆڤ گرتووە و ئەوەی بەباش زانیوە کە مرۆڤ خۆی ڕێکاری دابەش کردنی سامانەکەی دوای مردنی خۆی هەڵبژێرێت.

لە پرۆسەی وەسیەت کردنیشدا دادگەریی تایبەت جێبەجێ دەبێت، هەموو مرۆڤێك خۆی شارەزا و بەئاگاترە لە هەلومەرجەکانی تایبەت بە خێزاکەی، ئەو قسە و بۆچوونەش کە بەبیانووی ئەوەی کە پێغەمبەر خۆی وەسیەتی نەکردووە، پێی وایە: نابێت پەنا بۆ وەسیەت کردن ببرێت و باشتر ئەوەیە کە پشت بە میرات گرتن ببەسرێت، ئەم قسە و بۆچوونە بەلای ئێمەوە بۆچوونێکی پێکەنین ئاوەرە، چوونکە ئەو بۆچوونە و خاوەنەکانی، لەلایەك، تێکەڵییەك دروستدەکات لە نێوان خاوەندارییەتیی ماددیی و، لەلایەکی تریشەوە لە نێوان

جێنشینیی و پێشەوایەتیی و سەرۆكایەتیی دەوڵەتدا، هەروەها لەبەر ئەوەی كە ئەو قسەی پێغەمبەریشی نادیدە گرتووە كە (ئەگەر ڕاست دەرچێت) گوتوویەتی: "لەنێو ئێوەدا شتێكم بەجێ هێشتووە كە ئەگەر پابەندی بن دوای من هەرگیز گومڕا نابن، ئەویش پەڕاوی خواوەندە". ئەمەش لە دیدی ئێمەوە، لەسەر ئاستی بیروباوەڕدا، وەسیەتێكی ڕاشكاو و ڕوونە، هەروەها خاوەنی ئەو قسە و بۆچوونە ئەوەشی بیر چووە كە پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر) ـ ئەگەر ڕاست دەرچێت ـ گوتوویەتی: "**ماتركناه صدقة** ـ واتە: ئەوەی لەئێمە بەجێ دەمێنێت خێراتە"، ئەمەش دیسان وەسیەت و ڕاسپاردەیەكە لەسەر ئاستی خاوەندارییەتیی ماددیی.

٢ـ لە وەسیەت كردندا نەڕێژە و نە بەشی دیاریكراو نییە كە پێویست بێت وەسیەتكار پابەندیان بێت لە وەسیەت كردنەكەیدا، چوونكە ڕێژە و بەشەكان لە وەسیەت كردندا پەیوەستن بە خواست و ویستی وەسیەتكارەكە خۆیەوە و بەو شێوەی كە لە دیدی خۆیەوە بەشیاوی دەزانێت.

٣ـ خواوەند ڕێزی لە خواست و ویستی مرۆڤ گرتووە لە دابەشكردنی سامانەكەیدا بەوشێوەی كە خۆی بەشیاوی دەبینێت، بەڵام لە خانەی ڕێنمایی كردندا ئەو لایەنانەی بیر هێناوەتەوە كە واچاكە لەبیریان نەكات و ڕەچاویان بكات لەكاتی وەسیەت كردنەكەیدا (باوك و دایك، كەسە نزیكەكان، یەتیم و بێ باوكان، هەژاران، منداڵە بێدەسەڵاتەكان).

٤ـ ئەو لایەنانەی كە وەسیەت كردن دەیانگرێتەوە، فراوانترن لەوانەی كە میراتگرتن دەیانگرێتەوە، لە وەسیەتدا چەند ڕەگەزێك هەن كە ناویان هاتووە، لە میراتگرتندا نین و ناویان نەهاتووە.

٥ـ وەسیەت یاسایەكی تایبەتە لە بازنەیەكی گشتییدا، بەڵام میرات و میراتگرتن، یاسایەكی گشتییە لە بازنەیەكی گشتییدا و بۆ چەند كەسێكی دیاریكراوە، واتە: وەسیەت، بابەتێكی تایبەتە لە بوارێكی گشتییدا، بەو واتایەی كە بۆ نموونە: مرۆڤێك لە شاری دیمەشق دەژیی،

دەتوانێت وەسیەت بکات و بەشێك لە سامانەکەی بدات بە منداڵێکی بێ باوك لە ئەفریقا، یان بە زانکۆیەك لە حەڵەب، یان بیدات بە خانەیەکی بەساڵاچوان لە سۆماڵ، یان بیدات بە نەخۆشخانەیەك لە جەزائیر... بەڵام میرات، بابەتێکی گشتییە لە بوارێکی تایبەتدا، بەو واتایەی ئێمە ناتوانین لەو بازنەیەی میراتگرتن بچینە دەرەوە کە یاساکانی میراتگرتن بەتایبەتیی دەسنیشانیان کردووە، هەروەها لە هەردووکیاندا (وەسیەت و میراتگرتن)، جەدەلییەت و مشتومڕی گشتیی و تایبەت، خۆی حەشار داوە، لەم سەربەن (**المنطلق**) ەوە، هەنگاو هەڵدەگرین بەرەو ئەم دیدگایەی خوارەوە.

٦ـ دەکرێت و دەسدەدات کە: وەسیەت و میراتگرتن، پێکەوە کۆبکەینەوە، بەوەی کە مرۆڤ بەپێی حەز و خواستی خۆی، بەشێك لە سامانەکەی تایبەت بکات و دای بنێت بۆ وەسیەت و ئەوی تریشی بۆ میرات، هیچ ڕێگرێك و سنوردارکەرێکیش لەبەردەمیدا نییە، لەوەش زیاتر دەوڵەت دەتوانێت یاسایەك دەربکات و بەپێی ئەو یاسایە بڕی تایبەت بە وەسیەت و بڕی تایبەت بە میرات دەسنیشان بکات، بەڵام ئەو یاسا و یاسازییە مۆرکی هەمیشەیی و ئەبەدییەت لەخۆ ناگرێت، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە بنەمای (**لاوصیَّة لِوارِث** ـ وەسیەت بۆ هیچ میراتگرێك نییە) هیچ پێگەیەکی نییە و بەلامانەوە هیچ نییە.

٧ـ وەسیەتکار دەتوانێت لە حاڵی ژیانی خۆیشیدا وەسیەتەکەی جێبەجێ بکات، لەژیانی ڕۆژانەی خۆشماندا سەرنجی ئەوە دەدەین کە زۆرێك لە خەڵك، وەك ڕاکردنێك لە بنەمای (**لاوصیَّة لِوارِث** ـ وەسیەت بۆ هیچ میراتگرێك نییە)، کە فیقهزانە بەڕێزەکانی ئەم سەردەمە پێداگریی دەکەن لەسەر ناچارکردنی خەڵك بۆ جێبەجێ کردنی، پەنا دەبەنە بەر ئەم چەشنە چارەسەرە، هەروەها بۆ ڕاکردن و خۆلادان لە بەشدارکردنی مامەکان لە میراتگرتندا لەحاڵەتێکدا کە ئەگەر وەسیەتکارەکە ڕۆڵەی نێرینەی نەبێت، چوونکە منداڵە مێیینەکانی ناتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم مام و پوورەکاندا لە میراتگرتن، ئەمەش ئەوەیە کە لەم

سـەردەمەدا یاسـاکانی میراتگـرتن جێبـەجێی دەکـەن و، پێویسـتی بـە گـۆڕین هەیـە، لـەم پەڕاوەشماندا یاسای جێگرەوەمان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش کردووە.

٨ـ بەشـی هەریـەك لـەو لایـەن و کەسـانەش کـە وەسـیەتکار دەسنیشـانیان دەکـات، بەشـی دەسنیشانکراو و ڕاگەیەنراون.

## کۆتاییەك لەبارەی بابەتی میراتگرتنەوە

١ـ بژاردەیەکی تر لەبەردەم مرۆڤدا بۆ گواستنەوەی خاوەندارییەتی بریتییە لە پشت بەستن بەو یاسای مـیرات گرتنـەی کـە لـە دابـەزێنراوی بەجێدا هـاتووە، کـە یاسـایەکی گشـتییە و حاڵەتە تایبەتەکان لەبەرچاو ناگرێت و خواوەند وەك ڕاسپاردەی خۆی بۆ سـەرجەم دانیشـتوانی سەر گۆی زەویی دای ڕشتووە. بۆیە یاسایەکی یەدەگە و کاتێك دەکەوێتـە کـار کـە وەسـیەت لـەئارادا نـەبێت، یـان لـە حاڵەتێکـدا کـە وەسـیەت هـەبێت و هـەموو سـامانە جێماوەکـەی مردووەکە نەگرێتەوە: ﴿**مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ**﴾. ئـەو یاسـا خواییـە چـەند یاسـایەکی گشتیی تێدایە کە یەکسانیی لەسەر ئاستی گشـتیی (کۆمەڵـەکان) دا دەچەسـپێنێت، نـەك لـە سەر ئاستی تایبەت (تاکەکان) دا.

٢ـ لە منداڵەکاندا بەشی نێر یەکسانە لەگەڵ بەشی مـێ، نێـر دووبەرابـەری مـێ وەرناگرێـت، مەگەر تەنها لە حاڵەتی بوونی یەك نێر لەبەرانبەر هەر چوار مێینـەدا: ﴿**فَـإِنْ كُـنَّ نِسَـاءً فَـوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ**﴾ النساء/١١.

٣ـ ئەو یاسایانەی میرات کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون، بـۆ ئـەوەن کـە لـەو حاڵەتانـەدا جێبەجێ بکرێن کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کۆدەبنەوە (دایك/باوك، خوشك/برا، ژن/مێرد).

بەڵام ئەو حاڵەتانەی کە میراتگرەکان تەنها یەك ڕەگەزن، وەك ئەوەی مردووەکە تـەنها ڕۆڵـەی نێرینەی هەبێت، یـان تـەنها ڕۆڵـەی مێینـەی هـەبێت، یـان تـەنها بـرای هـەبێت، یـان تـەنها

خوشکی هەبێت، میراتگرتن لەم حاڵەتانەدا بەیەکسانیی دەبێت، هیچ میراتگرێك زیادە ڕێزی نییە بەسەر میراتگرێکی تردا لە هەمان ڕەگەز، هەروەها پێویست بە نیگا و وەحییەکیش ناکات تا ئەم ڕێگە چارە سروشتییە ڕۆشن بکاتەوە، چوونکە ئەمانە یاساگەلێکی داخراو و خۆسەرن و پێویستیان بە ڕاڤە و شیکردنەوە نییە لە دەرەوەی خۆیانەوە، نە پێویستیان بە حەدیسی پێغەمبەرە و نە بە ڕاوبۆچوونی هاوەڵان و نە بە هی شوێنکەوتوانیان.

٤ـ (وَلَد) لە ئایەتەکانی میراتدا، دەشێت نێرینە بێت و دەشێت مێینەش بێت. مەسەلەی ئەوەش کە نێر دەبێتە ڕێگری کەسێك لە بردنی بەشەمیراتدا و مێینە نابێتە ڕێگر، یان ئەوەی ئەو (وَلَد) ەی کە لە ئایەتەکانی میراتدا هاتووە گوایا تەنها بریتییە لە نێر، ئەمە ئیجتیهاد و بیروڕایەکە لەسەر پاڵنەری سیاسیی و دیدگای نێرسالاریی بۆ کۆمەڵگە بونیاد نراوە و لەم سەردەمەدا هیچ هۆکارێك نەماوە بۆ ئەوەی پێداگریی بکەین لەسەر پابەند بوون بەو ڕاوبۆچوون و ئیجتیهادەوە.

٥ـ بەپێی ئەو یاسای میراتگرتنەی کە لە سورەتی **النساء** دا هاتووە، هیچکەس میرات ناگرێت بێجگە ئەوانەی کە ناویان لەو ئایەتانەدا هاتووە کە پەیوەستن بە بابەتی میراتگرتنەوە، واتە: باوانەکان و لقەکان و هەردوو هاوسەر، هەروەها براکان لە حاڵەتی نەبوونی باوان و لقەکانی مردووەکەدا.

٦ـ باوانەکان هەرچەن سەرکەون بەرەو ژوور، دەچنە ژێر ناو و خانەی (آباء) ەوە، بوونی هەر یەکێکیشیان لەژیاندا، لەبەر ڕۆشنایی (نزیکتر و پاشان دوورتر) دا، ڕێگەی میراتگرتن دەگرن لە دوای خۆیان و بەرەوژوور.

٧ـ لقەکانیش هەرچەندە دابەزن بەرەوخوار، دەچنە ژێر ناو و خانەی (ألأبناء) ەوە، بوونی هەریەکێکیشیان لەژیاندا، لەبەر ڕۆشنایی (نزیکتر و پاشان دوورتر) دا، ڕێگەی میراتگرتن

دەگرێت لە دوای خۆی و بەرەو خوار، هەرکام لە ڕۆڵـەکانیش کـە پێشـتر مردبێـت، بەشـەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ ڕۆڵەکانی.

٨ـ بەشـەکانی باوانـەکان و لقـەکان کـە لـە ئایـەتی ١١ ی سـورەتی **النسـاء** دا هـاتوون، بەشگەلێکی دەسنیشانکراو (**عينية**) ن، نەك سنووریی (**فَريضَة**): ﴿**فَرِيضَةً مِنْ اللَّهِ إِنَّ اللَّـهَ كَـانَ عَلِيمًا حَكِيمًا**﴾.

٩ـ بەشەکانی ژن یان مێرد، هەروەها بەشـەکانی خوشـك و براکـان بەشـگەلێکی (**حـدودي**) ن: ﴿**تِلْكَ حُدُودُ اللهِ**﴾ **النساء/١٣**، بەواتای ئەوەی کـە بەشـی یـەکێك لـە هاوسـەرەکان بریتییـە لـە لانیکەم: ﴿**مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ**﴾ **النساء/١٢**، لەکاتێکدا کە بەشـی خوشـك و براکـان (لـە حاڵـەتی نەبوونی منداڵ و دایك و باوکدا) بریتییە لە لانی زۆر، واتە: ئەگەر کەسێك مرد و نە بـاوان و نە لق و نە هاوسەر و نە خوشك و نە برای نەبوو، ئەوکاتـە لانـی زۆر و سـەرووی میراتگرتنـی خوشك و براکان بریتییە لە: سێیەك: ﴿**وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوْ امْرَأَةٌ وَلَـهُ أَخٌ أَوْ أُخْـتٌ فَلِكُـلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ**﴾ **النسـاء/١٢**، سـەرەڕای بەشـە بنەڕەتییەکـەی خـۆی، پاشمـاوەی میراتەکـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هاوسەرەکە.

١٠ـ ئایەتی ١٧٦ ی سورەتی **النساء** تایبەتە بە میراتگرانی ئەو مردووەوە کە نە باوان و نە لق و نە هاوسەری نییە، هەموو میراتەکەشی بەیەکسـانیی دابـەش دەکرێـت لـە نێـوان خوشـك و براکانیدا و (لقەکانیاندا لەحاڵەتی مردنی برا یان خوشکدا).

١١ـ میراتگرتن بەدیاریکراویی تەنها بۆ ژنی یەکەمە، ئیتر ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم لـە حاڵەتی فرە هاوسەرییدا، هیچکامیان بۆیان نییە مـیرات بگـرن، چوونکە بێوەژنـەکان پێشـتر میراتیان گرتووە.

١٢ـ لە حاڵەتی کەلالەی یەکەمدا، بەشی باوانەکان و لقەکان، فەرز کراو (**فرائض**) ن و، بەشی هاوسەران و ژن و مێرد و خوشك و براکانیش، سنوور (**حُدُود**) ن، لە حاڵەتی کەلالەی دووەم (**الهَلاك**) یشدا، بەشی خوشك و براکان فەرز کراو (**فرائض**) ن.

١٣ـ ئەوەی کە پێی دەگوترێت (**التَعصيب**) و ئەوەش کە پێی دەگوترێن (**الرَّد وِ العَول**) بوونیان نییە، بەڵکو ئەوانە بیرورای هاوردەن و دزەیان کردووەتە ناو فەرهەنگی ئایینەوە و هیچ بنەمایەکیان نییە لە دابەزێنراوی بەجێدا.

لەکۆتاییدا هەموو ئەمانەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە یاساکانی میراتگرتن دادگەریی گشتیی جێبەجێ دەکەن (وەك کۆمەڵەکان) نەك دادگەریی تایبەت.

## بناغەی گشتیی لە میراتگرتندا

$$0 < \frac{\text{ژمارەی مێینەکان}}{\text{ژمارەی نێرەکان}} \leq 2$$

بەشی نێر = بەشی مێ

ژمارەی مێینەکان

≥٢

---

ژمارەی نێرینەکان

بەشی نێر = سێیەك

بەشی مێ = دووسێیەك

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کاتێك ڕێژەی ژمارەی مێینەکان بە بەراورد بە ژمارەی نێرینەکان یەکسانە بە ٢، لەم حاڵەتەدا و لە هەمان کاتدا هەموو حاڵەتەکانی میراتگرتنی تێدا جێبەجێ دەبن، واتە: بەشی نێرینە یەکسان دەبێت لەگەڵ بەشی مێینەدا، هەروەها بەشی سێ مێینە دووسێیەکە و بەشی نێرینەکانیش سێیەك. بۆیە ئایەتەکە بە بەشی مێینەکان دەستی پێ کردووە: ﴿**يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾.

تێبینیی: پرۆگرامی ژمێریاریی میراتگرتن گەشەی پێدراوە بەپێی خوێندنەوەی هاوچەرخ، محەممەد شەحروور (کوڕەزا) ش جێبەجێی کردووە، پرۆگرامەکەش لە پێگەی فەرمییدا هەیە:

WWW.shahrour.org

هەروەها بەم بۆنەیەوە ئەپڵیکەیشنێکیش ئامادە کراوە (Application) تا لەسەر هاند و گوشییە گوازراوەکانەوە ئیش بکات.

# بەشی دووەم

# هاوسەرگیریی و گرێبەستەکانی هاوسەرگیریی

## دەسپێك...

بەو پێیەی کە پەیامی **محەممە**دیی کۆتایی پێهێنەری پەیامەکانە، بەهاتنی ئەو پەیامە سەردەمی نێرسالاریی داخرا و سەردەمی یەکسانیی نێوان نێر و مێ لە: میراتگرتن و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارییەتیی لەبەڕێوەبردنی ژیان و ساماندارییدا (**القِوامة**)، دەستی پێکرد و سەردەمی سەرەتای کۆتایی پێهێنانی کۆیلایەتیی و گۆڕینی بە چەمك و تێگەیشتنێکی تر کە بریتیی بوو لە (**مُلكُ اليَمين**) دەستی پێکرد، ئەم چەمك و جێگرەوەیەش (**مُلكُ اليَمين**) بریتییە لە پەیوەندییەك لەسەر بنەمای گرێبەست، لەنێوان خەڵکدا و لەجێگەی ئەو پەیوەندییەدا کە لەسەر بنەمای کۆیلایەتیی بوو و لە دێرزەمانەوە باو و بەربڵاو بوو، پەیڕەوکرا.

هەرکەس سەرنج بدات لەپەڕاوی خواوەند تێدەگات کە ئەو پەڕاوە جیاوازیی ناکات لە نێوان نێر و مێدا و لە زیاتر لەبوار و ئایەتێکدا یەکسانیی لە نێوانیاندا ڕوون و ڕاشکاوە و هاومل و هاوتای یەکتر ناویان هاتووە: **المؤمنين و المؤمنات و المسلمين والمسلمات** و لە دابەزێنراوی بەجێدا و لە زیاتر لە جێگەیەکدا ئەم یەکسانییەی کە ئێمە باسی دەکەین جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەمەش زیاتر، زانایانی بواری زمانی عەرەبیی دەڵێن: سەرەڕای ئەو دارشتە نێرینەییەی کە زاڵە بەسەریدا، گوتاری خوایی کە ئاراستەی باوەڕداران کراوە، نێریش و مێش دەگرێتەوە، هۆکاری ئەوەش کە مۆرکی نێرینەیی زاڵە بەسەریدا، ئەوەیە کە لە کۆتایی سەردەمی باوکسالاریی (ألأبوة) دا هاتووە.

بەوپێیەش کە هەموو پەیام و پێغەمبەرەکان لەسەردەمی نێرسالاریدا هاتوون، گوتاری خواییش لە هەموو پەڕاوە جۆراوجۆرە ئاسمانییەکاندا نێرانە هاتووە، پێغەمبەران و پەیامهێنانیش نێر بوون، تەنانەت ناوی شکۆمەنییش (الله) لە دابەزێنراوی بەجێدا بە نێر هاتووە: ﴿هُوَ اللهُ﴾.

ئەو کەمیی و نەنگییەش کە کەلەپوور لکاندوویەتی بە ژنەوە، وەك ئەوەی کە گوایا ئایین و ژیریی ئافرەت ناتەواوە، لەو دید و دونیابینیە گومان لێکراو و شێوێنراوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگەی نێرسالاریی باو و زاڵ سەپاندوویەتی.

شتێکی سروشتیشە کە ئەو دید و دونیا بینییە شێوێنراوە سەر بکێشێت بۆ چەند بوار و بابەتێك و خوێندنەوەی بۆ چەند ئایەتێکی تر لە دابەزێنراوی بەجێدا، لە سۆنگەی ڕادەسبوون و ملکەچییەوە بۆ ئەو دید و دونیابینییە نێرانە باو و زاڵەوە، ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، لەڕیزی پێشەوەی ئەو بوارانەشدا، بابەتی میراتگرتن و هاوسەرگیریی و لێك جیابوونەوە و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارییەتیی (**الطَّلاق و القِوامة**).

سەرنجی هەلومەرجی ژیان لە دەوروبەرماندا دەدەین، دەبینین ژن ئەو پێویستییەی کە هەیبوو بەپیاو (چ وەك باوك یان برا یان مام یان کوڕەمام) تا لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا بە دوایەوە بێت، هەست دەکەین ئەو پێویستییە ڕوولە کزییە و هەستی نێرایەتیش لە پەیوەندییە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە پاشەکشەدایە، کە پێشتر لە کۆمەڵگەکاندا ئەم هەستە حوکمی دەکرد بەسەر تێگەیشتن و دونیابینیی فەقیھ و ڕاڤەکارەکاندا کاتێك ڕادەمان لە ئایەتەکانی میرات و گرتنە دەستی بەرپرسیارییەتیی (**ألإرث و القِوامة**).

دەبینین زانستی نوێ لە بواری کۆپیکردندا دەیسەلمێنێت کە مێینە دەتوانێت بەبێ نێر سەرلەنوێ خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵام نێر بەبێ مێینە ناتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە.

هەروەها بینیمان کە ژن لەسەدەی بیستویەکدا لەسەر ئاستی جیهانیی، چەندین پیشە و پێگە و پلەی دەسخستووە لە بوارەکانی پزیشکیی و دادوەریی و لەزانکۆکان و لە زانسگەکاندا، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ژن ـ زیاد لەوەی کە لە دروستکردن و بوونیدا کەمتر نییە لە پیاو ـ ئەوەش دەسەلمێنێت کە لە توانا و توانستە عەقڵیی و ژیرییەکانیدا کەمتر نییە لە پیاو.

بۆیە دەبێت لە دوای هەموو ئەمانەوە و بەپێی تێپەڕبوونی مێژوویی (سەدەی بیستویەك) و گۆڕانی سەرەمرەی کۆمەڵایەتیی و مرۆڤیی و لە سەربەنی جیهانیی بوونی پەیامی محەممەدییەوە و هەروەها لە سۆنگەی ئەوەوە کە هەلومەرجی بابەتیی ملکەچی گۆڕان و گۆڕانی سەرەمرە لەڕوانگەی تێپەڕبوونی مێژووەوەیە، دەگەینە ئەوە کە ئەو هەلومەرجە بابەتییە تاکە خاوەنی ڕاستەقینەیە لە دەرخستن و خستنەڕووی ڕاستاندنی گوتە و کەلامی خواوەند، لەم ڕوانگانەوە و لەدوای دەرکەوتنی هەموو ئەو ڕاستییە زانستییانەی سەرەوە، دەبێت سەرلەنوێ خوێندنەوەیەك بکەین بۆ ئایەتەکانی میراتگرتن و ئایەتەکانی هاوسەرگیریی و لێك جیابوونەوە و گرتنەدەستی بەرپرسیارییەتیی و قیوامە.

گوتمان ڕاستاندن (مِصداقیَّة) ی دابەزانێنراوی بەجێ بە تاوتوێ کردنی کەلیماتەکانی خواوەند دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، (هەلومەرجی بابەتیی گەردوونیی و کۆمەڵایەتیی). لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی بابەتیی و کۆمەڵایەتیدا، ئەو کەلێن و ناتەواویانەی کە لە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە کۆنەکاندا هەن بۆ ئایەتەکانی ئەحکام و میراتگرتن و قیوامە، هەموویان دەردەکەون، ئەوکات بۆ تێپەڕاندنی ئەو کەلێن و ناتەواوییانە و بەرپەرچدانەوەیان، پێویست دەکات پێداچوونەوە و چاوپیاخشاندنەوەیەك بکەین بەو لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە کۆنانەدا و چەند خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی تازە لەچوارچێوەی ڕێسا و ئامرازی مەعریفیی تازەدا بخەینە ڕوو و پێشکەش بکەین، پاشان بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجی بابەتیی و کۆمەڵایەتییەوە ئەو خوێندنەوە کۆنانە دەسەوسان مانەوە لە وەڵامدانەوەی هەلومەرجی بابەتیی ژیاندا دوای

گۆڕانی، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە پێویستە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی تازە بەرهەم بهێنین و چاو بەوانەی ڕابوردوودا بخشێنینەوە... هەروەها.

گومانیش لەوەدا نییە کە دابەزێنراوی بەجێ گرنگییەکی گەورەی داوە بە کۆمەڵگە، چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵەکان، هەروەها گرنگیی زۆری داوە بە خێزان و بنەماڵە، چ وەك ژن و چ وەك دایك و چ وەك باوك و چ وەك منداڵەکانیان، گرنگیی زۆریشی داوە بە مرۆڤ، بە نێر و مێیەوە. ئایەتەکان هاتوون هێڵە سەرەکییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕەنگڕێژ کردووە و ڕوونیان کردووەتەوە کە پێویستە پەیوەندیی هەموو ئەو تاکانەی سەرەوە لەگەڵ یەکتردا چۆن بێت.

گومان لەوەشدا نییە کە کتێبەکانی فیقه و ئەدەبیاتی ئیسلامیی و کەلەپوور، لەسەردەمی خۆیاندا و لە دیدگای خۆیانەوە بۆ ئەو هێڵە سەرەکییانەی کە دابەزێنراوی بەجێ دایڕشتوون و بەپێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئایەتەکان، گرنگییەکی زۆریان داوە بەم بابەتانە و ڕەنگڕێژ کردنی وردەکارییەکانی وێنەکەیان تەواو کردووە.

ئەو وردەکارییانەش بەو شێوەیەی کە فیقهی بۆماوە و ئەدەبیاتە کەلەپوورییەکە لەلایەکەوە بە سازگاریی لەگەڵ دابەزێنراوی بەجێدا و لەلایەکی تریشەوە بەسازگاریی و گونجان لەگەڵ هەلومەرجی باوی ئەو سەردەمەدا و لەڕێگەی ئەو گرفتانەوە کە لە کاتی داڕشتنی ئەو فیقهەدا لە ئارادا بوون و لەڕێگەی ئەو سیستەم و ئامرازە مەعریفییانەوە کە لەو سەردەمەدا باو و بەربڵاو و پەیڕەو کراو بوون، ئەو وردەکارییانە هاتن و بڵاو بوونەوە.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات ئەوەیە کە فەقیه و نووسەرەکانی ئەدەبیاتە ئیسلامییەکە، پێداگریی دەکەن لەسەر پابەندیی بەو وێنەیەوە کە لە هەردوو سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا کێشراوە و ڕەنگڕێژ کراوە، واتە کاتێك کە پەیوەندییە خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و مرۆڤییەکان، پەیوەندیگەلێکی تیرەگەرایی و خێڵایەتیی بوون و لەسەر کۆیلایەتیی و

کەنیزەکبازیی و باڵادەستی نێرسالاریی بونیاد دەنران و بەڕێوە دەبران، ئەمەش وای کردبوو کە ناچار بن لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا ئەو گوتەیەی کە دەڵێ: ئیسلام بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێك گونجاوە، جێبەجێ بکەن و گەشەسەندن بدەنە دواوە و بیسڕنەوە و گۆڕانکارییەکانی کات و شوێنیش ڕابگرن.

لەوێوە و بەلای ئەوانەوە وێنەی خێزان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، سازگاربوونی خۆی لەگەڵ هەلومەرجی ژیاندا لەدەسدا، تا ئەو وێنەیە وای لێهات لەم سەردەمەدا وا بدات بەچاوەوە، بۆ جیهانێکی ئەوتۆ کێشراوە کە هیچ پەیوەندییەکی نەبێت بە گۆی زەوییەوە، ئەم وێنەیە دوای ئەوەی کە پەیوەندیی خۆی بە هەلومەرجی ژیانی ئێستەوە لەدەستدا و لەڕێگەی زۆر و زۆرکاریی و خوێن ڕشتنەوە نەبێت ناکرێت جێبەجێ بکرێت.

لەم پێشەکییەدا پێویست بوو ئەم ئاماژەیە بدەم بۆئەوەی بتوانم بڵێم: کاتێك لەبارەی میراتگرتن و باڵادەستیی و گرتنەدەستی بەرپرسیارییەتیی و چەندییەتیی لەهاوسەرگیریی و خۆداپۆشییەوە، بەو شێوەیەی کە هێڵە سەرەکییەکانی لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون دەنووسم، ئەم کارە لە سۆنگەی تێگەیشتنی ئەمڕۆی خۆمەوە بۆ ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێ و لە بەر ڕۆشنایی زەمینەی مەعریفیی ئەم سەردەمەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆمە زانین و زانستە ژیاریی و مرۆڤییانەوە دەکەم کە تاکۆتایی سەدەی بیست و بەسازگاریی هەموو ئەمانە لەگەڵ هەلومەرجی بابەتیی خۆم و هەلومەرجی باوی ئەم سەردەمەدا. لەم کارەشمدا پابەندی هیچ فیقه و تەفسیرێك نابم کە خاوەنەکەی دوانزە سەدە لەمەوپێش نووسیویەتی. ئەگەر ئەو فیقه و نووسینە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمەکەی خۆیدا گونجاو و ساگاریش بووبێ، بەدڵنیاییەوە لەگەڵ هەلومەرجی ئەم سەردەمەدا ناگونجێت و سازگار نییە، لەوانەیە لەم دوو نموونەی خوارەوەدا زیاتر مەبەستەکەم ڕوونتر ببێتەوە:

١ـ زەمەخشەریی ئەم بڕگە ئایەتە بەم شێوەیە ڕاڤە دەکات : ﴿**وَالأرضَ بَعدَ ذالِكَ دَحَاهَا**﴾ **النازعات/٣٠**، دەڵێت: (**دَحَاهَا**) یانی: ڕایخست. پاشان لە قامووسەکەشیدا (**أساس البَلاغَة**)، ئەم مانایەی جێگیر کردووە و لەوێش دەڵێت: (**دَحَاهَا**) واتە: ڕایخست و ڕایکێشا و فراوانی کرد. زەمەخشەریی تاکەکەس نەبووە کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا بەم ئاراستەیەدا بیری کردوەتەوە، بەڵکو پێش ئەویش (**إبنُ الرّومي**) باسی نانەوایەك دەکات کە چۆن گونکەکانی داوەبەیەکدا و بڵاوی کردوونەتەوە، دەڵێت: (**يَدحوا الرّقاقة مِثلَ اللمح بالبَصَر**).

ئەمەش تانەدان نییە لە پارێزکاریی ئیبنوعەباس و تواناو لێهاتوویی زەمەخشەریی لە بواری زمان زانییدا، هەروەها تانەش نییە لە توانستی شعرخوانیی ئیبنوڕۆمیدا، ئەوان بەتەواوی گونجاو و سازگار بوون لەگەڵ ئەو زەمینە زانستیی و مەعریفیەی سەردەمەکەیاندا، کە هەر ئەو زەمینە زانیستیی و مەعریفییە گوتوویەتی: زەویی ڕووتەختە.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە ئایا من ئەمڕ و پاش ئەوەی کە شێوە گۆییەتی زەوی سەلماوە، هەر دەبێت پابەندی ئەو تەفسیر و ڕاڤەکردنەی ئەو سەردەمانەی ڕابووردوو بم؟

٢ـ سیوتیی لە تەفسیرەکەیدا پێی وایە چەمك و دەستەواژەی (**العَبْد**) لەهەر شوێنێکی دابەزێنراوی بەجێدا هاتبێت واتای کۆیلە و بەندایەتیی دەگەیەنێت، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**لَنْ يَسْتَنكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْدًا لِلَّهِ وَلَا الْمَلَائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ وَمَنْ يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا**﴾ **النساء/١٧٢**.

بێ ئاگا بووە لەوەی کە (**العَبْد**) لە ڕیشەی (**العِبادة**) ەیە، بە بەڵگەی بەشێك لە هەمان ئایەت کە دەڵێت: ﴿**وَمَنْ يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ**﴾، سیوتیی بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو لەهەمان ڕوانگە و تێگەیشتنەوە، لە ڕاڤەی ئەم بڕگە ئایەتانەشدا سەری کێشاوە بۆ ڕاڤە کردنی (**العَبدُ و الأمَة**): ﴿**وَلَأَمَةٌ مُؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُم**﴾ ، ﴿**وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ**﴾ **البقرة/٢٢١**، بۆ پشتیوانی بۆچوونەکەشی، لەلایەن خۆیەوە گوتەیەکی شاراوە (**لفظ**

**مُضمَر**) ی زیاد کردووە لە ئایەتەکەدا بۆ ئەوەی واتاکەی بەلای ئەوەوە ببێتە: کەنیزەکی خاوەنداری باوەڕدار باشتر لە کەنیزەکی ئازادی موشریك، هەروەها کۆیلەی باوەڕدار باشترە لە کۆیلەی موشرك، گەرچی جێگەی سەرنجیشتان بێت.

سیوتیش تاکەکەس نەبووە بەم شێوە تێگەیشتبێت و تێکەڵی کردبێت لەنێوان ئەو (**عَبد**) ەدا کە کۆکەی دەبێتە (**عِباد**) و، ئەو (**عَبد**) ەشدا کە کۆکەی دەبێتە (**عَبید**)، پێش ئەویش زۆربەی ڕاڤەکارە ناودارەکان وایان کردووە. ئەمەش تانەدان نییە لە پارێزکاریی و دڵسۆزیی ئەو بەڕێزانە، یان تانەدان بێت لە توانا و لێهاتوویییان لە بواری زمان و شارەزایی و فقهزانییاندا، ئەوان تەواو ساز و گونجاو و هاوتەریب بوون لەگەڵ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەدا کەتیایدا ژیاوون و باوبووە، کاتێك کە کۆیلایەتیی و کۆیلەبوون سیستەمێك بووە و پایەداربووە. پرسیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا من لەمڕۆدا هەر دەبێت پابەندی ئەو تێگەیشتنە بم، لەکاتێدا کە سیستەمی کۆیلایەتیی لەجیهاندا هەڵوەشاوەتەوە و مێژوو پێچاویەتەوە؟

سەرەتا بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی حوکمەکان دەست پێدەکەم لە شەریعەتی ئیسلامییدا بەو شێوەیەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە. ئەو تایبەتمەندییانەی وایان کردووە دابەزێنراوی گونجاوبێت بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێك و بەئەندازێکیش نەرموو نیان بێت کە بگونجێت لەگەڵ گەشەی زانین و مەعریفەکانی مرۆڤدا. ئەگەر سەرنجی شەریعەتی موسا بدەین لە پەیمانی کۆندا، دەبینین لە ٦١٣ بڕگەی ڕێساسازیی پێك هاتووە، لەکاتێکدا ئایەتەکانی ئەحکام لە دابەزێنراوی بەجێدا لە یەك لەسەردەی ئەو ڕێژەیە تێپەڕ ناکەن. حوکمەکان بەشێوەی تایبەت و دەست نیشان کراویی هاتن بۆ موسا، حوکمی حاڵەتێکی دیاریکراویان دەکرد، بەڵام حوکمەکانی دابەزێنراوی بەجێ بەشێوەی گشتیی و تێکڕایی هاتن. لەڕێگەی چۆنییەتی خستنەڕوویەوە بۆ ئایەتە موحکەمەکان و ئەو ڕوون کردنەوانەیەوە کە کردوویەتی بۆ سنوور و پەڕاو و فەرزکراوەکان (**الحُدود و الکُتُبَ و الفَرائض**)، دەتوانین هەست بەم

گشتییەتیی و داگرندەییەش بکەین. سەبارەت بە سنوور (**حُدود**) ەکانیش، بۆ نموونە: دەبینین سزاکانیان تێدایە، بەلاّم لە پەڕاوەکان (**الکُتُب**) دا، بۆنموونە: ڕۆژوو و وەسیەت کردنیان تێدایە، لەکاتێکدا کە لە فەرزکراو (**فرائض**) ەکاندا ڕاپەڕاندنی نوێژ و زەکات و میرات گرتنیان تێدایە، ئەم سێ بابەتە، بەوشێوەیەی کە شیی کراونەتەوە لە پەیامی موحەممەدیدا، وادەکات و ڕێگە دەدات بە پەیامەکە، کە گونجاو و لەبار بێت بۆ ئەوەی بسازێت لەگەڵ هەموو سەردەم و سەرزەمینێکدا. هەروەك چۆن هەرشتێك مەودا و کێڵگەیەکی هەیە لە بووندا، هەموو مەودا و کێڵگەیەکیش چەند سنوورێکی هەیە و سەر و خواری دیاریی دەکەن و نێوان سنورەکان دەبێتە بواری جوڵەی ئەو شتە لە مەودا و کێڵگەکەیدا، بەو شێوەیەش هەریەك لە حەرام و حەلاڵ سنووری خۆیانیان هەیە. لەوانەیە گۆڕەپانی یاریی تۆپی پێ باشترین نموونە بێت بۆ ئەم باسە. وەك چۆن سنووری خەڵك و تەماشاکارەکان لە دوولاکەیەوە و دووگۆڵەکە لە سەر و خواریەوەن، ئەم سنوورانە مەودایەك دەسنیشان دەکەن کە ئەو مەودایە دەبێتە گۆڕەپانی یارییەکە و بەملیۆنان ئەگەری تێدا دێتە ئاراوە. ئەگەر یاریزانێك تۆپەکەی خستە دەرەوەی یاریگاکەوە، سزا دەدرێت بە وەرگرتنەوەی تۆپەکە لەدەستی ئەو و دەدرێتە بەرانبەرە ڕکابەرەکەی تا دەست بکاتەوە بەیاریکرن لە چوارچێوەی یاریگاکەدا. ئایەتەکانی ئەحکام و ڕێساسازیی لە دابەزێنراوی بەجێدا بۆئەوە هاتن تا ئەو سنوورە خواییانە ڕوون بکەنەوە کە سنورگەلێك بۆ مرۆڤ دیاریی دەکەن تا جوڵەی تێدا بکات و لە ناویدا ژیان بکات، چەند سنورێکی دیاریکراون و مرۆڤ بۆی نییە خۆی بدات لە هێڵەکانیان یان هەندێ جار تەنانەت بۆی نییە لێشیان نزیك بکەوێتەوە، وەك لە پەڕاودا لەبارەی ڕۆژووەوە هاتووە: ﴿**تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا**﴾ **البقرة/١٨٧**، یان لە کات و جێگەیەکی تردا مرۆڤ بۆی هەیە لەسەر سنورەکە بوەستێت، بەلاّم نەیبەزێنێت، وەك: ﴿**لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ**﴾ **النساء/١١**، خواوەند درێژە بە خستنەڕووی نموونەکان دەدات لە حاڵەتەکانی میرات گرتندا لە ئایەتەکانی ١١ و ١٢ ی سورەتی **النساء** دا و بەکورتیی و پوختیش لەئایەتەکانی ١٣ و ١٤ دا

هـاتووە: ﴿**تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِـدِينَ فِيهَـا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ * وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ**﴾، واتە: ئێمە لـە ئایەتـەکانی مـیرات گرتنـدا دەبیـنین: ئایـەتێکیان کـە ئایـەتی ١١ ی سـورەتی **النساء** ە فەرزکراوەکانی تێدایە، ئایەتێکیشیان کە ئایەتی ١٢ یە لە هـەمان سـورەتی **النسـاء** دا، سنور و (**حُدُود**) ەکانی تێدایە.

بنەما و بناغـەکانی جوڵەکردنیش لە چوارچێوەی ئەم مەودا و کێڵگەیەدا، بریتین لە:

١ـ بەراورد کردنی شاهد بە شاهد. واتە: بەڵگە ماددیە سەرژمێرییەکان لەبارەی دابەشـکردنی سامانەوە و بەشداریی پێ کردنی ژن لە کارکردندا (ڕاستاندنی دەرەکیی).

٢ـ زمانی عەرەبیی ڕوون و ڕەوان لەسـەر بنـەمای خـاڵی بـوونی دابـەزێنراوی بـەجێ لـە هـاو واتایی و تێخزاندنی وشە.

٣ـ ڕامـاڵینی دژبەیـەکیی لـەو ئایەتانـەی دابـەزێنراوی بەجێدا کـە سـەبارەت بەیـەك بابـەتن (ڕاستاندنی نێوخۆیی).

بەو پێیەش کە ئەم بناغـانە بواری گرنگیی پێدانی مرۆڤن، بوارێکیان تێدایە بۆ ڕاست کـردن و هەڵەکردن. هەروەها ئەو بناغـانە لێهاتوویی گەشەسەندنی ئیسلام دەردەحەن لە لێکۆڵینـەوە و ئیجتهادکرن لە شیکاری موحکەمدا بەوشێوەی کـە لەپەیامەکـەدا هـاتووە، هـەروەها بـەپێی گۆڕانی کـات و شـوێنەکان، ئەمـەش وای کـردووە دەرفـەت بڕەخسێت بـۆ بـوونی فرەیـی لـە ئیسلامدا، واتە: ئیجتهـادی مرۆڤیـی لەچوارچـێوەی ئـەو دەقـەدا نـەبێت کـە لـە ئایەتـەکانی وردەکاریی کردن لە موحکەمـدا هـاتووە، ڕوونـادات، ئـیتر ئـەوەی پێـی دەڵـێن: "ئیجتیهـاد لەدەرەوەی دەق" بوونی نییە، چوونکە ئێمە لـەدەرەوەی دەقـدا ئـازادین و بـەهیچ شـێوەیەك شتێك نییە دەسمان بگرێت یان جوڵەمان دیاریی و سنوردار بکات.

## هاوسەرگیریی

موسڵمانەکـان لە ڕیزبەندییەکانیـاندا، هاوسەرگیرییـان وەك تەواوکەری ئایین داناوە و بەردەوامیش پشت دەبەستن بە چەن گێڕانەوە و حەدیسێك کە هانی هاوسەرگیریی دەدەن، وەك: "ئەی پێڕی گەنجان هەرکامتان دەتوانێت و دەستی دەڕوات با هاوسەرگیریی بکات، چوونکە هۆکارە بۆ پاراستنی چاو و داوێن"(**بخاري** ٥٠٦٦). چەند مەرجێکیان بۆ داناوە و مافەکانی هەریەك لە پیاو و ژنیشیان بەش کردووە، بەڵام بەدەر نەبوون لە هەڵگرتنی بیرە شێوێنراوەکان لەبارەی مێینەوە، گوایا شمەکێکە لە شمەکەکانی پیاو و موڵکی پیاوە، خواوەند دروستی کردووە تا پیاو هێمن و هێور بکاتەوە و دایمرکێنێتەوە، ژن هەر لەپەراسوی چەپی پیاویشە:

ئیبنوکەسیر دەڵێت: خواوەند فەرمان دەکات بە بەندەکانی تا پارێزکاربن، کە پارێزکاریی بریتییە لە بەندایەتیی خۆی بەبێ هاوتا، ئاگاداریشیان دەکاتەوە کە: بەو دەسەڵاتەی خۆی لەیەك نەفس دروستی کردوون کە بریتییە لە ئادەم (سڵاوی لەسەر) دواتر ﴿**وخَلَقَ مِنْها زوجَها**﴾ کە بریتییە لە حەووا (سڵاوی لەسەر)، کە لەپەراسوی چەپی ئادەم دروستکراوە لەدوایەوە، لەکاتێکدا ئادەم لەخەودا بوو، کە خەبەری بوویەوە بینیی و سەرنجی ڕاکێشا، هەستیان بەیەکتر ئارام بوویەوە. ئیبنوئەبی حاتەم دەگێڕێتەوە دەڵێت: باوکم بۆی باس کردین، محەممەدی کوڕی موقاتل بۆی باس کردین، وەکیع بۆی باس کردین، لە باوکی هلالەوە، لە قەتادەوە لە ئیبنوعەباسەوە کە گوتویەتی: ژن لەپیاو دروست کراوە... أهـ. (**تفسير إبن كثير ٢٠٦/٢**).

لە ئەبوهورەیرەوە خوای لێ ڕازی بێت کە پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر) گوتویەتی: "ئاگاتان لە ـ **النساء** ـ بێت، چوونکە ژن لە لەپەراسوو درووست کراوە، لارترین جێگەی پەراسوش لای سەروویەتی، ئەگەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە ئەیشکێنی و ئەگەر وازیشی لێ بێنی هەر بەلاری دەمێنێتەوە، بۆیە ئاگاداریان بن و بەچاکەکاریی بەدەمیانەوەبن"(**بخاري ٣٣٣١، موسلم ١٤٦٨**).

ژن هاوئاستی مێردەکەی نییە، بەڵکو لەخوار ئەوەوەیە: "ئەگەر فەرمانم بەکەسێك بکردایە کڕنووش بۆ غەیری خوا ببات، ئەوا فەرمانم دەکرد بە ژن کڕنووش ببات بۆ مێردەکەی" (**ئیبنوماجە** گێڕاویەتەوە ١٨٥٣، **ئەلبانیش** بە دروستی داناوە لە **صحيح سُنَن إبنُ ماجة**)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ژن بەدەر نییە لەوەی یەکێك بێت لەو شمەکانەی کە موڵکی پیاوەکەین، ئەمەش لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی ناڕاستدا هاتووە بۆ ئەم ئایەتە: ﴿**زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنْ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنْ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ**﴾ **آل عمران/١٤**، وایان داناوە کە (**ألنّاس**) تەنها نێرەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ پشتگوێ خستنێکی تەواودا بۆ مێینەکان، پاشان وشەی (**النِساء**) یشیان بە کۆی (**إمرأة**) داناوە و لەوێشەوە داویانەتە پاڵ شمەکەکان.

هەروەها چوونە ناوەوەی ژن بۆ بەهەشت هاوملە لەگەڵ ڕازیی بوونی مێردەکەی لێی: "سەرنج بدە بزانە چۆنیت بۆی و لە کوێی ئەودای، چوونکە ئەو بەهەشت و ئاگری تۆیە" (**صحيح الجامع ١٥٠٩**)، هەمیشەش تەڵاق بەدەستی پیاوە، مەگەر لەگرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیاندا شتێکی جیاواز نووسرابێت، وەك ئەوەی کە مانەوەیان پێکەوە لەدەستی ژنەکەدا بێت، بەڵام لە حاڵەتە ئاساییەکاندا، پیاو دەتوانێت هەرکات ویستی ژنەکەی تەڵاق بدات، تەنانەت بەبێ ئاگاداریی ژنەکەش، بەڵام ئەگەر ژنەکە بە هەر هۆکارێکەوە بوو ویستی جیا ببێتەوە، پێویستە لەسەری کە دەست لە هەموو مافەکانی هەڵ بگرێت، تا مێردەکە ڕازیی ببێت و دەستی لێ هەڵ بگرێت، پیاوەکە دەتوانێت و بۆی هەیە پەنا بباتە بەر ئەوەی کە پێی دەگوترێت: (خانەی گوێڕایەڵیی ـ **بَيتُ الطَاعَة**) تا لەڕێگەی دادگاکانەوە ژنەکەی ناچار بکات بگەڕێتەوە بۆ ماڵی ژنومێردیی لەگەڵ مێردەکەیدا، هەروەك چۆن مێردەکە بۆی هەیە یاری بکات بە کارتی منداڵەکان و لەو ڕێگەیەشەوە ژنەکەی ناچار بکات و فشاری بخاتە سەر.

هەموو ئەمەش لەژێر دروشمی "سوننەتی خوا و پێغەمبەر" دا بەڕێوە دەبرێت، لەکاتێکدا کە وردەکارییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیریی لە دابەزێنراوی بەجێدا، بەتەواوەتیی جیاوەزە لەوەی کە لەفیقهی کەلەپووریدا هاتووە و تاوتوێ کراوە، سوننەتی پێغەمبەریش دوورە و هیچ پەیوەندییەکی

نییە بەو شتەوە کە بەناوی ئەوەوە پەیڕەو دەکرێت، ئەوەش کە لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیشدا بەگشتیی ڕوودەدات و پەیڕەو دەکرێت، بریتییە لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیریی و تازەیەکمان نەهێناوەتە ئاراوە، ناوی گرێبەست (عَقْد) یش بۆ نموونە لە سوریا بریتییە لە (گرێبەستی هاوسەرگیریی) و لەڕابوردوشدا پێی گوتراوە: (مولّەتی خەو - إذنُ النَوم)، بەو واتایەی کە هاوسەرگیریی کورت کراوەتەوە لە کارتێکدا تا بە ڕەزامەندیی دەولّەت و کۆمەڵگە، مولّەتی جوتبوون بدات بەهەردوو هاوسەر و هەر بەپێی ئەو کارتە پەیوەندیی زایەندیی و سێکسی لە حەرامەوە دەگۆڕدرێت بۆ حەڵاڵ، ئەم گرێبەستە هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ گرێبەستی کڕینی ئۆتۆمۆبێلێك کە نرخ و شێوازی دانی نرخەکە و مەرجە یاساییەکان لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا کە هەموومان دەزانین ژیانی ژنومێردایەتی تەنها سێکس و زایەندیی نییە، کاری زایەندیی لەژیانی ڕۆژانەدا بەرێژەی ٢٪ زیاتر ناگرێتەوە، واتە: ئەو گرێبەستە ٩٨٪ ی کاتی ژیانی هاوبەش ناگرێتەوە کە ژیانی ئاسایی تێدا بەڕێ دەکرێت.

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە ئاراوە بریتییە لەوەی کە ئایا: پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) چۆن هاوسەرگیریی کرد لەگەڵ خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلددا؟ ئایا ئەو هاوسەرگیرییە یەکەم هاوسەرگیریی بوو لە مێژوودا؟ ئایا خەڵکی ئەو سەردەمە دابونەریتی تایبەت بەخۆیان نەبووە لە هاوسەرگیریدا و پێغەمبەر و یارەکانیشی پەیڕەوییان لەو دابونەریتە نەکردووە؟ ئایا پێغەمبەر بە سەرپەرشتیارەکەی خەدیجەی گوتووە: بەپێی پەڕاوی خوا و سوننەتی خۆم، خەدیجەم بدەرێ و لێم مارە بکە، کە هێشتا پەڕاوی خوا نەهاتبوو؟.

ئەوەی کە بەئێمە گەیشتووە و زانراوە لامان بریتییە لەوەی کە: پێغەمبەر لەگەڵ مامەکانی خۆی و خزمە نزیکەکانی خەدیجە و سەرانی هۆزەکەیاندا کۆبوویەوە و داخوازییەکەیان ڕاگەیاندن و دواتریش هاوسەرگیریی ئەنجامدرا، ئەو سەرپەرشتیی خەدیجەی دەکرد و خەدیجەش چاودێریی و سەرپەرشتی محەممەدی دەکرد و پشتگیریی دەکرد لە بانگەوازەکەیدا، ئەو ساڵەش کە خەدیجە کۆچی دوایی تێدا کرد، ناو نرا **ساڵی ماتەمینیی**، چوونکە ئەبو تالبیش لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد، هاوسەرگیرییەکەشیان بیست و پێنج ساڵی خایاند، واتە: بە درێژایی تەمەنی خەدیجە، تا مردن لەیەکی دابڕین.

## هاوسەرگیریی لە دابەزێنراوی بەجێدا

دابەزێنراوی بەجێ پەڕاوێکی لۆژیکییە، چەمك و تێگەیشتنەکان لە دۆخی تایبەت بەخۆیاندا دەخاتە ڕوو، هاوسەرگیریی لەو پەڕاوەدا، بریتییە لە خێزان و ڕەچەڵەك و ژیانێکی هاوبەش کە لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستیی و ئارام گرتن بۆ یەکدیی بونیاد دەنرێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ الروم/٢١.

ئامانج لەو هاوسەرگیرییەش چێژی زایەندیی و ژنوژنخوازیی و ڕەچەڵەك و خواستی منداڵدارییە: ﴿وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ﴾ النحل/٧٢.

﴿وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا﴾ الفرقان/٥٤، ئەو هاوسەرگیرییە چەن پرسێکی دیاریکراو کاریگەرن لەسەری، وەك: مارەیی و جیابوونەوە و وادە (العدَّة) و میرات، سەبارەت بە مارەیی: بریتییە لەوەی کە وەك بەخشیش دەبەخشرێت بەژن، واتە: بەخشیشێکی بێبەرانبەر: ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَرِيئًا﴾ النساء/٤، دەگونجێت ئەم بەخشیشە ئەڵقە و گلکەوانەیەك بێت لە ئاسن، یان چەپکێك گوڵ، یان ئەڵقەیەك بێت لە ئەڵماس، بەپێی توانای مێردەکە، هەروەك خواوەند دەفەرموێت: ﴿لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾ الطلاق/٧، ئەوەش کە ئەم مارەیی و بەخشیشە بکرێتە بناغەی هاوسەرگیرییەکە و دابەش بکرێت بۆ پێشەکیی و پاشەکیی، ئەوە نەریتێکی مێژوویی کۆمەڵایەتیی ڕووتە و هیچی تر، بووەتە هۆی تێکەڵ کردنی مارەیی ژن و حەقدەستی مولکولیەمین (کە دواتر دێینە سەر ئەم باسە و بابەتی مولکولیەمین).

خواوەند بە بەرز و بەڕێزترین دەستەواژە باسی لە ژیانی هاوسەریی کردووە: ﴿**وَإِنْ أَرَدْتُمْ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا * وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا**﴾ **النساء/٢٠، ٢١** ، ئەوەی کە دەڵێت: ﴿**وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ**﴾ پەیوەندییە هاوسەرییەکە بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی خۆشەویستییەکی دووسەرە کە شایستە بێت پێی، ئەم ڕاستییەش لەم ئایەتەدا ڕۆشن دەبێتەوە: ﴿**أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ**... ﴾ **البقرة/١٨٧**، پۆشاکیش بریتییە لە خۆداپۆشین و داپۆشینی بەرانبەریش، هەروەك چۆن ژن بەهۆی پۆشاکەکەیەوە خۆی دادەپۆشێت و خۆی دەپارێزێت لە گەرما و سەرما و شەرمگەی خۆی پێ دادەپۆشێت، ئاواش پیاو بەهۆی ژن و هاوسەرەکەیەوە و ژنیش بەهۆی پیاو و هاوسەرەکەیەوە لە بەرانبەر پێداویستییە جەستەییەکانیانەوە دەبنە پۆشاك بۆیەکتر، ئەمەش مانایەکی ناسك و جوان و وردە کە بەلای زۆرێك لە هاوسەرانەوە هەستی پێ ناکرێت.

بەڵام بابەتی گرنگ لە هاوسەرگیریدا ئەوەیە کە: دابەزێنراوی بەجێ بە پەیماننامەیەکی چڕ و توندوتۆڵ (**میثاقاً غلیظا**) ناوی بردووە: ﴿**وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا**﴾، ئەو پەیماننامە توندوتۆڵە چییە و کامەیە؟

"**المیثاق**" لە ڕیشەی "**وثق**" یە، کە چەمك و یەکەیەکی زمانەوانی قورئانییە و بەکارهێنان و داڕشتەکانی لە سیوچوار جێگەدا لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون و هەموویان لەواتایەکی گشتیی تێناپەڕن کە بریتییە لە "**الرَّبطُ بإحکام** ـ پەیوەستکردن و گرێدان بە توندوتۆڵیی"، ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیریی باسی پێشەکیی و پاشەکیی مارەیی تێدابێت و ئەوکەسەش دیاریی بکات کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بەدەستە، و دەشگونجێت چەند مەرجێکیش لەخۆ بگرێت کە یەکێك لەلایەنەکانی گرێبەستەکە بە پێویستیان بزانێت، ئەوا دەبێت بزانین کە پەیماننامە (**میثاق**) ی هاوسەرگیریی لایەنە مرۆییەکانیش لەخۆ دەگرێت، وەك: ئارامیی بەخشینی دووسەرە و سۆز و بەزەیی (**الرُّوم/٢١**)، هەروەها یەکتر ناسین و

پێکەوەژیان: ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات/١٣، هەروەها باش ڕەفتارکردن لەگەڵ یەکتر و درێژەدان بەژیان بە باشیی یان دەس لەیەکتر بەردان و جیابوونەوە بە جوانیی: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ البقرة/٢٢٩، چەن بڕگەیەکی تریش لەخۆ دەگرێت، وەك: وەفاداریی، ڕاسگۆیی، دڵسۆزیی، ئەم بڕگانە گەورەترن لەوەی کە لە گرێبەستدا تۆمار بکرێن، واتە: پەیماننامەکە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد و بنەماڵە و خاندانەکەش بەگشتیی دەگرێتەوە.

پەیماننامە پابەندییەکی قورسە، بۆیە خواوەند ناوی ناوە "إصْر": ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ آل عمران/٨١، لایەنی پابەند دان بە پەیماننامەکەدا دەنێت و شان دەداتە ژێری، ئەمە حاڵی پەیماننامە و گرێبەستی ئاساییە، ئەی ئەگەر پەیماننامەکە توندوتۆڵ و چڕ"غَلیظ" بێت؟ خواوەند هەڵوەشاندنەوە و شکاندنی ئەم پەیماننامەیەی بە " نَقْض ـ پەیمانشکێنیی" ناو بردووە: ﴿الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ الْمِيثَاقَ﴾ الرعد/٢٠.

بەپێی دابەزێنراوی بەجێ، پیاو پەیماننامەکە دەخاتە بەردەم ژنەوە: ﴿وَأَخَذْنَ مِنْكُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا﴾ النساء/٢١، ئەو پەیماننامە چڕەش بریتییە لەو پەیماننامەیەی خواوەند کە سوێندی لەسەر دەخورێت، ئەو پەیماننامەیە نە گرێبەست نووس و نە بریگرتە و نە وەلی ئەمری تێدا نییە، بەڵکو پەیماننامەیەکی تایبەتە تەنها لە نێوان ژن و مێرددا و بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی کەسوکاری هەردوولا و هاوڕێکانیان ئەنجام دەدرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دابونەریتەی کە پێش بەپێغەمبەربوونی محەممەد پەیڕەو دەکرا و باوبوو لە کۆمەڵگەکەیدا، دەبینین: هاوسەرگیریی لە نەسرانییەتدا بە یەکێك لە نهێنییە

پیرۆزەکان دادەنرا، چوونکە بناغەی خێزان پێك دەهێنێت، هەروەها بە هۆیەوە هەردوو هاوسەر دەبنە یەك جەستە (متی ١٩/٦)، تەڵاق و جیابوونەوەش بوونی نییە، بەڵکو لێکدوورکەوتنەوە هەیە لە حاڵەتە پێویستەکاندا (Separation)، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە لای جولەکەکان تەڵاق بوونی هەیە بەڵام تەنها لەدەست پیاودایە، ژن تەنها گوێڕایەڵیی لەسەرە.

هاوسەرگیریی پەیامهێنیش لەگەڵ خەدیجەدا، بەپێی ئەو دابونەریتانە ئەنجامدراوە کە باو و پەیڕەوکراو بوون لە کۆمەڵگەکەیاندا، بریتیی بووە لە هاوسەرگیریی و پەیمان بەستنێك لە نێوان دووکەسی پێگەیشتووی فامیدەدا کە مەحرەم و کەسی نزیکی یەکتر نەبوون، پەیوەندییەکەشیان بەپێی دابوونەریتی سەردەم و کۆمەڵگەکەیان لەخانەی ناپاکیی و بەدڕەوشتیدا نەبووە (پەڕاوی خواوەند)، پەیماننامەکە سۆز و بەزەیی و چاودێریی و سەرپەرشتیی کردنی یەکتریی لە خۆشی و ناخۆشییدا، لەخۆ گرتووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئەم ژیانە هاوبەشە بیستوپێنج ساڵی خایاندووە و پەیامهێن هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسی تردا نەکردووە.

ئەم چەشنە هاوسەرگیریی ئەو هاوسەرگیرییەیە کە تا ئێستاش هەموو گەلانی دونیا پەیڕەویی لێ دەکەن، ئەوەش کە دەگوترێت: پێویستە هاوسەرگیریی بە پێی پەڕاوی خواوەند بێت، ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆسەکە پابەندی قەدەغەکراوەکانی بواری هاوسەرگیریی بێت و بەدوور بێت لە ناپەسەندییەکانی نێو کۆمەڵگە، ئەوەش کە دەگوترێت لەسەر سوننەت و ڕەویە و نەریتی پێغەمبەر بێت، واتە: ڕەچاوی دابونەریتە باوەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بکات کە پرۆسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەبێت پێش هەمووشتێك خوازبێنی ئەنجام بدرێت و پاشان ڕاشبگەیەنرێت لەناو خەڵکدا.

منیش وای دەبینم کە دەبێت پەیماننامەکە لەلایەن پیاوەوە بدرێتە ژنەکە و بۆی پێشنیار بکات، لەبەرانبەریشەوە ژنەکە پارێزبەندیی و گوێڕایەڵی مێردەکەی بکات لە کاری چاکە و پەسەندا، هەروەها پێویستە ئەم پێکهاتن و پەیماننامە هاوبەشە و ئەم هاوسەرگیرییە، لە ماوەی ئەو ژیانە هاوبەشەدا لایەنە مرۆڤایەتیی و مرۆییەکان بگرێتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت ببەستێت بە ڕەزامەندیی دوولایەنە، دەگونجێت بەم شێوەیە بێت:

ئایا منت وەك مێردێك بەدرێژایی ژیان لا پەسەندە، تا لەبەردەم خواوەندا بەڵێن بدەم کە:

* ڕاسگۆبم لەگەڵتدا و ساختەکاریت لەگەڵدا نەکەم.

* خیانەتت لێ نەکەم.

* پارێزگاریی بکەم لە تەندروستیت و لە خۆشیی و ناخۆشیی و تەندروستیی و نەخۆشیی و، لە گەنجیی و پیریتدا خۆڕاگر بم لەگەڵتدا تا مردن لێکمان دادەبڕێت.

* بە جوانیی سەرپەرشتیی منداڵەکانمان بکەم.

* پارێزگاریی لە تایبەتمەندییەکان بکەم و نەیان درکێنم بەلای کەسانی ترەوە.

دەگونجێت ژنەکەش بەڵێن و پەیمان بدات بە مێردەکەی لەسەر ئەو بڕگانەی سەرەوە، چوونکە پێویستە ئەویش هەرگیز درۆ نەکات لەگەڵ مێردەکەیدا و ناپاکیی بەرانبەر نەکات و چاودێریی و سەرپەرشتیی تایبەتمەندییەکانی بکات و لە خۆشیی و ناخۆشیدا بیانپارێزێت.

پەیمانی هاوسەرییەتی لایەنە مرۆییەکەیە لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکەدا، ئەو لایەنەش کە پەیوەندیی هەیە بە بوارە مادییەکانەوە لە مارەیی و میراتگرتن و شتی لەم بابەتەوە، لە چوارچێوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەدا تۆمار دەکرێن: ﴿**وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ**

**وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ البقرة/٢٣٧.**

بەڵام بەداخەوە، زۆرینەی هاوسەرگیرییەکان لە جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیماندا تەنها بەپێی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە ئەنجام دەدرێن و هیچ پەیماننامەیەك لەنێوانیاندا نییە.

بە پێویست و گرنگی دەزانین لێرەدا چەند تێبینییەك بخەینە ڕوو کە تایبەتن بەو گرێبەستی هاوسەرگیرییەوە کە هاوملی پەیماننامەی ژیانی هاوژینییە:

* بریگرتەیی (**الوكالة**) دروست نییە لە گرێبەستەکانی هاوسەرگیرییدا، نەلەکاتی بەستنیدا و نەلەکاتی هەڵوەشاندنەوەشیدا، تەنها لەیەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش بریتییە لەوەی کە دەشێت دوو دادوەر بکرێنە بریکاری دوولایەنی ناکۆك: ﴿**وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقْ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا﴾ النساء/٣٥**، ئەوەش فەقیهەکان کردوویانە بەڕێسا کە بریکاریی و بریگرتەیی لەناو خەڵکدا بووە بە یەکێك لە بەڵگەنەویستەکان لەبواری نیکاح و تەڵاقدا، هیچ بەڵگە و بناغەیەکی نییە لە دابەزێنراوی بەجێدا.

* سەرپەرشتیاری کەمتەمەن (قاصر) ێك، بۆی نییە گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستێت بەناوی کەمتەمەنەکەوە، ئەو گرێبەستە بازرگانییانەش کە لەژێر پەردەی شەرعیدا دەبەسرێن، دیسانەوە هیچ بنەمایەکیان لە دابەزێنراوی بەجێدا نییە، هاوسەرگیریی پێویستی بەوە هەیە کە کەسەکان گەشتبنە تەمەنی پێگەیشتوویی (**الرُّشد**)، نەك تەنها پێگەیشتنی جەستەیی: ﴿**وَابْتَلُوا الْيَتَامَى حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلَا تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَنْ يَكْبَرُوا... ﴾ النساء/٦**، بەشوودانی کچە کەم تەمەنەکانیش تاوانێکی بێپەردەی ئاشکرایە، دەکرێت بە دەسدرێژیی سێکسیی دابنرێن و بەرپرسیارییەتەکەشی بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ماڵباتەکەیەوە.

* پێویستە تەمەنی ڕێگەپێدراو بۆ هاوسەرگیریی کەمتر نەبێت لە تەمەنی پێگەیشتوو (رُشْد) وەك لە بڕگەی پێشوودا گوتمان، بەو هۆیەشەوە ئیتر ژنی پێگەیشتووی عەقڵمەند پێویستی بە سەرپەرشتیار نییە تا لەبری ئەو نوێنەرایەتیی بکات، ئەوەش کە کۆمەڵگەکانمان لەسەری ڕاهاتوون، هیچ نییە بێجگە لە نەریتێك و مەرجیش نییە کەس پابەندی بێت.

* ژن بەسەر ژندا نایەت، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم ئایەتەیە: ﴿وَإِنْ أَرَدْتُمْ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ النساء/٢٠، دواتر دێینە سەر باسی چەندییەتی لە هاوسەرگیریی لە دابەزێنراوی بەجێدا و مەرجەکانی.

## مولکولیەمین ـ مُلْكُ اليَمين

بینیمان کە هاوسەرگیریی پەیماننامەیەکە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، دابەزێنراوی بەجێش پەیوەندیی نێوان ژن و مێردی لە دوو تەوەرەدا دیاریی کردووە: تەوەرەی یەکەم ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەیە کە ژیانی هاوسەرییەتی لەخۆی دەگرێت، تەوەرەی دووەمیش بریتییە لە پەیوەندیی زایەندی و سێکسی: ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ المؤمنون/٥ـ٦. ئەوجا دەپرسین ئەو "مُلكُ اليَمين" انە کێن کە ئەو مافانەی هی پیاو و ژنن لە نەپاراستنی داوێن و دەرخستنی ڕازاوەییدا، ئەوانیش ئەو مافانەیان هەیە: ﴿... وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ﴾ النور/٣١؟

بەهۆی ئەو سیستەمی کۆیلایەتییەوە کە بەچەند سەدەیەك پێش هاتنەکایەی چەمك و دەستەواژەی "مُلكُ اليمين" بەرکار و پەیڕەوکراو بوو، لە ڕووی کەلەپوورییەوە تێگەیشتن و چەمکی مولکولیەمینیش بە کۆیلە بەرجەستە بوو بوو، ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە

دابەزێنراوی بەجێدا هات و بەکار هێنرا، بەلای عەرەبەکانەوە نامۆ و نەناسراو بوو، لەکاتێکدا کە ناوی کۆیلە "**الرِّق**" بە دەستەواژەی تر هاتبوو "**تحرير رقبة**".

بەکۆتایی هاتنی سەردەمی کۆیلایەتیی لەئەمڕۆدا، کۆیلایەتی بووەتە ئاماژەیەك کە لە دابەزێنراوی بەجێدا بوونی هەیە، بەڵام لە هەلومەرجی ژیاندا ئاماژەبۆکراو و ڕاستاندنێکی نیە (**أصبح دالاً بلا مدول أو مصداق في عالم الواقع**)، هەرچەندە ١٥ جار لە پەڕاودا هاتووە، وەك بڵێیت لەڕووی مێژووییەوە سڕراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە بگەڕێین بەدوای مەدلول و ئاماژەبۆکراوێکدا تا لەم سەردەمەدا جێگەی ئەو دەستەواژەیەی تێدا ببێتەوە و جێگر ببێت تیایدا، گەر وانەکەین سەردەمانێك دێن بەسەرماندا نیوەی ئایەتەکانی ئەحکام لەڕووی مێژووییەوە دەسڕێنەوە و نەسخ دەبنەوە و واتایەك نادەن بەدەستەوە.

لە دابەزێنراوی بەجێشدا دەستەواژە و چەمکی "**مُلكُ اليَمين**" جیاوازە لە کۆیلایەتیی و "**الرَّقيق**"، چوونکە چەمکی دووەم بەڕوونی لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَمْلُوكًا لَا يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ وَمَنْ رَزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُونَ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ**﴾**النحل/٧٥**.

بەلای توێژەرەوە شاراوە نییە کە پەیامی محەممەدیی لەڕێڕەوی مێژوودا هەنگاوێکی گەورەی هەڵگرت بەرەو پێشەوە و لەسەر بنەمای ئەوەی کە: ڕایگەیاند ئیسلام یەکسانیی نێوان خەڵکی دەوێت و پێوەری هەڵسەنگاندنیش بەلای خواوەندەوە بریتییە لە ڕادەی پارێزکاریی، بناغەکانی ئازادکردنی کۆیلەی داڕشت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**﴾ **الحجرات/١٣**، ئازادیشی کردە ئەو (**كلمة الله**) یەی کە پێشوەختە بڕیاریدا لەسەر بەندەکاندا، کە خواوەند لە دونیادا داوای کۆیلایەتیی بۆخۆی نەکردووە لە بەندەکانی، ئەوا بەڕەواشی نابینێت بەندەکانی لەنێوان خۆیاندا هەندێکیان هەندێکی تریان بکەنە کۆیلە. بۆیە پەیامی محەممەدیی هات تا

جێگرەوەیەك بخاتەڕوو بۆ کۆیلایەتیی کە بتوانێت بە ئەرکەکانی ئەو هەستێت بەبێ ئەوەی دارمان لە کۆمەڵگەدا یان لە سیستەمی ئابوریدا ڕوو بدات. لەبەر ئەوەش کە هێڵی مێژوویی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر، بەخێرایی گەڕایەوە سەر هەمان ڕەوتی سروشتیی خۆی و مرۆڤایەتیش تا دوای چەند سەدەیەك نەگەیشتە ئاستی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی تا لە ساڵی ١٨٦٣ و لەسەر دەستی ئیبراهام لینکۆڵندا گەشتە ئەو ئاستە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمەیدا، تەنانەت لەو کاتەشدا هەر نەیتوانی بەر بگرێت بە جەنگی ناوخۆیی.

سیستەمە جێگرەوەکەش، بریتیی بوو لە **"مُلكُ اليَمين"**، وشەی **"یمین"** یش لە دابەزێنراوی بەجێدا بریتییە لە سوێند: ﴿**لَا يُؤَاخِذُكُمْ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ**﴾ **البقرة/٢٢٥**، مولکولیەمینیش ئەو کەسەیە کە لەنێوان تۆ و ئەودا سوێندێك لەسەر گرێبەستێك هەیە: ﴿**وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا**﴾ **النساء/٣٣**، واتە: ئەو کۆیلایەتییەی کە لەسەر زۆرداریی و ناچارکردن بونیاد نرابوو، گۆڕدرا بە چەند گرێبەستێکی دڵخوازانە، دەشزانین کە هەر گرێبەستێك شەریعەت و ڕێسای دوولایەنی گرێبەستەکەیە، ئەو گرێبەستانەش هەموو ئەو ئەرکانە دەگرنەوە کە پێشتر سیستەمی کۆیلایەتی دەیگرتنەوە، لە:

ـ گرێبەستەکانی کارکردن: ﴿**وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ**﴾ **النحل/٧١** ، ﴿**ضَرَبَ لَكُمْ مَثَلًا مِنْ أَنْفُسِكُمْ هَلْ لَكُمْ مِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ شُرَكَاءَ فِي مَا رَزَقْنَاكُمْ فَأَنْتُمْ فِيهِ سَوَاءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ**﴾ **الروم/٢٨**.

ـ گرێبەستەکانی خزمەتی خانەیی: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنْكُمْ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنْكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِنْ قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُمْ مِنْ الظَّهِيرَةِ وَمِنْ بَعْدِ**

**صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُمْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ النور/٥٨.**

ـ گرێبەستەکانی خوازبێنی: **﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ﴾ المؤمنون/٥ـ٦**، نەپاراستنی داوێنیش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندیی زایەندیی و سێکسیی. ئەگەر سەرنجی ئەو ئایەتانەش بدەین کە پەیوەستن بەم بابەتەوە، دەبینین کە:

* **﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا﴾ النساء/٣**، ئایەتەکە تایبەتە بە فرەهاوسەریەتییەوە، خواوەند باوەڕداران ئاگادار دەکاتەوە کە مەرجی فرەهاوسەریی بریتییە لەوەی کە ژنەکە بێوەژنێکی منداڵدار بێت، لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر دادگەریی لە نێوان منداڵانی بێوەژنەکە و منداڵەکانی خۆیاندا، ئەگەر وانەبێت پێویستە پیاوەکە ڕازی بێت بەژنەکەی خۆی و ئەو **"مُلك اليَمين"** ـە ی کە هەیەتی و، ژنی تر نەخوازێت (ئەو دادگەرییەش کە مەبەستە، دادگەرییە لە نێوان منداڵانی بێوەژنەکاندا، ئەگەر چەند پەیوەندییەکی مولکولیەمینی لەگەڵ بێوەژنی منداڵداردا هەبێت).

* **﴿وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمْ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنْ الْعَذَابِ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ الْعَنَتَ مِنْكُمْ وَأَنْ تَصْبِرُوا خَيْرٌ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ النساء/٢٥**، خۆپارێزیش دەگونجێت بە هاوسەرگیریی بێت و دەشگونجێت بە خۆڕاگریی بێت، وەك چۆن خواوەند باسی مەریەمی داوێن پاك دەکات: **﴿وَالَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِنْ رُوحِنَا وَجَعَلْنَاهَا وَابْنَهَا آيَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الأنبياء/٩١.**

بەڵام گرتنی مولکولیەمین لەنێوان کچاندا، لەنێو دامەزراوە و بیرکردنەوەی کەلەپوریدا بەو مانا ناسراوە نییە، لە کەلەپووردا واتای مولکولیەمین بە کیژۆڵەی کەمتەمەن لێکدراوەتەوە، لەدابەزێنراوی بەجێشداو وەك یەکەیەکی زمانەوانیی **"الفتاة"** و نێرەکەشی بە **"الفتی"**، مەبەستیش پێی ئەو کەسەیە کە ژیانی پەیوەست دەبێت بە مرۆڤێکەوە و چ نێر بێت یان مێ دەبێتە **"فتاة أو فتاتَة"** بەردەستی ئەوکەسە، نموونەی ئەمەش: ﴿**وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ**﴾ **يوسف/٣٠**، یوسف لەلای سەرداری میسر و ژنەکەیەوە بەخێو دەکرا و بەبێ ئەوان نەیدەتوانی سەربەخۆ ژیان بەرێ بکات، هەروەها: ﴿**وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِفَتَاهُ لَا أَبْرَحُ حَتَّى أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا**﴾ **الكهف/٦٠**، بەردەست و هەرزەکارەکەی موسی لەگەڵیدا بوو و گوێڕایەڵیشی لەفەرمانەکانی موسا دەکرد، هەروەها: ﴿**وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا**﴾ **النور/٣٣**، لەم ئایەتەوە تێدەگەین کە وشەی **"فَتَيات"** مانای ئەو خاتونانە دەگەیەنێت کە لەژێر ڕکێفی بەرپرسیارییەتیی تۆدان و ژیانیان پەیوەستە بە تۆوە، بۆیە و لەو ڕێگەیەوە خواوەند ڕێگریی دەکات لە ناچارکردنیان و زۆرلێ کردنیان لەسەر لەشفرۆشیی و پارەپەیدا کردن بە جەستەیانەوە.

هەمان واتا و مانا لە ئایەتی ٢٥ ی سورەتی **النساء** دا بەدیی دەکەین کە ڕێگە دەدات کچان وەك مولکولیەمین بەکار بهێنرێن، بریتین لەو مێینانەی کە تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە، لەئاکامدا خۆیان بەرپرسن لە هەڵسوکەوت و بڕیاری خۆیان، بەڵام ڕێگریی دەکات لە ناچارکردن و زۆرلێ کردنیان لەسەر خراپەکاریی، ئەو بڕگەیەش کە دەڵێت: ﴿**فَانكِحوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ**﴾ بەڵگەیە لەسەر ڕەزامەندیی و پەسەند کردنی کۆمەڵگە لەسەر ئەم چەشنە خوازبێنیی و هێنانە.

لێرەدا پێویستە لە مانای ئەو فەرموودەیەی خواوەند تێبگەین کە دەڵێت: ﴿**... فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ...**﴾ **النساء/٢٤** ،

ئەم ئایەتە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کاتێك گرێبەستی مارەکردن پێك دەهێنرێت لەگەڵ ژنێکی ئازادی پێگەیشتووی خاوەن فام و ژیرییدا و بە ڕەزامەندیی خۆی و بەبێ هیچ فشار و ناچارکردنێك، پێویستە گرێبەستەکە باسی بڕی ئەو حەقدەس و کرێیەشی تێدا بێت کە لەسەری پێك دێن، بە شێوەیەك کە نابێت ئەو کرێیەی لە ئایەتەکەدا هاتووە، بەواتا بەرتەسکەکەی لێك بدرێتەوە، بۆیە لەم ئایەتەدا ئەو بابەتە هاتووە، تا ئاماژە و بەڵگەبێت لەسەر ئەوەی کە مولکولیەمین گرێبەستێکە لەنێوان کەسانی ئازاددا نەك کۆیلە و بەزۆر ناچارکردن بێت، چوونکە کۆیلە لە بنەڕەتەوە و بەبێ بەرانبەر، هەموو ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە لێی داوادەکرێن، بە سێکس و چێژی زایەندیشەوە، بۆیە، کاتێك لە دابەزێنراوی بەجێدا کۆیلایەتیی گۆڕدرا بە مولکولیەمین، خواوەند چەمك و تێگەیشتنی کرێی دانا، تا ڕوونی بکاتەوە کە گرێبەست لە نێوان کەسە ئازاد و سەربەستەکاندا و لە سایەی مولکولیەمیندا و بە بەرانبەرێك کە بریتییە لە کرێ، ئەنجام دەدرێت، بەڵام جیاوازە لە مارەییە بەخشیشەکە (الصِداق) کە پەیوەست و تایبەتە بە پەیماننامەی هاوسەرگیرییەوە، کرێ شایستەییەکی داراییە لە چوارچێوەی مولکولیەمیندا دێتە کایەوە و بەپێی چەند مەرجێکی گرێبەستەکە، دوولایەنەکە لەسەری ڕێك دەکەون، نموونەی ئەمە بریتییە لە هاوسەرگیریی میسیار لە وڵاتی سعودییە، بۆیە خواوەند فەرمووی: ﴿**فَآتوهُنَّ أُجُرَهُنَّ فَرِيضَةً**﴾، چوونکە دابونەریتی کۆمەڵگەکان بڕیار لەسەر بڕ و چەندییەتیی ئەو کرێیە دەدات، واتە: ئەوەی کە دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو گرێبەستەدا لەسەری پێك بێن، هیچکام لە لایەنەکانی گرێبەستەکەش بۆیان نییە کەمتەرخەمیی بکەن لە جێبەجێ کردنی مەرجەکانی نێو ئەو گرێبەستەدا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿**وَمَنْ يَكْفُرْ بالأيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ**﴾.

* ﴿ **حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ**

أَصْلَابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا * وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء/٢٣ــ٢٤. لە دوو ئایەتەکەی حەرامکراوەکانی نیکاح و مارەکردندا، لەو فەرموودەیەی خواوەند تێدەگەین کە دەڵێت: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾ تێدەگەین کە: ژنی تەڵاق دراو حەرام دەبێت لەسەر ئەو پیاوەی کە پێشتر مێردی بووە، بەڵام ئەمە جێبەجێ نابێت بەسەر مولکولیەمیندا، واتە: پاش هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی پێشوو، بۆیان هەیە جارێکی تر ڕێك بکەونەوە لەسەر گرێبەستێکی تری مولکولیەمین، هەروەها لە فەرموودەی خواوەندەوە تێدەگەین کە دەڵێت: ﴿كِتابَ اللهِ عَلَيْكُمْ﴾ واتە: لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاودا زیاتر لە بژاردەیەك هەیە کە بریتییە لە هاوسەرگیریی یان مولکولیەمین.

* مولکولیەمین بۆ پێغەمبەر: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا خَالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ الأحزاب/٥٠، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا کە خواوەند لە بابەت و بواری ژناندا جیاکاریی و تایبەتمەندی کردووە بۆ پێغەمبەر، بابەتی فرەژنیی بەو شێوە و ڕەواڵەی کە پێش بەپێغەمبەر بوونی خۆی باو و پەیڕەوکراو بوو، بەکراوەیی بۆی هێشتووەتەوە، واتە: بەپێی ڕەویەی پێشینان: ﴿مَا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَقْدُورًا﴾ الأحزاب/٣٨، هەروەها بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگە و سەردەمەکەی دەرفەتیشی پێداوە کە مولکولیەمینیش دەسدەدات بۆی: ﴿لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِنْ بَعْدُ وَلَا أَنْ تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ رَقِيبًا﴾ الأحزاب/٥٢.

بەلاّم لـە فیقهـی بۆمـاوەدا، ئـەو بیرۆکەیـە چەسـپێنرا کـە مولکولیـەمین بـریتین لـە کۆیلـە و کەنیزەکـەکان، سەرچـاوەی دەسخستنیشـیان بریتییــە لــە جەنگـەکان و کـڕین و فرۆشـتن پێوەکردنیان، بۆیە بەدیلگرتنی ژنان و نمایش کردنیان و دەسپیاهێنان و پشـکنینی جەسـتەیان و کڕین و فرۆشتنیان و دواتریش دەسدرێژیی کردنە سەریشیان حەلاّڵ کـرد. ئەگەرچـی زۆربـەی فیقهزانە هاوچەرخەکان دەڵـێن: چـەمك و دەسـتەواژەی **"مُلـكُ الـيَمين"** بـاوی نـەماوە و لـەم سەردەمەدا کاری پێ ناکرێت، بەلاّم بـیری تونـدئاژوویی بزوتنـەوە ئیسـلامییە جیهادییـەکان، واتا کەلەپوورییەکەی مولکولیـەمینی سـەرلەنوێ زینـدوو کـردەوە و وەك چـۆن لـەڕابوردوودا پــەیڕەوکراوە، دیســانەوە پــەیڕەویان کــردەوە، وەك چــۆن ڕێکخســتنی "داعــش" ویســتی سوننەتەکان زیندوو بکاتەوە، هات ئەویشی زیندوو کردەوە، لەکاتێکـدا هـەموان دەزانـین کـە کۆیلایەتیی هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە بەسەرچووە. تەنانەت لـە جەنگەکانیشـدا دیلـەکان ناکرێنە کۆیلە و خواوەند بناغەی هەڵسوکەوتی لەگـەڵ دیلـدا لەسـەر ئـەم بنەمایـە داڕشـت: ﴿فَإمَا مَنَاً بَعْدُ وَإمَا فِداءً﴾ **محمد/٤**، واتە: یان ئازاد بکرێن یان دیل بە دیلیان پێ بکرێت.

لەبەرانبەریشەوە دابەزێنراوی بەجێ بەئاشکرا ڕوونی کردەوە کـە مولکولیـەمین پەیوەندییەکـە لەسەر بنەمای گرێبەستێك لەنێوان کەسانی ئـازاد و سەربەسـتدا کـە خزمـەتکاریی و کـار و پەیوەندیی زایەندیش دەگرێتەوە، ئازادیی یاسازیشی بەجێ هێشت بۆ ڕێساسازیی و تەشـریعی مرۆڤیی بۆ ئەم پەیوەندییە، ئەوەش لە پێناو ڕێکخسـتن و دابـین کردنـی مـافی هەردوولایـەنی گرێبەستەکەدایە.

لێرەدا پێویستە ئەم چەند تێبینییە دوپات بکەینەوە و جەختیان لەسەر بکەینەوە:

- گرێبەسـتی مـارەکردن لـەنێوان دووکـەس و لایـەنی پێگەیشـتوو و تێگەیشـتووی فامیـدەدا دەبێت، هەروەها وشەی (فَتَاة) ئەوە ناگەیەنێت کە کەسەکە لە خوار تەمەنی یاساییەوە بێت.

ـ گرتن و ئەنجامدانی مولکولیەمین هەروەك چۆن بۆ پیاو بەردەست و ڕێگە پێدراوە، ئاواش بۆ ژنی بێهاوسەر بەردەس و ڕێگەپێدراوە: ﴿**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ**﴾ المؤمنون/١ـ٦، چوونکە "**مؤمنون**" هەرکات "**مؤمنات**" ی لەگەڵدا نەهات، نێر و مێش دەگرێتەوە، بەختەوەریی و پاداشتیش بۆ هەردووکیانە پێکەوە.

ـ مولکولیەمین لە ئایەتەکانی یاسای میرات گرتندا ناوی نەهاتووە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە مافی میرات گرتنی بۆ نییە، بەڵام هیچ ڕێگرییەك نییە لەبەردەم کەسدا تا وەسیەت بکات و بەشی مولکولیەمینەکەی (چ مێ بێت یان نێر) دیاری بکات، بەتایبەت کە خواوەند سەرنجی باوەڕدارانی بۆلای ئەم بابەت ڕاکێشاوە و گوتویەتی: ﴿**وَلِكُلّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا**﴾ النساء/ ٣٣.

هەموو حەرامێك ڕەدکراوەیە، بەڵام هەموو حەڵاڵێکیش پەسەندکراو نییە، گرێبەستی مولکولیەمینیش (هەرچەندە لە حەڵاڵەکانە) بەڵام دەبێت ملکەچ و بەپێی یاسا و نەریتەکانی کۆمەڵگەکان بێت (**بِإذنِ أهلِهن**)، دەشێت لە کۆمەڵگەیەکدا پەسەند و قەبوڵ کراوبێت (وەك یەکتر هێورکردنەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا و گرێبەستی نەریتیی لە کۆمەڵگەی میسریدا و میسیار لە کۆمەڵگەی سعودیدا و ـ **متعَة** ـ و چێژ وەرگرتن لە کۆمەڵگەی ئێرانییدا)، وە دەشێت لە چەند کۆمەڵگەی تریشدا ڕەدکراوە و ناپەسەند بێت، هەروەها دەوڵەت دەتوانێت لە چوارچێوەی ڕێکخستنی حەڵاڵەکاندا قەدەغەی بکات (پێشتر یاسای تونسیی فرەهاوسەریی قەدەغە کرد)، دەشتوانێت ڕێگەی پێ بدات. هەروەك چۆن عومەری کوڕی خەتتاب وەك بڕیاربەدەستێك (یاسای شارستانیی) ڕێگەی گرت لە هاوسەرگیریی چێژ وەرگرتن (زواج المتعه) و کاتێك بینی پێویست نییە قەدەغەی کرد.

هەروەها پێویستە دەوڵەت ڕێساسازیی تایبەتی لەم بارەیەوە هەبێت تا مافەکانی لایەنەکان پارێزراوبن، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە تایبەتە بە منداڵانەوە ئەگەر بن لەنێوان لایەنەکاندا و لەڕێگەی ئەم چەشنە پەیوەندییانەوە.

- پەیماننامەی هاوسەرییەتی پێویستە ڕێگە بگرێت لە ناپاکیی هاوسەرییەتیی. بۆیە، پیاوێك کە هاوسەری هەبێت، بۆی نییە گرێبەستی مولکولیەمین لەگەڵ هیچ کەسدا ببەستێت، تەنها لە گەڵ بێوەژنی هەتیوباردا نەبێت. بۆیە دەبینین خواوەند دەفەرموێ: ﴿**وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ**﴾، (أو) پیتی گێڕانەوە و عەتفە و واتای: هەڵبژاردن یان کۆکردنەوە دەدات بەدەستەوە، ئەو لایەنەش کە بڕیار لەسەر هەڵبژاردن یان کۆکردنەوە دەدات یاساساز (پەرلەمان) ە و ئەویش بەپێی پێداویستیی و خواستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو بابەتە، بۆشی هەیە هەڵی وەشێنێتەوە یان ڕێگەی پێ بدات.

بەمەبەستی خۆلادان لە تێکەڵبوون وا بەباشتر دەزانین لەسەر بابەتێك بوەستین کە بەگرنگی دەزانین، ئەویش بریتییە لە ڕەفتارە ناپەسندەکان (**الفَواحِش**) لە دابەزێنراوی بەجێدا.

## ناپەسەندەکان ـ الفَواحِش

(فَواحِش) کۆی (فاحِشَة) یە، بەواتای کاری ناپەسەند دێت، بریتییە لە هەموو شتێك کە گوتن یان کردنی ناپەسەند بێت، واتە: هەموو شتێك کە سروشتی دروست دانی پێدا نەنێت و بێزراوبێت لای، پەیوەندیی بە سێکس و پەیوەندیی زایەندییشەوە هەیە، وەك ئەم ئایەتە ئاماژەی بۆ دەکات: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ آل عمران/١٣٥، هەروەها ئەو فَواحِش و ناپەسەندانە، بەشێکن لە حەرام کراوەکان، وەك دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ الأعراف/٣٣.

فاحیشە و ناپەسەندەکانیش شەش دانەن:

١ـ خواستنی کەسە نزیکەکان (نِکاح المَحارِم): ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا * وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ النساء/٢٣ـ٢٤.

٢ـ خواستن و مارەکردنی ئافرەتی هاوسەردار (نِکاح المُتَزَوِّجَة): ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾[1] النساء/٢٤، بەپێی ئەم ئایەتە ئافرەتی هاوسەردار بۆی

---

[1] لەوەدا کە دەڵێت: ﴿کتابَ الله عَلیکُم﴾، واتە: خواوەند زیاد لە حاڵەتێکی ڕەخساندووە بۆ پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتدا، ئەویش بریتییە لە پەیماننامەی هاوسەرییەتیی و گرێبەستی مارەبڕین.

نییە پەیوەندیی زایەندیی لەگەڵ هیچکەسدا هەبێت بێجگە لە هاوسەر و مێردەکەی خۆی، ژنی تەڵاق دراویش بۆی نییە پەیوەندیی زایەندیی ببەستێت لەگەڵ ئەو پیاوەدا کە لێی جیا بووەتەوە: ﴿**فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ**﴾ **البقرة/٢٣٠**.

٣- زینا کردن، سێکسی ئاشکرا (**الجِنْسِ العَلَني**): ﴿**وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا**﴾ **الإسراء/٣٢**، بوونی چوار شاهد، ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکە لە نهێنییەوە دەگوازێتەوە بۆ پەیوەندییەکی ئاشکرا: ﴿**وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ**﴾ **النور/٤**.

٤- سێکسی کۆکاریی (**الجنس الجماعي ـ السِفاح**): ﴿**وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ**﴾ **النساء/٢٤**، ﴿**مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ**﴾ **النساء/٢٥**.

٥- هاوڕەگەزبازیی (**المِثْلِيَة الجِنسيَّة ـ ألأخدان ـ السِحاق**): ﴿**وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ**﴾ **النِساء/٢٥**، هەروەها نێربازیی: ﴿**وَلَا مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ**﴾[٢] **المائِدة/٥**.

٦- خواستنی ئەوکەسانەی کە باوانەکان خواستبێتیان (**نِكاح ما نَكَحَ الآباء**): ﴿**وَلَا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلًا**﴾ **النِساء/٢٢**، واتە: باوانەکان لە لایەنی باوك و دایکەوە، هەرچەند سەرکەون بەرەو سەرەوەش.

ناپەسەند و (**فَواحِش**) ە کان دوو بەشن: ئاشکرا و نهێنیی.

بەشی یەکەم، بریتییە لە: ١ ـ ٤ (خواستن و مارەکردنی ئافرەتی هاوسەردار، زینا، سێکسی کۆکاریی، خواستن و مارەکردنی کەسێك کە پێشتر باوك مارەی کردبێت).

---

[٢] (**خِدْن**) بریتییە لە هاوڕێ لە هەمان ڕەگەز، (**خُدُود**) یش، کە واتای کوڵم دەگەیەنێت، لە دەموچاوی مرۆڤدا هەردوو کوڵم بەرانبەر و ڕوبەڕووی یەکترن، نەك هاوسەر و هاوجووتی یەکتر.

بەشی دووەمش، بریتییە لە: ٥ و ٦ (خواستن و مارەکردنی کەسە نزیکەکان ـ **مَحارِم** ـ، هاوڕەگەزبازیی). ئەم ڕەوشتە ناپەسەند و فاحیشانە پوچەڵن، تەنانەت ئەگەرچی ئەنجومەنەکانی یاسادانان و پەرلەمانەکانیش یاسایان بۆ دابڕێژن و بیانەوێت بەیاساییان بکەن.

بەگرنگی دەزانین تیشکێك بخەینە سەر ئەم چەند خاڵە:

ـ تەنها لە حاڵەتی ئاشکرا کردندا نەبێت، کۆمەڵگە و دەسەڵات مافی دەستێوەردانیان نییە لە هیچکام لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا.

ـ سزای هەریەك لە دوولایەنی زیناکار، سەد قامچییە: ﴿**الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ**﴾ **النور/٢**، سزای مولکولیەمینیش نیوەی ئەوەیە، واتە: سزای کەسێك کە هەر ناوێکی باوی وەك: (**مسیار، مُساکَنة، متعَة**) ببێت و کارێکرێکی سێکسی ڕێگەپێنەدراوی کردبێت، سزاکەی چل قامچییە: ﴿**فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنْ الْعَذَابِ**﴾ **النساء/٢٥**، وە ئەو فەرموودەی خواوەندیش کە دەڵێت: ﴿**الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ**﴾ **النور/٣**، ئێمە بەم شێوەی خوارەوە لێی تێدەگەین:

ـ نێرێك هاوسەرگیریی نەکردبێت (گرێبەستی مارەکردن/مولکولیەمین) X ژنێکی هاوسەردار

٥٠ قامچی ١٠٠ قامچی

ـ پیاوێك هاوسەردار X مێینەیەك هاوسەرگیریی نەکردبێت (گرێبەستی مارەکردن/مولکولیمین)

١٠٠ قامچی ٥٠ قامچی

ـــ نێرێــك هاوســەرگیریی نــەکردبێت (گرێبەســتی مارەکردن/مولکولیــەمین) X مێینەیــەك هاوسەرگیریی نەکردبێت (گرێبەستی مارەکردن/مولکولیمین)

٥٠ قامچی ٥٠ قامچی

- پیاوێکی هاوسەردار X ژنێـــــــــــــــکی هاوسەردار

١٠٠ قامچی ١٠٠ قامچی

دەگەینە سەر باسی سزای ناپاکیی هاوسەریی: لە حاڵەتی سەلماندنیدا بە چوار شاهد، ئـەوکات سـزاکەی سـەد قامچـییە، بـەڵام لـە حاڵـەتی مولکولیەمینـدا، سـزاکە نیوەیـە، واتـە: پـەنجا قامچی.

لەهەموو حاڵەتەکاندا، پێویستە چوار شاهد بـن، واتـە: حاڵەتەکـە بـەبوونی چـوار شـاهدەکە دەبێتـە حاڵـەتێکی ئاشـکرا، لـە هـەر حاڵەتێکیشـدا چـوار شـاهد نـەبوون، فاحشـە و کـارە ناپەسەندەکە هەچ چەشنێکیان بێت، هەر حەرامە و بەحەرامیی دەمێنێتـەوە و پێویسـتی بـە تۆبەکردنێك هەیە، حوکم و بڕیاریشی لای خوا خۆیەتی.

لەحاڵەتی سەلماندنی فاحشەکەشدا لەڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەوە لەبارەیـەوە، وەك ئـەوەی یەکێك لەلایەنەکان گرتەی دەنگیی یان ڤیدیۆیی بخاتـەڕوو لـەبارەی پێشـەکیی و بەراییـەکانی پەیوەندییەکەوە، نەك لەبارەی پەیوەندییەکەوە بەتەواوەتیی، یان شیکاری پزیشکیی بۆ ترشـی DNA کە پیاو دەتوانێت بیخاتـەڕوو بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنێت منـداڵێك هـی ئـەو نییـە، ئـەم بەڵگانە تەنها بۆ کەوتنی تـەڵاق و جیابوونـەوە و بێبـەش بـوونی ئـەو لایەنـەی کـە فاحشـە و ناپەسەندییەکەی لەدەس قەوماوە بەسن، هەرئەمەش مەبەستە لەو فەرموودەی خواوەنددا کە دەڵێت: ﴿**لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ**﴾ **الطلاق/١**، زانیارییەکان

بۆ کەوتنی تەلاقەکەن لەگەڵ بێبەشبوون لەمافەکان، بەڵام سزادان، تەنها لەحاڵەتی چوار شایەددا دەبێت کە بەبوونی چوار شاهدەکە حاڵەتەکە دەبێتە ناپەسەندییەکی ئاشکرا.

ـ لەو حاڵەتەشدا کە ئەگەر کەسێك خۆی ڕۆیشتە بەردەم دادوەر و داوای کرد بەهۆی ئەوەوە کە ناپەسەندییەکی لێ قەوماوە، سزا (**إقامة الحد**) جێبەجێ بکرێت بەسەریدا، دادوەر دەتوانێت داواکەی جێبەجێ بکات و دەشتوانێت پشتگوێی بخات.

ـ لەحاڵەتی هاوڕەگەزبازیی نێرینەی ئاشکرادا، بەپێی ئەم ئایەتە کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە دەستوەربدات لە سزادانیدا: ﴿**وَاللَّذَانِ يَأْتِيَانِهَا مِنْكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِنْ تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ تَوَّابًا رَحِيمًا**﴾ **النساء/١٦**، ئەم ئایەتە باسی هاوڕەگەزبازیی دەکات و هەڵیش گەڕێنراوەتەوە سەر ئایەتی پێشخۆی: ﴿**وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا**﴾ **النساء/١٥**، ئاشکرابوونی کارەکەش مەرجە بۆ سزادانی بکەرەکانی، بەڵام بەو پێیەی کە دابەزێنراوی بەجێ بۆ هەموو خەڵك هاتووە، بە هەموو سەردەم و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانەوە، ڕێژەی سزادانەکە و بڕی ئازاردانەکە و چەشنەکەی، مادیی و جەستەیی بێت یان نامادیی و ناجەستەیی، بەمەرجێك مردنی لێ نەکەوێتەوە، بەجێهێی شتووە بۆ کۆمەڵگە تا بەپێی نەریتی سەردەم و ئاستی خۆی، بڕ و ڕێژەکە دەسنیشان بکات، واتە: بەهیچ شێوەیەك سزاکە نەبێتە هۆی مردنی سزادراوەکە.

ـ لە حاڵەتی هاوڕەگەزبازیی مێینەی ئاشکراشدا، بە پشتبەستن بەم ئایەتە، کۆمەڵگە مافی ئەوەی هەیە دەسوەربدات لەسزادانی ئەم حاڵەتەدا: ﴿**وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا**﴾ **النساء/١٥**، سزاکەی بریتییە لە: هێشتنەوە و دابڕکردنی بەزۆر، یان دۆزینەوەی دەرچەیەك بۆی، ﴿**يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا**﴾، وەك وەرگرتنی بەڵێن نامەی تەوبەکردن و وازهێنان لەو ڕەفتارە و وازلێهێنان و بەرەڵاکردنیان بەبێ هیچ سزایەك.

## دایکێکی گەورەکچ ـ ألأُمُ العَازِبَة

دوای قسەکرن لەبارەی مولکولیەمینەوە، بەشیاوی دەزانم سەرکەوین بۆلای بابەتی مافی مێینە لە پەیڕەوکردن و کردنی سێکس و منداڵبووندا، دەگونجێت کچێك بەخت یاری نابێت و لەشووکردن بێبەش دەبێت، یان ژنێك کە هێشتا گەنجە و بەهەر هۆیەکەوە بێت لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە، دابەزێنراوی بەجێ لە ڕێگەی مولکولیەمینەوە چارەسەرێکی بۆ ئەم چەشنە حاڵەتانە داناوە.

هەروەك چۆن لەڕێگەی گرێبەستێکی ڕوون و دیاریکراوەوە دەشێ ژن ببێتە مولکولیەمینی پیاو، بەهەمان شێوە دەشێ پیاویش ببێتە مولکولیەمینی ژن، بۆنموونە: وەك (مِسیار)، کە داوا ناکرێت لە پیاو ماڵ و مەسرەف بکێشێت، بەڵکو پەیوەندیی نێوان ژن و پیاوەکە تەنها لەسەر پەیوەندیی زایەندیی و سێکسی ڕادەوەستێت، وەك پێشتر باسمان کرد بەبێ ئەوەی توخنی شەش ڕەفتارە ناپەسەندەکە بکەون.

دایکایەتی مافێکە لە مافەکانی ژن و نابێت لێی بێبەش بکرێت، جیاوازیی نییە کە لەڕێگەی مولکولیەمینەوە منداڵ دەسبخات یان لەڕێگەی هەڵگرتنەوە (التَبَني) ەوە، هەروەها پیاویش مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی منداڵ، خواوەند ئاماژەی بەمە داوە: ﴿**وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا**﴾ **الإسراء/٢٣** ئەوە کە دەڵێت: ﴿**أَحَدُهُمَا**﴾ ئاماژە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی: ئەگەری ئەوە هەیە کە تەنها دایك بوونی ببێت (Singl Mother)، یان تەنها باوك بوونی هەبێت (Singl Father)، دەشگونجێت ئەم دایك یان باوکە، دایك و باوکی ڕەسەن و خاوەن گیانەوەری مەنەویی و هێلکەی دایکایەتیی (والِد و والِدَة) بن و دەشگونجێت وا نەبن و بەخێوکار و پەروەرشیار بن. لەبارەی تۆمارکردنی زانیارییە کەسییەکانی منداڵەکەشەوە، پێویستە لەسەر یاساسازان لەڕێگەی داڕشتنی یاساکانەوە ڕەچاوی ئەم حاڵەتە بکەن، چوونکە ژنیش هیچ کەمتر نییە لە پیاو، بۆیە دەگونجێت منداڵەکە ناو و ناسناوی دایکی هەڵبگرێت و لە تۆماری باری کەسییەتیدا بەناوی دایکیەوە تۆمار بکرێت.

سەبارەت بە مەرجەکانی هەڵگرتنەوە و (تَبَنِي) کردنیشەوە، ئێمە وای بەشیاو دەزانین کە تەمەنی ئەو منداڵەی کە هەڵدەگیرێتەوە، لەدووساڵ تێنەپەڕێت و کەسوکاریشی نادیار بن و ئاشکرا نەکرێن (اللَّقِيط)، بۆئەوەی ئەو دایکەی کە هەڵیدەگرێتەوە و پەروەردەی دەکات، لە خەیاڵدان و یادگەی منداڵەکەدا وەك دایکی ڕاستەقینە تۆمار ببێت و لە مێشکی منداڵەکەدا بچەسپێت کە ئەم دایکیەتی، نەك هیچکەسی تر.[1]

## چەندییەتیی لە ژن خواستندا ـ التَعَدُدِيَة الزوجية

ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە خواوەند بایەخی تایبەتی پێداوە و لەسەرەتای سورەتی **النساء** ـەوە و لە ئایەتی سێیەمدا باسی لێوە کردووە، ئەم بابەتە تاکە بابەتە کە لە دابەزێنراوی بەجێدا باسی پرسەکەی تێدا کراوە، بەڵام ڕاڤەکاران و فیقهزانەکان وەك خووی هەمیشەییان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لێرەشدا ئەو ڕەواڵ و سیاقە گشتییەیان نادیدە گرتووە کە ئەم باسەی تێدا هاتووە، هەروەها خۆیان لاداوە لەوەی کە پرسەکە پەیوەست بکەنەوە بە بێوەژنانی هەتیوبارەوە.

بەپێویستی دەزانین لێرەشدا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشینەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی چەندییەتیی هاوسەرگیریی دەچێتە چوارچێوە و خانەی چەشنەکانی مولکولیەمینەوە، بەو پێیەی کە ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم، لەبەرانبەر ئەوەوە کە پیاوەکە دەچێتە ژێر باری سەرپەرشتیی و بەخێوکردنی منداڵەکانیان وەك منداڵەکانی خۆی، ئیتر ژنەکان کە دایکی ئەو منداڵانەن میرات ناگرن و مارەییشیان نییە، دەبێت ئەوەش بزانین کە دابەزێنراوی بەجێ ناوی هاوسەر (زَوجَة) ی نەهێناوە لەگەڵ ناوی پەیماننامە (**الميثاق**) دا نەبێت، لە چەند ژنیشدا گوتویەتی: ﴿**فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ**﴾ ئەم جۆرە ئاخاوتنە لەبنەڕەتەوە لەگەڵ پیاوی بێهاوسەردا نایەتە ئاراوە.

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆلای کتێبمان (**الإسلام والإيمان**).

خواوەند سەرەتای سورەتی **النساء** ی بەهەمان ئەو داوا و بانگەوازە کردوەتەوە کە کۆتایی سورەتی **آل عمران** ی پێ هێناوە و بریتییە لەوەی کە داوا دەکات لەخەڵك پارێزکاربن و سنورەکانی خواوەند بپارێزن، هەروەها بە ئاماژەکردن بەوەی کە ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتیی لە یەك نەفسەوەیە، داوایان لێ دەکات پەیوەندیی خزمایەتیی بپارێزن کە لەدیدێکی فراوانی مرۆڤدۆستییەوە بۆی دەڕوانێت، نەك لە دیدێکی بنەماڵەیی یان هۆز و تیرەگەریی تەسکەوە و دەڵێت:

- **﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ النساء/١.**

پاشان خواوەند دەگوازێتەوە بۆ باسی یەتیم و بێ باوکان و فەرمان دەکات بە خەڵك کە ماڵ و سامانی بێ باوکان بگێڕنەوە بۆیان و لێیان زەوت نەکەن و دەڵێت:

- **﴿وَآتُوا الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ وَلَا تَتَبَدَّلُوا الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَهُمْ إِلَى أَمْوَالِكُمْ إِنَّهُ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا﴾ النساء/٢.**

پاشان درێژە دەدات بە باسی منداڵانی بێ باوك و فەرمان دەکات بەخەڵك چەندیان پێخۆشە لەیەکەوە تا دوو و سێ و چوار، ژن مارە بکەن، تەنها لەحاڵەتی ئەوەدا نەبێت کە ئەگەر مەترسیی ئەوەیان هەبوو نەتوانن چاکەکاربن لەگەڵ منداڵە بێ باوکەکاندا و دەڵێت: **﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا﴾ النساء/٣.**

دواتر لە ئایەتی چوارەمدا دەچێتە سەر باسی بەخشیش و مارەیی ژنان، لە ئایەتی پێنجەمیشدا باسی ئەوە دەکات کە ڕێگریی دەکات لەوەی نەفام و سەفیهەکان ماڵ و سامانی خۆیان بخرێتە بەردەستیان، بۆ ئەوەی لەوێوە دیسان بێتەوە سەر باسی منداڵانی بێ باوك و

بلێت: ﴿وَابْتَلُوا الْيَتَامَى حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلَا تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَنْ يَكْبَرُوا... ﴾ النساء/٦.

ئەگەر کەسێك بە ویژدانەوە سەرنج بدات و مەبەستی بێت بابەتی چەند ژنیی لە دابەزێنراوی بەجێدا تاوتوێ بکات، دەبێت سەرنجی ئەم ئایەتانە بدات و بە وردەکارییەوە لەسەر ئەو پەیوەندییە هۆکارییە بوەستێت کە خواوەند لە چوارچێوەی ئەو ڕەواڵ و سیاق و بەراوردکردنەدا ڕوونی کردوەتەوە لە نێوان بابەتی چەندیەتی ژنان و منداڵانی بێ باوکدا.

یەتیم لە زمانی عەرەبیدا و لەدابەزێنراوی بەجێشدا ئەو منداڵە ناکامڵ و کەم تەمەنەیە کە باڵغ نەبووە و باوکی لەدەسداوە و دایکیشی لەژیاندایە، سەبارەت بە کەم تەمەنییەکەی دەفەرموێ: ﴿وَابْتَلُوا الْيَتَامَى حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ﴾ النساء ٦. لەبارەی ئەوەشەوە کە باوکی لەدەسداوە و بێ باوکە دەڵێت: ﴿وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا﴾ الكهف/٨٢. بەئاماژەش گوتوویەتی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ ئەوەش کە دەڵێت: ﴿وَآتُوا الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ﴾، چوونکە باوك ئەگەر لە ژیاندا بێت، ئەو سەرپەرشتی منداڵە بێدایك و لێقەوماوەکەی دەکات، ئیتر پاساوێك نییە بۆ ئەوەی تا خواوەند داوا بکات لەخەڵك کە چاکەکار بن لەگەڵ منداڵەکەدا، هەموو ئەمانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جوغز و خولگەی ئایەتەکان بە دەوری ڕۆڵەی بێ باوکدا دەخولێتەوە کە دایکیان بە بێوەژنی و هەتیوباریی ماوەتەوە. ئەگەر کەسێکیش بڵێت: ئەی حاڵی ئەو منداڵەی کە هەم باوك و هەم دایکیشی لەدەسداوە، یان ئەو منداڵەی کە دایکی لەدەس داوە چییە؟ دەڵێین: بەمردنی هەردووکیان (باوك و دایك) ئیتر باسی فرەژنیی لە ئارادا نامێنێت، هەروەها بەمردنی دایك و مانەوەی باوك لە ژیاندا، دیسانەوە بابەتی چەند ژنی لەئارادا نامێنێت.

لێرەدا ئێمە باسی منداڵگەلێك دەکەین کە باوکیان لەدەسداوە و هەتیو کەوتوون، خواوەند داوامان لێ دەکات کە بە هانایانەوە بچین و چاکەیان لەگەڵدا بکەین و چاودێرییان بکەین و گەشە بەماڵ و سامانێك بدەین کە بۆیان بەجێماوە و بیپارێزین تا گەورە دەبن و توانای ئەوەیان دەبێت پارێزگاریی بەرژەوەندیی خۆیان بکەن، ئەوجا ڕادەستی بکەینەوە بە منداڵەکان کەخاوەنی ئەو ماڵ و سامانەن.

ئەمەش چۆن جێبەجێ دەبێت و دێتە دی؟

ئایا دەکرێت منداڵەکان لەدایکیان بسێنین و بیانهێنینە ماڵی خۆمان و بەدوور لەدایکەکەیان بەخێویان بکەین؟ یان لە ماڵەکەی خۆیاندا سەریان لێ بدەین و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین؟ وادیارە ئیشەکە بەو شێوازانە دەگونجێت. بەڵام ئەگەرێك لەئارادایە کە نەهێڵێت مەبەست و مەرامەکەی خواوەند بەتەواوەتی جێبەجێ ببێت.

لەم حاڵەتەدا، حاڵەتی ئەوەی کە مەترسیی ئەوە هەبێت وەك پێویست سەرکەوتوو نەبین لە چاکەکاریی لەگەڵ منداڵە بێ باوکەکاندا: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى﴾، ئایەتەکە ڕێگەچارەی تێدایە، واتە: بە درووست کردنی پەیوەندیی لەگەڵ دایکە بێوەژنەکانیاندا لەڕێگەی گرێبەستی مارەکردنەوە: ﴿فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ﴾، ڕووی قسە لێرەدا ئاراستەی ئەو پیاوانە کراوە کە هاوسەریان هەیە و منداڵیشیان هەیە، چوونکە لە باسی چەندژنیدا باسی پیاوێك نییە لەئارادا کە ڕەبەنە و بێوەژنێك مارە دەکات کە منداڵی لەگەڵدایە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئایەتەکە بە دوان دەست پێ دەکات و بە چوار کۆتایی دێت: ﴿مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾.

خواوەند نەك تەنها ڕێگە دەدات بە چەندایەتی لە هاوسەرگیریدا، بەڵکو لە ئایەتەکەدا بە دارشتەی فەرمان، فەرمانی پێ دەکات، بەڵام دوو مەرجیشی بۆ دادەنێت، **یەکەم:** دەبێت ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم، بێوەژن بێت و منداڵداریشی هەبێت، **دووەم:** چاکەکاریی لەگەڵ

منداڵەکاندا پیادە و جێبەجێ بکرێت، ئەگەر کەسێك نەتوانێت ئەم دوو مەرجە جێبەجێ بکات، ئەوا ئەو فەرمانەی کە کراوە، سەبارەت بەئەو هەڵ دەوەشێتەوە.

سەبارەت بەوەش کە ئایا ئەم بابەتی مەرج دانانە کە ئێمە بۆی چووین لەکوێوە هاتووە، لەو بونیادە بنەڕەتییەوە هاتووە کە خواوەند بەم فەرموودەیەی دای ڕشتووە: ﴿**وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ**﴾ **النساء/٣**، دەبینین ئامرازی مەرجی (**إنْ**) ی بەکار هێناوە کە ئەگەر هەڵدەگرێت، واتە: لە بنەڕەتەوە بۆ کۆمەڵگەیەك هاتووە کە چەندژنیی تێدا نەبێت، ئەم چارەسەرەی وەك یەکێك لەچارەسەرەکان بۆ داناوە، چوونکە خواوەند دەزانێت کە مرۆڤایەتیی بەرەو هەڵوەشاندنەوەی چەندژنیەتیی دەڕوات.

بە سەرنج و تێڕامانەوە لەبەردەم ئەم فەرموودەی خواوەنددا دەوەستین کە دەڵێت: ﴿**مَا طَابَ لَكُمْ**﴾، تەنانەت لە حاڵەتی بێوەژنێکی هەتوباریشدا کە سەرکردە و بەخێوکەری خێزانەکەشی لەدەست داوە و وای لێهاتووە ناچار بێت هەر خوازیارێك پەسەند بکات کە لێی بێتە پێشەوە، دەبینین خواوەند وەك ڕێزێك بۆ ژنەکە و هەستەکانی، ئاماژە بەوە دەکات کە ژنەکە ئەوەی تێدابێت ڕەزامەندیی و دڵخوازیی پیاوەکە بۆلای خۆی ڕابکێشێت، گەر بەهۆی ئەم ئاماژە شاراوەیەوە نەبووایە، لەژێر کاریگەریی ئەو هەو هەلومەرجەدا کە ژنەکەی تێکەوتووە، دەکرا بڵێت: چەندتان مەیل لێیە ژن بخوازن، بەڵام گوتوویەتی: ﴿**مَا طَابَ لَكُمْ**﴾ واتە: چەندتان لا پەسند و دڵخوازە، (بێگەردیی بۆ خواوەندی کاربەجێ).

ئەم ڕێنماییە مرۆڤ دۆستانەیەش لە ئایەتەکەدا لەوانەیە ببێتە هاندەر لەدڵی هەندێ پیاودا کە بەتەواوەتی توانای دابین کردنی بژێویی خێزان و منداڵەکانی خۆیشیان نییە تا بگات بەو منداڵانەی تر کە لەگەڵ ژنەکەدا دێنە ناو ژیانیانەوە و دەستوپرد بکەن بۆ دەسخستنی ڕەزامەندیی خوا و خواستنی ژنە هەتیوبارەکان و بەو هۆیەوە ڕوبەڕووی کورتهێنان و نەداریی ببنەوە و بکەونە نێوان بەرداشی پاراستنی نازی منداڵەکانی خۆیان و ئەو ئەرکەی کە

دەکەوێتە ئەستۆیانەوە لەبارەی منداڵەکانی ژنەکەوە کە مارەی دەکەن، ئەمەش ناباشیی لەنێوانیاندا لێ بکەوێتەوە، چارەسەری ئەم حاڵەتەش لەم بڕگەیەدا هاتووە کە دەڵێت: ﴿**فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا**﴾. لێرەدا فەرمانی خواوەند بەوەیە کە ئەو چەشنە پیاوانە خۆیان بەدوور بگرن لە ژن هێنانی تر و لە حاڵەتی مەترسیی سەرهەڵدانی کورتهێنان و کەمدەست بووندا، دامرکێن لەگەڵ هاوسەرەکەیاندا و خۆیان ڕوبەڕووی ئەو حاڵەتە نەکەنەوە کە ئەگەری سەرهەڵدانی نادادگەریی نێوان منداڵەکانی لێ دەکرێت.

هەندێك لە بەڕێزانی ڕاڤەکار و فیقهزانەکان وای بۆ چوون کە: ﴿**فَإِنْ خِفْتُمْ ألاَّ تَعْدِلوا**﴾ واتای ئەوە بێت کە، ئەگەر مەترسیی ئەوەتان هەبوو نەتوانن دادگەربن لەنێوان ژنەکاندا لەحاڵەتی (هاوسەرداریی و مولکولیەمیندا)، ئەم لێکدانەوەیە هیچ بەهایەکی نییە بەلای ئێمەوە، چوونکە ڕەواڵ و سیاقی بابەتەکە لەبارەی چەندژنییەوە قسەدەکات بەواتا کۆمەڵایەتییە مرۆڤدۆستییەکەی، نەك بەواتا سێکسیی و زایەندییەکەی و بەدەوری منداڵانی بێ باوك و چاکەکاریی لەگەڵیاندا دەخولێتەوە، چوونکە خواوەند لەسەربەنی ئەوەوە کە بەڕوونیی فەرمانی کردووە بە ڕازیی بوون و دامرکان بەیەك هاوسەر و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە: بۆ ئەوەی نەکا تووشیی کورتهێنان و کەم دەستی ببنەوە: ﴿**ذَلِكَ أدْنَى ألاَّ تَعُولواْ**﴾، واتە: بۆ ئەو حاڵەتە تەنها بوونی هاوسەرێك باشتر و نزیکترە لەوەی پارێزراوبن لە ڕوبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەبوونیی و دەسکورتیدا.

فەرمان کردن بە چەند ژن هێنان لەچوارچێوەی ئەو مەرجانەدا کە بۆی دانراوە، لەچەند ڕوویەکەوە دەتوانێت چارەسەرێك بێت بۆ ئەو گرفت و کێشانەی کە بەهۆی جەنگەکانەوە دەقەومێن و دێن بەسەر کۆمەڵگە بەشەڕهاتووەکانادا:

ـ بوونی پیاوێك لەپشت بێوەژنێکەوە کە دالّدەی بدات و بیپارێزێت لەوەی کە تووشی خراپەکاریی ببێت.

ـ ڕەخساندنی نەوایەکی ئارام بۆ مندالّە بێ باوکەکان تا تیایدا ژیان بکەن و پێ بگەن.

ـ دەستەبەرکردنی مانەوەی سێبەری دایکەکە بەسەر مندالّە بێ باوکەکانیەوە و لەئامێز گرتنیان و چاودێریی کردنیان، کە ئەمەش دەبێتە مایەی پاراستنی مندالّەکان لە لادان و سەرلێشێوان.

لەوانەیە هەندێك لە دامەزراوەکانی چاودێریی و دالّدەدانی مندالانی بێ باوك، شوێنی مانەوە و خۆراك دابین بکەن بۆ مندالانی بێ سەرپەرشت، بەلام لەو حالّەتەدا مندالّەکان بەدوور و دابڕاو دەبن لە دایکەکانیان.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دامەزراوە و خانەی بێ سەرپەشتانە لە کۆمەلّگەدا هەلّ بوەشێنەوە و لاببرێن، چوونکە ئەوانیش چاودێریی و سەرپەرشتیی مندالانی دۆزراوە و بێ سەرپەرشت دەکەن و لە ڕێگەی ئەم دامەزراوانەوە بوار بۆ هەلّگرتنەوەی مندالّ و بەرۆلّە کردنی بۆ خێزانە بێ مندالّەکان دەڕەخسێت.

لەپەیوەندییە خێزانیەکاندا یەکێك لەو مەترسییانەی لە سەر کۆمەلّگەیە ئەوەیە کە پرسی چەندژنیی دابڕین لەو تەوەرە بنەڕەتییەی کە فەرمانی خوای لەسەر دامەزراوە، ئەویش بریتییە لە تەوەرەی مندالانی بێ باوك، مەترسییەکە لەوەدایە ئەم پرسەش بکەینە پرسێك بۆ ڕیشەداکوتان و مەحکەم کردنی نێرسالاریی و وای لێ بکەین ئەم بابەتەش بەهۆی گرێبەستێکی مولکولیەمینەوە ببێتە هاندەر بۆ دەست کراوەیی پیاو و هەرکات بیەوێت لە کۆمەلّگەیەکی ئاسایی و ئارامدا کە ژمارەی نێر و مێینەش تیایدا بەنزیکیی یەکسان بێت، دوو و سێ و چوار ژن مارە بکات.

مەترسیی لەوەش گەورەتر ئەوەیە کە چەند پاساو و بیانوویێك دابهێنینەوە بۆ پیاو (وەك ئەوەی کە فیقهزانەکان لەم سەردەمەدا دەیکەن) تا لەڕێگەی ئەو پاساو و بیانوە کرچوکاڵ و گاڵتەجاڕیی و هەندێجار ستەمکارییانەشەوە، پیاو بتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ چوار ژندا ببێت.

بۆنموونە، دەگوترێت: بەهۆی منداڵ نەبوونەوە پیاو بۆی هەیە ژنی دووەم و سێەم بهێنێت، وەك ئەوەی نەزۆکیی و تۆو پوچیی نەخۆشییەکی تایبەت بە ژنان بێت و پیاوان تووشی نەبن. یان گوتراوە و دەگوترێت: هەڵچوونی زایەندیی پیاو بیانووە بۆ خواستنی چەند ژنیی، بێ ئاگابوون لەوەی کە لەم بابەتەدا، ژن و مێرد وەك یەکن و لەوەش زیاتر هەندێك پێیان وایە ژن بەهێزترە و هەڵچوونی زیاترە. هەروەها دەگوترێت و گوتراوە: کە ئەگەر هاوسەری پیاوێك بەهۆی نەخۆشییەکەوە یان پێشهاتێکی نەخوازراوەوە نەی توانی وەك هاوژین بە ئەرکەکانی هەستێت، ئەمە دەبێتە بیانوو و پاساو بەدەستی پیاوەوە تا هەستێت بە هێنانی ژنی دووەم و سێەم، ئێمەش لێرەدا پرسیارێك دەکەین: ئەی ئەگەر پیاوەکە توانای نەما و نەخۆش کەوت؟ ئایا درووستە ژنەکە شوو بکات بەپیاوێکی تر بەسەر پیاوەکەی خۆیدا؟ هەروەها گوتراوە و دەگوترێت... تاد. ئێمە لە دابەزێنراوی بەجێدا سێبەر و هێما و ئاماژەیەکمان نەدۆزییەوە بۆ ئەو قسە و بیانووانەی کە ئەوان هێناویانەتەوە.

خواوەند فەرمانی کردووە بە چاکەکاریی لەگەڵ مندالانی بێ باوکدا، لەم چوارچێوەیەشدا فەرمانی بە هێنان و مارەکردنی چەند ژنیی مەرجدار داوە و ڕوونی کردوەتەوە کە تەنها لەحاڵەتی بوونی مەترسیی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مندالە بێ باوکانە لەگەڵ ستەمێکدا، ڕێگە دەدرێت بە خواستن و مارەکردنی دایکەکەیان، پاشان جارێکی تر هۆشداریی و ئاگاداریی ئەوە دەداتەوە کە پیاو وریا بێت تووشی دەست کورتیی و نەداریی نەبێتەوە، لەبوونی ئەم ئەگەرەشدا فەرمانی کردووە بە پیاو، بە هاوسەرەکەی خۆی ڕازیی بێت و ئەوی بەسە، وەك ئاسان کارییەکیش لەلایەن خواوەندەوە بۆ پرسی گرێبەستی مولکولیەمین، خواوەند لەم

بوارەدا پیاوی بەخشیوە لە پێدان و دابین کردنی مارەیی و بەخشیش بۆ ژنە هەتیوبارەکە، مەبەستیشی دەسخستنی ڕەزامەندیی خوایە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەم ژنەکان و هەم منداڵەکانیشیاندا، وەك دەفەرمووێت: ﴿**وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ قُلْ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَنْ تَنكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنْ الْوِلْدَانِ وَأَنْ تَقُومُوا لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا**﴾ **النساء/١٢٧**. هەروەها لەمیراتیشدا بەشی بۆ ژنەکان دانەناوە، بەڵام ئەم ئایەتەش دەرباز نەبووە لە تێگەیشتنی ڕووکەشانە و پەیوەست نەکراوەتەوە لەگەڵ هەردوو ئایەتەکەی ٣ و ٤ ی هەمان سورەتدا، هەرچەندە خواوەند بەڕوونی ئاماژەی کردووە و گوتوویەتی: ﴿**وَأَنْ تَقُومُوا لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ**﴾، هەندێکیان وای بۆ چوون کە: ﴿**يَتَامَى النِّسَاءِ**﴾ لە ئایەتی ١٢٧ دا واتە: ژنانی هەتیوو و بێ باوك، ئەم لێکدانەوەیە هیچ بایەخێکی نییە بەلای ئێمەوە. پەیوەندیی زمانەوانیش لەنێوان (**اليَتَامى**) و (**النِساء**) لە بڕگەی ﴿**يَتَامَى النِّسَاءِ**﴾ دا، پەیوەندیی زیادکراو و بۆزیادکراو (**المُضاف و المُضاف إليه**) یە، ئەوەش کە هەندێك دەڵێن: ژنانی هەتیو و بێ باوك، ئەوە پەیوەندیی ئاکارە بە پەسن کراوەوە (**صفة و مَوصُوف**)، کە ئەمە بابەتێکی ترە و ئەوە ناگەیەنێت.

(**المرأة و نساء**) یش بەو مێینانە دەگوترێت کە بگەنە تەمەنی شووکردن، حوکمی حاڵەتی منداڵی بێ باوکیش لەکار دەکەوێت کە کەسەکە باڵغ بوو و گەشتە تەمەنی ژن و شووکردن، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم بڕگەیە: ﴿**وَابْتَلُوا الْيَتَامَى حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ**﴾ **النساء/٦**. بینا لەسەر ئەمە شتێکمان نییە بەناوی ژنانی هەتیووە، ئەگەر شتێکی وا هەبووایە، دەبوو پیاوانی هەتیویش هەبوایە، کە ئەوەش لەڕووی ژیرییەوە ڕێگە پێنەدراوە.

لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئایەتەکە پیاو دەبەخشێت لە مارەیی و بەخشیش و میرات، هەندێ لە ڕاڤەکارانیش، لەوانە وەك سیوتیی لەبارەی بڕگەی: ﴿قُلِ اللهُ يُفتيكُمْ فِيهِنَّ﴾ ـە وە، وای بۆ چوون، واتاکەی بریتیی بێت لەوەی کە: ئاگادارتان دەکاتەوە لەبارەی بەشە میراتیانەوە، هەروەها لەبارەی بەشە میرات و مارەیی هەتیوانەوە.

باشە چۆن خواوەند لەلایەکەوە فەرمان دەکات بە چاکەکاریی و دادگەریی لەئاست هەتیواندا و لەلایەکیشەوە ڕێگە دەدات بە بێبەش کردنیان لە مارەیی کاتێك پیاوان بیانەوێت بیان خوازن؟ ئایا ئەمە هیچ چاکەکاریی و دادگەرییەکی تێدایە؟ ئایا هەر نەهامەتیی هەتیووباریی و بێ باوکیی خۆی بەس نییە بۆیان، تا نەهامەتیی بێبەش کردنیشیان لە مارەیی بدات بەسەردا؟ خواوەند دوورە لەوەی کە ئێوە دەیڵێن.

ئێمە وەك پێشتریش باسمان کرد خواستنی چەندژن وەك فەرمانێکی خوایی مەرجدار، دەبینین چارەسەرە بۆ کێشە و گرفتێکی کۆمەڵایەتیی مرۆیی کە دەشێت ڕووبدات و دەشێت ڕووش نەدات، بەڵگەش لەسەر ئەمە: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ﴾ ـە، واتە: ئەگەر مەترسیی ئەوەتان هەبوو، ئێمە وای دەبینین، ئەگەر گرفتەکە هاتە ئاراوە و ڕوویدا، پێویستە ئێمەش بەو فەرمانە هەستین و سوود لەو چارەسەرە وەگرین، ئەگەریش ڕووی نەدا پابەند نین بە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەوە، گرفت و کێشەکە پەیوەندیی بە ڕەوالّی مێژوویی گەشەی کۆمەڵگەکان و دابونەریتی کۆمەڵگەوە هەیە. پێشتر فرەژنیی وەك دیاردەیەکی پەسەندی کۆمەڵایەتیی و بەبێ هیچ مەرج و سنوورێك لەناو گەلاندا باو و بەربڵاو بوو، دواتر دابەزێنراوی بەجێ هات و سنوورداری کرد بە چوار ژن و چەن مەرجێکیشی بۆ دانا کە لە ئایەتەکەدا باسکراون، هەروەها بابەتەکەی کردە چارەسەرێك تا کۆمەڵگە لەکاتی پێویسدا سوودی لێ وەربگرێت،

پەیوەندیی نییە بە حەڵاڵ و حەرامەوە، وەك بڵێیت: بابەتەکەی وەك چارەسەرێك بەکراوەیی بەجێ هێشت بۆ کۆمەڵگە تا کەی پێویستی پێی هەبوو بەکاری بهێنێت و کەیش پێویستی پێی نەما وازی لێ بێنێت، ئێمە وای دەبینین لەم فەرموودەی خواوەند دەچێت کە دەڵێت: ﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنْ الصَّلَاةِ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمْ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُبِينًا﴾ النساء/١٠١. خواوەند دەرفەت دەدات بەوانەی کە کاروان و گەشتیان هەیە، لەیەك حاڵەتی مەرجداردا، کە مەترسیی گێچەڵ پێگێڕانی کافران لەئارادا بێت، دەتوانن نوێژەکانیان کورت بکەنەوە لە چوارەوە بۆ دوو ڕکات، بەڵام ئەگەر مەترسییەکە لەئارادا نەبوو و مەرجەکە نەهاتەدیی، کورت کردنەوەش باسی لەئارادا نابێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ کەس لە سەفەر و هاتوچۆکانیاندا نوێژ کورت دەکەنەوە، ئەمەش دروست و ڕاستە، کەسانێکیش هەن لەسەفەرەکانیاندا نوێژەکانیان کورت ناکەنەوە، ئەمەش هەر درووست و ڕاستە، چوونکە بڕیاردان لەسەر بوون و نەبوونی مەرجەکە بەجێ هێڵراوە بۆ گەڕیدە و کاروانچیی و موسافرەکە خۆی.

لەم سۆنگەیەوە، وای بۆ دەچین، بەسەرنجدان لەوەی کە ئایا ئەو مەرجانەی لەئایەتەکەدان هاتوونەتەدیی یان نا، کۆمەڵگە بڕیار دەدات کە ئایا کار بە چەندژنیی بکات یان کاری پێ نەکات. بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە پشت بە سەرژمێریی و داتا و وەرگرتنی ڕای خەڵك ببەستێت لەبڕیارەکانیدا.

بۆ نموونە: ئەگەر لە وڵاتێکی وەك سوریادا بڕیار لەسەر کارپێ کردنی بدرێت، ئەوە بڕیاردانێکی درووستە، ئەگەر لە وڵاتێکی وەك سعودیەشدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و کارپێ

نەکردنی بدرێت، دیسان ئەوەش بڕیارێکی درووستە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، بڕیارەکە مۆرکێکی هەتاهەتایی نابێت و هەر بەکاتیی دەدرێت.

کێشەی فیقهی ئیسلامی بۆماوە ئەوەیە، لەو پرسانەدا کە پەیوەست نین بە حەرام و حەڵاڵەوە هیچ گرنگییەکی نەداوە بەڕاو بۆچوونی خەڵك، بابەتی ڕاپرسیی و وەرگرتنی ڕای خەڵکیش گەر نەڵێین بوونی نەبووە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێین: دوور بووە لە زەین و بیرکردنەوەی فەقیهەکان، چوونکە لەو سەربەنەوە هەنگاویان هەڵگرتووە کە خواوەند حاکمە و ئەوانیش بە جێبەجێ کردنی حوکم و فەرمانەکانی خوا و لەڕێگەی فیقهەکەیانەوە، نوێنەرایەتیی ئەو حاکمیەتەی خوا دەکەن لەسەر زەویدا، ئەمەش بابەتێکە لەگەڵیدا نەخەڵك و نە ڕاوبۆچوونەکانیشیان هیچ ڕۆڵێکیان نییە و نابێت. وەك گوتمان: حەرام دەسنیشان کراو و گشتگیر و هەمیشەییە، فەواحش و ناپەسەندەکانیش لە حەرام کراوەکانن. حەڵاڵیش ڕەهایە، بەڵام بەشێوەیەکی سنووردارکراو و لەقاڵب دراو نەبێت ناکرێت ڕاپەڕێنرێت، بۆیە حەڵاڵ، فەرمان و ڕێگریکردن و وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی خەڵك و ڕاپرسیی و سەرژمێریی و کاری پەرلەمانی تێدایە.

خاڵی کۆتاییی کە بابەتی چەندژنیی پێ کۆتایی دەهێنین ئەوەیە: ئەگەر وادابنێین وڵاتێك بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی چەندژنییەتی دەرکرد و پاشان یەکێك لە هاووڵاتییەکانی سەرپێچیی بڕیارەکەی کرد، یاسا بۆی هەیە لێپێچینەوەی لێ بکات بەو پێیەی کە سەرپێچیی دەقێکی یاسایی و بڕیارێکی دەستەجەمعیی کردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابێت وەك زیناکارێك یان خراپەکارێك سەیر و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چوونکە وەك گوتمان: پرس و بابەتەکە پەیوەندیی نییە بە حەرام و حەڵاڵەوە. هەروەها، لە حاڵەتی قەدەغەکرنی چەندژنیش لە وڵاتێکدا، مادام کەسی سەرپێچیکاری بڕیارەکە و گرێبەستی مارەبڕینی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم بە فاحشە و ناپەسەند و کەسەکەش بە زیناکار دانانرێت، ئیتر هیچکەس بۆی نییە بڵێت: حەڵاڵێك حەرام کراوە، خواوەند فاحشە و ناپەسەندەکانی حەرام کردووە، دەشێت ئەم

لێتێکەڵ بوونە بەهۆی ئەوەوە دروست ببێت کە جیاوازیی نەکرێت لە نێوان هەریەك لە حەرام و قەدەغەکراودا، حەرام بەهیچ شێوەیەك حەڵاڵ ناکرێت، بەڵام دەکرێت حەڵاڵێك قەدەغە بکرێت، بەڵام قەدەغەکردنەکەی نابێت گشتگیر و هەتاهەتایی بێت، ئەگەر مۆرکی هەتاهەتایی و گشتگیری هەڵگرت، ئەوە خۆی حەرامە، چوونکە ئەو کارە تایبەتمەندیی تەنها خوایە، تەنانەت پەیامهێنان و پێغەمبەرانیش مافی حەرام کردنیان نەبووە، بەڵام مافی فەرمانکردن و ڕێگریی کردنیان هەبووە لە بازنە و بواری حەڵاڵدا.

لێرەدا شیاوە سەرنجی جیاوازیی نێوان مولکولیەمین لە حاڵەتە ئاساییەکاندا و مولکولیەمین لێرەدا بدەین، بەوەی کە پیاوی هاوسەردار بۆی هەیە پەیوەندیی و گرێبەست ببەستێت لەگەڵ بێوەژنێکی هەتیوباردا و بیکاتە مولکولیەمینی خۆی، هاوسەرەکەشی بۆی هەیە داوای جیابوونەوەی لێ بکات.

بەهەمان شێوە گرێبەستێکی مارەکردن لەگەڵ ژنی دووەمدا کە مەرجەکانی تێدا نەبێت، واتە: ژنەکە بێوەژنێکی هەتیوبار نەبێت، ناتوانین لەڕیزی فاحشە و خراپەکاریی و ناپەسەنددا دای بنێین، چوونکە لەڕیزی شەش فاحشە و ناپەسەندەکاندا کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون، ناوی نەهاتووە، بۆیە بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دەگونجێت لە کۆمەڵگەیەکدا ئاسایی بێت و لە کۆمەڵگەیەکی تردا سزای ئەو حاڵەتە قورستریش بێت لە و سزایانەی کە خوا دەسنیشانی کردوون بۆ خراپەکاران، چوونکە هەموو حەرام کراوێك بێزراو و ڕەدکراوەیە، بەڵام هەموو حەڵاڵێکیش چ بەلای تاکەکەسەوە یان بەلای کۆمەڵگەوە پەسەندکراو و وەرگیراو نییە (لێرەدا سەدان ئەگەر هەیە بۆ حەڵاڵ) . بەم شێوەیە دیسان بۆمان دەردەکەوێت کە سوننەتی پێغەمبەر ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەیەك بووە لە حەڵاڵدا (فەرمان کردن و قەدەغە کردن ـ أمرٌ وَ نَهي) و مۆرکی هەتاهەتایی هەڵ نەگرتووە.

## سەرپەرشتیی و گرتنە ئەستۆی بەڕێوەبردنی ژیان ـ القوامة

ئەگەر لەزمانی عەرەبیدا بگەڕێین بەدوای واتای وشەی (**القوامة**) دا، دەبینین (**القَیم**) کە بەواتای (خەمخۆر و بەدەمەوەبوو) دێت، بالادەستە بەسەر بابەتەکەدا و هەڵی دەسوڕێنێت، (**قَیِّمُ المَرأة**) خەمخۆر و مشوورخۆری ژنیش هاوسەرەکەیەتی، چوونکە سەرپەرشتیی ژیانی دەکات و پێویستییەکانی بۆ دابین دەکات، (**الرِّجالُ قَوامون على النِساء**) یش واتە: پیاوان شانیان داوەتە ژێر کاروبارەکانی ژنان و گرنگیان پێ دەدەن.

(موسڵمانان) یش لەسەر بەش بەش کردنی ئەم ئایەتە ڕاهاتوون: ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا**﴾ النساء/٣٤ و واتاکەیان کورتهێناوە لەم ڕستەیەدا: ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ**﴾، ستەمگەریی بەسەر ژنیشدا کراوەتە بنەمای هەڵسوکەوت لەگەڵیدا، وەك ئەوەی کە خواوەند نێری لەپلەی یەکەمدا درووست کردبێت و ئینجا ژنیشی درووست کردبێت تا لەپلەی دووەمدا بێت و قسەی ئەوەڵ و ئاخریشی دابێتە دەست پیاو و بووبێتە گەورەی قسەڕۆیشتوو و ژنیش تەنها گوێڕایەڵیی لەسەربێت، فیقهزانە بەڕێزەکانیش لە هەموو بۆنەیەکی تایبەت بەژناندا دێن و وادەردەخەن کە (ئیسلام ڕێزی گرتووە لە ژن) و لەدیدی ئەوانەوە ژن تەنها دەفرێکی شوشەیە بۆ پاراستنی وەچە، یان پارچە شیرینییەکە و پێویستە بپارێزرێت لە مێش و مەگەز، نێریش بۆی هەیە لێی بدات ئەگەر لەفەرمانی دەرچوو، ئەم ئایەتەشیان لەبیرخۆیان بردووەتەوە کە دەڵێت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ**

**وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ الحجرات/١٣.**

هەندێکیشیان وای بۆچوون کە (قوامة) ی پیاو بەسەر ژنەوە لە درووست کردنەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، یەك لەوانە پێشەوا سیوتییە، ئەوە دەداتە پاڵ پێغەمبەر کە گوتویەتی:

ـ **"مَا أفلَحَ قَومٌ وَلَوا أمرَهُمْ إمرأة"** (**مُسنَد أحمَد ١٩٦٠٣**) واتە: هەچ نەتەوەیەك کاروباری خۆیان سپارد بە ژنێك بەختەوەریی نابینن.

ـ **"النساء ناقصات العَقل والدين"** (**البخاري ٢٩٣**) واتە: ژنان ژیریی و ئاینیان ناتەواوە. چوونکە شایەتیدانی یەکێکیان بە نیوە شایەتی دادەنرێت، کە ئەمە ناتەواویی ژیرییانە و، لە کاتی سووڕی مانگانەشدا نوێژ ناکەن، ئەمەش نیشانەی ناتەویی ئاینیانە.

ـ **"يقطَع الصلاةَ المَرأةُ والحمارُ والكلبُ الاسوَد"** (**الترمذي ٣١٠**) واتە: ژن و گوێدرێژ و سەگی ڕەش، نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە.

زۆربەی پێشەوایان ئەم قسانەیان پوچەڵ کردوەتەوە و حەشایان لێ کردووە، بەلای ئێمەشەوە هیچ بایەخێکیان نییە و بەپێویستی نازانین ئێمەش قسە لەبارەیانەوە بکەین یان قسەکانی ئەوان دووبارەبکەینەوە لەبارەیانەوە.

لە دابەزێنراوی بەجێدا دوو چیرۆك هەن: چیرۆکی ژنەکەی عیمران دایکی مەریەم (سلاوی لەسەر) و چیرۆکی شاژنەکەی سَبَأ. خواوەند دەفەرمووێت: **﴿فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ﴾ آل عمران/٣٦**، هەندێ

لەڕاڤەکاران وای بۆچوون کە ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ﴾ ڕستەیەکی لاوەکیی بێت و بەشێك بێت لە قسەکانی ژنەکەی عیمران، هەندێکی تریشیان وای بۆچوون کە ڕستە لاوەکییەکە بریتیی بێت لە: ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾. کێشەکە لەوەدا نییە کە کێ گوتویەتی: ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾، چوونکە گفتوگۆی ناو ئایەتەکە لە نێوان ژنەباوەڕدارەکەی عیمران و پەروەردگاریدایە، ئەگەر قسەکە ئەو کردبێتی ئەوا قسەیەکی بەهێزی ژنێکە، کە خوا بەنموونە هێناویەتەوە بۆ باوەڕداران، ئەگەر قسەکەش هی خوا بێت و ئەو کردبێتی، ئەمەیان بەهێز ترە.

کێشەکە لەوەدایە هەموو ڕاڤەکاران وایان داناوە کە نێر لە ئایەتەکەدا باشترە لەمێ، لەکاتێکدا کە پێچەوانەکەی ڕاستە. ڕستەکەش ڕوونترە لەوەی کە دووکەس لەسەر ماناکەی ناکۆکیی بکەوێتە نێوانیانەوە، چوونکە لەزمانی عەرەبیی و لەبواری لێچواندندا، ئەو شتەی کە شتێکی تری لێ ئەچوێنرێت، باشترە لە لێچوێنراوەکە (**لأن المُشَبه به في لسان العرب أفضل من المشبه في مجال التشبيه**).

چیرۆکی دووەمیش، چیرۆکی سولەیمان و بەلقیسە، خواوەند دەفەرمووێت: ﴿إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ﴾ **النمل/٢٣**، هەروەها: ﴿قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ * قَالُوا نَحْنُ أُولُو قُوَّةٍ وَأُولُو بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ﴾ **النمل/٣٢-٣٣**. ئەگەر سەرنجی پەرچەکرداری سولەیمان بدەین (سلاوی لەسەر) کاتێك هەواڵی هاتنی بەلقیسی پێ گەیشت، نابینین نکوڵیی و لاریی لەوە بووبێت کە بەلقس پاشایەکی خاوەن دەسەلات و قسەڕۆیشتووە لە ناو نەتەوەکەیدا، بەڵکو ڕەخنەی ئەوەی هەیە لێیان کە خۆر دەپەرستن، بەتایبەت ئەویش وەك ئێمە سەرنجی ئەوەی داوە کە بەلقیس

لە حوکمڕانییەکەیدا ڕاوێژکاریی پەیڕەو کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی ژیریی و تەواوکارییە.

بۆ وردبوونەوە و تێڕامان لە ئایەتی ٣٤ ی سورەتی **النساء**، پێویستە لەواتای هەردوو وشە و چەمکی: (**الرِّجال**) و (**النِّساء**) بەو شێوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتوون، تێبگەین، ئەگەر پێوشوێنی واتای (**الرِّجال**) هەڵگرین، دەبینین مانای کۆمەڵە نێرێك لەخۆ دەگرێت، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا**﴾ **النساء/٧**، یان بەواتای کەسێك کە بە پیادەڕەو لەسەر دوو پێ دەڕوات (**راجلاً على قَدَمَين**)، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ**﴾ **الحج/٢٧**، ئەوانەی کە دێن بۆ حەج تێکەڵەیەکن لە نێر و مێ، چوونکە (**الناس ـ خەڵك**)، تەنها نێرینەکان نین، لەم ئایەتانەشدا هاتووە: ﴿**فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا فَإِذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ**﴾ **البقرة/٢٣٩**، ﴿**قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا**﴾ **الكهف/٣٧**.

لە قامووسی (**لِسان العَرب**) یشدا دەبینین: بۆ نێر (**رجُل**) و بۆ مێ (**رجلةَ**) بەکارهاتووە، لە حەدیسیشدا هاتووە کە: "**كانت عائشة**، رضي الله عنها، **رجلة الرَّأي**" هەروەها(**إبنُ ألأعرابي**) دەگێڕێتەوە کە: " **أن أبا زياد الكلابي قال في حديث له مع إمراته فتهايج الرَجلان**" واتە: خۆی و ژنەکەی، وەك ویستبێتی بڵێت: "**فتهايج الرجل و الرجلة، فغلبَ المذكَر**".

دواجار دەگەینە ئەوەی کە "**الرِّجال**" دەشێ ئاماژەبێت بۆ چەند نێرێك و دەشێت ئاماژەبێت بۆ چەند نێر و مێیەکیش پێکەوە.

بەلاّم "النِّساء" وەك كۆی "إمرأة" هاتووە، وەك ئایەتی ٧ ی سورەتی النساء: ﴿وَإِذْ نَجَّيْنَاكُمْ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَلِكُمْ بَلَاءٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَظِيمٌ﴾ البقرة/٤٩، وە بەواتای "ما نَسيءَ" ش هاتووە، واتە: هەموو تازە داهاتوویێك، وەك ئەم ئایەتە: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ﴾ آل عمران/١٤. (النَّاس) یش وەك باسكرا نێر و مێش دەگرێتەوە، خواوەندیش خۆشەویستی مێینەكانی نەرِازاندووەتەوە بۆ مێینەكان خۆیان، ژنیش لە خانەی ئەو شمەكانەدا نییە كە لەئایەتەكەدا ناویان هاتووە، وەك باڵەخانە و ئاڵتوون و زیو و ئەسپ و بەرزە ولاّخەكان، بەڵكو ژن و مێینەش مرۆڤێكی تەواوە و ئەرك و مافی خۆی هەیە و لە رِۆژی دواییشدا وەك نێرینەكان لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكرێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ النحل/٩٧، خواوەندیش خواست و خۆشەویستیی هەموو شتە تازەكانی خۆشەویست كردووە لەلای خەڵك بەگشتیی بە نێر و مێیانەوە، واتە: "مانسيءَ" یانی هەموو تازە داهاتوویێك.

ئابووریی ئەم سەردەمەش لەزۆربەی كەرت و بوارەكانیدا، لەسەر ئەم بناغەیە كاردەكات و بەرِێوە دەبرێت، بەلای خەڵكیشەوە دەرمانی تازە داهاتوو لە دەرمانی كۆن، پەسەند ترە، ئۆتۆمۆبێل و تەلەفۆن و پۆشاك و كاتژمێر و... تاد. مۆدێل بەرزیش، لە هی كۆن پەسەند ترە.

بێجگە كرداری (نَسيءَ) ش، هیچ رِیشە و رِەگێكی ترمان دەسنەكەوت كە یەكەی زمانەوانیی (النساء) ی لێوە داتاشرابێت.

(**النساء**) هەندێ جار بەواتای درەنگ کەوتووەکان (**المتأخرات**) یش دێت، چوونکە لەگەشەی زیندەوەرەکاندا دواتر هاتووەتە کایەوە، واتە: دوا بەرهەم و ڤێرژنی پەروەردگارن، بەلای ئەوەشدا دەچین کە ناولێنانی سورەتی (**النساء**) یش لەم مانایەوە هاتبێت، چوونکە هەموو ئەو بابەتە تازانەی لەخۆ گرتووە کە لە شەریعەتە پێشووەکاندا نەهاتوون.

(نساء) بەواتای نێرەکان بەتەنها: ﴿**وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ...**﴾ **النور/٣١**، چوونکە ناگونجێت خواوەند لە ڕستەی (أو نِسَائِهِنَّ) دا مەبەستی ئەوەبێت کە داوابکات لە ژنانی باوەڕدار تا لەبەردەم مێینەکانی خۆیاندا جوانییەکانیان دەرنەخەن، هەروەها لەو ئایەتەشدا کە پەیوەستە بە دایکانی باوەڕداران و ژنانی پێغەمبەرەوە (سلاوی لەسەر) کە دەڵێت: ﴿**لَا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ وَلَا أَبْنَائِهِنَّ وَلَا إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ أَخَوَاتِهِنَّ وَلَا نِسَائِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ وَاتَّقِينَ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا**﴾ **الأحزاب/٥٥**، وشەی (**نِسَائِهِن**) ش لە هەردوو ئایەتەکەدا، لەناو ئەو کەسانەدا کە باسیان لێوەکراوە، ئاماژەیە بۆ ئەو نێرانەی کە تازە دێنە ناو ژیانی مێینەکانەوە، وەك: کوڕ و کچەزا و برازا و خوشکەزا و ئەوانی تر بەرەو خوار، هەموو ئەمانەش تەنها نێرن.

بەکورتیی و پوختیی دەشێت (**النساء**) ئاماژە بێت بۆ نێر و مێیش پێکەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی (**القوامة**) ش بەو شێوەیەی کە لە قامووسی (**لِسَانُ العَرَب**) دا هاتووە، دەبینین: "**القَيِّم**" ئەو کەسەیە کە "**السَيد وسائس الأمر**" گەورە و کاربەدەستە، خواوەندیش دەفەرموێت: ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ**﴾، دەبینین خواوەند

(**قوامة**) و کاربەدەستیی دەبەستێتەوە بە توانا و لێهاتنەکانەوە، بەهەموو شێوەکانیانەوە، ڕێز لێنانەکەش هەم پیاوان و هەم ژنانیش پێکەوە دەگرێتەوە، چوونکە ئەگەر (**بَعْضُهُم**) تەنها مەبەست پیاوان بوایە، بڕێك لەپیاوانی دەگرتەوە، نەك هەموویان، ئەوکات پێویستی دەکرد ئایەتەکە درێژەی ببوایە و بیشی گوتایە: (**على بَعضِهِن**)، تا بڕێك لەژنانیشی بگرتایەتەوە، نەك هەموویان، ئەمەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە خواوەند بڕێك لە (**الرجال**) ی ڕێز لێناوە بەسەر بڕێك لە (**النساء**) دا، ئەی چارەنووسی ئەوانی تریان چی لێ دێت؟ ئایا لە ڕێز و شکۆدا یەکسانن؟ ئەی ئەو ژنانە کوان کە لەپیاوان بەڕێزتر و شکۆمەند ترن و لەهەموو سەردەمێکیشدا هەن؟ ئەگەر مەبەست لە (**الرِّجال**) نێرەکان بوایە کە بەڕێزترن لە مێینەکان (**النساء**)، ئەوا دەیگوت: (**بِما فَضَلَ الله عَلَيهِن**)، بۆیە دەبینین ڕستەی: ﴿**بَعْضَهُم عَلَى بَعْض**﴾ هەموو (**رجَال**) و (**نِسَاء**) ـەکان دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی واتاکەی ببێتە: (**بِما فَضَلَ الله بَعضَ الرِّجال والنساء على بَعضَ الرجال و النِساء**) واتە: خواوەند ڕێز و شکۆی بڕێك لە پیاوان و ژنانی داوە بەسەر بڕێکی تر لە پیاو و ژناندا.

ئەمەش لەم ئایەتانەدا بەڕوونی دەردەکەوێت: ﴿**انظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا**﴾ **الاسراء/٢١**، ﴿**وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمْ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**﴾ **التوبة/٧١**، چوونکە ناگونجێت بەو شێوەیە لێی تێ بگەین کە باوەڕدارانی نێر سەرپەرشت و کاربەڕێکەری باوەڕدارانی مێ بن.

لەم سەربەنەوە لەو ئایەتەش تێدەگەین کە دەڵێت: ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ**﴾، لەسەر بنەمای ئەوەی کە هەرکەس لە هەردوو ڕەگەز بەتواناتر و

لێهاتووتر بوو (**الرِّجال ذكُوراً وإناثاً**)، واتە: **ڕیجالەکان** بە نێر و مێیانەوە، دەبنە سەرپەرشت و کاربەدەستی ئەوانی تریان کە کەم توانا ترن لەوان (**النِساء ذكوراً وإناثـاً**)، واتە: نسائەکان بە نێر و مێیانەوە، پاشان دێینە سەر باسی ڕووکارەکانی چاکایەتیی و ڕێزدارییەکە، ڕێژەی چاکایەتیی و چاکبوون بەپێی ڕێژەی چاك بەڕێوەبردن و دانایی و پلە و ئاستی ڕۆشنبیریی و ئاگایی کەسەکە دەبێت، کە هەموو ئەم ئاکارانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن، نێری واهەیە باشتر و چاکترە لە مێینەکان، بەپێچەوانەشەوە مێی وا هەیە لەزۆر نێر چاکتر و سەرکەوتووترە، بۆ نموونە: مارگرێت تاتچەر و ئەنگیلا مێرکڵ و هیلاری کلنتۆن، هەرسێکیان لە ڕووی لێهاتنەکانیانەوە (**رِجال**) بوون، هەروەك شاژنەکەی سبأ، لەهەمان کاتدا هەموو سەرکردەکانی وڵاتە شکستخواردووەکان ئەوانیش (**نِساء**) ن، ئەگەرچی نێریش بن، چوونکە وڵاتەکانیان لەڕووی کارگێڕیی و بەڕێوە بردنەوە دواکەوتوون.

لەم سۆنگەو سەربەنەوە دەتوانین لەو قسەیەی پەیامهێن تێبگەین کە (ئەگەر ڕاست دەرچێت) گوتوویەتی: "**هەچ نەتەوەیەك کاروباری ژیانیان بدەنە دەست ئافرەتێك بەختەوەر نابن**"، بەو پێیەی کە ئەم قسەیە باری سەرنجێکی پێغەمبەر بووە و مەبەستی ژنێکی دیاریکراو بووە کە بریتیی بووە لە کچەکەی کیسرای، بەڵگەش لەسەر ڕاستیی ئەم بۆچوونەی ئەوەبووە کە دوای چەند ساڵێك، دەوڵەتی کیسرا لەسەر سەکۆی ژیان سڕرایەوە، ئەم حاڵەتەش دوای ئەوەی کە ئەگەر ڕاستیش دەرچێت قسەی پەیامهێنە، هێشتا هەر بۆ گشتاندن ناشێت، چوونکە باری سەرنجی ئەو بووە، لەبارەی ڕووداو و پێشهاتێکی تایبەتەوە.

سەرکەوتوو بوون و (**قوامة**) ش لە بەڕێوەبردنی کار و بازرگانیی و پیشەسازیی و کشتوکاڵ و ڕۆشنبیریی و وەرزشدا، ڕوون و ڕۆشنترە لەوەی پێویست بکات بەدرێژیی قسەی لەسەر بکەین.

ڕاستە خواوەند لەڕووی شێوازی دروستکردن و توانای ماسولکەکانەوە لێهاتوویی زیاتری بەخشیوە بە پیاو، ئەم زیادە پێدانەش تەوەرەی بنەڕەتییە لە پەیدا کردنی بژێویی و ڕاو و شکار و کشتوکاڵ و بازرگانیدا، لەکاتێکدا کە ئەو کارانە پێویستیان بە توانای جەستەیی و هێزی بازوو هەبوو لەسەردەمی نێرسالاریی و باوکسالاریدا، بەڵام پێشڕەوت و گەشەی میکانیکیی و شۆڕشی ئامێرەکان، ئەو زیادە لێهاتووییەی سڕیەوە، یان با بڵێین: تاڕادەیەکی زۆر، کەمی کردەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زانست و زانیاریی لەچەند ڕوویەکەوە لەباریی و لێهاتوویی ژنی سەلماند، وەك تەمەنی ناوەنجیی و کەم تووش بوون بە نەخۆشییەکانی دڵ.

لێرەوە دەچینە سەر باسی بڕگەی دووەم لەباسی لێهاتوویی و گرتنەدەستی بەرپرسیارییەتیی (القوامە)، ئەو بڕگەیەش لەئایەتەکەدا بریتییە لە باسی دارایی و ئابووریی کە دەڵێت: ﴿وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أموالِهِمْ﴾، بەبێ گوێدان بە ڕادەی لێهاتوویی و پلەی ئاگایی و ڕۆشنبیریی، خاوەنی ماڵ و سامان بڕیاربەدەست و قسە ڕۆیشتووە، چوونکە ئەو خاوەن کارگەیەی کە بڕوانامەی ئامادەیی هەیە، دەتوانێت بەڕێوەبەرێك دابمەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کارگەکەی کە خاوەنی بڕوانامەی باڵا بێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خاوەنی کارگەکەش بێت، چوونکە سەرچاوەی داریی لەدەستی خاوەن کارگەکەدایە و دواجار بڕیاریش بەدەستی ئەوە، بەهەمان شێوە دەگونجێت خاوەنی کارگەکە ژنێك بێت و چەندین خاوەن بڕوانامەی باڵا لەلای کار بکەن و سەرۆکایەتیی و بڕیاری کۆتایش لەدەستی ژنەکەدا بێت، بمانەوێت یا نا، قسەی کۆتایی بەدەسی ئەو کەسەیە کە سەرچاوەی دارایی لەدەستدایە، ئەم ڕاستییەش بەڕوونی دەردەکەوێت لەسەر ئاستی تاك و خێزان و دەوڵەتەکانیشدا و پەیوەندیشی نییە بە ئاستی ڕۆشنبیریی و لێهاتنەوە، واتە: قیوامە و لێهاتوویی و گرتنە دەستی دەسەڵات، وەك ڕاڤەکار و فیقهزانەکان

لێكیان داوەتەوە، قەتیس نییە لە چوارچێوەی خێزاندا، بەڵكو دەكشێت بەرەو ڕووی بوارەكانی كـاركردن و بازرگـانیی و پیشەسـازیی و كشـتوكاڵ و كـارگێڕیش، دەكشـێت تـا بوارەكـانی پـەروەردە و فێركـردن و پزیشـكیی و دەرمانسـازیی و وەرزش و بـواری حـوكمڕانیی و پلـە باڵاكانیش دەگرێتەوە.

لە ڕابوردووی دوردا نموونەی زۆرمان لەبەردەسدایە لە شاری تـەدمور و ڕوسـیای قەیسـەرییدا، لە مێژووی هاوچەرخیشدا لە ئەڵمانیا و بـەریتانیا و هینـد و پاكسـتان، دەوڵـەتی دەوڵەمەنـد هاوكاریی دەوڵەتە هەژارەكان دەكات تا لەبەرانبـەر ئـەو هاوكارییـەدا دەسـت بگرێـت بەسـەر بڕیـارە سیاسـییە نـاوخۆیی و دەرەكییـەكانی ئـەو وڵاتانـەدا كـە یارمـەتییان دەدات، سـەیری دەوروبەرمان و داكەوتی وڵاتان دەكەین و دەڵێین: خواوەند ڕاستی فەرموو.

دێینە سەر گـرنگترین بـوار كـە باڵادەسـتیی و بڕیاربەدەسـتیی **(القوامـة)** ی تێـدا بەرجەسـتە دەبێت، كە بریتییـە لـە مـاڵ و خێـزان، پایـە سـەرەكییەكانی خێـزانیش بـریتین لـە هـەردوو هاوسەر، ژن و مێردیش چەند بابەتێكی سەرەكیی پەیوەندییەكانیان ڕێك دەخات، كـە بـریتین لە: خۆشەویستیی و سۆز و بەزەیی و هاوكاریی یەكتر لەسەر چاكە و پارێزكاریی.

خێزان وەك ناوك و بنەمایەك بۆ كۆمەڵگـە، پێویسـتی بـە (قَـیِّم) و سەرپەرشـت و بەرپرسـێك هەیە تا كارەكانی بەڕێوە ببات و ڕابەرایەتی تاكەكانیشی بكات و كەشـتیی ژیـانی خێزانەكـە لەنێوان شەپۆلەكانی ژیاندا بەسـەلامەتی تـێ بپـەڕێت. نێرەكـان پلـە و ئاسـتی جۆراوجۆریـان هەیە لـە دەوڵەمەنـدیی و ڕۆشـنبیریی و ڕەوشـت جـوانیی و توانسـتی سـەركردایەتی كردنـدا، مێینەكانیش هەروەها پلەی جیاوازیان هەیە، گومان لـەوەدا نییـە كـە بەرژەوەنـدیی خێـزان و

کۆمەڵگەش لەوەدایە کە کلیلی سەرکردایەتیی کردن لەدەستی کەسێکی لێوەشاوە و خاوەن توانادا بێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو کەسە نێر بێت یان مێ.

ئەمەش هەمان ئەو واتایەیە کە جێگەی مەبەستی ئایەتەکەیە لەوەدا کە بە باڵادەستیی و کاربەدەستیی **(الرِّجال)**، دەستی پێ کردووە بەسەر **(النِساء)** دا و دەڵێت: ﴿**الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِسَاءِ**﴾، پاشان ئاماژەی کردووە بۆلای ئەوەی کە هەریەك لە **(الرِّجال)** و **(النِساء)** هاوبەشن لەوەدا کە خواوەند فەزڵ و چاکایەتیی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکی تریاندا و دواتریش لەهەمان ئایەتدا و لەبڕگەی دواتردا، شایستەیی و لێهاتوویەتی مێینەکانی خستووەتە ڕوو بەسەر نێرەکاندا و گوتویەتی: ﴿**فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ**﴾، دەستەواژەی ﴿**فالصَالِحَاتُ**﴾ ئاماژە و واتای ئەوەمان دەدات بەدەستەوە کە: باس لەو مێینانە دەکات کە شایستەی کاربەڕێوەبردن و بڕیاربەستین، چوونکە تەوەرەی ئایەتەکە بابەتی بڕیاربەدەستیی و **(قوامة)** ـە یە و بەدەوری ئەودا دەسوڕێتەوە.

ئەوەش کە هەندێ بەڕێز وای بۆ چوون کە واتای وشەی **(صالِحَات)**، بریتییە لەوەی کە: نوێژکەر و ڕۆژووگر بن، ئەم لێکدانەوە و بۆچوونە هیچ بایەخێکی نییە لای ئێمە، چوونکە ئەنجامدانی نوێژ و دەرکردنی زەکات و ڕۆژوو گرتن و حەجی کابە، پەیوەندیی نییە بە چاکەکاریی و لێهاتوویەتی و لێوەشاوەییەتیەوە، بەڵگەشمان لەسەر ئەم قسەیەمان، ئەم ئایەتەیە: ﴿**وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ * فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ...** ﴾ **الأنبياء/٨٩-٩٠**، ئایا خواوەند بەوە ژنەکەی زەکەریای ئیصلاح کرد کە کردی بە نوێژگەر و ڕۆژووگر، یان وای لێ کرد بتوانێت و لەباربێت بۆ ئەوەی منداڵی ببێت، چوونکە ئایەتەکە بەدەوری ئەو بابەتەدا دەسوڕێتەوە؟

کەواتە: ئایەتەکە ئەو ئاکارانە دەژمێرێت کە پێویستە لە ئافرەتێکدا بن تا بتوانێت ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیی کردن بگرێتە ئەستۆ، یان بخرێتە ئەستۆی، بەوەی کە خواوەند باریهێناوە و لەڕووی سامان و ڕۆشنبیریی و توانای هزریی و سەرکردایەتیی کردنەوە بەهرەی پێ بەخشیوە، (**قنوت و حفظ الغيب**) یش بریتین لەو ئاکارانەی کە پێویستن بۆ ژنێك تا بتوانێت کاربەدەستیی و سەرپەرشتیی خێزانێك بکات و تایبەتمەندییەکانی بپارێزێت.

بەڵام چی دەبێت ئەگەر هەڵگری ئەو ئاکارانە نەبێت؟ لەم حاڵەتەدا، لەسەر هێڵی قیوامە و گرتنە دەستی بەرپرسیارییەتی دەترازێت و یاخیی دەبێت و دەچێتە خانەی (نشوز) ـەوە: ﴿**وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ**﴾، واتە: ئەوانەی کە مەترسی ئەوەیان لێ دەکەن کە ئاکارەکانی (**قنوت و حِفظ الغيب**) یان تێدا نەبن یان تیایاندا نەمێنن، (**نشوز**) یش لە زماندا، بریتییە لە: دەرچوون و بڵاوەکردن بەگشتیی، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحْ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انشُزُوا فَانشُزُوا**﴾ **المجادلة/١١**، واتە: ئەگەر پێتان گوترا بڵاوە بکەن، بڵاوە بکەن.

ئەوەش کە هەندێ بەڕێز بۆی چوون، گوایا نشوز بریتیی بێت لە تەنها دەرچوون لە گوێڕایەڵیی مێرد و سەرپێچیی کردنی فەرمانەکانی، لای ئێمە ئەم بۆچوونە بایەخی نییە و هیچ پەیوەندیی نییە بە سەرپێچیی ڕەفتاریی و ئەو چەشنە یاخی بوونەی کە دەبێتە مایەی تەمێ کردن و دەست بەسەرا گرتن، وەك سیوتیی و هاو شێوەکانی لێی تێگەیشتوون، هەروەها پەیوەندیشی نییە بە ڕاساڵییەوە بەواتای ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژوو گرتن، بەڵکو بریتییە لە دەرچوون لە خانەی لێهاتوویی و ترازان لە بەڕێوەبردنی دڵسۆزانە و پاراستنی نهێنیی ناوخۆیی

و زاڵبوون و دەسبەسەراگرتن و تاکڕەیی و ستەمگەریی لە ڕاو بۆچووندا، کە پێچەوانەکەی بریتییە لە: هاوئاهەنگیی و ملدان و ئارامگرتن و سنگ فراوانیی **(القنوت)**.

دەگونجێت کاربەدەست و بەڕێوەبەرەکە دایکێك بێت، کە خۆسەپێن و ستەمگەر و تاکڕەو و خۆڕانەگر و تەنگ بین و هەڵچوو بێت لەگەڵ منداڵەکانیدا، یان خوشکێك بێت ئەویش وا ڕەفتار بکات لەگەڵ خوشك و براکانی تریدا، یان دایەگەورەیەك بێت و وا ڕەفتار بکات لەگەڵ منداڵ و نەوەکانیدا، دواجار دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئایەتەکە پێی گەیشتووە، ئەویش بریتییە لەوەی: پێویستە چی بکرێت ئەگەر نیشانە و سەرەتاکانی (نشوز) و لادان لە ژنێکی سەرپەرشتیار و کاربەدەست و خاوەنی **(قوامة)** دەرکەوتن؟ ئیتر جیاوازیی نییە ژنی هاوسەردار بێت یان خوشك یان کچ یان دایك بێت، چارەسەرەکەش بەچەند هەنگاو و قۆناغێك دەبێت: ﴿فَعِظُوهُنَّ وَ اهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَ اضْرِبُوهُنّ﴾ ، چارەسەری یەکەم بریتییە لە ئامۆژگاریی بە قسە و گفتاری جوان، چارەسەری دووەمیش، سەبارەت بەژنی هاوسەردار، بریتییە لە جیاکردنەوەی جێگە لەگەڵی. ئەگەر ئەم ڕێکارانەش سوودیان نەبوو، بکێشن بەدەستیاندا و لێپرسراوییەتیی و مافی بەڕێوەبەرییان لێ وەرگرنەوە، ئەم چارەسەرانە کاتێك چارەسەری لۆژیکیی و سروشتیی دەبن کە ژن کاربەدەست و سەرپەرشت و بەڕێوەبەر بێت، بەڵام ئەگەر کاربەدەستیی و بەڕێوەبەریی هەر لەدەستی پیاودا بوو، ئەوا گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە، نە لەڕووی ڕەوشتییەوە و نە لەڕووی ژیریی و نە لەڕووی ئاینیی و ویژدانەوە، هیچ مانایەکیان نابێت.

لێرەدا و لەسەر برگەی ﴿إضْرِبُوهُنَّ﴾ دەوەستین، هەندێ بەڕێز وایان لێکداوەتەوە کە لێرەدا وشەی **(الضرب)** بەواتای زللە و بۆکس و شەق دێت. لەبیریان چووە کە وشەی **(الضَرب)** لە

دابەزێنراوی بەجێدا بەواتای، نموونەهێنانەوە هاتووە: ﴿أَلَمْ تَرَى كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾ إبراهيم/٢٤، هەروەها (الضرب) بەمانای ڕۆیشتن بەرێگەی خواوەنددا: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا﴾ النساء/٩٤، هەروەها بەمانای گەڕان بەزەویدا: ﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنْ الصَّلَاةِ﴾ النساء/١٠١، و بە مانای ڕێوشوێنی پێویستیش هاتووە: ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمْ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ﴾ البقرة/٦١، خواوەند کاتێك مەبەستی لە بەکارهێنانی وشەی (الضرب) دا، دوورخستنەوەی دووشت بێت لەیەك، لەو حاڵەتەدا ناوی ئەو ئامرازەش دەبات کە کرداری جیاکردنەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، وەك: ﴿وَإِذْ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْحَجَرَ﴾ البقرة/٦٠، کاتێك موسا بە دارعاساکەی دەستی کێشای بەبەردەکەدا، بەردەکە شەقی بردوو دووکەرت بوو و ئاوی لێوە دەرهات.

بەڵام بەمانای لێدانی فیزیکیی ڕاستەوخۆ، لەدابەزێنراودا بەچەند کردارێکی تر هاتووە، وەك کردارەکانی: (وكَزَ، هَشَّ، وتَلَّه، صَكَّتْ)، ئێمەش لەزمانی عەرەبیدا چەند واتایەکی تر زیاد دەکەین بۆ چاوگی (الضَرب)، وەك: (ضرب النقود) لێدانی سکە، هەروەها وەك وشەکانی: (الصَفع، اللَّكم، والرفس ـ زلله، بۆکس، شەق).

ئەوەش کە دەگوترێت: دەوڵەت بە دەستێکی ئاسنین دای لەو کەسانەی کە یاریی بە نرخەکان دەکەن، ئەمە دەچێتە خانەی گرتنەبەری ڕێکار و ڕێوشنی توندوتۆڵەوە، خەریکە هیچ بیانوویێك نەدۆزینەوە بۆ سیوتی و هەرکەسێکی تریش لە هەڵبژاردنی واتایەکدا بۆ لێدانی فیزیکی، تا بەوەش نەچینە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە گوێ لە قسەکان دەگرن و شوێن

خراپترینیان دەکەون، دێن هەوڵی فێڵ لێدان دەدەن و دەڵێن: لێدانەکە دەبێت بە سیواك بێت یان لێدانێك بێت زامدارکردن و شێواندنی ڕوخساری لێ نەکەوێتەوە.

لێرەدا بەشیاوی دەزانین سوود لەو گێڕانەوەیە وەرگرین کە ئەبوداوود لە سونەنەکەیدا لەبارەی ئەم ئایەتەوە گێڕاویەتەوە و دەڵێت: هەندێ لە هاوەڵان لە وشەی ﴿وَاضْرِبُوهُنَّ﴾ ئەم تێگەیشتن و واتا ڕاستەوخۆیەیان وەرگرتبوو، بەڵام پێغەمبەری بەڕێز هاتە لایان و پێی گوتن: دەسدرێژیی مەکەن و مەدەن لە خاتوونەکان. ئەوانەی کە باوەڕیان وایە ﴿الضَرب) بەواتای لێدان هاتووە، ئایا باوەڕیشیان وایە (ئەگەر گێڕانەوەکە ڕاست دەرچێت) کە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر)، ڕێگریی کردبێت لە جێبەجێ کردنی فەرمانێکی خواوەندا؟

بەڵکو ئەو لێدانەی کە مەبەستە، بریتییە لە لێدان لە پێگەی کەسێك کە شایستەیی بەڕێوەبەرایەتیی و لێپرسراوییەتیی لەدەست داوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە بە هەر ڕێگەیەك بووە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی و (**قوامة**) ی لێ وەربگیرێتەوە تا بگەڕێتەوە سەر ڕێی ئاسایی و ئاگایی خۆی، وەك لەبڕگەی کۆتایی هەمان ئایەتدا هاتووە: ﴿**فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا**﴾.

پێویستە لێرەدا ئەوەمان لەبیر بێت کە دیاردەی توندوتیژیی خێزانیی یان لێدانی ژن، بەداخەوە لە ناو هەموو گەلاندا بوونی هەیە و تایبەت نییە بە هەندێك لە موسڵمانان و باوەڕداران بە پەیامی **محەممەد**ەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە ئەو کەسانەی ئەم ڕەفتارە نەشیاوەیان لێ دەوەشێتەوە، پەنا ببەنە بەر دابەزێنراوی بەجێ و وای نیشان بدەن لەوەوە

پشتیوانیی دەکرێن، کە ئەمەش درۆ و قسە هەڵبەستنێکی ناڕەوایە بەدەم خواوەندەوە، بۆیە باشتر وایە لەباتیی ئەم کارەیان سەردانی پزیشکێکی دەروونیی بکەن.

کاتێك ئایەتەکەش باس لە باڵادەستیی ژن دەکات بەهۆی ئەو بەخششە خواییانەوە کە پێی بەخشراوە لە ماڵ و سامان یان بیرتیژیی و لێهاتوویی یان بەسەلیقەیی لە بەڕێوەبردندا، هەروەها کاتێك باس لە لادان و ترازانی دەکات لەو ڕابەرایەتیی و بەڕێوەبەرایەتییەیدا و سێ ڕێگەچارە دەسنیشان دەکات بۆ ئەو لادانە، دەگونجێت هەندێ جار ئەو چارەسەر و ڕێگەچارانە بێ سوود بمێننەوە، بۆیە لەئایەتی دواتردا ڕاسپاردە دەکات بە بەکارهێنان و گرتنەبەری ناوبژیوانیی بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییەی کە دەگونجێت سەر بکێشێت بۆ جیابوونەوە و دابڕان: ﴿**وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقْ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا**﴾ **النساء/٣٥**، ئایەتەکە باسی تەڵاق و جیابوونەوەی نەکردووە، چوونکە لێرەدا بواری باسی ئەو بابەتە نییە، پیاوەکە هیچ دەسەڵاتێکی لەدەستی خۆیدا نەماوە، لەوانەشە توانای بەرگەگرتنی نەمابێت لەژێر باری کێشانی خەرجیی و تێچووی ژیانی ڕۆژانەی ژن و منداڵەکانیدا.

بۆیە چارەسەر بریتییە لە چاکسازیی و سوڵح، ئیتر پێویستە لەسەر هەردوو هاوسەر ڕێگەی گفتوگۆ بگرنەبەر و هەریەکەیان ڕوون کردنەوە و سەرنجەکانی خۆیان بخەنە ڕوو ﴿**بَيْنِهِمَا**﴾[1]،

[1] **بَيْنِهِمَا** خوێندنەوەی (**ن**) ە کە بە ژێرە (**كَسْر**) نەك دانانی سەرە (**فَتحَة**) بۆی، واتە: Between نییە، بەڵکو (**بَيِّنَات**) داتا و زانیاریی و ڕوون کردنەوەیە. بەهەمان مانا و واتا وشەی (**بَين**) لەم ئایەتەشدا هاتووە: ﴿**قَالَ هَذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِعْ عَلَيْهِ صَبْرًا**﴾ **الكهف/٧٨**، چوونکە تەنها جیاوازییەك لە دیدگا و باری سەرنجدا هاتە کایەوە لەنێوان بەڵگەکەی موسا و بەڵگەکەی بەندەساڵحەکەدا، بە بەڵگەی ئەوەی ڕوون کردنەوە و زانیارییەکانی خۆی لە ئایەتی دواتردا بۆ خستەڕوو.

ئەگەر جیاوازییەکەیان گەورە بوو ئەوا پێویستە ناوبژیوانەکان لەهەردوو لایەنەوە بکەونە نێوانیانەوە و هەوڵی سازاندن و ڕێك خستنەوەیان بدەن.

ئەمە لەبارەی (النُّشوز) و بەلەسە بوونەوەیە لەحاڵەتێکدا کە ئەگەر (**قوامة**) و کار بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەرایەتیی لەدەستی ژندا بێت، ئەی ئەگەر کار بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەرایەتیی لەدەستی پیاودا بێت و ئەو بەلەسە ببێت و دەست بداتە ستەمگەریی و تاکڕەویی؟ ئەمە ئەو مەبەستەیە کە لەم ئایەتەدا گوزارەی لیٚ کراوە: ﴿**وَإِنْ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتْ الْأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا**﴾ **النساء/١٢٨**.

لەسەر ئەو بڕگەیە دەوەستین کە دەڵێت: ﴿**وَإِنْ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا**﴾، و دەپرسین: بۆ گوتویەتی: ﴿**وَإِنْ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا**﴾ و نەی گوتووە: (**مِنْ زوجِها**)؟ ئایا جیاوازییەك هەیە لەنێوان (**بَعل**) و (**زَوج**) دا؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لەنێوانیاندا. (**بَعل**) لە زمانی عەرەبیدا بریتییە لەو کەسەی کە بەخێوکەر و هاوخوان و هاودەمە، ئەگەر مارەکردن و جووتبوونی زایەندیش هاتە پاڵ ئەو ئاکارانەی پێشەوە، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە (**زَوج**). ئەوکات دەشێت (**زَوج**)، (**بَعل**) یش بێت، بەڵام (**بَعْل**)، نابێتە (**زَوج**). گەر بمانەوێت وردەکاریی زیاتر بکەین، دەڵێن: (**زَوْج**) لەبوارە کۆمەڵایەتییەکان و شەوبێدارییەکان و گەشت و گەڕانەکاندا کە دەرفەتی وەرگرتنی چێژی زایەندییان تێدا نییە، (**بَعْل**) ە و، هەروەها کاتێکیش دەچێتە ناو تەمەنەوە و توانای جنسیی و زایەندیی نامێنێت، دەبێتەوە بە (**بَعْل**). وردەکاریی پەیامی ئاسمان لەوەدا دەبینین کاتێك باسی پاراستنی داوێن دەکات، ناوی (**ألازواج**) دەهێنێت: ﴿**وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ**﴾ **المؤمنون/٥،٦** ، بەڵام

کاتێك باسی خۆڕازاندنەوە دەکات، ناوی (**بَعْل**) دەهێنێت: ﴿... **وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ...**﴾ **النور/٣١**، خۆڕازاندنەوە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتییە و ژن تێکەڵ دەبێت لەگەڵ کەسانی تردا وەك: (برا، باوك، کوڕ، باوکی مێرد... تاد)، لەم حاڵەتەدا هاوسەر بە (**بَعْل**) ناوبراوە و لەڕیزی ئەو کەسانەشدا ناوی نەهاتووە، چوونکە لە بنەڕەتەوە بۆی هەیە ژنەکەی خۆی بەڕووتیش ببینێت.

سەیری ئەم ئایەتە دەکەین کە لەسەر زاری هاوژینەکەی ئیبراهیمەوە قسە دەکات کاتێك مژدەی پێ دراوە بە بوونی ئیسحاق: ﴿**قَالَتْ يَاوَيْلَتَا أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ**﴾ **هود/٧٢**، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە دوای ئەوەی پیر بووە و توانای زایەندیی نەماوە، هەروەها سەیری ئەم ئایەتەش دەکەین کە دەڵێت: ﴿**وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا**﴾ **البقرة/٢٢٨**، دەبین گوتوویەتی: ﴿**وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ**﴾، چوونکە گەر بیگوتایە (**وَأزواجُهُنَّ**)، دژ دەوەستایەوە لەگەڵ وشەی (**وَالْمُطَلَقَاتُ**) دا کە لەسەرەتای ئایەتەکەوە هاتووە، چوونکە لەگەڵ کەوتنی تەڵاقدا، ئیتر هاوسەر (**زَوج**) بەهاوسەرییەتیی نامێنێتەوە، ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، ئەو پیاوەی کە تەڵاقی خستووە لەژنەکەی، خەرجیی ژنەکە دەکێشێت و داڵدەی دەدات و لەگەڵیدا دەژیی، بەڵام بەبێ پەیوەندیی زایەندیی تا ماوەیەکی دیاریی کراو کە پێی دەگوترێت: (**عِدَّةُ الطَلاق ــ** وادەی جیابوونەوە)، لەم سەربەنەوە تێ دەگەین تاکە ناوێك کە بگونجێت لەو پیاوە بنرێت لەو دۆخە تایبەتەدا، بریتییە لە ناوی (**البَعْلْ**). ئەمەیە جیاوازیی نێوان هەریەك لە: (**زَوْج ــ** هاوسەر) و (**بَعْل ـ** مێرد) لە دابەزێنراوی بەجێدا و بەو پێیەی ئێمە لێی تێگەشتووین.

لێرەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئایەتی ١٢٨ ی سورەتی **النِّساء** ئایەتی کاربەدەستیی و قیوامەی پیاوە، ناوهێنای (**بَعْل**) یش تیایدا پاڵمان پێوە دەنێت و هانمان دەدات بۆئەوەی تێ بگەین کە دابەزێنراوی بەجێ باس لە حاڵەت و دۆخێکی ماڵباتیی و بنەماڵەیی و خێزانیی و مرۆیی دەکات، کە نە دوور و نە نزیك پەیوەست نییە بە پەیوەندیی زایەندیی و سێکسەوە و ژنەکە لە دوو ڕووەوە مەترسیی هەیە لە (**بَعْل**) ـەکەی:

أ ـ (**النشُوز**)، واتە: خۆی بسەپێنێت بەسەریدا و خۆی بە گەورە بگرێت لە ئاستیدا و ستەمگەرانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات و هەموو دەسەڵاتەکان بگرێتە دەستی خۆی و ژنەکە هیچ کارێکی لەبەردەستدا نەمێنێتەوە و بەمووڵەت و ڕەزامەندیی کابرا نەبێت هیچی بەدەست نەبێت.

ب ـ (**ألإعراض**)، واتە: کاروباری ماڵ و منداڵەکەی پشتگوێ بخات و لە هیچ نەپرسێتەوە و پشت لە هەموو شت هەڵ بکات و بای ڕۆژگار ماڵەکە بەم دیو و ئەو دیودا بخات و (**بَعل** ـ مێرد) ـەکەش، سەرقاڵی هاوڕێ و برادەرەکانی بێت، یان خەریکی شەونشینیی و خوێندنەوە و... شتی لەم بابەتە بێت.

ئەگەر یەکێك لەم دوو مەترسییەی سەرەوە بۆ ژنەکە پێشهاتن و یەخەیان پێ گرت، ئەوا یەکێك لەم دوو ڕێگەی خوارەوە نەبێت، هیچ ڕێگەچارەیەکی تری نییە:

١ـ ڕازیی بێت بەو دۆخ و هەلومەرجە، ئەمە ئەو بژاردەیەیە کە لە وڵاتانی ئێمەدا لەژێر بیانوو و پاساو و ناونیشانی جۆراوجۆردا زۆربەی ژنان پێی ڕازیی دەبن، بەڵام ژن بۆی هەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەوە، بەو دۆخە نەخوازراوە ڕازیی نەبێت: ﴿**وَإِنْ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا**

**نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتْ الْأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ النساء/١٢٨**، ئەمەش ڕامان دەکێشێت بەرەو ڕێگەچارەی دووەم.

٢ ـ پەرچ دانەوە و قەبووڵ نەکردنی ئەو دۆخ و هەلومەرجە، ئەمەش کاتێك ڕوو دەدات کە چیدی ژن توانای بەرگە گرتنی نامێنێت لە ئاست خۆسەپێنیی و کەمتەرخەمیی و پشت گوێخستنی پیاوەکەدا بۆ خێزانەکەی. لەم حاڵەتەشدا ئایەتەکە بۆی دەسنیشان دەکات کە پێویستە چی بکات، کە بریتییە لە چاك کردنی نێوانیان، واتە: نزیك خستنەوەی گۆشەنیگا و دونیا بینییەکانیان، بە گفتوگۆی نەرموونیان و ئاشتیی خوازانە، کە ئەمەش خێری تێدا دەبێت.

ئایەتەکە ئاماژەش دەکات بۆ پێشهاتێك کە دەشێت لەکاتی پرۆسەی چاکسازییەکەدا بێتە پێشەوە و دەڵێت: **﴿وَأُحْضِرَتْ الْأَنفُسُ الشُّحَّ﴾**، وشەی **(الشُّح)** یش جیایە لە بەخیلی و تەماع بازیی، ئەو حاڵەت و خووەیە کە مرۆڤ هەموو چاکە و خەیرێك تەنها بۆخۆی ڕەوا ببینێت و هەموو باشە و چاکەکارییەکان بداتە پاڵ خۆی و کەسی تر بەشیاوی هیچ چاکەیەك نەبینێت.

هەمووشمان دەزانین و دەبینین لە کاتی هەوڵەکانی ڕێك خستن و ناوبژیوانیدا، هەریەك لە لایەنەکان لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەرپرسیارییەتیی و تاوان بخاتە ئەستۆی بەرانبەرەکەیەوە و خۆی بەریی بکات لە هەرچەشنە نەنگیی و ناتەواوییەك و هەموو نەنگییەکان بخاتە ئەستۆی لایەنی بەرانبەرەوە و هەموو چاکەیەکیشی لێ دابڕنێت، ئەم هەوڵانەش وادەکەن پاوەجێ بوونی ئاشتەوایی و هەوڵەکە، ئەگەر نەڵێین: ئەستەم دەبێت، بەدڵنیاییەوە سەخت دەبێت، بۆیە دەبێت پەنا ببەینە بەر چارەسەری ناوەنجیی.

پاشان خواوەند کۆتایی ئایەتەکە بەوە دەهێنێت کە: ﴿**وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا**﴾، بەڵام ئەی ئەگەر کەمتەرخەمیی و گوێ پێنەدانی پیاوەکە بە ژن وماڵەکەی بەهۆی چەند ژنییەوە بوو چی؟ لەم بارەیەوە و لە ئایەتی دواتردا هاتووە و دەڵێت: ﴿**وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلَا تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا**﴾ **النساء/١٢٩**.

پێشتر گوتمان: خواوەند ڕێگەی داوە بە چەند ژنییەتی لە چوارچێوەی چەند مەرجێکدا کە لەجێگەی خۆیدا لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕاڤە و شرۆڤەمان کردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە کەمتەرخەمیی و پشتگوێ خستنەکەی پیاوەکە بۆ ژن و منداڵەکەی بەهۆی هێنانی ژنی دووەمەوە بێت. بەڵام کەمتەرخەمییەك نییە تەنها پەیوەست بێت بە پەیوەندییە زایەندییەکانەوە، بەڵکو بە بۆچوونی ئێمە سەر دەکێشێت بۆ هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانی هاوسەریی لە خەرجیی و چاودێریی و سەرپەرشتیی منداڵ و هەموو بڕیارە چارەنووس سازەکانیش کە پەیوەندییان هەیە بە خۆش گوزەرانیی خێزانەکەوە، بە ژن و منداڵەکانیشەوە.

هەروەها وای دەبینین کە پەیوەندیی ئەم ئایەتە بە پێش خۆیەوە لە چوار چێوەی سنورەکانی کاربەدەستیی پیاودا و لە کەمتەرخەمیی و خۆلادانیدا، بەجوانی بەرجەستە دەبێت لەم بڕگەیەدا: ﴿**وَإِنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا**﴾، وەك ئاماژەیەکی ناسك بۆ ئەم بڕگەیە کە لە ئایەتەکەی پێشوودا هاتووە: ﴿**فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ**﴾. لەوەشەوە کە ئامرازی (إِنْ) ی بەکار هێناوە و واتای ئەگەر دەگەیەنێت، نەك یەکلابوونەوە و دڵنیایی، تێ دەگەین ئەگەری ئەوەش لە ئارادا هەیە کە ڕێك نەکەون و ئاشتەواییەکە سەر نەگرێت. ئەگەر ئاشتەواییەکە لەگەڵ پارێزکاریدا جێبەجێ بوو، ئەوا خواوەند وەك هەمیشە لێ بوردەی

بەبەزەییە و لە کەمتەرخەمیەکانتان خۆش دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاشتەواییەکە سەری نەگرت و جێبەجێ نەبوو، ئەوا جیابوونەوە ڕوودەدات، ئەمەش ڕێك ئەو مانایەیە کە لەم ئایەتەی دواترەوە تێی دەگەین: ﴿وَإِنْ يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللَّهُ كُلًّا مِنْ سَعَتِهِ وَكَانَ اللَّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا﴾ **النساء/١٣٠.**

لێرەدا پرسێکی تر هەیە کە وادەخوازێت لە باسی کاربەدەستیی و (**قوامة**) دا، کەمێك لەسەری بوەستین کە ئەویش جیاوازیی نێوان (**شِقاق**) و (**فِراق**)ـە، هەردوو وشەکە لە ئایەتەکانی (قوامة) دا هاتوون، یەکەمیان لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقْ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا﴾ **النساء/٣٥.**

(**الشّق و الشّقاق**) بریتییە لە ڕاجیایی لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشان و خۆ ڕەتاندندا، بەم مانایە لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِقْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ **الانفال/١٣**، (**الشّق**) بریتییە لە خۆ ڕەنجاندن و هەوڵدان، (**ألإنشِقاق**) یش، بریتییە لە کەرتبوون بۆ دوو لەتەوە، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿اقْتَرَبَتْ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ﴾ **القمر/١**، هەروەها ئایەتی: ﴿إِذَا السَّمَاءُ انشَقَّتْ﴾ **الانشقاق/١**، (**الشّقيق**) یش، بە برای دایك و باوکیی دەگوترێت (هەرچەندە ئێمە وای دەبینین مانای برای دوانەیە لەیەك سکدا).

سەرنجی ئەوەش دەدەین کە ئەم ئایەتە ڕاستەوخۆ لەدوای ئایەتی کاربەدەستیی و (**قوامة**) ی ژنەوە هاتووە، وشەی (**شّقاق**) یش لێرەدا لەحاڵەتی بەلەسە بوون و بەلاڕێدا چوونی ژندا ڕوو دەدات کە دەست بداتە خۆسەپاندن و ستەمگەریی و تاکڕەویی، لەکاتێکدا کە کاربەدەست بێت و بڕیار لەلای ئەو بێت، ئایەتەکەش ڕێنومایییمان دەکات لەو حاڵەتەدا پێویستە چی بکەین.

هەروەها سەرنجی ئەوەش دەدەین کە خواوەند بەم بڕگەیە کۆتایی بە بابەتەکە هێناوە: ﴿**إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا**﴾، ڕێك وەك چۆن بەم بڕگەیە کۆتایی بە ئایەتی ١٢٨ ی سورەتی **النساء** هێناوە: ﴿**فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا**﴾ . لەکۆتاییدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە دەستەواژەی (**الإصلاح** ـ چاکە خوازیی و چاکسازیی) لە هەردوو ئایەتەکەدا هاتووە.

بەڵام جیابوونەوە و دەست لەیەك بەردان (**الفِراق**)، لەم بڕگەیەدا هاتووە: ﴿**وَإِنْ يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللَّهُ كُلًّا مِنْ سَعَتِهِ وَكَانَ اللَّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا**﴾ **النساء/١٣٠**.

جیابوونەوە و (**فِراق**) یش، واتە: تەڵاق، دەگونجێت هەردوو هاوسەرەکە هیچکامیان شایستەیی ئەوەیان تێدا نەبێت ژیان و ماڵ بەڕێوەبەرن (**غَير مؤهلَين للقوامة**)، بۆیە هەمیشە بە ناکۆکیی و دووبەرەکیی بەردەوامەوە دەژین، کە ئەو دۆخەش دۆخی پێش جیابوونەوەیە.

بەڵام لە حاڵەتی کاربەدەستیی و قیوامەی پیاوەکەدا، دەگونجێت ئەگەر پیاوەکە تووشی لادان و ناشایستەیی بوو لە بەڕێوەبردنی ماڵەکەدا، ژنەکە شایستەیی و لێهاتوویی و ئامادەیی تێدابێت بۆ گرتنەدەستی بەرپرسیارییەتی و شاندانە بەر ئەرکی بەڕێوەبەرییەتیی، ئەوا ژنەکە بۆی هەیە و مافی خۆیەتی داوای گرتنەدەستی ئەرکی بەڕێوەبەرییەتیی ماڵەکە بگرێتە ئەستۆ، یان داوای جیابوونەوە بکات و داوای هەموو مافەکانی خۆی بکات و نیوەی ماڵەکە هەڵ بگرێتەوە و خانووەکەش بە ژنەکە دەبڕێت و هەریەکە و بەڕێگەی خۆیاندا بڕۆن و ژیانی خۆیان بەڕێوەبەرن و خواوەندیش بە سۆز و بەزەیی و دڵئاوایی خۆی کەسیان نائومێد ناکات.

دواجار پوختەی بابەتی گرتنەدەستی بەرپرسیارییەتیی و بەڕێوەبردن (**القوامة**) بەم شێوەی خوارەوەیە:

* کاربەدەستیی بۆ ئەو کەسەیە کە لێهاتوویی زیاتر بێت لە بەڕێوەبردندا.

* ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنانەی کە لە ئایەتی ٣٤ ی سورەتی **النساء** دا هاتوون و پێشتر باسمان لێوەکردن، ئەگەر کاربەدەستیی بەدەستی ژنەوە نەبێت هیچ مانا و واتایەك نادەن بەدەستەوە، لێدان و (**الضَرب**) یش، لێدانە لەپێگە و دەسەلات و سنور دانانە بۆ دەسەلاتەکانی ژن، نەك لێدان و پیاکێشانی فیزیکیی، ئایەتەکەش وەك دەسگیرە و پاساوێك، خراپ بەکار هێنراوە تا نێرێکی خۆسەپێن کە لەبنەڕەتەوە پێویستی بەچارەسەری دەروونییە بەکاری بهێنێت دژ بە مێینە.

* دەگونجێت پیاو تووشی (نشُوز) و بەلەسە بوون و کەم توانایی و کەمتەرخەمیی لە بەڕێوەبردندا ببێت، چارەسەریش بریتییە لە هەولّی چارەسەر، پێش ئەوەی دۆخەکە تێك بچێت و هەردوو هاوسەر لێك جیا ببنەوە و تەلاق بکەوێتە نێوانیان.

لەکۆتایی بابەتی کاربەدەستیی و بەڕێوەبەرییەتیدا، بیری خۆمانی دەهێنینەوە کە خاتوو خەدیجەی کچی خووەیلد، هاوسەری پێغەمبەر (سلاوی لەسەر)، دوای ئەوەی دلّنیا بوو لە ڕەوشت جوانیی پێغەمبەری، خواستی بۆ خۆی و هەر خۆشی کاربەستی مالّ و بەڕێوەبەری ژیانیان بوو، چوونکە توانای دارایی هەبوو، پێغەمبەریش یەکلا بووبوویەوە بۆ خزمەتی بانگەوازەکەی، وەك پێشتر باسمان کرد پێغەمبەریش تا خەدیجە مابوو، ژن و هاوسەری تری نەخواست.

## جیابوونەوە و دەست لە یەکتر بەردان ـ الطَّلاق

کاتێك پێوشوێنی ئایەتەکانی تەڵاق لە دابەزێنراوی بەجێدا هەڵ دەگرین، بە ناچاریی و بە داخەوەین بۆ ئەو ستەمەی کە بەناوی ئیسلامەوە کراوە و دەکرێت لە ژن، هەموو ئەو بڕیار و ڕێکارانەی کە پەیوەستن بەم بابەتەوە و تا ئەمڕۆش جێبەجێ دەکرێن، هیچیان پەیوەندییان نییە بە پەڕاوی خواوەندەوە، بەڵکو هەموویان دەست کردی ئەو مرۆڤانەن کە لەسایەی کۆمەڵگەی نێرسالارییدا و لەسەدەی هەشتی زایینیدا و لە چوارچێوەی دورگەی عەرەبییدا ژیاون و لەو ڕووەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژن و مێینەدا کردووە، کە شمەکێکە و لەخزمەتی پیاودایە، بۆی هەیە بەپێی خواست و حەزی خۆی هەرکات بیەوێت فڕێی بداتە کوڵان یان هەرکات حەزی لێی بوو ڕای بکێشێتە ماڵی گوێڕایەڵیی (**بَيتُ الطَاعَة**) ـە وە و ناچاری بکات مل بەداواکانی بدات، یان ڕۆژێکی تر زۆری لێ بکات و ناچار بە هەڵهاتن و خۆ قوتارکردن و خۆداماڵین (**خُلْع**) ی بکات.

زۆرێك لە پیاوان بەخراپترین شێواز کارتی تەڵاق و جیابوونەوەیان دژ بە ژنان بەکار هێناوە و وایان کردووە کە ژیانی هاوسەریی نێوان خۆیان و هاوسەرەکەیان لەپێناو بابەتێکی پڕوپووچدا خستووەتە مەترسییەکی گەورەوە، یان کردوویانەتە یارییەکی منداڵانە و سێ جار دووبارە دەبێتەوە و بگرە و بەردەی پێ دەکەن، تەڵاقیان لا بووەتە مۆتەکەیەکی تۆقێنەر و قەوارەی خێزان و ژیانی ماڵ و منداڵیان کردووەتە قوربانی ئەو مۆتەکەیە، لە کاتێکدا کە ئەم مۆتەکەیە بنەما و بنەڕەتێکی نییە لە پەڕاوی خواوەندا.

لەلایەکی تریشەوە زۆرێك لە ژنان لەژێر باری ستەم و نادادیی مێردەکانیاندا دەناڵێنن و بێ وچان لە هەوڵدان لەپێناو بەدەست هێنانی مافی جیابوونەوە و تەڵاقدا و لە هەوڵدان ڕزگاریان ببێت لەو ستەمەی کە لێیان دەکرێت، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە دەسمایە و سەرمایەیەکیان نییە تا دەستی لێ هەڵگرن و خۆیانی پێ بکڕنەوە، چوونکە تەڵاق و جیابوونەوەی باو و پەیڕەوکراو تەنها لەدەستی پیاواندایە، مەگەر تەنها لەو حاڵەتە دەگمەنانەدا نەبێت کە بڕیار و چارەنووسی ژنەکە لەدەستی خۆیدا بێت، کەئەمەش لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا تەواو دەگمەن و دانسقەیە.

لە دابەزێنراوی بەجێدا چی لەبارەی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و مێردەوە هاتووە؟

بەو پێیەی ئێمە دەیبینین، هاوسەرییەتیی و ژیانی هاوبەش لە دابەزێنراوی بەجێدا، ئەو گرێبەستە توندوتۆڵ و خەستەیە کە ناگونجێت تەنها بە قسەیەکی سەرپێیی یان هەڵچوونێك یان تەنانەت بە حەزێکی جیابوونەوەش هەڵوەشێتەوە، چوونکە تەڵاق لەبەریەك هەڵوەشانی خێزانێکی لێ دەکەوێتەوە، نابێت پەنای بۆ ببرێت و بگیرێتە بەر، تا دوای گرتنەبەری هەرچی ڕێگەی تر هەیە بەئاراستەی چارەسەری گرفتی نێوان ژن و مێرد.

بەم ئایەتە دەست پێ دەکەین کە دەفەرموێت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا**﴾ **الطلاق/١.**

سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئایەتەکە چەند ڕێنماییەکی کرداریی دەدات بۆ جێبەجێ کردن و گرتنەبەریان لە دیاردەیەکی سەرەمڕە و بەردەوامی مرۆڤانە لە هەموو سەردەمێکدا،

دیاردەیەك کە قەتیس و پەیوەست نییە تەنها بە کۆمەڵگەیەکی دیاریی کراوەوە یان هەلومەرجێکی تایبەتەوە، ئەم بابەتەش ڕێك وەك پرس و بابەتی چەند ژنییە، بۆیە تەڵاق و جیابوونەوە دیاردەیەکە تا دونیا دونیایە دەمێنێتەوە و کۆتایی نایەت.

ئەوەی کە دەڵێت: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ**﴾ واتە: تەڵاق و جیابوونەوە دیاردەیەکە ناکرێت و ناگونجێت هەڵ بوەشێنرێتەوە، چوونکە ئامرازی (**إذا**) ی بۆ بەکار هێناوە و ئامرازی مەرجێکە کە ڕوودانی یەکلاییە و هەمیشە ئەگەری ڕوودانی لە ئارادایە، ئامرازی (**إن**) ی بۆ بەکار نەهێناوە، چوونکە (**إنْ**) ئەگەرییە و بۆی هەیە ڕوو بدات یان نەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی لە ئایەتەکەدا هاتووە ڕوونە و پێویستی بە دارشتنی یاسا و ڕێسا و گەڕانەوە بۆ لای دادگاکان نییە، ئایەتەکە باسی خواست و حەزی پیاو دەکات بۆ تەڵاق و جیابوونەوە، لە کاتێکدا کە ژنەکە ئەو حەز و خواستەی نییە و ئامادەی جیابوونەوە نییە، لەوانەیە بڕیارەکە دوای لادان و کەمتەرخەمیی پیاوەکە و ناتەوانایی لە بەڕێوەبردندا (**النشوز والإعراض**) هاتبێت، بۆیە فەرمانەکە بەم شێوەیە هاتووە: ﴿**فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ**﴾، ئایا مەبەست لە وادە و عددە چییە لێرەدا؟

بۆ ئەوەی بتوانین لەهەموو ڕووەکانەوە گرنگیی بدەین بەبابەتەکە پێویستە لەسەرمان هەموو ئەو ئایەتانە بخەینە ڕوو کە پەیوەندییان بەم باتەوە هەیە.

سەرەتا ئەم ئایەتانە دەخوێنینەوە: ﴿**لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ * وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**﴾ **البقرة/ ٢٢٦-٢٢٧**، لەم ئایەتانەوە تێدەگەین کە لە حاڵەتی بوونی نیاز و مەرامی جیابوونەوەدا، پێویستە هەردوو هاوسەر

(**ترَبُص**) و چاوەڕوانیی و چاوەدێریی یەکتر بکەن، ئەوەش کە دەڵێت: ﴿**يُؤْلُونَ**﴾ بەڵگەیە لەسەر لێکدابڕان [1] و ماوەی ئەو چاودێریی و چاوەڕوانییەش چوار مانگە، ئەو ماوەیەش بەسە بۆ ئەوەی هەرکام لەو هاوسەرانە بەخۆیاندا بچنەوە و لەوانەیە بەنیازەکەشیاندا بچنەوە و ڕاوبۆچوونیان بەرانبەر بەیەکتر بگۆڕێت: ﴿**فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**﴾، ئەگەر هەر سووریش بوون لەسەر جیابوونەوە و تەڵاق، ئەوا با جێبەجێی بکەن: ﴿**وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**﴾.

پاشان ئایەتی ٢٢٨ ی سورەتی **البَقَرَة** دێت و درێژە بە هەنگاوەکان دەدات: ﴿**وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**﴾.

ئێمە لەبەردەم هەلومەرج و دۆخی ژن و مێردێکداین کە نیازی جیابوونەوەیان هەیە، بۆ ماوەی چوار مانگ لێك دوور کەوتوونەتەوە و ئێستا هەست دەکەن کە دەیانەوێت نیازەکەیان جێبەجێ بکەن، ژنەکە لەسەریەتی (**ثلاثـةُ قـرُوء** ـ سێ تێکەوتن و پاك بوونەوە) چاوەڕێ بکات، واتە: چاودێریی خۆی بکات لە تێکەتنیەوە لەسورێکی مانگەنەوە بۆ پاکبوونەوە، سێ جاری لەسەریەك، ئەوەش کە دەفەرمووێت: ﴿**وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ**﴾، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لێرەدا ژنەکە خوازیاری جیابوونەوەکەیە، چوونکە ئەگەر خوازیار نەبوایە یان نەی ویستایە، مەترسیی ئەوە

[1] (ألإيلاء) جیاوازە لە (**الظهار**)، چوونکە حاڵەتی یەکەم (ألإيلاء) واتای ئەو حاڵەتە دەگەیەنێت کە پیاوەکە لەو ماوەیەدا خەرجیی ژنەکە دەکێشێت و نیازی جیابوونەوەشی هەیە، بەڵام حاڵەتی دووەم (**الظِهار**) پیاوەکە ژنەکەی حەرام دەکات لەخۆی و خواوەندیش بە وشەی (مُنكر) وەسفی دەکات.

لەئارادا نەبوو پەنا بباتە بەر شاردنەوە و پەردەپۆش کردنی سکەکەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە سوودی لە بارداریی و بوونی سکەکەی وەردەگرت تا ببێتە بیانوێك بۆ مانەوە و تەڵاق نەدانی، لەم حاڵەتەشدا: ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا﴾، واتە: پێویستە لەسەر ژنەکە کە مێردەکەی ئاگادار بکات و (نەی گوتووە: **زَوجُها**، چوونکە بۆماوەی چوار مانگ لەیەك دوور کەوتوونەتەوە) بارداریی و سکەکەی نەشارێتەوە، ئەوەش کە دەڵێت: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾، واتە: وەك چۆن پیاو مافی ئەوەی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، ژنیش هەمان مافی ئەوەی هەیە بەپێی نەریتی کۆمەڵگەکەی داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام لەو حاڵەتەدا ڕوون بوویەوە کە بارداره و سکی هەیە، ڕاوبۆچوونی پیاوەکە پێشتر وەردەگیرێت و ئیشی لەسەر دەکرێت ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيهِنَّ دَرَجَةٌ﴾، پلە و نمرەش بریتییە لە بەراوردی پەسەندییەتیی لەنێوان دوولایەندا لەگەڵ بوونی هۆکارێکی دیاریکراو بۆ ئەو بەپەسەند زانینە، هۆکارەکەش لێرەدا بارداریی و سك پڕبوونی ژنەکەیە، واتە: "پلە و نمرەکە" تەنها لەم حاڵەتەدایە، نەك بەوشێوەیەی کە نێرەکان لێی تێگەشتوون، گوایا خواوەند بۆ هەمیشەیی و بەگشتیی، پلە و نمرەیەکی پێ بەخشیوون بەسەر ژناندا.

لە حاڵەتی بارداریی ژنەکە و بوونی سکەکەدا، مافی ژنەکە لەداواکردنی جیابوونەوە و تەڵاقدا دەفەوتێت، بەمەبەستی پاراستنی مافی منداڵەکە، ئەویش ئەگەر باوکەکەی حەزی لەوەبوو کە ژنەکە بهێنێتەوە، چاوەڕێ دەکەن تا ژنەکە سکەکەی دابنێت و منداڵەکەی ببێت، ئەوکات یان واز لە بڕیاری جیابوونەوە دەهێنن یان لێك دوور دەکەونەوە و جیادەبنەوە.

لەو فەرموودەی خواوەندیشەوە کە دەڵێت: ﴿وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ﴾ تێدەگەین کە ژنەکە ئارەزوو و خواستی جیابوونەوە دەکات، ئەوکات وادەکەشی سێ تێکەوتن

و پاك بوونەوەی بەدوای یەكە، بۆ ئـەوەی هـەلی بەخۆداچـوونەوەی پـێ بـدرێت پـێش تـەلاقی دووەم.

دواتر ئایەتی ٢٢٩ ی سورەتی **البَقَرة** دێت تا درێژە بەباسەكە بـدات: **﴿الطَّلَـاقُ مَرَّتَـانِ فَإِمْسَـاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُـدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَـنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾**.

تەلاق دوو جارە، یەكەمیان دوای (ألإيلاء) ـە، واتە: لێكدابڕان و دووركەوتنەوە لـە یـەكتر بـۆ ماوەی چوار مانگ، دووەمیش دوای وادەی سێ تێكەوتن و پاك بوونەوەیـە، دوو هاوسـەرەكە بۆیان هەیە دوای قۆناغی یەكەم بەخۆیاندا بچنەوە و پاشگەز ببنەوە لە تەلاق و جیابوونەوەكە وەك ئـەوەی هـیچ ڕووی نـەدابێت، ئەگـەریش ویسـتییان ڕێكارەكـانی تـەلاق و جیابوونـەوە بگرنەبەر، ئەوە یاسا و بنەمای **﴿فَإِمْسَاكٌ بِمَعْـرُوفٍ﴾**، واتـە: ژنەكـە ناچـار نـەكرێت تـا بـە زۆر لەگەڵ كەسێكدا بژیێت و خۆیشی باوەڕی بـەو چەشـنە ژیانـە نـەبێت و لـەو ڕێگەیـەوە ناچـار بكرێت دەست لە مافەكانی هەڵ بگرێت، **﴿أَو تَسْـرِيحٌ بِإِحسَـان﴾**، واتـە: ئەگـەر ژنەكـە ویسـتی ماڵی هاوسەرییەتیەكە بەجێ بهێڵێت و بڕوات، سوكایەتیی پێ نەكرێت و ئـەوەی كـە لـەكاتی ژیانی هاوسەرییدا بۆی كراوە لێی وەرنەگیرێتەوە و بیدرێتێ: **﴿وَلَـا يَحِـلُّ لَكُـمْ أَنْ تَأْخُـذُوا مِمَّـا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا﴾**، تەنها مەگەر لە حاڵەتێكدا كە لە گرێبەستی هاوسـەرگیرییەكەیاندا شـتێكی پێچەوانەی ئەمە تۆمار كرابێت: **﴿إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّـهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾**، وەك ئەوەی كە لە گرێبەسـتی هاوسـەرگیرییەكەدا ئـەو مافـە درابێت بە پیاوەكە، لەكاتی جیابوونەوەدا بڕێك لەو شت و شمەكانە وەربگرێتەوە كـە لـەماوەی ژیانە هاوبەشەكەیاندا كردوونی بۆ ژنەكە.

بەردەوام لەگەڵ ئایەتەکاندا دەڕۆین و دەخوێنینەوە کە فەرموویەتی: ﴿**فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ**﴾ **البَقَرة/٢٣٠**، واتە: دوای کەوتنی تەڵاقی دووەم ئیتر ئەو دووکەسەی کە تەڵاق کەوتووەتە نێوانیانەوە بۆیان نییە جارێکی تر ببنەوە بەهاوژین و ژن و مێردی یەکتر، ژنەکە دەچێتە خانەی حەرام کراوەکانی پیاوەکەوە، مەگەر تەنها لە حاڵەتێکدا کە ژنەکە شوو بکات بە پیاوێکی تر و پاشان بەهەر هۆیەکەوە بێت لێی جیا ببێتەوە، ئەوجا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆلای مێردەکەی جارانی، ئەمەش نەك بەو شێوەی کە بووە بە باو و فێڵ لە خوا دەکرێت بە هاوسەرگیریی ڕووکەشیی، لەوانەی کە پێیان دەگوترێت: (**مُحَلِل**)، پێك دێت لەگەڵیدا دوای تەواو بوونی سێ تەڵاقەکەی کە فیقهی بۆماوەی کەلەپووریی بڕیاری لەسەر داون (سێ تەڵاقە).

پاشان دەگەینە سەر ئەم ئایەتە: ﴿**وَإِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِتَعْتَدُوا وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُمْ بِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**﴾ **البقرة/٢٣١**، کە وادە دیاریکراوەکە تەواو بوو و کاتی تەڵاقی دووەم هاتە پێشەوە، ئەوکات یان پەشیمان دەبنەوە لە بڕیاری جیابوونەوە و تەڵاق و لە ئاکامدا مانەوەی ژنەکە و پێکەوەبوون بەچاکەی لێ دەکەوێتەوە: ﴿**فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ**﴾، یان ژنەکە پێداگریی دەکات لەسەر جیابوونەوە و دواجار دەسبەرداربوون لەیەکی لێ دەکەوێتەوە: ﴿**أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ**﴾، واتە: تەڵاقی دووەم تەواو بکەن و ژنەکە مەهێڵنەوە بەمەستی ئازاردان و زیان پێگەیاندن و چۆك پێدادان و ڕێگریی لێ کردنی لە درێژەدان بەژیانی ئاسایی خۆیدا، خواوەند لەو بارەیەوە هۆشداریی دەدات: ﴿**وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ**﴾.

دواتر ئایەتی ٢٣٢ ی هەمان سوورەت دێت، تا دواچارەسەر بدات، کە بریتییە لە کۆتایی هاتنی وادە دیاریی کراوەکە، بەڵام لە کاتێکدا کە دوو هاوسەرەکە لەنێوان خۆیاندا پێك

هاتوونەتەوە، کەسوکاری ژنەکەش بۆیان نییە ڕێگریی بکەن لە ژنەکە لە بەستنەوەی پەیوەندیی ژن ومێردیی لەگەڵ پیاوەکەیدا و گەڕانەوە بۆ لای: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَنْ يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُمْ بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ مِنْكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾، خواوەند پەسن و پیاهەڵدان دەکات بۆ ئەو چارەسەر و پێکهاتنەوەیە و دەفەرموێت: ﴿ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ﴾.

سەرنجی ئەوە دەدەین هەموو ئایەتەکانی پێشتر کە لەبابەتی تەڵاقەوە هاتوون لە سورەتی البَقَرَة دا، هەموویان تاوتوێی بابەتی خواستی ژن دەکەن لە جیابوونەوەدا، نەك باسی خواستی پیاو یان خواستی هەردووکیان پێکەوە لە بابەتەکەدا، داوا دەکەن لە پیاو تا بەچاکە و باشەوە ڕەفتار لەگەڵ بابەتەکەدا بکات و دەرفەتیش دەدەن بە هەردوو هاوسەر تا لە ماوەی چوارمانگی یەکەمدا چاو بگێڕنەوە بە هەلومەرجی ژیانیاندا و بەخۆیاندا بچنەوە، دواتر لەکاتی وادە دیاریکراوەکەشدا بەهەمان شێوە، تا دڵنیا بن لەوەی کە منداڵدان و ڕەحمی ژنەکە لە تۆوی پیاوەکە بەتەواوەتیی پاك بووەتەوە.

ئەگەر پیاوەکە خواستی جیابوونەوەی هەبوو و ژنەکە جیابوونەوەی نەدەویست، لەو حاڵەتەدا دەگەڕێینەوە بۆلای ئەم ئایەتە: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا﴾ الطلاق/١.

لەم حاڵەتەدا، پێویستە پیاوەکە چاوەڕێی کاتی پێویست بکات تا وادە دیاریکراوەکە کۆتایی دێت، ژنەکەش لەماڵە هاوبەشەکەی خۆی و مێردەکەیدا دەمێنێتەوە: ﴿لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ﴾ تەنانەت تا دوایی هاتنی وادە دیاریی کراوەکە و تەواو بوونی تەڵاقی دووەمیش، پیاوەکە بۆی نییە لەماڵەکەدا دەری بکات، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە مێردەکە بەڵگەی حەشاهەڵنەگر بخاتە ڕوو لەسەر ژنەکە کە کاری نەشیاو و ناپەسند (فَاحِشَة) ی لێ وەشابێتەوە.

لێرەدا بەڵگەکان تەنها بۆ جیابوونەوە و بێ بەش کردنی ژنەکەیە لە مافەکانی، نەك بۆ گەیاندنی سزای جەستەیی بە ژنەکە، واتە: خستنە ڕووی بەڵگەی زانستیی وەك پشکنینی DNA و سەلماندنی ئەوەی کە منداڵەکە لە پیاوەکە نییە، یان وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و تۆماری دەنگیی کە بیسەلمێنن ژنەکە پەیوەندی نادروستی لەگەڵ کەسێکی تردا هەیە و لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییەکە بسەلمێنرێت.

لەغەیری ئەم حاڵەتەدا ئیتر ماڵەکە و مانەوەی تیایدا مافی ژنەکەیە و وەك خۆی دەمێنێتەوە بۆی، خواوەندیش بە ڕوونیی گوتویەتی: ﴿**بُيُتِهِنَّ** ـ ماڵەکانیان﴾ و نەی گوتووە ماڵەکانتان، ئەم ڕاستییە جارێکی تریش و لەجێگەی تریشدا و لە باسی گفتوگۆ لەگەڵ هاوسەرەکانی پێغەمبەردا هاتووە: ﴿**وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ**﴾ **الاحزاب/٣٤** ، هەروەها لە درێژەی چیرۆکی یوسف دا هاتووە: ﴿**وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ**﴾ **یوسف/٢٣**، پێویستە ئەوەش بزانین کە (**بَيت** ـ ماڵ) تەنها شوێنی نیشتەجێ بوون نییە، بۆ نموونە: (**بَيتُ الله**) مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو شوێنە، شوێنی نیشتەجێ بوونی خوایە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئەو شوێنە شوێنی پەیوەندیی کردنە بەخواوە و لەگەڵ خوادا، وشەی (**بَيت**) یش لە بڕگەی ﴿**بُيُتِهِنَّ**﴾ دا مەبەست لە ماڵی هاوسەریەتیی و ژیانی هاوبەشە، ئەگەر بیان بێت، واتە: هەموو شوێنێك پێی ناگوترێت ماڵ، ژن و مێردیش خۆیان لەنێوان خۆیاندا دەتوانن پێك بێن لەسەر مافی خاوەنداریەتیی، بەڵام بە مەرجێك پیاوەکە مافی ژنەکە نەخوات، لەم حاڵەتەدا پیاوەکەش بۆی هەیە وەك دراوسێیەکی ئاسایی لەگەڵیدا بژیی، ئەگەر باری دارایی و بژێویی لەبار نەبوو.

ئەوەش کە خواوەند فەرموویەتی: ﴿**يَاأَيُهَا النَبِيِّ**﴾ ئەوە دەگەیەنێت کە مانەوەی ژنەکە لەماڵەکەی خۆیدا پێویستی بە دەرکردنی هیچ یاسا و ڕێسایەك نییە، بەڵکو ئەو ڕێنماییانە، ڕێنمایین بۆ پەیڕەویی لێ کردن و ڕاپەڕاندنی چەند فەرمانێك کە یەکلایی کراونەتەوە و قسەی تر هەڵناگرن.

دواتر درێژە بە تاوتوێکردنەکەمان دەدەین و دەچینە لای ئایەتەکانی سورەتی **الطَلاق**: **﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَى عَدْلٍ مِنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا * وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا﴾ الطَلاق/٢-٤** .

دەبنین خواوەند دیسانەوە فەرمان دەکات بە: یان هێشتنەوەی ژنان و لە ئامێز گرتنیان بە چاکە، یان دەستبەردار بوون و جیابوونەوە لێیان بە چاکە، هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە کە جیابوونەوەش وەك پێکهاتن و هاوسەرگرتن وایە و پێویستی بە شاهد هەیە و نابێت نهێنیی بێت، لەگەڵ تێبینیی ئەوەشدا کە ئایەتەکان ژنانیان دابەش کردووە بەسەر سێ پۆل و دەستەدا:

**ـ ئەوانەی کە هیوایان نەماوە بکەونە سووڕی مانگانەوە:** **﴿إِنِ ارْتَبْتُمْ﴾**، وادەشیان سێ مانگە، لەم سەردەمەدا و لە سایەی پێشکەوتنە زانستییەکانەوە، پێگە و بوارێك بۆ گومان نەماوەتەوە و پشکنینی تاقیگەیی پاکیی منداڵدانی ژن دەسەلمێنێت.

**ـ ئەوانەی کە نەکەوتوونەتە سووڕی مانگانەوە:** هەندێ ژن هەن لەتەمەنی سکوزا و منداڵ بووندان بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکی دیاریی کراوەوە ناکەونە سووڕی مانگانەوە، لێرەدا نموونەی ژنەکەی زەکەریامان بیر دێتەوە کە پیر و لەتەمەندا بوو: **﴿قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا﴾ مريم/٨**، پاشان خواوەند شیفای داو توانای منداڵ خستنەوەی پێ بەخشی: **﴿فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ﴾ الأنبياء/٩٠**، دەشگونجێت ژن شیردەر بێت و بەو هۆیەوە سووڕی مانگانەی بوەستێت، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەبەردەم سکپڕ بوونیدا، ئەم چەشنە ژنانەش دیسان وادەیان بریتییە لە پاك بوونەوەی منداڵدانیان.

**ـ ئەو ژنانەی کە باردارن و سکیان پڕە:** وادەکەیان درێژ دەبێتەوە تا ئەوکاتەی منداڵەکەیان لەدایك دەبێت.

ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایەتەکان لێرەدا تایبەتن بە حاڵەتێکەوە کە پیاوەکە خوازیاری جیابوونەوە بێت. بۆیە خواوەند وادەکەی وازلێهێناوە تا ئەوپەڕی کاتەکەی، بۆ ئەوەی بەشکو پیاو لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خواوەند هانی هەردوو هاوسەرەکە دەدات بۆ ئەوەی لە هەنگاو و بڕیارەکانیاندا پارێزکار و خۆپارێز بن، واتە: بەبێ تیژپەڕیی و سوکایەتیی کردن بەیەکتر، پابەندی ڕەوشت و بەها باڵاکان بن.

لەم حاڵەتەشدا خواوەند بنەماکانی هەڵسوکەوت کردنمان پێ دەدات: **﴿ذَلِكَ أَمْرُ اللَّهِ أَنزَلَهُ إِلَيْكُمْ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا * أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُمْ مِنْ وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِنْ كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُمْ بِمَعْرُوفٍ وَإِنْ تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى * لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾ الطلاق/٥-٧.**

لەو حاڵەتەدا کە پیاو خواستی هەیە بۆ جیابوونەوەی، پێویستە بەپێی توانای مادیی خۆی شوێنی نیشتەجێ بوون دابین بکات بۆ هاوسەرەکەی و خەرجیی ژیانێکی شایستەشی بۆ بکێشێت تا ئەوکاتەی کە منداڵەکەی دەبێت، یان تا ئەوکاتەی کە شیر دەدات بەمنداڵەکە، یان پێك بێن لەسەر ئەوەی کە ژنێکی تر شیر بدات بەمنداڵەکە (دایکی شیریی).

لە ڕەواڵی باسەکەدا خواوەند ئەرکی سەرشانی دایکە تەڵاق دراوەکەشی دەسنیشان کردووە، ئەگەر دایکەکە خۆی جیابوونەوەی ویستبێت: **﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ**

**فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدْتُمْ أَنْ تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُمْ مَا آتَيْتُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ البقرة/٢٣٣.**

ئەگەر باوکەکە بیەوێت و لەسەر خواستی ئەو، دووساڵی تەواو شیردانی منداڵەکە ئەرکی دایکەکەیە، پێویستە لەسەر باوکەکە ئەرکی دابین کردنی بژێویی دایکە شیردەرەکە بگرێتە ئەستۆ و بەپێی نەریتی باو و توانای دارایی خۆی، بژێویی بۆ ژنەکە دابین بکات، نابێت لەلایەن هیچکامیانەوە زیان بەوی تریان بگات، هەروەها پێویستە ئاسایشی منداڵەکەش پارێزراو بێت، ئەگەر باوکەکە مرد، پێویستە لەسەر میراتگرانی باوکە مردووەکە شان بدەنە ژێر باری کێشانی خەرجیی دایکە شیردەرەکە و بژێویی منداڵەکەش، وەك قەرزێکی بەجێماو لە ئەستۆی باوکە مردووەکەدا، باوك و دایکەکە دەتوانن پێکبێن لەسەر ڕاگرتنی شیردان بەمنداڵەکە یان پەیدا کردنی شیردەرێکی تر بۆی، بەمەرجێك هەموو ئەم هەنگاوانە بەپێی دابونەریتی پەسەندی باو و بەچاکەکارییەوە هەڵ بگیرێن.

خواوەند لەچەندین بابەتدا جەختی کردوەتەوە لەسەر مافی ژنی تەڵاق دراو لە ماڵ و سامانی هاوبەشی نێوان هاوسەرکاندا: **﴿وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ البقرة/٢٤١**، پێویستە ئەو مافە پارێزراو بێت و پشگوێ نەخرێت و بەپێی ئەوەی کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا باوە مافیان بپارێزرێت و بۆیان دابین بکرێت، ئەم بابەتە جیایە لە بڕی مارەیی، ئەگەر پیاوەکە خوازیاری جیابوونەوە بووبێت، ئەوا هەموو ئەوەی کەلەماوەی ژیانی هاوبەشیاندا کردوویەتی بۆ ژنەکە، هەمووی دەدرێت بە ژنەکە و لەمەش زیاتر بەشیشی هەیە لەو سامانەدا کە پێکەوە پێکیان هێناوە، کە ئێمە پێمان وایە ئەو بەشە بۆی هەیە بگاتەی نیوەی سامانەکە، چوونکە ژیان و کارکردنیان بە هاوبەشیی بووە، هەروەها ئەم بابەتەش کە باسی جیابوونەوەیە لە ژنێك و هێنانی ژنێکی ترە و باس لەو شایستە داراییانە دەکات کە مافی ئەو ژنەن کە جیابووەتەوە و لە هەمان خانەدایە و دەڵێت: **﴿وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ النساء/٢٠.**

باشترە ئاماژەیەکیش بکەین بۆ ئەو کەمتەرخەمیی و خۆلادانەی کە پێشتر باسمان لێوەکرد، لەو حاڵەتەدا کە بڕیار و بەڕێوەبردن لەدەستی پیاودا بێت، دەگونجێت هۆکاری ئەو کەمتەرخەمییە هێنانی ژنە مولکولیەمینێکی منداڵدار بێت (چەندژنییەتی): ﴿وَإِنْ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتْ الْأَنفُسُ الشُّحَّ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ النساء/١٢٨ ، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە فەرموویەتی: ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾، واتە: لێرەدا ئەگەرێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژنەکە لەم حاڵەتەدا نەیەوێت بسازێت و ڕێك نەکەوێتەوە لەگەڵ مێردەکەیدا، هەرچەندە سازانەوە و ئاشتەوایی چاکترە بەڵام ژنەکە نایەوێت، لەحاڵەتی سەرنەگرتنی ئاشتەوایی و سازاندا، ئەو ژنەی کە ڕووبەڕووی کەمتەرخەمیی و نالەباریی پیاوەکەی بووەتەوە، بۆی هەیە داوای جیابوونەوە و تەڵاق بکات و مافەکانی خۆی بەتەواویی وەربگرێت، بەو خانووەشەوە کە پێکەوە تیایدا دەژین، ئەمەش بەپێی ئەو نەریت و یاساو ڕێسایانەی کە هەر کۆمەڵگەیەك و لەهەر سەردەمێکدا پەیڕەوی دەکات، بەتایبەت ئەگەر پیاوەکە دەسپێشخەر بووبێت بۆ تێکدانی کەشوهەوای خێزان و ژیانە هاوبەشەکە، ئەم ڕێکارانەش ڕێك ئەو بەڕێکردن بەچاکە (التَسرِيحُ بِإحْسَان)ـە یە، کە پێویستە لەم سەردەمەدا وەك چەمك و تێگەیشتنێکی هاوچەرخ پەیڕەو بکرێت.

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە فیقهزانە بەڕێزەکان لە کۆنیشت و کۆبوونەوەکاندا خۆیان هەڵ دەکێشن و دەڵێن: ژن شەریك و هاوبەشی پیاوە، پیاو گونجاوە بۆ ئەوەی لەدەرەوەیماڵدا کار بکات، ژنیش گونجاوە بۆ ئەوەی لە نێو ماڵدا کار بکات و منداڵ بەخێو بکات، بەڵام لەڕاستیدا ژن لەوە زیاتر کار دەکات، بەتایبەت ئەگەر لەو ئافرەتانە بێت کە کار دەکەن و پیشەیەك یان دەوامێکیان هەیە.

بەڵام ئەو بەڕێزانە کە دەگەنە سەر باسی جیابوونەوە و تەڵاق لەبیریان دەچێتەوە کە ژن تا ڕادەی نیوەبەنیوە هاوبەش و شەریکی پیاوە، هیچی پێ ڕەوا نابینن بێجگە لە مارەییە

قەرزەکەی، هەندێ جار ژن ڕوبەڕووی لەوەش خراپتر دەبێتەوە، کاتێك ناچار و ڕووگیری دەکەن دەست لە هەموو مافەکانی هەڵ بگرێت تا لە بەرانبەردا تەڵاق بدرێت، یان ئەوە بکات کە بە ناڕەوا ناو نراوە خۆداڕنین (الخُلع)، کە ئەمەش داهێنانێکی فیقهیی مێژوویی ستەمکارانەیە.

خواوەند مافەکانی ژنی تەنانەت لەکاتی جیابوونەوە و تەڵاقی پێش گواستنەوەشدا لەبیر نەچووە و باسی کردوون: ﴿لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ * وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ **البقرة/٢٣٦-٢٣٧**، ئەگەریش جیابوونەوە ڕوویدا پێش ئەوەی مارەیی دابین بکەن، ئەوا پێویستە لەسەرتان بارتەقای نیوەی مارەییەکە پێشکەش بە ژنەکە بکەن، مەگەر ژنەکە خۆی دەست لە مارەییەکەی یان دەست لە بەشێکی هەڵ بگرێت، پەروەردگاریش سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە بە جوانیی ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەین و ڕێنماییمان دەکات کە چاکە و باشەی یەکترمان لەبیر نەچێت: ﴿وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ﴾.

لەبابەتی جیابوونەوە و تەڵاقدا دەگەینە ئەم پوختەیەی لای خوارەوە:

- وەك چۆن پیاو مافی داواکردنی تەڵاق و جیابوونەوەی هەیە، ژنیش هەمان ئەو مافەی هەیە، چوونکە تەڵاق و بڕیاری جیابوونەوە بریتییە لە پێکهاتنی ئەو دوولایەنەی کە گرێبەستی هاوسەرییەتییان پێك هێناوە، لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە.

- تەڵاق دوو جارە و ڕوو نادات تا ئەو دوو جارە تەواو نەبن: **یەکەمیان** دوای دابڕان و لێك دوورکەوتنەوە (ألإيلاء) بۆماوەی چوار مانگ، **دووەمیش** دوای کۆتایی هاتنی وادەی دیاریی کراو (**العِدَّة**)، ئەگەر تەڵاقی دووەم ئەنجام نەدرا، هەردوو هاوسەر دەتوانن بگەڕێنەوە ئامێزی یەکتر وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت و تەڵاقی یەکەمیش ئیشی پێ ناکرێت، بۆ نموونە:

سەرکەوتن و براوەبوونی تیمێکی فوتباڵ لە پێشبڕکێیەکی کاسی جیهانییدا، سەرکەوتنەکەی دەیپاڵێوێت بۆ خولی دووەم، بەڵام ئەگەر لەخولی دووەمدا سەرنەکەوت، خۆ سەرکەوتنەکەی لە خولی پێشوودا بەسەرکەتن لە کاسە جیهانییەکەدا بۆی ئەژمار ناکرێت، بۆیە ئەمانیش ئەو تەڵاقە یەکەمەیان لەسەر نامێنێت و ئەگەر جارێکی تر کێشە کەوتەوە نێوانیان، دەبێت لە دوورکەوتنەوە و دابڕانی چوار مانگەکەوە دەست پێ بکەنەوە و دواتر تەڵاقی یەکەم و دوای ئەویش تەڵاقی دووەم.

ـ ئەگەر ژنەکە خوازیاری جیابوونەوە بوو، ئەوا وادەی دیاریی کراوی بریتیە لە سێ تێکەوتن و پاك بوونەوە (ثلاثة قروء) و پێویستە لەسەری بارداریی و سکپڕییەکەی نەشارێتەوە (ئەگەر هەیبوو)، ئەگەر سکپڕ بێت ئەوا لەو حاڵەتەدا مافی داوای جیابوونەوە و تەڵاق لەدەس دەدات.

ـ ئەگەر پیاوەکە خوازیاری جیابوونەوە و تەڵاق بوو، ئەوا ژنەکە دەتوانێت کاتی وادە دیاریی کراوەکە بەسەر ببات کە بریتییە لە سێ تێکەوتن و پاك بوونەوە، یان دانانی سکەکەی.

ـ لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر پیاوەکە خوازیاری جیابوونەوە بێت، ئەگەر ماڵی هاوبەشی هاوسەرییەتییان هەبێت، ئەوا ئەو ماڵە مافی ژنەکەیە، ئەگەر ماڵیشیان نەبێت، پێویستە لەسەر پیاوەکە شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ دابین بکات.

ـ پیاوەکە هیچ شتێك وەر ناگرێتەوە و لەژنەکەی زەوت ناکات کە لە کاتی پێکەوەژیانیاندا لەژیانە هاوبەشەکەیاندا کردبێتی بۆ ژنەکەی، تەنها مەگەر لە حاڵەتێکدا کە لە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیاندا بڕگەیەك هەبێت باس لەو بابەتە بکات، یان ژنەکە بە خواستی خۆی دەست لەم مافە یان بەشێکی هەڵ بگرێت، هەمیشەش ژنەکە مافی هەیە لە سامانی مێردەکەیدا و دەکرێت ئەم بابەتە بکرێتە یاسا و ڕێساسازیی بۆ بکرێت.

جیابوونەوە و تەڵاق پێویستی بەکاتێکە کەمتر نەبێت لە چوار مانگ و هەندێ جاریش دەگاتە حەوت مانگ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیی پێداچوونەوە بەبڕیارەکەدا تا بڕیارێکی بێ ناوەڕۆك و سەرپێی نەبێت، چوونکە بڕیارێکە ڕووخان و لەبەریەك هەڵوەشانی خێزان دەهێنێت بەدوای خۆیدا و زۆربەی کات منداڵەکان باجەکەی دەدەن.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین کە تەڵاق لە حاڵەتی مولکولیەمیندا بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی نێوان دوولایەنەکە، مافەکانی هەرکام لەو دوولایەنەش پەیوەستن بەو بڕگانەوە کە لە گرێبەستەکەی نێوانیاندا هاتوون، وەك ئەوەی یاسا بەرکارەکان ڕوونی دەکەنەوە، وەك مافەکانی منداڵی نێوانیان، ئەگەر ببێت، هەروەها مافەکانی ژن و پیاوەکەش. وادەی دیاریی کراو (**العِدة**) ی ژنەکەش بریتییە لە پاك بوونەوەی منداڵدان و ڕەحمی ژنەکە.

**پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد**

پەیمانی هاوسەرگیریی: لە هەرکوێ بێت یەك شکڵ وشێوازی هەیە.

گرێبەستی مارەکردن (مولکولیەمین): بەپێی دابونەریت و یاساکان شێوازی زۆری هەیە، گرنگ ئەوەیە لە ڕەفتار و پەیوەندییە ناپەسندەکان نییە. تەنها لەسەر داواکاریی و پەسەند کردن دەوەستێت، بەو واتایەی کە چەشنێکە لە

گرێبەست کردن، بەزارەکیی بێت یـــــان بە نوسراو، بەرپرسیارییــــــــــــەتەکەشی بەرپرسیارییــــــــــەتێکی کۆمەڵایەتیی یان یاسایی ڕووتە.

**جیابوونەوە و تەڵاق**

پەیمانی هاوسەرگیریی:

ـ دووره پەرێزیی و دابڕان (**ألإيلاء**) ئەوپەڕی بۆ ماوەی چوار مانگ.

ـ تەڵاقی یەکەم وادەی دیاریی کراو بەدوایدا دێت، پاشان تەڵاقی دووەم دوای ئەوە تەڵاقەکە دەبێتە جیاکەرەوە.

گرێبەستی مارەکردن: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بەپێی مەرجەکانی، یان یاسای بەرکار، وادەشی پاك بوونەوەی منداڵدانە.

**وادەی دیاریی کراو (العِدَّة)**

سەبارەت بەو ژنەی کە خوازیاری جیابوونەوەیە:
ـ نابێت ئەو سك (**حَمل**)ە ی هەیەتی بیشارێتەوە.

ـ پیاوەکە مافی ئەوەی هەیە پێداگریی بکات

لەسەر مانەوەی، لانیکەم تا منداڵەکەی ببێت:

﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ البقرة/٢٢٨،

ـ لەحاڵەتێکدا ئەگەر سکی نەبوو ئەوا عیدەکەی

بریتییە لە پاك بوونەوەی منداڵدانی

سەبارەت بەو ژنەی کە خوازیاری جیابوونەوە نیە:
ئەگەر بیەوێت لەماڵەکەی خۆیاندا دەمێنێتەوە

تاوادە(**العِدَّة**) کەی تەواو دەبێت، ئەرکی پیاوەکەیە

ئەگەر ماڵیان نەبێت، شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ

دابین بکات، دەگونجێت خۆشی ببێتە دراوسێی ژنەکەی ئەگەر

جێگە و ڕێگەی تری نەبوو.

لەحاڵەتێکدا ئەگەر ژنەکە پەیوەندییەکی ڕێگە پێنەدراو و حەشا هەڵنەگری لێ ئاشکرا بوو، مافەکانی لەدەست دەدات و ڕاستەوخۆ تەڵاق دەکەوێت. ئەگەر تەڵاقی یەکەمیش ڕووی دابوو و دووەم ڕووی نەدابوو و دوای تێپەڕبوونی وادە (العِدَّة)، ئاشتەوایی هاتە ئاراوە و سەری گرت، ئەوا لە بنەڕەتەوە پرۆسەی جیابوونەوە و تەڵاق هەڵ دەوەشێتەوە و وەلا دەخرێت و بەهیچ شێوەیەك ئەو تەڵاقە یەکەمە بۆجارێکی تر ئەژمار ناکرێت، واتە: وەك ئەوەی نەبووبێت.

# بەشی سێیەم

# پۆشاك

# (اللِّباس)

**دەسپێك...**

دەستەواژەی (**اللِّباس ـ پۆشاك**) مان بەکار هێناوە لە باتیی دەستەواژەی باوی (**حِجاب**)، یان لەباتی ئەوەی کە هەندێ جار پێی دەڵێن: (**الحِجاب الشَّرعي**)، چوونکە وشەی (**الحِجاب**) هەشت جار لە دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە، لەهەر هەشت جێگەکەدا نە دوور و نە نزیك هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پۆشاکەوە، بەڵکو ئەو دەستەواژانەی کە ئاماژە دەکەن بە پۆشاك بریتیین لە: (**الثِّیاب، الجلباب، الخُمُر**)

ئەگەر بیشگەڕێینەوە بۆلای قامووسەکانی زمان، دەبینین کە (**حَجَبَ**) بەواتای داپۆشین و پەردەپۆشکردن هاتووە و (**حِجاب**) یش واتە: داپۆشین، (**الحاجِب**) یش، واتە: دەرگاوان، کە ڕۆڵی ڕێگرتن لە چوونەژوورەوەی خەڵك دەگێڕێت، هەروەها (**حِجابَةُ الكَعبَةِ**) بەوکەسانە دەگوترێت کە زێوانیی کابە دەکەن و سەرپەرشتیی پاراستنی دەکەن، بۆیە هەرچی شتێك بوویە ڕێگر و جیاکەرەوە لە نێوان دوو شتدا، پێی دەگوترێت: حیجاب.

ئەوەش کە لەم ئایەتەدا هاتووە: ﴿**وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ**...﴾ **فصلت/٥**، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە: لەنێوان ئێمە و تۆدا ڕێگرێك هەیە.

منداڵەکان دەبنە ڕێگر لەبەردەم بردنی بەشە میراتی دایکدا، واتە: دەبنە ڕێگر لەوەدا کە دایك سێیەك ببات و بە بوونی ئەوان بەشی دایك لە سێیەکەوە دەبێتەوە بە شەشیەك، (**الحاجبان**) یش، بەو دوو ئێسکە دەگوترێت کە بەسەر چاوەوە و لەپێش قژەوەن.

ئەگەر سەرنجی دابەزێنراوی بەجێش بدەین، دەبینین وشەی: **(حِجاب)** لەم سوورەتانەدا هاتووە:

بە دارێشتەی **(حِجاب)**:

**١ـ الأعراف ٧/٤٦ .**

**٢ـ ألأحزاب ٣٣/٥٣ .**

**٣ـ ص ٣٨/٣٢ .**

**٤ـ فصلَت ٤١/٥ .**

**٥ـ الشورى ٤٢/٥١ .**

بەدارێشتەی **(حِجاباً)**:

**١ـ الإسرى ١٧/٤٥ .**

**٢ـ مَريَم ١٩/١٧ .**

**٣ـ المُطَففين ٨٣/١٥ "لَمَحجوبون".**

١ـ **﴿وَنَادَى أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَنْ قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدْتُمْ مَا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُوا نَعَمْ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَنْ لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ الأعراف/٤٤**، ئایەتی ٤٥ یش بەدوایدا دێت کە باس لە ئاکاری ستەمکاران دەکات... تا ڕێگە خۆش بکات بۆ ئایەتی دوای خۆی کە دەفەرمووێت: **﴿وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ * وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاءَ أَصْحَابِ النَّارِ قَالُوا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ الأعراف/٤٦ـ٤٧.**

لەڕەوالّی ئایەتەکانەوە تێدەگەین کە **(حِجاب)** ەکە لە نێوان خەڵکی ناو بەهەشت و خەڵکی ناو دۆزەخدایە. ڕازیی لەم بارەیەوە دەڵێت: پەردەکە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدایە یان لەنێوان

دوو دەستەکەدایە، ئەم پەردەیەش ئەو پەردە بەناوبانگەیە کە لەم باسەدا ناوی هاتووە: ﴿يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُوا انْظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِنْ نُورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ فَالْتَمِسُوا نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُمْ بِسُورٍ لَهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِنْ قِبَلِهِ الْعَذَابُ﴾ الحديد/١٣، ئەگەر بیشگوترێت: کەی پێویست بە لێدانی ئەو دیوار و شورایە دەکات کە بەهەشت لەسەرووی ئاسمانەکانەوەیە و دۆزەخیش لە خواری خوارەوەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: دووریی یەکێکیان لەوی ترەوە ڕێگر نییە لەوەدا کە جیاکەرەوە و شورایەك لە نێوانیاندا ببێت. أه.

تێیش دەگەین کە ئەو پەردە و شورایە دەرگای هەیە و نابێتە ڕێگر لەبەردەم بینین و گەیشتنی دەنگدا، ئەگەرنا چۆن لەگەڵ ئەو فەرموودەی خواوەند ڕێك دێتەوە کە لە هەمان سورەتدا دەڵێت: ﴿وَنَادَى أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ﴾ ألأعراف/ ٥٠؟ ڕازیی دەڵێت: ئیبنوعەباس دەڵێت: کاتێك خەڵکی ئەعراف بەرەو بەهەشت بران، خەڵکی ناو ئاگریش دوای نائومێد بوونیان، هیوایەکیان دێتەوە بەبەردا و بەتەمای کرانەوەی دەروێك دەبن بە ڕوویاندا و دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە لەناو خەڵکی بەهەشتدا خزم و کەسی نزیکمان هەن، ڕێگە بدە با بیان بینین و قسەیان لەتەکدا بکەین، خواوەند فەرمان دەکات بە بەهەشت و ئەویش دەلەرێتەوە و پەردە لەسەر خۆی لا دەدات و خەڵکی ناو دۆزەخ سەیری خزم و کەسەکانیان دەکەن لەبەهەشتا و دەبینن لە چ ناز و نیعمەتێکدان... تاد.

٢ـ ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا﴾ الأحزاب/٥٣.

ڕازیی دەڵێت: کاتێك خواوەند ڕێگریی کرد لە خەڵك کە بچنە ماڵەکانی پێغەمبەرەوە، ئەوجا داواکردنی پێداویستیی لە ماڵباتی پێغەمبەر بۆ خەڵك بوو بە کێشە، بۆیە دواجار بۆی ڕوون کردنەوە کە خەڵك دەتوانن لەپشتی پەردەوە داوا و پرسیاری خۆیان لە خێزانەکانی پێغەمبەر بکەن. ئەوەش کە دەڵێت: ﴿**ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ**﴾، ئەوە دەگەیەنێت کە چاو ڕێگەیە بۆ ناو دڵ، ئەگەر چاو شتێك نەبینێت، دڵیش بۆی لێ نادات، بەڵام کە چاو شتەکەی بینی ئەوجا دەشێت دڵ بۆی لێ بدات یان نا، بۆیە دڵ لەحاڵەتی نەبینینی چاودا، ئارامتر و پاکترە و ڕوونیشە کە کەمتر ئەگەری تێوەگلانی هەیە.

ڕازیی درێژە بە ڕاڤەی ئایەتی دواتر ﴿**لاجُناحَ عَلَيهِنَّ**﴾ دەدات و دەڵێت: خواوەند پێویستی کرد لەسەر پیاوان لەپشتی پەردەوە داوای پێداویستییەکانیان بکەن، بەڵام ئایا بۆ پیاوانی جیانەکردەوە و بۆ نموونە: نەی گوت: (**لاجُناحَ عَلَى آبائِهِنَّ**)؟ ئێمەش هەر ئەوە دەڵێینەوە کە خواوەند گوتوویەتی: ﴿**فَسألوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَاب**﴾ فەرمانی کرد بە گێڕانی پەردە بەڕووی ژناندا، ئەمەش ناکرێت بێجگە لەو ڕێگەیەوە نەبێت کە ژنان داپۆشراو بن، بۆیە خۆداپۆشین واجب و پێویست کرا لەسەریان.

پاشان فەرمانی کرد بە پیاوان کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ ژناندا و لێیان تێك نەدەن و گێچەڵیان پێ نەگێڕن و پەردەکانیان لا نەدەن، بەڵام بۆ باوك و کوڕی خۆیان گرفتێك لەئارادا نییە بۆیان.

٣ـ ﴿**وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ * إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ * فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَنْ ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ * رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالْأَعْنَاقِ**﴾ ص/ ٣٠ـ٣٣.

ڕازیی دەڵێت: لە ئایەتەکاندا ڕاناو لە وشەی: ﴿**حَتَى تَوارَتْ بالحِجَاب**﴾ دا و هەروەها لە: ﴿**رُدُّهَا**﴾ دا، دەگونجێت بۆ لای (ألشّمس) بگەڕێتەوە، چوونکە باس لەشتێك دەکات کە پەیوەستە بە

خۆرەوە کە ئەویش بریتییە لە وشەی (**ألعَشيِّ**)، دەشگونجێت ڕاناوەکە بۆ لای ﴿**ألصَافنَات**﴾ بگەڕێتەوە، هەروەها دەشگونجێت لە قسەی یەکەمیاندا بۆ لای خۆر و لە دووەمیشدا بۆ لای ﴿**ألصَافِنَات**﴾ بگەڕێتەوە، یان بە پێچەوانەوە، یەکەم بۆلای ﴿**ألصَافِنَات**﴾ و دووەم بۆلای خۆر.

خۆشاردنەوە و پەنا بردنیش بۆ پەردە، لەئایەتەکەدا و بەلای ڕازییەوە، بریتییە لە گوم بوون لە چاو.

٤ـ ﴿**وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ**﴾ **فصِّلَت/٥**.

ڕازیی دەڵێت: (**أكنَّة**) کۆی وشەی (**كِنَانة**) یە و بریتییە لەو کیسەیەی کە تیری تێ دەخرێت. (**الوَقْر**) یش بریتییە لەو قورسییەی کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بیستندا. (**الحِجاب**) یش بریتییە لەو شتەی کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بینیندا. ئەوەی کە دەڵێت: ﴿**وَمِنْ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَاب**﴾ واتە: لەنێوان ئێمەو تۆدا پەردەیەك هەیە. بەهێزترە لەوەی ئەگەر بیگوتایە: (**وبينَنا و بينَكَ حِجَاب** ـ نێوان ئێمە و تۆ پەردەیەکە)، چوونکە وشەی (**الحِجَاب**) لە قسەی یەکەمدا هەموو ئەو پانتاییە دەگرێتەوە کە لە نێوان (**بينَنا و بينَك**) دا هەیە و هیچ بەشێك لەو پانتاییە نامێنێتەوە کە خاڵیی بێت و ئەو پەردە و (**الحِجَابَ**) نەیگرێتەوە.

٥ـ ﴿**وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ**﴾ **الشورى/٥١**.

٦ـ ﴿**وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ حِجَابًا مَسْتُورًا**﴾ **ألإسراء/٤٥**.

پێویستە بیشزانین خۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نەبوو، پێغەمبەریان دەبینی و گوێشیان لە دەنگی دەبوو.

ڕازیی دەڵێت: ئەگەر وابووایە پێویست بوو بیگوتایە: (**حِجَاباً سَاتِراً**). دەشڵێت: وەڵام بەلای منەوە لەم چەند ڕووەوەیە:

**یەکەم:** مەبەست لەو پەردە و حیجابە چەشنە پەردەیەکە کە خواوەند لە چاویاندا درووستی دەکات و دەبێتە ڕێگریان لە بینینی پێغەمبەردا، ئەو پەردەیەش چەشنە پەردەیەکی شاراوەیە کە کەس نای بینێت.

**دووەم:** دەگونجێت بەو پەردەیە بگوترێت: (**مَستُور ـ داپۆشراو**) چوونکە خۆیشی داپۆشەری هەیە، وەك چۆن بە شتێکی شێدار دەگوترێت: (**مَرطُوب ـ شێدار**)، یان بە کەسێك کە ترسابێت دەگوترێت: (**مَهول ـ ترسلێنیشتوو**).

سێیەم: وشەی (**المَستور ـ داپۆشراو**) ناوی کارپێکراوە بەواتای (**المَستور ـ داپۆشەر**) کە ناوی بکەرە، ئەمەش لە ناو عەرەبدا باو و بەربڵاوە.

"... پەردەکە بریتییە لە مۆرێك لەسەر دڵیان، مۆریش بریتییە لە ڕێگرێك کە ڕێگەی لێ گرتن هەست بە جوانیی و واتاکانی قورئان بکەن، مەبەستیش لەو پەردە داپۆشراوە ئەو مۆرەیە کە خواوەند دروستی کردووە و داویەتی لەسەر دڵیان".

**٧ـ ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذْ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا * فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا﴾ مريم/١٦،١٧.**

ڕازیی دەڵێت: پاشان خواوەند ڕوونی کردەوە کە مەریەم بەدوور لە خزم و کەسەکانی پەردەیەکی گێڕاوەتەوە، وا دیارە کە دوور نەکەوتووەتەوە لێیان، بەڵکو خۆی بە دیوارێك یان جیاکەرەوەیەك دابڕیوە لە خزم و کەسەکانی و پەردەیەکی گێڕاوە لە نێوان خۆی ئەواندا.

**٨ـ ﴿كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ﴾ المطففون/١٥.**

ڕازیی دەڵێت: هاوەڵان ئەم ئایەتەیان وەك بەڵگەیەك دەهێنایەوە لەسەر ئەوەی کە باوەڕداران خواوەند دەبینن، بەڵام تاوانباران و درۆزنان نایبینن، چوونکە ئەگەر وانەبوایە، تایبەتمەند کردنی باوەڕداران بە بینینەکە هیچ سوودێکی نەدەبوو.

هەروەها ئەو تایبەتمەند کردنە بڕیاردانێکی تریشی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ناوی پەردەی لە بواری وادە و هەڕەشەدا لە کافران هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم هەڕەشانە باوەڕداران ناگرنەوە.

موعتەزلەکان دەڵێن: لەو ڕۆژەدا کافران لە سۆزی پەروەردگار بێبەش دەبن، نەك لە بینینی.

قازیی عەبدولجەببباریش دەڵێت: بوونی ئەو پەردەیە مانای نەبینین ناگەیەنێت، هەندێ جار دەگوترێت: ڕێگریی کرا لە فلانەکەس بۆ بینینی ئەمیر و کاربەدەست، بەڵام ئەو کەسە دواتر کاربەدەستەکە دەبینێت.

لەم سۆنگە و ڕوانگەیەوە وای دەبینین کە دەستەواژەی (**اللِّبَاس ـ پۆشاك**)، دەستەواژەیەکی ورد و واتادار ترە لە دەستەواژەی (**الحِجَاب**) و گونجاوترە لەگەڵ دەستەواژە و چەمکەکانی تری دابەزێنراوی بەجێدا.

لەڕاستیشدا ئێمە (هەرچەندە بەوردییش سەرنجماندا) نەمانتوانی هۆکارێك بدۆزینەوە بۆ تووڕەبوونی ئەو بەڕێزانەی کە بەهۆی قسەکانی ئێمەوە لە کتێبی (**الكِتَاب وَ القُرآن ـ قراءة مُعَاصِرَة، بَحث"لِبَاس المَرأة"**) دا کردبوومان لە بارەی حیجاب و پۆشاکی ئافرەتەوە کە تووڕە بوون لێمان، هەروەها لەوەش تێنەگەشتین کە تووڕەبوونی کەسانێك چۆن وایان لێ دەکات بتوانن هەندێ قسە ببەستن بەدەمی ئێمەوە کە نەمان کردوون، لەوەش تێنەگەشتین کە هەڵچوونی کەسانێك چۆن وایان لێ دەکات لە لایەك چاو بپۆشن لە هەندێك قسە و بۆچوون و نووسینەکانی ئێمە و بیانکەن بەژێر لێوەوە و لەلایەکی تریشەوە هەندێك لە قسەکانی ئێمە

لە ڕەواڵ و سیاقەکەیان دابڕن و تیشکیان بخەنەسەر و لێمان گەورە بکەن، هەندێکیشیان کوێرانە و بەشێوەی چاولێکەریی قینی خۆیان بڕێژن بەسەرماندا، بەبێ ئەوەی هەندێك خۆیان لەگەڵ نووسینەکانماندا ماندوو بکەن و لێیان بخوێننەوە.

ئێمە کە هەرچەندە گومانمان نییە لەوەی کە ئەو کەسە هەڵچوو و توڕانە ناتوانن تێبگەن، بەڵام گومانمان لەوە هەیە کە خۆمان نەمان توانیبێت وەك پێویست گوزارە و تەعبیر لە بۆچوونەکانی خۆمان بکەین، چوونکە ئەو پەراوێزە کەمەی کە ئێمە تەرخانمان کردووە بۆ دەربڕین و گەیاندن و گواستنەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانمان و ئەم پرۆژە بەرینە، لەکتێبی **(الكِتَاب و القرآن)** دا، وای دەخواست هەندێ کورت کردنەوە بکەین و بە پوختیی بابەتەکە بخەینە ڕوو، بۆیە بابەتەکە کورتییەکی نابا‌ش و زیانبەخشی لێ کەوتەوە و نەتوانرا مەبەستەکە وەك خۆی و بەڕوونی بخەینە ڕوو، بەڵام زۆر بەڕوونی ئەو بناغانەمان خستووەتە ڕوو کە خۆمان هەنگاویان لێوە هەڵدەگرین لەبارەی تێگەیشتن و تێڕوانینمانەوە بۆ پۆشاکی ئافرەت و حیجاب، کە بریتین لە:

**یەکەم:** بناغەی زمانەوانیی کە بریتییە لە لادان و باوەڕنەبوون بە هاو واتایی **(اللاَّتـرَادُف)** لە واژەکانی دابەزێنراوی بەجێدا، بۆ نموونە: بەلای ئێمەوە، **(الثَّوب)** جیایە لە **(اللِّبَاس)**، هەروەها **(السَّوأة)** جیایە لە **(العَورَة)**، بەهەمان شێوە **(البَعْل)** جیایە لە **(الزَوج)** [1] ، وە **(الخُلُـد)** جیایە لە **(الدَّوام)**، و **(البَقَاء)** یش نابێتە **(الإثنان)**.

ئەم دیدگایە بناغەیەکە و لە خوێندنەوەماندا بۆ دابەزێنراوی بەجێ پابەندی دەبین، پێویستە ئەوەش بزانین کە لە خوێندنەوەی پێشوومان‌دا، بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین و لەژێر کاریگەریی ئەو کەلەپوورەدا کە باوەڕی بە هاوواتایی وشە و ناوەکان **(التَرادُف)** هەیە، ئێمەش

[1] سوپاسی بەڕێز **(رِضوان دوابي)** دەکەین کە ئاگاداری کردینەوە لە جیاوازیی نێوان هەریەك لە: **(البَعل)** و **(الزَوج)**.

جیاوازیمان نەکردووە لە نێوان (**البَعْل**) و (**الزَوجْ**) دا و لەوێوە هەندێ تێکەڵ کردن لە دەرەنجامەکانماندا ڕووی داوە.

**دووەم:** دەستەبژێر کردن، هەروەك چۆن ژمارەیەك گوتە و دەستەواژەی ناساندنی هاوبەش هەیە بۆ ناساندنی یەك شت، وەك (**ألأبيَض، الحسام، المُهَنَد**) کە ئەمانە ناو و تایبەتمەندیی جیاوازن بۆ شمشێر، زۆرێکی تریش هەن کە هەریەکەیان ژمارەیەك واتا لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مانا و واتای دەقی ئایەتەکان و حوکمەکانیان، یەکێك لەو دەستەواژانە هەڵبژێرین. خواوەند دەفەرمووێت: ﴿**يَابَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ**﴾ **ألأعراف/٢٦**.

لێرەدا خواوەند لەبارەی پۆشاکێکەوە دەدوێت کە دایبەزاندووە بۆ نەوەی ئادەم و ناوی ناوە پۆشاکی پارێزکاریی (**لِبَاسُ التَقوى**)، مەبەستیش لە ناردنیدا داپۆشینی نەشیاوییەکانە. کەواتە: ئەو پۆشاکی پارێزکارییە کامەیە؟

ئەگەر لە ڕووی ڕاستییەوە بیخوێنینەوە و سەیری پۆشاکیش بکەین، ئەوا بریتییە لە:

١ـ یەکەم پۆشاکێك کە خواوەند دایبەزاند و نەوەی ئادەم بۆ داپۆشینی خۆیان لەبەریان کرد.

٢ـ ئەو پۆشاکە تایبەتانەی کە لەکاتی نوێژ کردندا لەبەر دەکرێن.

٣ـ ئەو پۆشاك و زرێپۆش و پێداویستیانەی کە لەکاتی شەڕەکاندا جەنگاوەرەکان لەبەریان دەکەن و بەکاریان دەهێنن.

بەڵام ئەگەر بەشێوەی مەجاز بیخوێنینەوە و سەرنجی پارێزکاریی و (**التَقوى**) بدەین، ئەوا بریتییە لە:

١ـ باوەڕداریی (**ألإيمان**).

٢ـ کردەوەی چاکە.

٣ـ شەرم و حەیا.

ئەمە بێجگە لەوەی کە واتا و مانای تریش هەڵدەگرێت وەك: پاگیزەگیی و یەکتاپەرستیی و ڕەوشتی جوان و دڵئاوایی و دامەزراویی. سێ واتاکەی یەکەم و دەسپێوەگرتن و باوەڕبوون پێیان، قسەی پەیڕەوانی ڕووکار بینەکان (**أهلُ الظاهِر**) ە، پێشەوا ئیبنوحەزم پێی وایە: ئەگەر تێگەیشتن لە گوتە و دەستەواژەکە لەسەر شێوەی ڕاستیی خۆی دەست بدات، ئەوا ڕێگە نادرێت بەوەرگرتن و کارپێکردنی واتا و مانا مەجازییەکان.

سێ مانا مەجازییەکەش و باوەڕبوون و کار کردن پێیان، قسە و بڕیاری پێشەوایانی تری غەیری ڕووکار بینەکانە، پۆشاکی پارێزکاریی بەلای (قەتادە و سەددیی و ئیبنوجەریر) ـەوە و بەلای ئیبنوعەباسیشەوە، بریتییە لە: کردەوەی چاکە، بەلای (مەعبەد) یشەوە بریتییە لە: شەرم و حەیا.

ڕوون و ئاشکرایە کە هەریەك لە پێشەوایان لە ڕیزی مانا و واتاکاندا، مانا و واتایەکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە و پێی وابووە دەستەواژەکە (**لِبَاس التَقوى**) ئەو واتایەی مەبەستە. ڕوون و ئاشکراشە کە دەستەبژێر کردن و هەڵبژاردنی واتاکان لە ڕاڤە و لێکدانەوەی ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێدا کارێکی پێویستە و نکوڵیی لێ ناکرێت، نەك کارێك بێت و کەسانێك خۆیان پەیڕەویی لێ بکەن، بەڵام دەبینین ئەگەر ئێمە لە جێگەی خۆیدا پەیڕەویی لێ بکەین، وەك تۆمەت دەدرێتە پاڵمان و لێمان گەورە دەکرێت.

هەڵبژاردن بەلای ئێمەوە جیایە لە هەڕەمەکییەت و پێمان وایە لەسەر بناغەی زمان و ژیریی و عەقڵانییەت و ڕاستاندن وەستاوە و بونیاد نراوە، بۆ نموونە: ئەگەر پۆشاکی پارێزکاریی (**لِبَاسُ التَقوى**) وا تێبگەین کە پۆشاکێکە و لە کراسێك و پانتۆڵێك پێك هاتووە، ئەوا

ئایەتەکە ڕاستاندن و (مِصداقیَّة) تی خۆی و پاشان عەقلانییەتی خۆشی لەسەر داکەوت و واقع لەدەست دەدات. ئەو هەڵبژاردن و دەستەبژێرکردنەش لەسەر بناغەی ئەوەی کە پێشینان گوتوویانە، بەلای ئێمەوە بایەخی نییە.

**سێیەم**: لەبارەی جیاکاریی کردنەوە لە نێوان: حەڵاڵ و حەرام، فەرمان و ڕێگریی، چاك و خراپیشدا. حەڵاڵ کردن و حەرام کردن تایبەتن تەنها بە خواوەندەوە، چوونکە حەرام داگرندە و هەتا هەتاییە، حەڵاڵیش ڕەها و بەرفراوانە. فەرمان و ڕێگریی کردنیش گرێدراون بە خوا و پێغەمبەرەکان و پەیامهێنەکانیەوە، هەردووکیشیان پەیوەستن بە کات و شوێنەوە و ملکەچن لەبەردەم خواستە ناچارکەرەکان (الضَرورات) دا، واتە: زەرورات ڕێگە بە ڕێگریی لێکراو (المَنهیات) ەکان دەدەن، نەك بە حەرامکراوەکان.

ڕێگە پێدان و قەدەغە کردنیش بەهەمان شێوە لەدەسەڵاتی خوا و پێغەمبەران و پەیامهێنەکانی و کاربەدەستان و پەرلەمان و ڕاپرسیدایە (أهلُ الحَلِّ وَ العَقْد).

چاك و خراپ (الحُسْنُ و القُبح) یش، هەریەك لەو دەسەڵاتانەی سەرەوە چ هەموویان پێکەوە یان هەریەکەیان بەجیا، حوکمیان بەسەردا دەدەن و حەزی تاکەکەسیی هەر تاکێکیش دەتوانێت حوکمیان بدات بەسەردا. ئەمە بناغە و بنەمایەکە ئێمە هەمیشە لە خوێندنەوەمادا بۆ ئایەتەکانی ئەحکام ڕەچاوی دەکەین، لەم سەربەنەشەوە، بۆنموونە: قسەی ئەو کەسە ڕەد دەکەینەوە کە پێی وایە: پەیامهێنان دەسەڵاتی حەڵاڵ کردن و حەرام کردنیان هەیە، چوونکە لەوە دەترسین بیسەر و وەرگر تووشی تێکەڵ کردن و سەرلێشێوان ببێت و ئاگای لەوە نەمێنێت کە: پەیامهێنان تەنها ئەوە حەڵاڵ دەکەن کە خواوەند لە ڕێگەی نیگاوە حەڵاڵی کردووە و تەنها ئەوەش حەرام دەکەن کە خواوەند لەڕێگەی نیگاوە حەرامی کردووە، هەروەها هەر پەیامهێنێك کاتێك ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە دەکات، ئەوا لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادەکەی تەنها لە پێگەکەی خۆیەوەیە وەك یاساساز و موشەریعێك بۆ سەردەمەکەی خۆی، واتە:

ئیجتیهادەکەی پەیوەستە بەکات و شوێنەوە و مۆرکی فەرمان و ڕێگریی لەخۆ دەگرێت بۆ زەمین و زەمانەکەی خۆی، نەك مۆرکی حەڵاڵ کردن یان حەرام کردن، چوونکە پەیامهێنان سەربەخۆ و لەدەرەوەی پەڕاوی خواوەندەوە، نەحەرام دەکەن و نە حەڵاڵ دەکەن.

**چوارەم:** داماڵینی بەرگی پیرۆزیی لە کەلەپوور، لەم سەربەنەوە تێدەگەین کە هەرچی بەرهەمی مرۆڤ بێت، وەك چۆن بۆی هەی ڕاست بێت، ئاواش بۆی هەیە هەڵە بێت، هەروەها بۆی هەیە لێ تێکچوون و بیرچوون ڕووی دابێت تیایدا، بۆیە دەست دەدات تاوتوێ بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت.

**پێنجەم:** داماڵینی بەرگ و ئاکاری بێهەڵە و پەڵەیی و پیرۆزیی لە کەسایەتییەکانی نێو کەلەپوور، چوونکە بێگەردیی و دووریی لە هەڵە و پەڵە، تەنها تایبەتمەندیی خواوەند و پێغەمبەرەکەیەتی، ئەویش تەنها لە چوارچێوەی پەیامەکەیدا، نابێت و لەڕووی لۆجیکییشەوە ڕێگەی پێ نادرێت و ناگونجێت بەهەر هۆ و بیانوویەکەوە ئەم ئاکار و تایبەتمەندییە بکێشین بەسەر کەسێکی تردا.

پرسی پۆشاکی ئافرەت، پرسێکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش نووسینەوەی مێژوو و هەرکەس تاوتوویێی ئەم باسە بکات و بەدواداچوونی تێدا بکات، سەرنجی ئەوە دەدات کە هەمیشە ئەم پرسە لە کەلەپووری کۆندا پەیوەستە بەپرسی هەڵە یەکەمەکەوە کە هاوشان و هاوکاتە لەگەڵ پرسی دەست پێکردنی قۆناغی بە مرۆڤ بوون (ألأنْسَنَة) وە، مەبەستیشمان لە قۆناغی ئەنسەنە، سەرەتای ئەو ڕەگەزە مرۆڤایەتییەیە کە خاوەنی ڕیشەیەکی بەشەرییە، ئەمەش لەڕێگەی پێوەکردنی ڕۆحەوە بەبەریدا. تەنانەت دابەزێنراوی بەجێ خۆیشی ئاماژەی بۆلای ئەم پەیوەندییە کردووە، وای داناوە کە داپۆشینی جەستە بەلای ئادەم و هاوسەرەکەیەوە لەبەهەشتەکەدا، ئەو کاتە بووە کە عەورەت و شەرمگەیان بۆیەکتر دەرکەوتووە و ئاشکرا بووە لایان کە ئەو بەشە لە جەستە پەیوەستە بە زایەند و جنسەوە،

واتە: دوای ئەوەی کە لە بەری درەختە قەدەغەکراوەکەیان خوارد، ڕاڤە و تەفسیرەکانی نێو کەلەپووریش ڕێك ئەمە دەڵێن.

خواوەند دەفەرمووێت:

- ﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ * وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ * فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ... ﴾ ألاعراف/٢٠-٢٢.

- ﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَاآدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَى * فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى﴾ طه/١٢١-١٢٢.

ئەگەر لەڕێگەی ئەو شوێنەوار و پاشماوانەوە کە لێیان بەجێماوە سەرنجی ئایینداریيە پێشووەکان بدەین، دەبینین ئەم بابەتە بەرێژە و پلەی جیاواز ڕەنگدانەوەی هەیە لەناو گەلەکانی سۆمەریی و بابلیی و ئاشووریشدا، ئەو چیرۆکە قورئانییەی کە لە ئایەتەکانی سورەتی **ألأعراف** دا هاتووە و تیایدا باسکراوە کە ئەو مرۆڤەی لە نێر و مێیەکەوە پەرەی سەندووە، ئەو بەرپرسە لە هەڵە یەکەمەکە. بەڵام پاش تێپەڕبوونی کات، دەبینین ئەم ئایینداریيە کۆنانە بەرپرسیاریی ئەم تاوانەیان خستووەتە ئەستۆی تەنها نێرەکەوە کە لە دوای لافاوەکەوە ژیانی هەتاهەتایی دۆڕاندووە، چوونکە لە میوە و بەری درەختە قەدەغەکراوەکەی خواردووە. [1]

جارێکی تریش دەبینین وەك ئاماژەمان پێ کرد، چیرۆکەکە لەگەڵ ئایەتەکانی سورەتی **ألأعراف** دا ڕێك دێتەوە، کاتێك شەیتان تەنها ڕووی لە ئادەم کرد بۆ تاوانەکە. بەڵام سەرنجی

[1] حسين العودان، المرأة العربية في الدين والمجتمع، دار الأهالي، ١٩٩٦، ص١٦، نقلاً عن وول ديورانت، قصة الحضارة، ج٢، ص٣١.

ئەوە دەدەین کە ڕاوبۆچوونی ئەو ئایینداریيە کۆنانە لە پرسی هەڵە یەکەمەکەدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەکانی مێینەسالاریی دەکەن و ڕەگدانەوەی ئەو حاڵەتەن، لەسەرەتای مێژووی سۆمەریدا کۆمەڵگەی باو، کۆمەڵگەی دایکایەتیی و دایك سالاریی بووە، دوای ئەو قۆناغە گۆڕاوە و لەسەردەمی بابلیی و ئاشوورییەکاندا بووە بە کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریی و دەسەڵاتی ڕەهای باوك، فەرمانڕەوایی و حوکمڕانیی پیاویش لە ڕووی ڕەوشتیی و یاسایی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە جیاوازە لە حوکمڕانی ئافرەت. [1]

لە ئایینداریيە فارسییەکانیشدا ـ زەردەشتیی و مانەویی و مەزدەکیی ـ، سەرەڕای ئەوەی کە تۆمەتی هەڵە یەکەمەکەیان نەخستووەتە ئەستۆی ئافرەتەوە، بەڵام ئافرەتیان وەك هەبووێکی ناپیرۆز داناوە و پێویستە لەسەری ڕووپۆش و دەمامکێك بدات بەسەر دەم و لووتیدا بۆئەوەی هەناسەکانی ئاگرە پیرۆزەکە پیس نەکەن. دواتر لە کۆمەڵگە فارسییەکاندا ئەم ڕووپۆش و دەمامکە گۆڕدرا و بووبە پارچە پەڕۆیەکی دامانگیر و ژن لەبەری دەکرد و لە سەریەوە تا پێی دادەپۆشیی بەو پۆشاکە، بەڵام ئەم پۆشاکە تایبەت بوو بەژنە ئازادەکان و ژنانیماڵباتە بەرز و خاوەن پایەکانی نێو کۆمەڵگەوە و ژنانی کۆیلە و نۆکەر و خزمەتکار و تەنانەت ژنانی ئاساییش بۆیان نەبوو ئەو چەشنە پۆشاکە بپۆشن. [2]

لەوانەیە هەر ئەمەش بناغەی کەلتووری پۆشاکی عەبا (الشادور) بێت، بەتایبەت لە ئێران و عێراقدا، هەروەها بناغەی چەمك و تێگەیشتنی جیاکاریی کردنیش بێت لە نێوان پۆشاکی ژنی ئازاد و ژنی نائازاد و کۆیلەدا، کە تا دوای سەردەمی پێغەمبەرایەتیی و سەردەمی دەوڵەتی عەرەبیی و ئیسلامیش مابوویەوە.

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە١٨.

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە٢٧.

ئاییندارییـە هندیـەكانیش - فیـدیی، بـەراهیمیی، بوزیی- وەك ئاییندارییـە فارسـیی و ڕافدیەكان، ژن بە بەرپرس نازانن لە هەڵە یەكەمەكە، بەڵام باوەڕیـان وایـە كاتێـك خواوەنـدی بەدیی هێنەر مێینەی بەدیی هێناوە، لەو پارچە و سەرەپارچە سـەخت و توندووتۆڵانـە بـەدیی هێناوە، كە لە دوای بەدیی هێنانی پیاوەوە، ئەو پارچانە لـەپیاودا زیـاتر تونـدووتۆڵ و چڕتر بوونەتەوە [1]، لـەوێوە پێویسـت كـراوە لەسـەر ژن، كـە خزمـەتی سـەردارەكەی (هاوسـەرەكەی) بكات، وەك ئەوەی خوایەك بێت، هەروەها ئەو فۆرمە ئاییندارییانـە خوێنـدن و تـاوتوێكردنی پەڕاوەكانی دانایی و فەلسەفە و ئایینیشیان قەدەغە كردووە لە ئافرەت.

لـە **ماهابهاراتـا** دا هـاتووە كـە: "ئەگـەر ژن پـەڕاوەكانی **فیـدا** بخوێنێـت، ئـەوە نیشـانەی سەرهەڵدانی لادان و گەندەڵییە لە وڵاتدا". لەم دواییانەشەوە هەندێك لـە ئایینـە هندییـەكان خۆداپۆشینیان سەپاند بەسەر ژنانـدا و تێكـەڵاویی كردنیشـیان لێ قەدەغـە كـردن، تەنانـەت، **بوزا**، زۆر دوودڵ و ڕاڕا بووە لەوەدا كە ئایا ڕێگە بدات ژنان ببنە پەیڕەوی ئایینەكەی یان نـا. لە گفتوگۆكەیدا لەگەڵ **ئانەندا** ی ئامۆزایدا، هاتووە:

**ئانەندا:** گەورەم، چۆن هەڵسوكەوت و ڕەفتار بكەین لەگەڵ ئافرەتاندا؟

**بوزا:** سەیریان مەكە.

**ئانەندا:** ئەی ئەگەر ناچاربووین سەیریان بكەین و بڕوانینن بۆیان؟

**بوزا:** لەو حاڵەتەدا، قسەو گفتوگۆیان لەگەڵدا مەكە و مەیان دوێنە.

**ئانەندا:** ئەی ئەگەر ئەوان ئێمەیان دواند و قسەیان لەگەڵدا كردین؟

**بوزا:** لەو حاڵەتەشدا ئاگات لە خۆت و هەستەكانت بێت و بەوریاییەوە هەڵسوكەوت بكە.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٩.

لەوانەیە ئەم ئامۆژگارییانەی **بوزا** بۆ ئامۆزاکەی تا ئەندازێکی زۆر ڕێك بێتەوە لەگەڵ دید و تێڕوانینی هەندێك لە مەشایخەکانی ئایینی ئیسلامدا لەبارەی ئافرەتەوە.

ئاییندارییە فرعەونییەکانیش، هەڵوێستیان لەبارەی ئافرەتەوە جیاوازە لە هەڵوێستی هەموو ئەو ئایین و ئاییندارییانەی کە باسمان کردن، ئەویش بەهۆی ئەو سەردەمی دایکایەتی و دایکسالارییەوە کە تا ئیمپراتۆرییەتی ناوەڕاستیش درێژ بوبوویەوە و هاتبوو. ڕەچەڵکی منداڵ دەدرایە پاڵ دایکەوە، تەنها ئافرەت بۆی هەبوو خاوەندارییەتیی سامان بکات و تەنها ئەویش میراتی دەگرت لەمردوو، پێگە و پلەیەکی بەرزیشی هەبوو لە کۆمەڵگەدا کە جیاوازبوو لە هەموو کۆمەڵگە کۆنەکانی تری وەك کۆمەڵگەی ڕافدیی و فارسیی و هندیی، لە کۆمەڵگەی سەردەمی فرعەونەکاندا، ژنان دەهاتنە بازاڕ و بازرگانییان دەکرد و پیاوەکانیان لەماڵەوە دەمانەوە و خەریکی ڕستن و چنین دەبوون. بۆیە هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە کاتێك لەسەر بەردەنووسەکانیان ناوی ژنانێکی وەك **کلیوباترا** و **نەفرتیتیی** ببینین، هەروەها ببینین کە **ڕەمسیسی سێیەم** شانازیی بکات بە ژنەوە لە شانشینیی و وڵاتەکەیدا، "ژن لەو کۆمەڵگەیەدا بۆ هەرجێکەیەکی بویستایە دەڕۆیشت و هەردوو گوێچکەشی بەدەرەوە دەبوون و کەسیش کاری بەسەریەوە نەبوو و بۆی نەبوو دەست بێنێتە ڕێگەی" [1].

بۆیە چاوەڕوان کراوبوو کەسێکی وەك **ماکس میلەر** قسە لەسەر ئەم حاڵەتە بکات و بڵێت:"هیچ گەلێك نە کۆن و نە نوێ وەك دانیشتوانی چۆمی نیل پلەوپایەی ژنیان بەرز ڕانەگرتووە".

---

[1] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٥.

دەچینە سەر باسی ئافرەت بە لای هەردوو گەل و میللەتی جوو و گاورەوە، بەو پێیەی کە یەك ئایینن، چوونکە تا سەدەی سێی زایینیش گاورایەتیی و مەسیحییەت بە پێڕ و دەستەیەکی نوێکەرەوە دادەنران لە ناو پێڕ و دەستەکانی ناو جولەکەدا.

ئافرەت لەو کۆمەڵگەی دایکایەتیی و دایکسالارییەدا کە تا سەردەمە سەرەتاییەکانی جولەکایەتیش هەر برەوی هەبوو و بەرکاربوو، هەموو ئەو تایبەتمەندیی و دەسهاوردانەی هەبوو کە لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا هەیبوون، بەڵام دوای باڵادەست بوونی کۆمەڵگەی باوکایەتیی و نێرسالاریی، زۆربەی ئەو تایبەتمەندیی و دەسکەوتانەی لەدەستدا.

هەرچەندە تائێستاش لە کۆمەڵگەی جولەکایەتیدا پاڵدانی ڕەچەڵەك هەر بۆلای دایکە، بەڵام ئافرەت گۆڕاوە بۆ پارچەیەك لەشمەك کە سامان و موڵکی پیاوە، شایەتی دانی یەك پیاویش بەرانبەرە بە شایەتیی سەد ئافرەت، ئەگەر ژن بڕوات بۆ نوێژکردن، نابێتە تەواوکاری ئەو ڕێژەیە کە لە ڕاپەڕاندنی درووشمە ئایینییەکان پێویستە (سەرنجی ئەمە بدە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو قسەیەی فیقهزانەکاندا کە لەبارەی ئامادەبوونی ئافرەتەوە لە نوێژی هەینیدا کردوویانە)، هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو دڵخۆشییەی باوکدا کە لە ئاییندارییە فارسییە پێشووەکاندا هەبووە، کاتێك منداڵێکی نێرینەیان بوویێت، یان لەگەڵ ئەو حاڵەتی نیگەرانیی و ناڕەزایەتییەدا کە لەکاتی بوونی منداڵکی مێینەدا نواندوویانە [1].

هەموو ئەمەی کە ڕابورد، هاوشان و ڕێك دێتەوە لەلایەك لەگەڵ ئەو نووسین و تۆمارانەدا کە پیاوە ئایینییەکان نووسیویانە و، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو داڕشتنەوە نوێیانەدا کە کراوون بۆ **تەورات** لە سەدە یەك لەدوای یەکەکاندا تا ببێتە "پەیمانێکی کۆن" لە **کتێبی پیرۆزی** مەسیحیی و گاورەکانی ئەم سەردەمەدا.

---

[1] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٢٦.

خەریکە بڵێم دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین: جولەکایەتیی یەکەم لایەن بوو کە هەڵە یەکەمەکەی خستە ئەستۆی ئافرەتەوە، دواتر گاورایەتییش شوێنیان کەوت لەوەدا، هەموو ئەوانەشیان کە باوەڕیان بە بانگەوازەکەی محەممەد هێنا، لەگەڵ خۆیاندا ئەو چەشنە تێگەیشتن و تێڕوانینەیان سەبارەت بە ئافرەت گواستەوە بۆناو بانگەوازە تازەکە. ئەمەش ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو دزەکردنەمان بۆ دەکات کە چۆن چیرۆکە تەوراتییەکان لەبارەی سەرەتای درووستبوونی بوونەوەر و هەڵە یەکەمەکەوە دزەیان کرد و خزێنرانە ناو زۆربەی کتێبەکانی تەفسیری دابەزێنراوی بەجێوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەك لە دابەزێنراوی بەجێدا نییە، بەڵگە و ئاماژە بێت بۆ ئەو چیرۆك و لێکدانەوانە.

چیرۆکەکە لە **سفر التكوين** سیحاحی سێیەم، ئایەتەکانی ١ ـ ١٩ دا بەدرێژی هاتووە و دەڵێت:

**"وكانت الحية أحيل جميع حيوانات البرية التي عملها الرب الإله، فقالت للمرأة أحقاً قال الله لا تأكلا من كل شجر الجنة، فقالت المرأة للحية من ثمر شجر الجنة نأكل، وأما ثمر الشجرة التي وسط الجنة فقال الله لا تأكلا منها ولا تمساه لئلا تموتا، فقالت الحية للمرأة لن تموتا، بل الله عالم أنه يوم تأكلان منه تنفتح أعينكما وتكونان عارفين الخير والشر، فرأت المرأة أن الشجرة جيدة للأكل وأنها بهجة للعيون وأن الشجرة شهية للنظر، فأخذت من ثمرها وأكلت وأعطت رجلها أيضاً معها فأكل، فانفتحت أعينهما وعلما أنهما عريانان، فخاطا أوراق تين وصنعا لأنفسهما مآزر، وسمعا صوت الرب الإله ماشياً في الجنة عند هبوب ريح النهار، فاختبأ آدم وامرأته من وجه الرب الإله في وسط شجر الجنة، فنادى الرب الإله آدم وقال له أين أنت، فقال سمعت صوتك في الجنة فخشيت لأني عريان فاختبأت، فقال من أعلمك أنك عريان، هل أكلت من الشجرة التي أوصيتك أن لا تأكل منها، فقال آدم المرأة التي جعلتها معي هي أعطتني من الشجرة فأكلت، فقال الرب الإله للمرأة ما هذا الذي فعلت، فقالت المرأة الحية أغرتني فأكلت، فقال الرب الإله للحية لأنك فعلت هذا ملعونة أنت من جميع البهائم ومن جميع وحوش البرية، على بطنك تسعين وتراباً تأكلين كل أيام حياتك، وأضع عداوة بينك وبين المرأة وبين نسلك ونسلها، هو يسحق رأسك وأنت تسحقين عقبه، وقال للمرأة تكثيراً أكثر**

**آلام حبلك، بالوجع تلدين أولاداً، إلى رجلك يكون اشتياقك وهو يسود عليك، وقال لآدم لأنك سمعت لقول امرأتك وأكلت من الشجرة التي أوصيتك لا تأكل منها ملعونة الأرض بسببك، بالتعب تأكل منها كل أيام حياتك، وشوكاً وحسكاً تنبت لك وتأكل عشب الحقل، بعرق وجهك تأكل خبزاً حتى تعود إلى الأرض التي أخذت منها، لأنك تراب وإلى تراب تعود"** (انتهى الاقتباس).

بەپێی ئەم دەقانە چوونکە ئافرەت هۆکاری سەرەکیی بووە بۆ ڕژاندنی تووڕەیی و نەفرەتی خواوەند بەسەر مارەکە و ئادەم و زەویشدا، پێویست کراوە لەسەر ئافرەت کە وەك دەربڕینی نارەزایی، نابێت نە دەنگی و نەسەری بەرز بکاتەوە، دوای ئەوەش خواوەند بڕیاریدا پیاو سەروەر بێت بەسەر ئافرەتدا. ئیتر لە تێڕوانیی کۆمەڵگەوە ئاسایی دەبێت کە: "ئافرەت تاڵتر بێت لە مردن و خۆی و دڵیشی ببێتە داو و تەڵە بۆ خەڵك، دەستەکانیشی ببنە کۆتوبەند، کەسی چاکەکار بەیارمەتیی خواوەند لێی دەرباز دەبێت. خراپەکاریش گیرۆدەی ببێت" سفر **الجامعة ٧، ٢٦.**

بۆیە پێویست بوو لەسەر ژنی جوولەکە ئەم نەنگییەی لەژێر پەردەیەکدا داپۆشێت.

هەرچەندە گاورایەتیی لە بانگەوازە یەکەمەکەیدا زۆر ئاسانکار تربوو لەبەرانبەر ئافرەتدا، چوونکە پەیامێك بوو بۆ کۆی خەڵك، نەك تەنها بۆ نەوەی ئیسرائیل، پەیامێك بوو بۆ نێر و بۆ مێ بەیەکسانیی، پەیامی پەیامهێنان و ڕێنماییەکانیان و ڕاوبۆچوونی پیاوە ئایینییەکان، ئافرەتیان بێبەش کرد لەهەموو ئەو مافانەی کە دەیتوانی بەدەسیان بهێنێت. **بۆڵس** ی پەیامهێن لە پەیام و نامەی یەکەمیدا بۆ خەڵکی **کورنسوس**، دەڵێت: "دەمەوێت بزانن سەری ئافرەت پیاوە و سەری پیاویش مەسیحە و سەری مەسیحیش خواوەندە".

قدیس **ترتولیان** یش لەبارەی ئافرەتەوە دەڵێت: "دەرگای شەیتانە بۆ دەروونی مرۆڤ، پێشێلکەر و هەڵوەشێنەرەوەی یاساکانی خواوەندە، شێوێنەری وێنەی پیاوە کە لەسەر شێوەی خواوەند دروست کراوە".

هەروەها بەپێی ڕێنماییەکانی پیاوە ئایینییەکان و کەنیسە لە قۆناغەکانی دواییدا، پێویست بوو لەسەر ئافرەت لە ماڵەوە بمێنێتەوە و لەکەنیسەکانیشدا چرکەی لێوە نەیەت و بێدەنگ بێت، چوونکە لە کەنیسەدا قسەکردن بۆ ئافرەت ڕێگەی پێ نادرێت (ئەمە بەراورد بکە لەگەڵ ئەو بۆچوونە فیقهییەدا کە دەڵێت: دەنگی ئافرەت عەورەتە)، ئەگەر ویستیشی فێری شتێك ببێت، دەبێت پرسیار لە مێردەکەی بکات، وە دەبێت سەری داپۆشێت. بەڵام پیاو نابێت سەری داپۆشێت چوونکە وێنەی خواوەندە.

لەکۆتاییدا دێینە سەر باسی هەلومەرجی ژیانی ئافرەت لە کۆمەڵگەی عەرەبیی پێش سەردەمی پێغەمبەرایەتیی و بەپێغەمبەر بوونی **محەمە**ددا، ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەتێکەڵەیەك لە جوولەکە و گاوور و بت پەرست پێك هاتبوو، بەهۆی جوڵەی بازرگانیشەوە لەناویدا، کۆمەڵگەکە خاڵیی نەبوو لە کەمایەتییە نەریتیی و فارسیی و... تاد.

کۆمەڵگەی ئەوکاتی عەرەبیی پێش سەرهەڵدانی سەردەمی پێغەمبەر، دابەش بوو بەسەر **حیجاز** و **نەجد** و ناوچەکانی تری نیوچە دورگەی عەرەبیدا و درێژ دەبوویەوە بەرەو باشوور تا دەگەشتە **یەمەن،** هەروەها بەرەو باکوور دەکشا تا ولاّتانی **شام** و بەشێك لە عێراقیشی دەگرتەوە. بەشی زۆرینەی نەوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە چوارچێوەی هۆز و تیرە و پێکهاتەکانی خێزاندا لەبیابان و دەشتەکان و چەن شارێکدا دەژیان کە شارەکان ڕۆڵی بازاڕی جێگیریان دەگێڕا بۆ کۆمەڵگەکە. بۆیە سروشتیی بوو هەلومەرجی ژیانی ئافرەت و مێینە لەشارەکاندا جیاوازبێت لە دەر و دەشت و بیابانەکان، هەروەك ئاسایی بوو لەهەردوو بەشەکەی کۆمەڵگەکەدا (شار و بیابان)، تێڕوانینی خەڵکەکە بۆ ئافرەت و مێینە، بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەندێك لە پاشماوەی ئەم ئایین یان ئەو ئایین و ئاییندارییەوە. بەڵام ئەوەی بۆ لێکۆڵەر ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە هەلومەرج و دۆخی ژیانی ئافرەتی ئازادی عەرەبیی لە کۆمەڵگەی عەرەبیی پێش سەرهەڵدانی سەردەمی پێغەمبەرایەتیی **محەمە**ددا، سەرەڕای ئەو دابوونەریتانەی لەبواری هاوسەرگیریی و تەلاّق و جیابوونەوە و میراتگرتن و حیجاب و

تێکەڵاویی لەگەڵ پیاوان و هەڵبەستوانیی و بەشداریی کردن لە گفتوگۆکانی بواری سیاسەت و حوکمڕانیدا هەبوون، بەڵام هەر هێشتا لەئاستێکی بەرز و بەشکۆدا بووە.

ئافرەتی عەرەبیی بیابان نشین، بەگوێنەدان بە ئایینی خۆی و خزم و کەسەکانی، هەر ئازاد بووە لە هەڵبژاردنی هاوژین و مێردی خۆیدا، ئازاد بووە لە هەڵبژاردنی بژاردەی تەڵاق و جیابوونەوەدا، ئەگەر بەپێی گرێبەستی نێوان خۆی و مێردەکەی، بڕیاردان لەدەستیدا بووبێت، تەنها گۆڕینی دەرگای خێوەت و چادرەکەی بەس بووە بۆ ئەوەی مێردەکەی لەکاتی گەڕانەوەیدا تێ بگات کە ژنەکەی بڕیاری جیابوونەوەی داوە لەگەڵیدا. پاشایەکی وەك **بەلقیس** و **زنوبیا** و شاعر و هەڵبەستوانێکی وەك **خەنسا** و کاهنێکی وەك **زەرقا** لەیەمامە و داناو حەکیمێکی وەك **جەهینە**، نموونەی ئەو شکۆمەندییەی ئافرەتن لەو کۆمەڵگەیەدا. هەندێك لە تیرە و هۆزەکان بەناوی دایکیانەوە ناو دەنران، وەك: **ئومەییە** و **غەزییە** و **مەزییە** و، هی تریش زۆر بوون.

لەلاکەی تریشەوە دەبینین هەندێك دابونەریت سەریان کێشاوەتە ناو ئەو کۆمەڵگانەوە، وەك خوو و نەریتی زیندە بەچاڵ کردنی مێینە و چەند شێوەیەکی هاوسەرگرتن کە دواتر وازیان لێ هێنان، وەك: هاوسەرگیریی **(المَقْت)** و هاوسەرگیری **(الضیزن)** و هاوسەرگیری **(الشِغار)** و جیابوونەوە و تەڵاقی **(الظِهار)** و شێوازەکانی دابەش کردنی میرات، وەك بەمیراتگر دانانی جەنگاوەران و بێبەش کردنی ژنان و مێینە کەم تەمەنەکان، بەڵام ئەم نەریتانە لەلایەکەوە لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی عەرەبییدا باو و کارپێکراو و بەرکار نەبوون و، لەلایەکی تریشەوە بەو شێوە بەربڵاو و ناشیرن و نەشیاوە نەبوون کە فیقهزانەکان بەحسابی خۆیان بۆ دەرخستنی چاکایەتیی ئیسلام و بەگوتەی ئەوان بۆ دەرخستنی گەورەیی ئیسلام، وێنایان کردوون.

ڕقلێبوونەوە و بێزاریی لە هاتنە دونیای مێیینە لە کۆمەڵگەی نێرسالاریی عەرەبییدا بەبەڵگەی ئەم ئایەتە بێگومان هەبووە: ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ﴾ النحل/٥٨، زیندەبەچاڵ کردنی کچانیش بەبەڵگەی ئەم ئایەتانە بێگومان هەبووە: ﴿وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ﴾ التكوير/٨، ٩. بەڵام ئەم زیندە بەچاڵ کردنەی کچان، گشتیی نەبووە، چوونکە ئەگەر گشتیی بوایە لە کۆمەڵگەکانی نەفامییدا مێینەیەکمان نەدەبینی و تەنها لە نێرینەکان پێك دەهاتن، ئەمە بابەتێکە داکەوت و واقع و هەواڵەکانی ناو مێژوو ڕەد و پوچەڵی دەکەنەوە.

دواجار ئەم کاروانەی کە بەناو مێژوودا گرتمانە بەر، دەمانگەیەنێتە سەر باسی هەلومەرجی ئافرەت لە ئیسلامدا و، پۆشاك و حیجابی ئافرەت لەلایەکەوە بەو شێوەی کە لە دابەزێنراوی بەجێ و سوننەتی پێغەمبەردا هاتووە، لەلایەکی تریشەوە بەو شێوەیەی کە فیقهزانەکان لێی تێگەیشتوون و لە دوای سەردەمی پێغەمبەرەوە جێبەجێیان کردووە.

چیرۆکی هەڵە یەکەمەکە لەدابەزێنراوی بەجێدا لە سێ جێگەدا هاتووە:

- ﴿وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنْ الظَّالِمِينَ * فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ﴾ البَقَرة/ ٣٥ - ٣٦.

- ﴿وَيَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنْ الظَّالِمِينَ * فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنْ الْخَالِدِينَ * وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنْ النَّاصِحِينَ * فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُلْ لَكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُبِينٌ﴾ ألأعراف/١٩ ـ ٢٢.

ـ ﴿فَقُلْنَا يَاآدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنْ الْجَنَّةِ فَتَشْقَى * إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَى * وَأَنَّكَ لَا تَظْمَأُ فِيهَا وَلَا تَضْحَى * فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَاآدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَى * فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى﴾ طه/١١٧ ـ ١٢١.

بەتێڕامانەوە سەرنجی ئەم چەند خاڵە دەدەین:

١ـ نە بە ئاشکرا و نە بە نائاشکرا هیچ ئاماژەیەك نییە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە ئەو کردارەی ئادەم و هاوسەرەکەی لە بەهەشتەکەدا کردوویانە، تاوانێکی جەستەیی و زایەندیی بێت، وەك هەندێك لە گێڕانەوە تەوراتییەکان دەیڵێن.

٢ـ هیچ شتێك نییە بەڵگەبێت لەسەر ناوی هاوسەرەکەی ئادەم، نەك هەر لەم ئایەتانەدا، بەڵکو لە هەموو ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێدا شتی وا بەدیی ناکەین، ناشزانین کە ئایین و ئاییندارییەکانی تریش لەکوێوە ئەو ناوەیان هێناوە و دزەشی پێ کراوەتە ناو تەفسیرەکانەوە. خۆزگە لێکۆڵەرێکی بواری زمان، دوای ئێمە گرنگیی بەم بابەتە دەدا و ئەو پەیوەندییەی دەدۆزییەوە کە هەیە لەنێوان ناوی **حەووا** لەلای ڕاڤەکارە عەرەبەکان و ناوی **ئیڤا** یان **ئیوا** بەلای فەرەنسییەکان و ئینگلیزەکاوە.

٣ـ هەڵە یەکەمەکە لە دابەزێنراوی بەجێ و ئایەتەکانی سورەتی **البَقَرة** و **ألأعراف** دا، تاوانێکە ئادەم و هاوسەرەکەی پێکەوە کردوویانە، هەروەها لە ئایەتەکانی سورەتی **طه** دا تەنها ئادەم تاوانەکەی ئەنجام داوە، لەهەر سێ جێگەکەشدا بە فیت و وەسوەسەی شەیتان بووە.

٤ـ هیچ شوێنەوارێکی کوڵەکوێرە یان مار یان هەر شتێکی تر لە هەموو ئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێدا نییە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی هەبێت بە بابەتی سەرپێچییە یەکەمەکەوە.

٥ـ لەو بەهەشتەدا کە ئایەتەکان باسیان لێوەکردووە و ناویان بردووە، هیچ کراس و پۆشاکێك لەڕووی ڕاستیی و حەقیقەتەوە بوونی نییە، هەموو ئەوەی کە ئایەتەکان باسی لێوە دەکەن ئەوەیە کە ئادەم و هاوسەرەکەی شەرمگەی یەکترییان بینیوە و شەرمگەیان دەرکەوتووە: ﴿**وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ**﴾. واتە: پەلاماریاندا لەگەڵای بەهەشتەکەیان پێچا لەخۆیانەوە.

ئەم سەرنجەی کۆتایی بەتایبەت دەسمان دەگرێت بۆلای چەند ئایەتێك کە خواوەند لە سورەتی **الأعراف** و لەدوای باسی ئادەم و هاوسەرەکەی و درەختەکەوە باسی کردوون و دەفەرموێت: ﴿**يَابَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ * يَابَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمْ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنْ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ**﴾ **الأعراف ⁄٢٦ ـ ٢٧**، چوونکە بەو پەڕی ڕوونیی و ئاشکراییەوە هەڵە یەکەمەکە و دەرکەوتنی شەرمگەکان و گەڕان بەدوای شتێکدا بۆ خۆداپۆشینیان، پەیوەست دەکات بەیەکترەوە (سەرەتا بە گەڵای ناو بەهەشتەکە و دواتریش بە پۆشاك)، تا دواجار بگاتە ئەو پۆشاکەی کە خواوەند داییەزاند بۆ نەوەی ئادەم تا شەرمگەیانی پێ داپۆشن. لەلاپەڕەکانی ڕابوردوودا ئاماژەمان کرد بۆ ئەوەی کە هەرکەس بیەوێت تاوتوێ و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکات لەبارەی پۆشاکی ئافرەتەوە لە پەیامی محەممەدیدا، پێویستە لەو پۆشاکەوە دەست پێ بکات کە بووە هۆی داپۆشینی شەرمگەی نەوەکانی ئادەم بەگشتیی، تا گەشتە حیجاب و جیلباب و خیماری ژنان بەتایبەتیی، خوا یاربێت ئێمەش لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەر ئەو کارەدەکەین.

## ١ـ پۆشاك ـ الّبَاس

ل، ب، س، بناغەیەکی درووستە و بەڵگەیە لەسەر پەردەگێڕان و داپۆشین. ئەگەر وەریشچەرخێتە سەر حەقیقەت و ڕووی ڕاستیی، بەڵگە و ئاماژە دەبێت لەسەر پۆشاك و جل (**اللِّباس و اللِّبوس**)، وەك ئەم ئایەتانە:

ـ ﴿**وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِنْ سُندُسٍ**﴾ **الكهف/٣١**.

ـ ﴿**يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ**﴾ **فاطر/٣٣**.

ـ ﴿**وَعَلَّمْنَاهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَكُمْ لِتُحْصِنَكُمْ مِنْ بَأْسِكُمْ**﴾ **ألأنبياء/٨٠**.

بەڵام ئەگەر وەرچەرخێتە سەر مەجاز، ئەوا بەڵگە و ئاماژە دەبێت لەسەر لێك ئاڵان و تێکەڵ بوون (**اللَّبس و الإلتِبَاس**)، وەك ئەم ئایەتانە:

ـ ﴿**وَلَا تَلْبِسُوا الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُوا الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ**﴾ **البقرة/٤٢**.

ـ ﴿**وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمْ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا**﴾ **الفُرقَان/٤٧**.

ـ ﴿**أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ**﴾ **البقرة/١٨٧**.

ـ ﴿**فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ**﴾ **النحل/١١٢**.

ئایا دەکرێت لەو (**اللِّبـاس**) ـە کە ئایەتەکە ئاماژەی پێ دەکات، لەڕووی ڕاستیی و حەقیقەتەوە لێی تێ بگەین، یان لە ڕووی مەجازەوە؟

ئێمە وا دەبینین ئایەتەکە ئەوەی تیایە هانمان دەدات تا لایەنی مەجازیی هەڵبژێرین لە وشەی (**اللِّباس**) دا. خواوەندیش دەڵێت: ئادەم و هاوسەرەکەی دوای ئەوەی شەرمگەی یەکترییان بینی، خەریك بوون لەگەڵای بەهەشتەکەیان دەپێچا لە خۆیانەوە (**طـه ١٢١، ألأعـراف ٢٢**)،

واتە: پێشتر ڕووت بوون، پاشان لە ڕووی ڕاستیی و حەقیقەتەوە، پۆشاکێکیان پێچا لەخۆیان لە گەڵای بەهەشتەکە، بەڵام خواوەند، لێرەدا دەڵێت: شەیتان پۆشاکەکەی ئادەم و هاوسەرەکەی لەبەریاندا داماڵی تا شەرمگەیان نیشانی یەکتر بدات (بەپێی ئایەتی ٢٦ ی **الاعراف**)، واتە: کاتێك شەیتان دڵەڕاوکە و ڕاڕایی بۆ درووست کردن بۆ ئەوەی ئەو بەشەی جەستەیان کە دەرنەدەکەوت لێیانەوە، بۆیان دەربخات، لەو کاتەدا لە ڕووی ڕاستییەوە ڕووت نەبوون، ئەمەش ئەگەر وابێت قسە یەکەمەکەی هەڵ دەوەشێنێتەوە، حاشا بێت لە خواوەند کە قسەو دەستەواژەکانی دژبەیەك بن و یەکتر هەڵوەشێننەوە. ئەو دژبەیەکییەش تەنها لەو ڕێگەیەوە لادەچێت کە لێرەدا مانای وشەی (**اللِّباس**)، لە ڕووی مەجازییەوە وەربگرین، ئەمەش ئەو تێگەیشتنەیە کە ئیبنوعەباس و ئیبنوجەریر و قەتادە و کەسانی تریش بۆی ڕۆشتوون.

پرسێکی تریش ئەوەیە کە دانانی واتای مەجازیی لە (**اللِّباس**) دا، وامان لێ دەکات لە واتای ئەو پۆشاکی پارێزکاریی (**لِباس التقوى**) یەش تێبگەین کە لە ئایەتەکەدا ناوی هاتبوو، چوونکە ناگونجێت پۆشاکی تەقوا، لە ڕووی ڕاستییەوە پۆشاکێك بێت.

لێرەدا ئاماژەیەکی تیشك ئاسا هەیە ئاراستەمان دەکات بۆ ئەوەی لە وشەی (**اللِّباس**) دا لایەنی مەجازیی هەڵبژێرین، ئەویش بریتییە لە وشەی ﴿**وَرِيشا**﴾. سەعلەب و ئیبنولئەعرابیی دەڵێن: ڕیش (**رِيش**) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێیان دەژیی، لە پێداویستیی و ماڵ و سامان و خواردن و خواردنەوە، کۆی ئەو ناوەش دەبێتە (**رِيَاش**). عوسمانی کوڕی عەفانیش بەشێوەی کۆ دەیخوێندەوە. دەچینە سەر باسی وشەی (**ألسَوأة**) کە لە ئایەتەکاندا هاتووە.

## ٢ـ شەرمگە ـ السوأة

**(السَّوأة)** ش وەك **(اللِّباس)** وایە، واتە: ڕوویێکی ڕاستەقینە و ڕوویێکی مەجازیی هەیە. ڕووە ڕاستییەکەی، مانای ناباشیی و خراپیی دەگەیەنێت، وەك لە شوێنەواردا هاتووە: **"سوآء ولود خَيرٌ مِن حَسناءٍ عَقيم"**، واتە: ناشیرینێك منداڵی ببێت باشترە لە جوانێك منداڵی نەبێت. واتای گەڕیی و بەڵەکیش دەگەیەنێت: **﴿وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ﴾ طه/٢٢**، ئەمەش قسەی جاحزە بەلای زەمەخشەرییەوە. لەسەر ڕووی مەجازیش، واتای شوێنی شەرمگە لەجەستەدا دەگەیەنێت کە نابێت دەرکەوێت، لەم سۆنگەیەشەوە، گوتراوە ئاماژەیە بۆ ئەندامی زاوزێی ژن و پیاو، چوونکە لە دەرکەوتنیدا نیگەرانیی و خراپەی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها واتای ئاوڕووچوون و واتای کەلاکیشی لێ دەگیرێت، وەك ڕازیی لە تەفسیرەکەیدا لەبارەی ئەم ئایەتەوە گوتوویەتی: ئەو مانایە دەدات: **﴿فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْأَةَ أَخِيهِ﴾ المائدة/٣١.**

جارێکی تریش لایەنی مەجازیی هەڵدەبژێرین بۆ مانا و واتای وشەی **(السَوأة)** بەو شێوەی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، چوونکە ئێمە لەپۆشاکدا وامان دانا کە ئادەم و هاوسەرەکەی پێش دڵەڕاوکە و وەسوەسەکەی شەیتان و خواردنی بەری درەختە ڕێگریی لێ کراوەکە، ڕووت و بێ پۆشاك بوون. ئەگەر لێرەشدا وشەی **(السوأة)** بەواتای ڕووی ڕاستیی ئەندامی زایەندیی و شەرمگەی ژن و پیاو تێبگەین، ئەوکات ڕەخنەگرێکیش مافی خۆیەتی بڵێت: دەی خۆ ئەندامی زایەندیی هەردووکیان پێش سەرپێچیی کردنەکەش هەر هەبوون و لە دەرکەوتنیشیاندا گرفتێك لەئارادا نەبووە، چوونکە هەستی شەرمەساریی لەکاتی دەرکەوتنی شەرمگەدا، هەستێکی کۆمەڵکارییە و مرۆڤ ئەگەر لەچۆڵەوانیدا و تەنها بێت، بە دەرکەوتنی شەرمگەی تووشی ئەو شەرمەسارییە نابێ. خواوەندیش بەدەسنیشانکراویی ڕوونی دەکاتەوە کە دەرکەوتنی شەرمگە لەچاوی هەریەك لەئادەم و هاوسەرەکەیدا، دوای سەرپێچییەکە و

خواردنی بەری درەختەکە بووە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا ڕێك نایەتەوە کە پێش ڕووداوەکە ڕووت بووبن، مەگەر تەنها لەو حاڵەتەدا کە پشت بە واتای مەجازیی وشەکە ببەستین. هەروەك چۆن ئیبنوعەباس و قەتادە لە پێناسەی (لِباسُ التَقوى) دا، وای بۆچوون کە بریتییە لە کردەوەی چاکە، ئێمەش لێرەدا و لە پێناسەی وشەی (السَوأة) دا، وای بۆ دەچین بریتیی بێت لەو کردەوە چاکەی کە پەردە لەسەرلادان و ئاشکرا کردنی زیان و خراپە دەگەیەنێت بە مرۆڤ، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە لە تۆبەکاران و خاوەنی ویژدانێکی زیندووی باوەڕدار بێت وەك ئادەم و هاوسەرەکەی. بۆیە جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە لە کتێبی (**الكِتاب و القرآن ـ قراءة مُعاصرة ـ بحث البَشَرِ والإنسان**) دا گوتوومانە: ﴿**فَبَدَتْ لَهُما سَوآتُهُمَا**﴾ بریتییە لە ڕەفتار و کردەوەی خراپ، نەك ئەندامی زایەندیی و جنسیی.

پرسیارێك لە بەردەمماندا ماوەتەوە کە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر پشت بە واتا مەجازییەکەی وشەی (**اللِّباس**) ببەستین و (**السَوأة**) ش مەجاز نەبێت، ئەی بۆچی ئادەم و هاوسەرەکەی پەلاماریی گەڵاکانی بەهەشتەکەیان دا و خۆیان پێ داپۆشی؟ دەڵێین: دەگەڕێینەوە بۆ هەردوو ئایەتەکەی سورەتەکانی (**ألأعراف و طـه**) و دەبینین خواوەند دەڵێت: ﴿**فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ**﴾ ئەوەش بەبیر دێنینەوە کە ڕاستەوخۆ پێش ئەم هەواڵە، ڕووبە ئادەم گوتوویەتی: ﴿**إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَى * وَأَنَّكَ لَا تَظْمَأُ فِيهَا وَلَا تَضْحَى**﴾ **طـه/١١٨ـ ١١٩**، سەرنجی ئەوەش دەدەین کە پیتی (و) لە ﴿**وَطَفِقَا**﴾ دا ئامرازی تێهەڵچوونەوە (**ألإستأنافيَّة**) یە، هیچ شتێکی تێدا نییە کە ئاماژە بێت بە پەیوەندییەکی هۆکاریی یان پەیوەندییەکی هاوبەشیی لە نێوان دەرکەوتنی شەرمگە و خۆداپۆشیندا بەگەڵاکان.

خواوەند ئادەم و هاوسەرەکەی لە بەهەشتەکەدا نیشتەجێ کرد، کە لەوێ نە برسییەتیی بوونی هەبوو (بوونی بەری درەختە وشکانییەکان) نە ڕووتیی و نە تینوویەتیی، چوونکە ئاو بوونی هەبوو، هەروەها پێویستیان بە سێبەریش نەبوو و داوای تێربوونیشی نەدەکرد، چوونکە

هەمیشە تێر بوو، داوای پۆشاکیشی نەدەکرد چوونکە لە ڕووتییەکەیدا هەستی بە هیچ شەرمەسارییەك نەدەکرد (بۆیە ڕەحمەت لەو کەسەی کە گوتوویەتی: باوەڕدار ڕووت نییە هەرچەندە پۆشتەش نەبێت، کافریش داپۆشراو و شاراوە نییە ئەگەر پۆشتەش بێت)، داوای شکاندنی تینوویەتیی ناکات چوونکە بەهۆی زۆریی ئاوەوە تینووی نابێت، داوای سێبەریش ناکات چوونکە سێبەر هەیە و گەرماش عەزیەتی نادات... هەموو ئەمانە بارمتە و پەیوەستن بە یەك پرس و بابەتەوە کە بریتییە لە گوێڕایەڵیی فەرمانی خواوەند بە نزیك نەکەوتنەوە لە درەختەکە. بەڵام لەبنەڕەتەوە خواوەند مرۆڤی بەشێوەیەك بەدیی هێناوە کە هەم زۆر شتی لەبیر دەچێت و هەم لاوازیشە، سەرپێچییەکەی ئادەمیش لەم خەسڵەتانەوە سەرچاوەی گرت، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم ئایەتەیە: ﴿**وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا**﴾ **طه/١١٥**.

بەڵام کاتێك ئادەم سەرپێچیی پەروەردگاری کرد، سەرگەردان بوو، خۆی و هەرکەسیشی لەگەڵدا بوو، هاتە دەرەوە بۆ دەروودەشت و ڕووتەنیی، ئەگەر هەوڵ نەدات و ئیش نەکات، برسیی و تینووشی دەبێت و بەمەبەستی خۆپاراستن لە سەرما پێویستیشی بە پۆشاك دەبێت، هەروەها بۆ خۆ پاراستن لەگەرماش پێویستی بە سێبەر دەبێت و پێویستی بە کارکردن و هەوڵدان و خۆماندووکردنیش دەبێت (فَتَشقى)، لێرەدا چەمك و تێگەیشتنی ماندووبوون (**الشَّقاء**) بۆ ڕەگەز هاتووە، چوونکە لەکۆمەڵگەی دایکایەتییدا، ئافرەت لە پیاو زیاتر کار دەکات. لە بۆچوون و دیدی ئێمەدا، هۆکاری خۆداپۆشینەکەیان بە گەڵای بەهەشتەکە، هەڵسوکەوتێکی منداڵانەی سەرەتایی بووە کە هەستیان بە گوناه کردووە، کاتێك گوناهەکەی بۆ ڕوون بوویەوە (تێگەیشتن لە گوناه و سەرەتای دەرکەوتنی چەمکی ویژدانی مرۆڤیی) هەوڵی خۆشاردنەوەی دا، ئەویش بە هۆی لەخۆوە پێچانی گەڵای بەهەشتەکە، وەك ئەوەی بە خۆ شاردنەوەکەی بیەوێت گوناهەکەشی بشارێتەوە.

ئەو قسەیەش کە دەڵێت: تێوەپێچانی گەڵاکان بۆ داپۆشینی ئەندامی زاوزێ و شەرمگە بووە، لای ئێمە بایەخێکی نییە، چوونکە دەرکەوتنی شەرمگە و دەرخستنی ئەندامی زاوزێ لە ڕووە ڕاستییەکەیەوە خۆی لە خۆیدا کارێکی بەسرووشت نەشیاوە و لە ڕووی ژیریشەوە بەخراپ دانراوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە شەرم کرن و هەست کردن بە تاوان و گوناه، کاتێك دەبێت کە کەسەکە لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتییدا بێت و ناوەندەکە کەسانی تریش لەخۆ بگرێت، نەك لە بەهەشتێکی زەمینیی یان ئاسمانییدا کە هیچ کەسی تری تێدا نەبێت.

ئەگەر ئادەم لە نێو کۆمەڵگەیەکدا بوایە کە خەڵکی تریشی لەخۆ بگرتایە، واتە: تەنها نەبووایە، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە بەشەرییەت پێش ئادەم لەسەر زەویدا هەبوون و ئادەمیش یەکەم درووست کراو دەبوو کە دەچووە قۆناغی ئەنسەنە و بە ئینسان بوونەوە (Homosabiens ـ ألإصتفاء)، لە نێو کۆمەڵێکی زیندەوەریدا دەبوو کە بریتیی بوون لە بەشەر (بَشَر) (Homorectus)، لەو حاڵەتەشدا شتێك نییە ناوی شەرمگە و نەشیاویی و بێزراو و نەخوازراو بێت. ئەمەش ڕێك بەکرداریی ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووت بووە و لەخۆوە پێچانی گەڵاکانیش هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی منداڵانەی سەرەتایی هەستکردن بە گوناه بووە. بۆیە لەبارەی ئادەم و هاوسەرەکەیەوە خواوەند گوتوویەتی: (**أَبَـوِيكُم**) و نەیگوتووە (**والِدَيكُم**)، چوونکە ئادەم باوك (**ألأب**) (بەواتای پەروەرشیار) ی مرۆڤە، نەك باوك بەواتای بایەلۆجیی (**والِدُ البَشَر**) کە بەشەرییەت لەوەوە کەوتبێتەوە.

قورئان لەسێ ئایەتدا باسی (**الحِجاب، الجِلبَـاب، الخِمَـار**) ی کردووە [1]، یەکەمیان بریتییە لە ئایەتی حیجاب، پەیوەندیی تەنها و بەدیاریکراویی بە ژنانی پێغەمبەرەوە هەیە، نەبە ڕاستەوخۆ و نەبە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی تێدا نییە کە پەیوەندیی ببێت بە ژنانی باوەڕدارەوە، ئایەتەکەش ئەمەیە: ﴿**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَـى طَعَـامٍ غَيْـرَ**

[1] ئەم بڕگەیەمان وەرگرتووە لە بەڕێز **حسين العودان، المَرأة العَرَبيَة في الـدِّينِ و المجتَمَـع، دار الأهـالي** ١٩٩٦، لاپـەڕە ٨٠ ـ ٨٢.

**نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا﴾ الأحزاب/٥٣.**

سیوتیش لە تەفسیری **الجلالَین** دا گێڕاویەتییەوە، هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە ئەوەبووە کە: کاتێك پێغەمبەر زەینەبی کچی جەحشی مارە کرد، خەڵکێکی بانگێشت کرد و خەڵکەکە دوای نان خواردن دانیشتن و لەنێو خۆیاندا قسەیان دەکرد، وەك بڵێی ئامادەبوون بۆ هەڵسان و ڕۆیشتن و نەشدەڕۆشتن، کە ئەمەی بینی خۆی هەستا و هەندێ خەڵکیش لەگەڵیدا هەستان، سێ کەسیان دانیشتن و و دواتر ئەوانیش ڕۆیشتن، منیش هاتم (گێڕانەوەکە لەسەر زاری ئەنەسی کوڕی مالکەوەیە) **البخاري/٤٤١٧**، هەواڵم دا بە پێغەمبەر کە ڕۆشتوون، هاتە ژوورەوە، منیش چووم تا بچمە ژوورەوە، پەردەیەکی لە نێوان من و خۆیدا گێڕایەوە، خواوەند ئایەتەکەی دابەزاند.

لە گێڕانەوەیەکی تریشدا، لە عائیشەی هاوسەری پەیامهێنەوە، لەبارەی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتەوە، تەبەرانیی هێناویەتی، عائشە گوتویەتی: "من لەگەڵ پێغەمبەردا بووم و پێکەوە لە دەفرێکی گەورەدا خواردنمان دەخوارد، عومەر تێپەڕ بوو، پێغەمبەر بانگی کرد و دەستی کردە خواردن لەگەڵماندا و پەنجەی بەر پەنجەی من کەوت، گوتی: ئەه ئەگەر بەگوێی منی بکردایە لەبارەی ئێوەوە، کەس ئێوەی نەدەبینیی، ئیتر ئایەتی حیجاب دابەزیی". لە سێیەم گێڕانەوەشدا، لە ئیبنوعەباسەوە لەبارەی دابەزینی ئەم ئایەتەوە، گوتوویەتی: "پیاوێك چووە لای پێغەمبەر و زۆر دانیشت، پێغەمبەر سێ جار هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەو بڕوات، بەڵام نەڕۆشت، عومەر هاتە ژوورەوە و بە دەموچاویدا هەستی بەتووڕەیی کرد، بۆیە بە پیاوەکەی گوت: لەوانەیە پێغەمبەرت نیگەران کردبێت، پێغەمبەریش گوتی: سێ جار هەستام بۆ ئەوەی ئەویش شوێنم کەوێت و هەستێت، بەڵام وای نەکرد، بۆیە عومەر گوتی:

ئەی پەیامهێن ئەگەر پەردەیەکت بکێشایە باشتر بوو، چوونکە ژنەکانی تۆ وەك ژنانی تر نین، ئەمە بۆ دڵ و دەروونی ئەوانیش باشترە، ئیتر ئایەتی حیجاب دابەزیی".

ڕێگریکرن لە خواستن و مارەکردنی ژن و هاوسەرەکانی پێغەمبەر لەدوای خۆیەوە، لەباسی هۆکارەکانی دابەزینی ئەو ئایەتەشەوە هاتووە: هەواڵ گەشتەوە بە پێغەمبەر کە پیاوێك ـ ئەگەر زۆرە تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا بووبێت ـ گوتوویەتی: ئەگەر پێغەمبەر بمرێت، دوای خۆی من فلانە ژنی مارەدەکەم، بۆیە ئایەتەکە دابەزیی و فەرمانی کرد بە قەدەغەکردنی خواستن و مارەکردنی ژنانی پێغەمبەر دوای خۆی.

ئێمە لایەنێکی زۆر گرنگ لەم ئایەتەوە دەبینین، ئەویش ئەوەیە: کاتێك باسی حیجابی کردووە ناوی ماڵەکانی پێغەمبەری لە پێگەی پێغەمبەرایەتیی (النبوَّة) ەوە وەك فێرکاریی ناوی هێناوە، کاتێکیش مارەکردنی ژنەکانی پێغەمبەری لە باوەڕداران حەرام کرد، ئەم باسەی لە پێگەی پەیامهێنیی (الرِّسالَة) ەوە ناو هێناوە: ﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ﴾ الأحزاب/٥٣.

ئایەتی دووەمیش کە ئایەتی جیلبابە، بۆ هاوسەر و ژنەکانی پەیامهێن و ژنانی باوەڕداریش هاتووە، کە بریتییە لە ئایەتی: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ ألأحزاب/٥٩.

لەبارەی هۆکاری دابەزینیشیەوە هاتووە لە عائیشەوە گێڕراوەتەوە کە: "دوای ئەوەی حیجاب بڕیاردرا لەسەر ژنانی پێغەمبەر، سەودە بۆ پێویستییەکی خۆی چووە دەرەوە (ژنان دەسبە ئاویان لە دەرەوەی شاری مەدینە و بە ئێوارانداا دەکرد) ئەو ژنێکی بەلەشولار و جەستەپڕ بوو، هەرکەس دەیناسی و بیبینیایە دەیزانی ئەوە، عومەر چاوی پێی کەوت و گوتی: ئەی سەودە سوێند بەخوا تۆ لەئێمە ناشاردرێیتەوە، بۆیە بزانە چۆن دێیتە دەرەوە، سەودە بەنیگەرانییەوە گەڕایەوە و پەیامهێن لەماڵەکەی مندا بوو نانی ئێوارەی دەخوارد و ئێسقانێکی بەدەستەوە

بوو کەمێك گۆشتی پێوە بوو، سەودە ڕووی تێ کرد و گوتی: من بۆ پێداویستیی خۆم چوومەتە دەرەوە، کەچیی عومەر ئاوا و ئاوای پێ گوتووم، نیگای بۆ هات و تەواو بوو هێشتا ئێسقانەکە بەدەستیەوە بوو، گوتی: مۆڵەتتان دراوە بۆ پێویستیی خۆتان بچنە دەرەوە" **البخاري/٤٤٢١** . ئیبنوسەعدیش لە **الطبَقات** دا لە ئەبی مالکەوە گێڕاویەتەوە کە گوتوویەتی: "هاوسەرەکانی پێغەمبەر بە شەودا دەچوونە دەرەوە بۆ پێداویستیی خۆیان، کەسانێك لە دووڕووەکان ڕێگەیان پێ دەگرتن و گێچەڵیان پێ دەگێڕان، گازندەیان کرد، دووڕووەکان ئاگادار کرانەوە کە دەس لەو کارە هەڵگرن، ئەوانیش گوتیان: ئێمە ئەو کارە لەگەڵ کۆیلە و کەنیزەکەکاندا دەکەین، ئیتر ئایەتەکە دابەزیی".

لێرەشدا دیسان سەرنجی لایەنێکی زۆر گرنگ دەدەین، ئەویش ئەوەیە کە ئایەتەکە لە پێگەی (النبوَّة ـ پێغەمبەرایەتیی) ەوە قسەی کردووە لەگەڵ پێغەمبەردا و گوتوویەتی: ﴿**يَا أَيُّها النَبِيِّ**﴾، چوونکە بۆ هەلومەرجێکی بابەتیی هاتووە کە لەو سەردەمەدا باو بووە. بۆیە ئەم ئایەتە ئایەتێکی فێرکارییە نەك تەشریعیی و ڕێساسازیی، پەیڕەو کردنی لەئێستادا ئەوەیە کە چوونەدەرەوەی خەڵك بەپێی داب و نەریتەکان و بۆ خۆپارێزیی بێت لە گێچەڵی کۆمەڵگە.

ئایەتی سێیەمیش پەیوەستە بە خیمار و جوانیی و ڕازاوەییەوە و ئاراستەی هەموو باوەڕداران بەگشتیی کراوە: ﴿**وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾ **النور/٣١**.

لەبارەی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتەشەوە هاتووە: لە موقاتیلەوە گێڕراوەتەوە گوتوویەتی: هەواڵمان پێ گەشتووە کە جابری کوڕی عەبدوڵڵا گوتوویەتی: ئەسمای کچی مورتەد لە باخە دارخورماکەی خۆیدا بوو، ژنانیش بەبێ پۆشاکی دامانگیرەوە هاتووچۆیان دەکرد و دەهاتنە

لای، ئەوەی بە قاچوقولیانەوەبوو دەردەکەوت (واتە: خڕخاڵ و پاوانەکانیان)، هەروەها سەروسنگیشیان دەردەکەوت، ئەسمایش گوتی: ئەمە کارێکی ناپەسەندە! ئایەتەکە لەو بارەیەوە دابەزیی. ئیبنوجەریریش لە حەزرەمییەوە گێڕاویەتییەوە کە ئافرەتێك دووپاوانەی لە زیو لەپێ کردبوو و موروویێکیشی لەگەڵیاندا بەستبوو، تێپەڕ بوو بەلای کەسانێکدا و قاچی دا بەیەکدا و خڕخاڵەکان بەر مووروەکە دەکەوتن و دەنگیان دەدایەوە، بەو هۆیەوە: ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ... ﴾ تاکۆتایی ئایەتەکە دابەزی. أهـ.

گوتمان: پەیامە ئاسمانییەکان هەموویان لەکاتی دابەزینیاندا لەبەرژەوەندیی ئافرەتدا بوون و شانبەشانی پیاوان شکۆی دزراو و پێگەی تایبەتیان گەڕاندووەتەوە بۆی، بۆهەریەکە لەژن و پیاویش ڕۆڵیان دەسنیشان کردووە لە ناو خێزان و بنەماڵەدا. گوتیشمان: ئەوەی دواتر هات بەسەر هەلومەرجی ئافرەتدا و تێڕوانینی کۆمەڵگەی لەبارەی ئافرەتەوە گۆڕی، بەهۆی کاریگەریی کۆتایی هاتنی سەردەمی دایکایەتیی و دایکسالاریی و سەرهەڵدانی سەرەتای سەردەمی باوکایەتی و باوکسالارییەوە بوو، هەروەها بەهۆی کاریگەریی ئەو تێڕوانینە نێرسالارییانەوە بوو کە زاڵ بوون بەسەر ڕێنماییەکانی زیوانیدا لە ئایین و ئاییندارییە ڕافدیی و فارسیی و هندییەکاندا و، حوکمیشی دەکرد بەسەر ڕێنماییەکانی پیاوە ئاینییەکانی جولەکە و گاورەکانیشدا.

پەیامی محەممەدیش، بەتایبەت لەم گۆشەنیگایانەوە، بەختی باشتر نەبوو لە دەستە خوشکەکانی پێش خۆی، فیقهزان و ڕاڤەکارەکانیش لە پرس و بابەتی ئافرەت و پۆشاك و حیجابی ئافرەتدا، باشتر و دادگەر تر نەبوون لە پێشینانی خۆیان لە زێوانی پەرسگەکان و پیاوانی ئایینیی ئاییندارییەکانی پێش خۆیان، لەوەش زیاتر چەند شتێکی تریشیان کرد:

١ـ ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی ئایینداریية پێشووەکان هاتنە ناو ئەم بانگەوازە تازەیەوە و لەگەڵ خۆشیاندا زۆرێك لە بیروباوەڕە کۆنەکانیان هێنایە ناویەوە. ناوی هەندێك لە ناودارەکانیان دەهێنین، لەوانە:

* ڕاڤەکار و موفەسیری ناودار **ئیبنوجەریر**.

* **تەمیمی کوڕی ئەوسی کوڕی حارسەی داریی**، هاوەڵی ناودار و خاوەنی حەدیس و گێڕانەوەی بەناوبانگ لەبارەی جەساسە و دجالەوە، تەمیم، ڕاهب و خەڵوەتنشینی سەردەمی خۆی و پەرستشکاری ناوداری نێو خەڵکی فەلەستین بوو، دوای موسڵمان بوونی، یەکەم کەس بووە کە دەستی داوەتە هەڵبەستنی چیرۆك و ئەفسانە و گێڕانەوەیان لە مزگەوتدا.

* **کەعب کوڕی ماتیعی حومەیریی، ناسراو بە کەعبولئەحبار**، لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا موسڵمان بووە و دواتر بەهۆی زۆریی زانیینەکەیەوە موعاویە نزیکی خستوەتەوە لەخۆی و ئەرکی گێڕانەوەی چیرۆکیشی پێ سپاردووە لە وڵاتانی شامدا، کەعب ئەوکەسەیە کە ئیبن و عەبدولبیڕ لە کتێبی **ألإستیعاب** دا گێڕاویەتیەوە کە گوتوویەتی: "بستێك لەزەویی نییە لە تەوراتی موسادا نەنووسرابێت و باسی نەکرابێت کە تاقیامەت چی تێدا ڕوو دەدات و چی لێ دەردەچێت".

هی تریش زۆرن بەڵام لێرەدا بەم چەند کەسە ڕاگەیشتین.

٢ـ لەلایەکەوە نووسینەوە و تۆمارکردن دوا کەوت بۆ دوای سەدەی یەکەم، لەلایەکی تریشەوە گێڕانەوەی حەدیس بەما،[1]، بەپاڵنەری سیاسیی و مەزهەبییشەوە، حەدیسی درۆ و دەست هەڵبەس لەناوخەڵکدا بەشێوەی بەرفراوان بڵاو بوویەوە.

[1] واتە: ئەوکەسەی کە حەدیسەکە دەگێڕێتەوە، ڕستە و وشەکانی وەك خۆیان لەیاد نەماوە، بەڵام مانا و مەبەستەکەی لەبیر ماوە و خۆی واتای حەدیسەکە بە ئەدەبیاتی خۆی دادەڕێژێتەوە (وەرگێڕ).

٣ـ خۆلادان لەکەوتنە ناو خراپەوە، ئەم هەستە پاڵی نا بە گەورە زانایانی وەك تەبەریی و سیوتییەوە تا هەرچییان پێ دەگەیشت، بەبێ تەتەڵە و بێژنگ هەموویان دەخستە ناو کتێبەکانیانەوە و بەرپرسیارییەتیی ئەو بەراورد و تەتەڵەکردن و لەبێژنگدانەیان بەجێ هێشت بۆ خوێنەری کتێبەکانیان.

٤ـ ئەو تێڕوانینی بەپیرۆز زانینەی کە هەندێکیان هەیان بوو لەبارەی کەلەپوور و کەسایەتییەکانی ناو کەلەپوورەوە بەگشتیی، بەئەندازەیەك کەسێکی وەك ئیبنوعەبدولبیڕ لە ئایەتەکانی دەسنوێژ و تەیەموم کردندا، خۆی لە ڕێگەیەکی داخراودا بینییەوە، دەیویست بگاتە چارەسەرێکی لۆژیکیی ئەوتۆ لە ڕێك خستنی ڕیزبەندیی دابەزینیاندا و لەهەمان کاتدا دژیش نەوەستێتەوە لەگەڵ هەموو ئەوەدا کە پێشتر گوترابوو لەوبارەیەوە، بۆیە لە گوتە بەناو و دەنگەکەیدا گوتی: "ئەمە ئەو دەردەبوو کە دەرمانم دەست نەکەوت بۆی".

هەموو ئەمانە پێکەوە بەچەشنێك لە چەشنەکان یارمەتیدەر بوون لە داڕشتنی ئەو تێڕوانینەی فیقهزانەکاندا کە لەدوای سەردەمی پێغەمبەرەوە سەری هەڵدا لەبارەی ئافرەتەوە بەگشتیی و لەبارەی پۆشاك و حجاب و پەچە و عەبای ئافرەتەوە بە تایبەتیی.

لە پێشەوا تەبەرییەوە دەست پێ دەکەین، لە چیرۆکی هەڵە یەکەمەکەوە بەو شێوەی کە لە کتێبی تەفسیرەکەی و کتێبی مێژووەکەیدا هاتووە.

تەبەریی دەڵێت: [1]

[1] لێرەدا نووسەر بەمەبەستی زیاتر ڕوون کردنەوەی دیدگاکانی خۆی و خستنەڕووی بەڵگەی زیاتر لەسەر بابەتیی بوونی چیرۆکی دەست هەڵبەس و ئیسرائیلییات لەناو ئەو سەرچاوانەدا کە بەلای زۆرینە موسڵمانانەوە جێگەی متمانەن و هەروەها بۆ دەرخستنی ڕۆڵی نەرێنی نووسەرەکانیان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە دیارانەی کە پێشتر جوولەکە بوون و لەسەردەمە سەرەتاییەکان و سەردەمی جێنشینانی ڕاشدیندا موسڵمان بوون و بەمەبەستەوە بوویێت یان بێ مەبەست (هەندێ جاریش لەلایەن خەلیفە و کاربەدەستەکانەوە ئەم کۆنە جوولەکە و تازە موسڵمانانە ڕاسپێردراون) دەسیان داوەتە

گێڕانەوە و نووسینەوەی ئەو ئەفسانە و چیرۆکانەی کە لە کەلەپووری کۆنی ئایینداریيە پێشووەکانەوە وەریان گرتبوون، دواتر و لەسەردەمی تەدوین و نووسینەوەی حەدیس و ڕاڤەکانی قورئاندا، هەم لەلایەن خۆیانەوە و هەم لەلایەن زۆرێك لە زانا و نووسەر و گێڕەرەوە عەرەبەکانەوە، سەرەڕای بوونی دەیان ڕێنمایی ڕوونی پێغەمبەر کە داوای لێ دەکردن گوێ بەو چیرۆك و ئەفسانانە نەدەن و تەنانەت پەڕاوەکانی تەورات و ئینجیلیش نەخوێننەوە، بەڵام ئەو ئەفسانە و ئیسرائیلیياتە خزێنرانە ناو کتێبەکانی حەدیس و سیحاح و مەسانیدەکان و کتێبەکانی تەفسیر و مێژووی موسڵمانانەوە و دواتر بوونە بەشێکی جیانەکراوە و دانەبڕاو لە کەلەپووری ئیسلامیی، (پاش سەرهەڵدانی زانستەکانی قورئان و حەدیس و جەرح و تەعدیل و مەرجەکانی زانایان بۆ ڕاست بوون یان هەڵەبوونی سەنەد و مەتنی ئەو گێڕانەوانە) بەداخەوە زۆرێك لەو گێڕانەوە و ئەفسانانە، پلەی ڕاستیی و سەحیح و حەسەنیان پێدرا و بە پشت بەستن بەوەی کە سوننەتیش بەتەنیشت قورئانەوە کرایە سەرچاوەی ئایین، سەرەڕای دژ وەستانەوەشیان لەگەڵ هەم ئایەتەکانی قورئان و هەم تەنانەت لەگەڵ دەیان حەدیسی پێغەمبەری مەزنیشدا (سلاوی لەسەر)، بەڵام بەهۆی پەسەند کردن و دەرچوونيانەوە لە مەرجەکانی ئەهلی حەدیس، زۆرێك لەم گێڕانەوانەوە و ئەفسانانە بە حەدیس لەقەڵەم دران و کرانە سەرچاوەی دووەم بۆ وەرگرتنی ئایین بەگشتیی و بابەتی ئافرەت و پۆشاکی ئافرەت بە تایبەتیی.

ئێمە لێرەدا و لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەم بڕگە لەکتێبەکەدا، بەمەستی خۆلادان لە درێژکردنەوەی زیاتری بابەتەکە و ماندوو نەکردنی خوێنەر، دەستمان هەڵگرت لەوەرگێڕانی ١٦ لاپەڕە لە ئەسڵی کتێبەکە، واتە: لە سەرەتای لاپەڕە ٣٤٩ وە تا کۆتایی لاپەڕە ٣٦٤ ی کتێبە عەرەبییەکەمان واز لێ هێنا و ئەم ڕوون کردنەوەیەمان بۆ ئەو مەبەستە نووسی.

هەرکەس مەبەستی بێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر دەقی عەرەبیی کتێبەکە، یان سەرێك بدات لەم سەرچاوانەی کە نووسەر دەقی گێڕانەوە و حەدیس و ئەفسانە درێژەکانی لێوە وەرگرتوون:

- **مقدمة فتح الباري للقسطلاني، ج٢، ص١٧١.**
- **تأريخ الطبري ج١، ص١٠٨.**
- **المصدر السابق، ص ١١١.**
- **معجم الأديان، لياقوت، ج١٨، ص٨.**
- **وفيات الأعيان، ج٢، ص٣٧٦.**
- **البخاري،٣٢٠٢، ٤١٢٥، ٦٨١٥، ١٤١٠٤، ٤٧٨٧، ٤٧٨٧.**
- **الترمذي،١٠٧٩، ١٠٩٣.**
- **مسلم، ٧٩٠.**
- **حسين العودان، المرأة العربية في الدين والمجتمع، ص١٠١ ـ ١٠٢.**
- **الامام علي بن أحمد الواحدي، أسباب النزول، ص٨٥.**
- **الإمام فخرالدين الرَّازي، التفسير الكبير، ج١٠، ص٥٧.**

## ٣- ڕازاوەیی ئافرەت ـ زينة المرأة

با پێناسەیەك دابنێین بۆ (ڕازاوەیـی ـ الزِينَة) ی ئـافرەت، ڕازاوەیـی ئـافرەت لـە ئایـەتی: ﴿وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ النور/٣١ دا، دابەش دەبێت بـۆ دووبەش:

---

ـ موطأ مالك، ص٤٤٤ ـ٤٦٤ ـ ٤٧٦ .

ـ ألإسلام والجنس في القرن الأول الهجري، ص٦٣ ـ ٦٤، نقلاً عن الطبري في جامع البيان.

ـ موطأ مالك، ص٨٣٦.

ـ طبقات إبن سعد، ج٥، ص٢٨١.

ـ عبدالرحمن الجزيري، الفقه على المذاهب الاربعة، ج١، ص١٧١ ـ ١٧٦.

ـ نيل الاوطار، ٢/٦٤.

ـ الدكتور وهبة الزحيلي، الفقه الإسلامي و أدلته، دار الفكر، ج١، "حد العورة" ص٥٨٣ ـ ٥٨٤.

ـ كتاب الستر والنظر لسماحة الامام مهدي شمس الدين، رئيس "المجلس الاسلامي الشيعي الأعلى" في لبنان، إصدار المؤسسة الدولية للدراسات و النشر، ١٩٩٤، ص١٩٢.

ـ الإمام إبن تيمية، حجاب المرأة ولباسها في الصلاة، تحقيق محمد ناصر الدين الالباني، المكتب الاسلامي، ص٣٧ و ٤٣.

ـ محمد ناصر الدين الالباني، حجاب المرأة المسلمة في الكتاب والسنة.

ـ مجلة الوسط، العدد ٤١١، ١٣/١٢/١٩٩ عنوان المقال: "الشرف القاتل". (ئیبراهیم میکە عەلی)

بەشی یەکەم، ڕازاوەییەك کە دیار و دەرکەوتووە.

بەشی دووەم، ڕازاوەییەك کە شاراوەیە.

بەڵام ئەی ئەو ڕازاوەییەی کە لێرەدا مەبەستە و گونجاویشە لەگەڵ ئایەتەکەدا و تەواوی ئایەتەکانی تری دابەزێنراوی بەجێدا کامەیە، بە تایبەت لە ئایەتەکانی کە لەبارەی کەسە نزیك و مەحرەمەکانەوە لە سورەتی **النِساء** دا هاتوون، ئایەتی ۲۲ و ۲۳؟

ڕازاوەیی و زینەت سێ چەشنی هەیە:

۱- ڕازاوەیی شتەکان: ڕازاوەیی شتەکان بریتییە لە دانەپاڵی شتانێك بۆلای شتێکی یان شوێنێکی تر، بەمەبەستی ڕازاندنەوەی شتەکە یان شوێنەکە. نموونەی ئەم چەشنە ڕازاندنەوەیە: درووست کردنی دیکۆرات لە ژوورەکان و گەچ بڕیی و تاق و بۆیەکردن و، پۆشاك و تەسریحە و تەوقەی قژ و قژ داهێنان بۆ ژن و پیاو و خشڵ و میکیاج بۆ ژنان... تاد.

هەموو ئەمانە بەمەستی ڕازاندنەوە زیاد دەکرێن بۆلای شتێك یان شوێنێك. ڕازاوەیی شت **(الزینة الشیئیة)** لەم ئایەتانەدا هاتووە:

- **﴿وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً﴾ النحل/٨.**

- **﴿يَابَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ الاعراف/٣١.**

۲- ڕازاوەیی جێگەیەك یان شوێنێك: ئەمە لە شارەکاندا ڕوون و ئاشکرایە، شارەوانیی لە شارەکاندا چەند گۆڕەپانێکی سەوز دەهێڵێتەوە و پێیان دەگوترێت باخچەکان. ئەم شوێنانەی کە بۆ جوانیی هێڵراونەتەوە و خەڵك ڕوویان تێ دەکات، لەخانەی جوان کردنی شوێنەکاندان، واتە چەند جێگەیەك وەك سروشتی خۆیان بهێڵرێنەوە یان چەند شتێکی وەك درەخت و گوڵیان بۆ زیاد بکرێت، ئەمەش ئەوەیە کە لە ئایەتی ۳۱ ی سورەتی **النّور** دا هاتووە، واتە: بۆ

ئەوەی ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتەکانی مەحارم و کەسە نزیکەکاندا بگونجێت کە لە سوورەتی **النساء** دا هاتوون پێویستە ڕازاوەیی شوێن بێت، نەك ڕازاوەیی شت.

٣- ڕازاوەیی شوێن و ڕازاوەیی شت هەردوو پێکەوە: لەم ئایەتانەدا هاتووە: **﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنْ الرِّزْقِ﴾ ألأعراف/٣٢**، **﴿حَتَّى إِذَا أَخَذَتْ الْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا﴾ يونس/٣٤**، واتە: دواتر گەشەکردن و پێشکەوتنی زانستیی زەویی پڕ دەکەن لە ڕازاوەیی شوێن و شتەکانیش. ئەگەر ڕازاوەیی شوێن بوو، ئەوە جەستەی ئافرەت هەمووی ڕازاوەییە، ڕازاوەییش لێرەدا میکیاج و خشڵ و شتی لەم بابەتە نییە، بەڵکو جەستەی ئافرەتە بە گشتیی، ئەم جەستەیەش دابەش دەبێت بۆ دوو بەشەوە:

- ئەو بەشەی کە بەسروشتی خۆی ئاشکرا و دیارە، **﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾**، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بە دڵنیاییەوە لە جەستەی ئافرەتدا ڕازاوەیی و جوانییەکی تر هەیە کە بەسروشتی خۆی شاراوەیە.

ڕازاوەیی ئاشکرا و دەرکەوتوو بریتییە لەو بەشەی جەستەی ئافرەت کە بە سروشتی خۆی دەردەکەوێت، واتە: ئەوەی کە خواوەند خۆی دەری خستووە لە کاتی درووست کردنیەوە، وەك: سەر و سك و پشت و هەردوو لاق و هەردوو دەست، دەشزانین کە خواوەند هەم نێر و هەم مێشی بە ڕووتی و بێ پۆشاك درووست کردووە.

- بەشێکی تر بە سروشتی خۆی وا درووست کراوە کە نادیار و شاراوەیە، واتە: خواوەند بە شاراوەیی درووستی کردووە لە داڕشتن و پەیکەری جەستەی ئافرەتدا، ئەم بەشە شاراوەیەش بریتییە لە شوێنە پێچ و لۆچەکانی جەستە **(الجيوب)**. لە زمانی عەرەبیشدا، **(جَيب)** لە **(جَيَبَ)** ـەوە هاتووە، وەك چۆن دەڵێین: **(جِبتَ القَميصَ)** واتە: کراسەکەم فراوان کرد و گیرفانم بۆ کرد. گیرفانیش وەك دەزانین، بریتییە لە کراوەیەك کە دوو لۆ و توێی هەیە، نەك یەك لۆ، چوونکە بناغە لە **(جَيب)** دا کرداری **(جَوب)** ـە، لە زمانی عەرەبیدا یەك بنەڕەتی هەیە کە بریتییە

لە: دڕان لە شتێکدا و پێداچوونەوەی قسە (**السوءال والجَواب**). (**جیوب**) لە ژندا دوو لۆی هەیە، دوو لۆ لەگەڵ دڕانێکدا، ئەویش بریتییە لە نێوان دوو مەمك و ژێر دوو مەمك و هەردوو بن باڵ و نێوان هەردوو ڕان، ئەمانە هەموویان پەنهان و گیرفان و (**جیوب**) ن، پێویستە لەسەر ئافرەتی باوەڕدار ئەم پەنهانانە داپۆشێت، بۆیە خواوەندیش فەرموویەتی: ﴿**وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ**﴾. واتە: با چادر و چارشێوەکانیان بکێشن بە ڕووی گیرفان و پەنهانەکانیاندا.

(**الخِمار**) یش لە (**خَمْر**) ـەوە هاتووە، کە بریتییە لە ڕووپۆش و داپۆشەرێك، مەی ش بۆیە پێی دەگوترێت (**خَمْر**) چوونکە ژێریی دادەپۆشێت، بۆیە (**خِمار**) تەنها سەرپۆش ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ڕووپۆشێك دەگرێتەوە کە بۆ داپۆشینی سەر بەکار بێت یان بۆ داپۆشینی هەر شتێکی تر، بۆیە خواوەند فەرمانی کردووە بە ئافرەتانی باوەڕدار بە داپۆشینی ئەو پەنهانانەیان کە ڕازاوەیی شاراوەیانن و ڕێگەشی پێداون بە دەرخستنی ئەو پەنهانانەی کە بە سروشتی خۆیان ئاشکران، فەرمانی داپۆشینەکە لەم بڕگەیەدایە کە دەفەرمووێت: ﴿**وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ**﴾. ئەم فەرمانی دەرخستنە تەنها بۆ شتێکی شاراوە دەبێت، وەك دەفەرمووێت: ﴿**وَإِنْ تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ**﴾ **البقرة/٢٨٤**، دەرخستنیش تەنها بۆ عەقڵمەند و فامیدە دەبێت، وەك: ﴿**فَبَدَتْ لَهُمَا سَوآتُهُمَا**﴾ **طه/١٢١**. لەوانەیە کەسێك بڵێت: ئایا دەم و لووت و هەردوو چاو و گوێچکەکانیش گیرفان نین؟ دەڵێین: بەڵێ، بەڵام گیرفانگەلێکی ئاشکران و بەسرووشتی خۆیان دەرکەوتوون، چوونکە لە ڕووکاردان، سەری ئافرەت یان پیاو دەرکەوتوو و ئاشکراترین بەشی لەش و جەستەیەتی و پێناسی مرۆڤەکەیە. خواوەند باسی هەندێك لەو پەنهانانەی بە ڕاشکاویی کردووە، وەك: ﴿**وَيَحْفَظْنَ فُرُجَهُنَّ**﴾، هەروەها پێویستیشی کردووە کە لە چاویش بپارێزرێن. لەمەوە تێدەگەین کە شەرمگە و نێوان هەردووڕان (**فَرْج ـ وإليَتَيها**) ی ئافرەتیش لەو پەنهانانەی جەستەیەتی کە نابێت بێجگە لە چاوی هاوسەری خۆی، هیچ چاوێك بیان بینێت، مەبەست لە (**إليَتَين**) یش ئەوەیە کە فیقهزانەکان دەستەواژەی (**العَورَةُ المُغَلَظَة**) یان بۆ بەکار هێناوە، کەدەکاتە نێوان شلکەی هەردوو ڕان.

ئەمەش ئەو هۆکارەمان بۆ ڕاڤە و ڕوون دەکاتەوە، بۆچی هاوسەر (**الزَوج**) لە لیستی ئەو کەسانەدا ناوی نەهاتووە کە ئافرەت بۆی هەیە جوانیەکانی خۆی لەبەردەمیاندا دەربخات، بەڵکو ناوی مێرد (**بَعْل**) ی هێناوە لەگەڵیاندا، ئەو کەسانەش بریتیین لە:

- مێرد - **بَعُلَتُهُن**.

- باوك و باپیر - **آبائهنَّ**.

- باوکی مێرد - **آباء بُعُلَتِهِنَّ**.

- ڕۆڵە - **أبنَائِهِنَّ**.

- ڕۆڵەی مێرد - **أبنَاء بُعُلَتِهِنَّ**.

- برا - **إخوانِهِنَّ**.

- برازا - **بَني إخوانِهِنَّ**.

- خوشکەزا - **بَني أخَوانِهِنَّ**.

لێرەدا جیاوازیی نێوان (**بَعْل - مێرد**) و (**زَوجْ - هاوسەر**)، بەڕوونیی دەردەکەوێت، چوونکە ئەگەر ئێمەش وەك ئەو کەسانەی باوەڕیان بە هاوواتایی (**التَرادُف**) هەیە، وا دابنێین هاوسەر واتای مێرد دەگەیەنێت و مێردیش واتای هاوسەر دەگەیەنێت، ئەوکات دژبەرییەکی گەورە ڕوو دەدا لە نێوان ئایەتەکاندا، چۆن دەگونجێت خواوەند لەئایەتەکەی سوورەتی نووردا ڕێگە بدات بە ژن کە لەبەرانبەر مێرد (**بَعْل**) ەکەیدا ڕازاوەیی و جوانیی خۆی دەربخات، لە کاتێکدا کە لە سورەتی **المؤمنون** دا ڕێگەی پێداوە شەرمگەی نەپارێزێت لەچاوی هاوسەر (**الزَوج**) ەکەی؟

لێرەدا دژبەیەکیی هەڵناگیرێت تا دان بەوەدا نەنێین کە مێرد (**بَعْل**) شتێکە و، هاوسەر (**الزَوج**) یش شتێکی تر. بۆیە دەبینین خواوەند لە پرسی دەرخستنی ڕازاوەیی و جوانیدا، یەکسانیی دەکات لەنێوان مێرد (**بَعْل**) و ڕۆڵە و برا و تەواوی ئەو کەسانەدا کە ناویان هاتووە و باس کراون لە ئایەتەکەدا، کە نابێت و ڕێگەیان پێ نەدراوە شەرمگەی ئافرەت ببینن (شەرمگەی تەواو ـ **العَورة المُغَلَظَة**).

گوتمان گیرفانەکان (**الجیوب**) شەرمگەی تەواوە و نێوان هەردوو مەمك و ژێر مەمك و بن باڵ. بەڵام شەرمگەی تەواو (نێوان هەردوو ڕان)، بێجگە لە هاوسەر (**الزَوج**) کەس بۆی نییە بیبینێت. هەردوو مەمکیش هیچ کەس لاریی لەوە نییە کە نێوانیان و ژێرەوەیان لە گیرفان و پەنهان و (**جیوب**) ن، نەك هەر ئەوە، بەڵکو هەموو ڕاڤەکارەکان بە ڕەهایی، ڕایان وایە کە تاکە مەبەست لە وشەی (**الجیوب**) لە ئایەتەکەدا، مەمك و نێوانی مەمك و ژێریان دەگرێتەوە. ئەم قەتیس کردنی واتایەش لەوەوە هاتووە کە کاتێك ئایەتەکەی سورەتی **النور** دابەزیوە، ئافرەت بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی ئایەتەکە، هیچی نەکردووە ئەوە نەبێت کە ڕووپۆشەکەی داوە بەسەر سنگیدا بۆ ئەوەی مەمکی داپۆشێت، چوونکە ژنی عەرەب پێش ئیسلام و لەسەرەتای سەردەمی پێغەمبەریشەوە، کراسێکی لەبەر دەکرد کە سنگەکەی کراوە بوو و کراسێکی پانوپۆڕی وابوو کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ژینگە و کەش و هەوا بیابانییە دەشتەکییەدا کە تیایدا دەژیا، خۆی بە سرووشتی خۆی بێجگە سەر سنگی، هیچ جێگەیەکی تری دەر نەدەخست، گیرفان و پەنهانەکانی تریشی هەر لە بنەڕەتەوە خۆیان داپۆشراو بوون، دواجار یەك چەشن پەنهان و گیرفان دەمێنێتەوە کە ئەویش هەردوو بن باڵە.

لە دابەزێنراوی بەجێدا لە سێ جێگەدا وشەی (**الجیوب**) هاتووە، یەکێکیان لە ئایەتەکەی سورەتی **النور** دایە کە تاوتوێمان کەرد. دوو شوێنەکەی تریش بریتین لە:

ـ **﴿اسْلُكْ يَدَكَ فِي <u>جَيْبِكَ</u> تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنْ الرَّهْبِ﴾ القصص/٣٢.**

ـ ﴿وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ﴾ النَمْل/١٢.

ئەگەر ئەم ئایەتەش بخەینە تەنیش ئەم دوو ئایەتەوە کە دەڵێت: ﴿وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ﴾ طه/٢٢، وە ئەگەر بە وردی سەرنج لەو سێ دەستەواژەیەی (اسلُك، أدخِل، اضمم) بدەین، ئەوکات تێدەگەین کە ئەو داواکراوەی داواکراوە لە موسا، ئەوە بووە کە دەستی بکات بە بن باڵیدا و لەڕێگەی سەرسنگی و درزی یەخەکەیەوە دەستی بگەیەنێتە بن باڵی، چوونکە هیچ جێگەیەکی تر بێجگە بن باڵی نەبوو تا موسا دەستی ببات بۆ ناوی و فەرمانەکەی پەروەردگاری جێبەجێ بکات. سەیر بکە چۆن خواوەند بە وشەی باڵ (جَنَاح) بابەتەکەی ڕوون کردوەتەوە بۆ موسا، چوونکە قۆڵ لە مرۆڤدا لە جێگەی باڵدایە لە پەلەوەردا، کە کۆتاییەکەی شان و بن باڵە. هەروەها سەرنج بدە لە ئایەتەکەی سورەتی طـه دا چۆن وشەی (اضمم) ی بەکارهێناوە، چوونکە دانانی دەس لە هەر جێگەیەکی تری باڵدا بێجگە لە بن باڵ، نابێتە خستنە یەك (ضَمْ)، دواتریش سەرنج بدە کە چۆن وشەی تێکێشان (ألإسلاك و التَسليك) ی لە ئایەتەکەی سورەتی القَصَص دا بەکار هێناوە، بۆئەوەی ئاماژەبێت بۆ ئەو شوێنەی کە دەستەکەی پێ دەگات پاش تێکێشانی دەستەکە بۆ ئەو شوێنە، نەك تەنها دانانی دەست لە گیرفانەکەدا.

لەوانەیە کەسێك بڵێت: ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ناشێت و ڕێگەپێدراو نییە ژنی باوەڕدار بەڕووتی تەواوەوە دەرکەوێت لەبەردەم ئەو کەسانەدا کە لە ئایەتەکەی سورەتی النّور دا ناویان هاتووە. منیش دەڵێم: بەڵی بەشێوەی کتوپڕ و ناکاو یان بەهەڵە یان لەکاتی ناچاریدا نەبێت، ناشێت و ڕێگەپێدراو نییە، هاوسەر (الزَوج) یش تاکە کەسێکە مافی ئەوەی هەیە کە گیرفان و شوێنە پەنهان و شەرمگەکانی خوارەوەی هاوسەرەکەی خۆی ببینێت، بەڵام گیرفان و جیوبەکانی لای سەرووی جەستە (سنگ و بنباڵ)، ژن بۆی هەیە لای ئەو کەسانەشدا دەریان بخات کە لە ئایەتەکەدا ناویان براوە و باسیان کراوە، ئەگەر وای کرد و ئەو جێگایانەی دەرخست لەلای ئەو کەسانەدا، کارەکەی پێی ناگوترێت حەرام، بەڵکو عەیبەیەکە.

## ٤ـ کەسە نزیکەکانی ڕازاوەیی ـ مَحَارِمُ الزينَة

ئێستا ئەگەر مێرد (بَعل) بخەینە ئەولاوە، چوونکە لە (مَحارم ـ کەسە نزیکەکان) نییە، بەڵام لە بینینی شەرمگەدا (وەك مێرد) لە کەسە نزیکەکانە، دوای لادانی ئەم، دەبینین ئەو کەسە نزیکانەی لە بابەتی ڕازاوەیی و زینەتدا ناویان هاتووە و باسکراون، بریتین لە: باوك، باوکی هاوسەر، ڕۆڵە، ڕۆڵەی هاوسەر، برا، برازا، خوشکەزا. ئەگەر ئەمانە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو کەسە نزیکانەدا کە مەحرەمن (مَحَارِم)، دەبینین ڕێك نیوەی ئەو کەسە مەحرەمانەن کە لە سورەتی النِّساء دا هاتوون، ئەو کەسە مەحرەمانەش کە حەرام کراوە ئافرەت شوویان پێ بکات، بۆی هەیە تەنها ببێتەوە لەگەڵیاندا و، بۆی نییە ڕازاوەیی شاراوەی خۆی (گیرفان و جیوبەکانی سەرووی جەستەی) دەربخات لە ئاست و لە بەردەمیاندا، بریتین لە: مام، خاڵ، مندالّی شیریی، برای شیریی، هاوسەری دایکی، هاوسەری کچی، هاوسەری خوشکی. ئێستا ئەو پرسیارەی کە خۆی دەردەخات لەبەردەمماندا و ناچارمان دەکات پێداچوونەوە بکەین بە چەمك و تێگەیشتنی ڕازاوەیی و زینەتدا، گوایا بریتییە لەو میکیاج و خشڵانەی کە نابێت ئافرەت دەریان بخات و پێویستە بە پۆشاکەکەی دایان پۆشێت و قژی سەریشی یەکێکە لەو شتانە: ئەگەر بابەتەکە بەو شێوەیە بوایە، ئەوکات پێویست بوو لەسەر ئافرەتی باوەڕدار، وەك چۆن لەبەردەم کەسێکی بێگانەدا دەردەکەوێت، ئاواش، لەبەردەم زاواکەیدا دەربکەوێت، چوونکە بەشێوەی هەتاهەتایی لێی حەرام کراوە شوو بکات بە زاواکەی و لە ئایەتی زینەتیشدا ناوی نەهاتووە، واتە: هەروەك چۆن نابێت مام و خاڵەکانی ڕازاوەییە شاراوەکانی ببینن، نابێت زاواکەشی هەموو ڕازاوەییە شاراوەکانی ببینێت. ئایا دەگونجێت لێرەدا مەبەست لە ڕازاوەیی و زینەت شتێکی تربێت بێجگە لەو پەنهان و جیوبانەی کە باسم کردن؟

بەم شێوەیە فیقهزانەکان بەهەڵەدا چوون کاتێك ئەو ڕازاوەییەتیەی کە لە ئایەتی زینەتدا هاتووە، بە شت و شمەکیان داناوە، لەکاتێکدا کە خۆی ڕازاوەیی و زینەتی شوێن و جێگەیە. هۆکاری ئەم هەڵەیەشیان بریتیی بووە: لە لایەکەوە بەراوردکردنی ئامادەبوو بە نائامادە (**قِيَاسُ الشَاهِدِ على الغَائِب**) کە دواتر ڕاڤە و تاوتوێی دەکەین، لەلایەکی تریشەوە بریتیی بووە لە: بەهەڵەدا چوون لە بابەتی سنوور (**الحدُود**) ـەکاندا.

ئێمە بۆیە ئەمە دەڵێین چوونکە، کاتی ئەوە هاتووە خۆمان پڕچەك بکەین بە بیر و فیکری ڕەخنەگرانە و، پێداچوونەوە بکەین بە هەموو قسە و بۆچوونەکانی فیقهزانەکاندا لە بارەی ئافرەتەوە.

پاشان ﴿**أَو نِسَائِهِنَّ**﴾ ـەش بخەینە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە حوکمیان لەبارەی دەرخستنی ڕازاوەیی ئافرەتەوە، وەك حوکمی باوك و هاوسەر وایە، بۆیە دەپرسین: لێرەدا مەبەست لە ﴿**نِسَائِهِنَّ**﴾ چییە، کە لە هەردوو ئایەتی: ٣١ ی سوورەتی **النّور** و، ٥٥ ی سورەتی **الأحزاب** دا هاتووە؟

هەندێکیان گوتوویانە مەبەستی ئافرەتانی باوەڕدارە، واتە: ئافرەت بۆی نییە ڕازاوەییەکانی لەبەردەم کەسدا دەربخات بێجگە لە ئافرەتانی باوەڕدار. ئەمەش ڕاست نییە، چوونکە ئەگەر مەبەستی ئەوە بوایە دەیگوت: (أو **المؤمنات من النِّساء** ـ یان باوەڕداران لە ژنان)، بەڵام دەبینین گوتوویەتی: ﴿**أَو نِسائِهِنَّ**﴾، نونی نیسوەش لێرەدا بۆ پاشکۆیەتیی ڕەگەزی زایەندیی (**الجِنس**) ـە، کە بۆ ڕەگەزی زایەندیش بوو، ئەوکات تێدەگەین کە (**نِسَاءُ النِساء**) یشمان دەبێت، ئەمەش لەڕووی ئەوەوە کە مەبەست لە ﴿**نِسَائِهِنَّ**﴾ مێینەکان بێت، لەڕووی لۆژیکییەوە پەسەند ناکرێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی لە ﴿**نِسَائِهِنَّ**﴾ هاوسەرانی ئەو پیاوانە بوایە کە پێشتر ناوبراون، کە بریتیین لە برا و برازاکانی ئافرەتەکە و نێرینە ناوبراوەکانی تر، ئەوکات پێویست دەبوو (م) ی کۆ و جەماعە لەکۆتایی وشەی ﴿**نِسَائِهِنَّ**﴾ ـەوە بێت، نەك (ن)

ی نیسوە و، بیگوتایە: (أو نِسَائِهم)، بەڵام دەبینین (**ن**) ی نیسوەیە، نەك (م) ی کۆ و جەماعە.

ڕاستیش نییە بڵێین: ئەو (**ن**) ی نیسوەیە لەباتی (م) ی جەماعەیە و، لەو ڕووەوە دانراوە تا ئاماژە بێت بۆ زۆریی نێرینەکان و دانانی (**ن**) ی نیسوەکەش وەك خواستێکی گرنگی دەنگیی دانرابێت، لەکاتێکدا کە لە هەموو پەڕاوی خواوەندا شتێك نییە ناوی (**ضرورة اللحن أو النغم** ـ خواستی گرنگی ئاواز) بێت، بەڵکو تەنها شتێك هەیە کە ئەویش ناوی خواستی گرنگی مانا و واتایە.

یەکێك لە پەرجوو و ئیعجازاکانی دابەزێنراوی بەجێش ئەوەیە کە پڕاوپڕیی و گونجان (**طِباق**) ێکی تەواو هەیە لەنێوان: خواستی ئاواز و خواستی وردەکاریی مانا و واتادا و خواستی کاریگەریی دەروونییدا. بۆیە لێرەدا (**نِسَائِهِنَّ**) پێویستە لە نێرەکان بێت، نەك لە مێینەکان، (**ن**) ی نیسوەش تەنها بۆ پەیوەست بوون و پاشکۆیەتییە، وەك دەگوترێت: (**كُتُبُهُنَّ، بُيُوتُهُنَّ**)، ئەمەش ناگونجێت ئەگەر وا تێنەگەین کە (**النِسَاء**) کۆی (**النَّسِيء**) ـە، نەك کۆی (**الإمرأة**)، کە (**النَسِيء و النساء**) واتای تازەداهاتوو و داهێنراوی تازە دەگەیەنێت، لە ئایەتەکەی زینەشدا کە (ئایەتی ٣١ ی سورەتی **النّور**) ـە، ئەو تازەداهنراوانەی کە ناویان نەهێراوە ئەمانەی خوارەوەن:

ـ کوڕەزا و نەوەکان.

ـ کچەزا و نەوەی کچ.

ـ نەوەی خوشك.

ـ کوڕەزای مێرد و... بەرەو خوارتر.

کوڕی کوڕیش لەدوای کوڕەوە دێت ﴿نِسَائِهِنَّ﴾، واتە: هەرچیی تریش کە لە دوای ئەم ناوبراوانەوە دێن، کە بریتین لە ڕۆڵەکانیان و نەوەکانیان، لە هەمان کاتیشدا ئەمانەی کە دوای ئەوان دێن، پەیوەندیی خزمایەتیی و نزیکییان هەیە لەگەڵ ژنەکەدا. بۆیە (ن) ی نیسوەی داناوە تا ئاماژەبێت بە پەیوەستیی بابەت و کەسەکان بە ژنەکانەوە: ﴿أو نِسَائِهِنَّ﴾. لە سوورەتی **ألأحزاب** دا هەمان حاڵەتی لەگەڵ ژن و هاوسەرەکانی پێغەمبەریشدا باس کردووە، کاتێك ڕێگەی پێدان بە دەرکەوتنیان، بەڵام نەك لە ئاست و بەردەم هەموو کەسە نزیك و مەحرەمەکاندا، بەڵکو تەنها لە ئاست و بەردەم ئەوکەسانەدا کە دیاریی کردن بۆیان و، هاوسەری لەو کەسانە بە دەرکرد، چوونکە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) خۆی هاوسەریان بوو، هەروەها کوڕی هاوسەریشی لێ بەدەر کرد، چوونکە پێغەمبەر کوڕی نەبوو، بەهەمان شێوە باوکی هاوسەریشی لێ بەدەر کرد، چوونکە پێغەمبەر بە بێ باوکیی و هەتیویی لە دایك بووبوو، پاشان فەرمووی: **﴿لَا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ وَلَا أَبْنَائِهِنَّ وَلَا إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاءِ أَخَوَاتِهِنَّ وَلَا نِسَائِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ وَاتَّقِينَ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا﴾ألأحزاب/٥٥**. خوێنەری بەڕێز لێرەدا سەرنجی ئەوە بدە کە چۆن ڕستەی ﴿ولاَ نِسَائِهِنَّ﴾، ڕۆڵە و کوڕ و کچەزاکان (نەوەکان)، ڕۆشن دەکاتەوە. ئەمەی گوت بە هاوسەرەکانی پێغەمبەر، لەکاتێکدا کە هەموو باوەڕداران سەبارەت بە هاوسەر و ژنەکانی پێغەمبەر لە کەسە نزیکەکانن، وەك دەفەرموێت: **﴿وَأزواجُهُ أُمَهَاتُهُم﴾ ألأحزاب/٦**، **﴿وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ﴾ ألأحزاب/٥٣**.

هەلومەرجی تایبەتیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ئەوە بووە کە باوەڕداران لە پشتی پەردەیەکی شوێنیی (**حِجابٍ مَكاني**) ـەوە بیان دوێنن و قسەیان لەگەڵدا بکەن، لەکاتێکدا کە باوەڕداران هەموویان سەبارەت بە هاوسەرەکانی پێغەمبەر مەحرەمن، ئەم حاڵەتەش لەسەر ئافرەتانی باوەڕدار پێویست نییە، چوونکە خواوەند فەرموویەتی: **﴿يانِساء النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنْ النِّسَاءِ﴾ ألأحزاب/ ٣٢**، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویست نییە لەسەر ئافرەتانی باوەڕدار ئەوە

بکەن کە هاوسەرانی پێغەمبەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا کردوویانە و لەسەریان پێویست بووە لە پەیوەندیی کردنیاندا لەگەڵ خەڵکدا بیکەن، ئەگەر ئافرەتی باوەڕداریش ویستی شوێن پێی هاوسەرەکانی پێغەمبەر هەڵ بگرێت و وەك ئەوان بکات، ئەوا پێویست دەبێت لەسەری کە لەپشتی پەروەردەوە قسەبکات لەگەڵ لەگەڵ هەموو خەڵکدا بە کەسە مەحرەم و نزیکەکانی خۆشیەوە، بێجگە لەو حەوت کەس و مەحرەمانە و هاوسەرەکەی خۆی کە لە ئایەتەکەی زینەدا ناویان براوە. لەم حاڵەتەشدا ئافرەتی باوەڕدار بارگرانیی و ئەرکێك دەخاتە ئەستۆی خۆیەوە کە پێویست نەکراوە لەسەری، چوونکە دۆخی تایبەت بە هاوسەرانی پێغەمبەر ئەوە بووە کە لەپشتی پەردەوە خەڵك بدوێنن، ئەمەش هیچ پەیوەندیی نییە نە بە ڕازاوەیی و زینەتی شاراوە یان ئاشکرایانەوە. بەڵام سەبارەت بە ئافرەتانی باوەڕدار، دۆخی هاوبەشیان لەگەڵ هاوسەرەکانی پێغەمبەردا، بریتییە لە ڕازاوەیی شاراوە و پۆشاك بەپێی داب و نەریتی باوی هەرکۆمەڵگەیەك، نەك دواندنی خەڵك لە پشتی پەردەوە.

ئێستا کاتی ئەوەیە خشتەی کەسە نزیك و مەحرەمەکان و خشتەی ئەو کەسانەی کە ڕێگرێك نییە لەبەردەم ئافرەتدا کە بەشێك لە ڕازاوەیی شاراوەی خۆی (گیرفان و جیوبەکانی بەشی سەرەوەی جەستە) ی دەربخات لە ئاستیاندا و، شەرمگەی تەواوی (**العَورَةُ المُغَلَظة**) ی داپۆشێت لە ئاستیاندا:

| | خشتەی مەحرەمەکان | | خشتەی ئەو کەسانەی کە ئافرەت بۆی هەیە لە ئاستیاندا بەشێك لـە ڕازاوەییـە شـاراوەکەی دەربخـات (جیوبـەکانی سەرەوە) |
|---|---|---|---|
| ١- | ڕۆڵە | ١- | ڕۆڵە |
| ٢- | باوك | ٢- | باوك |
| ٣- | برا | ٣- | برا |
| ٤- | مام | ٤- | برازا |
| ٥- | خاڵ | ٥- | خوشکەزا |
| ٦- | برازا | ٦- | باوکی مێرد (**أب البَعْل**) |
| ٧- | خوشکەزا | ٧- | ڕۆڵەی مێرد (**إبنُ البَعل**) |
| ٨- | منداڵی شیریی (لەڕێگەی پێدانی شیرەوە) | ٨- | ئەو مێرد (**ألبَعْل**) ەش کە لەخانـەی مەحرەمەکانـدا نییە زیاد دەکرێت بۆلای ئەم کەسانە، بـەڵام تـا لـە حاڵەتی (**ألبُعولَـة**) دا بێت، بـۆی نییـە شـەرمگەی تەواوی (**العَورَةُ المُغَلَظَة**) و نێوان دووڕانی، ببینێت. |
| ٩- | برای شیریی (لەڕێگەی پێدانی شیرەوە) | ٩- | منـداڵ و نـەوەکانی ئـەم حـەوت کەسـەش دەخرێنـە ڕیـزی خۆیانـەوە کـە هـەموویان پێکـەوە لـە وشـەی ﴿نِسَائِهِنَّ﴾ کۆکراونەتەوە و پێیان دەگوترێن: وەچـە و لقەکان و بەرەو خوار. |
| ١٠- | باوکی هاوسەر | | |
| ١١- | هاوسەری دایك | | |
| ١٢- | هاوسەری کچ (زاوا) | | |
| ١٣- | هاوسەری خوشك | | |
| ١٤ | ڕۆڵەی هاوسەر | | |

پێویستە ئەوەش بڵێین: نابێت ئەم قسەیەمان وا وەربگیرێت گوایا ئێمە داوا دەکەین لە ئافرەتان شەرمگەی تەواویان داپۆشن و ئەوەلای جەستەیان لەئاست ئەو هەشت توێژەدا دەرخەن کە ناومان بردن، نەخێر، بەڵکو دەڵێین: ئەگەر بەشێوەی کتوپڕ و ناچاریی یان لەڕووی نەزانییەوە ئەو شوێنانەیان دەرکەوتن کە باسمان کردن، ئەوا کارێکی حەرام نییە.

پاشان لەدرێژەی باسەکەدا باسی ئەو کەسانە دەکات کە ڕێگەدراوە ئافرەت بەشێك لە ڕازاوەیی خۆی دەربخات لە ئاستیاندا:

ـ ﴿أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ ﴾ **النور/٣١ :**

لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمان پێشکەش کردووە لەبارەی مولکولیەمینەوە، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە لە کەپوور و مێژوودا هەیە و هەمیشە وا سەیری مولکولیەمین کراوە کە: بریتیی بێت لە کۆیلە و کۆیلایەتیی، ئەم تێڕوانینەش چەندین ئاریشە و گرفتی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەموویان زادەی ئەو دیدگایەن کە وای ڕوانیوەتە پرسەکەوە. پۆشاك و حیجابیش نەگەیشتە سەرەی کەنیزەکەکان و بەڕێگەوبانەکاندا هەر بە سەری ڕووت و سنگی ڕووتەوە هاتوچۆیان دەکرد، ئەنەس گێڕاویەتەوە کە: کەنیزەکەکانی عومەر "بە سنگی ڕووت و هەست بزواندنەوە خزمەتیان دەکردین" بەیهەقیی گێڕاویەتەوە.

لەکۆنیشتەکانی بوارەکانی زایەندنیی و جنسیشدا، گرفتێکی گەورە لە ئارادا بوو، ئەویش بریتیی بوو لەوەی کە نێرەکان خۆیان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا و بە درێژایی مێژوو بەکردار ئەم ئایەتەیان جێبەجێ کردووە: ﴿**إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ**﴾ **المعارج/٣٠**، ﴿**أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ**﴾ **النور/٣١**، بەڵام تەنها یەکلایەنە جێبەجێیان کردووە، ئەو لایەنەش ئەوە بووە کە ڕێگە دراوە بە پیاوان لەگەڵ کەنیزەکەکانیاندا جووت بن و سێکس بکەن، بەڵام ڕێگە نەدراوە بە ژن و ئافرەت تا ئەویش لەگەڵ کۆیلە نێرەکەیدا جووت ببێت و ڕابوێرێت.

لە هەواڵ و گێڕانەوەکانیشدا هاتووە کە ئافرەتێکی بێ هاوسەر لەگەڵ کۆیلەیەکی خۆیدا ڕابواردن و سێکسی کردووە و عومەر ڕێگەی لێ گرتووە. لە ئەمڕۆ و لە سەرانسەری دونیاشدا و لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتیدا، ئایەتەکانی مولکولیەمین لەڕووی مێژووییەوە لەکار خراون، ئەگەر نەگەڕێین بەدووی جێگرەوەیەکی هاوچەرخدا بۆ چەمك و بابەتی مولکولیەمین، مەترسییەکی گەورەی لەپشتەوەیە، گەڕان بەدوای جێگرەوەشدا لەو سەربەنەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەیامی محەممەدیی پەیامێکی جیهانییە و لەڕووی کردارییەوە بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێك دەست دەدات.

لەوانەیە لەم سەردەمەدا هاوسەرگیریی (مِسْیَار) کە لەم دواییانەدا و لەناو زۆرێك لە خەڵکدا باو و بەربڵاوە، لەڕووی واتاییەوە هاوسەرگیرییەکی ناتەواوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە حەرام نییە و دەکرێت وەك شێوەیەکی هاوچەرخ لە شێوەکانی مولکولیەمین دای بنێین و سەیری بکەین.

**- ﴿أَوْ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنْ الرِّجَالِ﴾ النور/٣١:**

ئەو پیاوانە لەڕیزی ئەو پیاوانەدان کە پێشتر لە حوکمەکەدا باس کران و خاوەن نیاز و مەرام نین، نەك ئەو کەسانەی کە غەریزەی جنسییان نییە یان لەڕووی ژیرییەوە ناتەواون، چوونکە غەریزە و حەزی سێکسیی بەلای ناتەواو و (شێت) ەکانەوە ناپووکێتەوە. بۆنموونە: ئەوکاتەی کە ژنێك منداڵی دەبێت و پزیشکێکی پیاویش سەرپەرشتیی و یارمەتیی ئافرەتەکە دەدات و شەرمگەشی دەبینێت، بەڵام هیچ نیاز و مەرامێکی بەو ئافرەتە نییە، لەسەر ئەو بناغەیە و لەو حاڵەتەدا پزیشکەکە وەك باوك یان کوڕی ئافرەتەکە وایە، ئەگەر پێویستی کرد پزیشکەکە پێچ و پەناکانی بەشی سەرەوەی جەستەی ئافرەتەکە ببینێت، لەو حاڵەتەدا پزیشکەکە لە جێگەی باوکی ئافرەتەکەدایە. پێویستە ئافرەتانی باوەڕدار لەم بابەتە تێبگەن و بزانن ئافرەت مافی ئەوەی هەیە بچێتە لای ئەو پزیشکەی کە خۆی بە شیاوی دەزانێت و پێی ئاسوودەیە، نە حەرامە و نە هیچ مەترسیی و ڕووگیرییەکیشی تێدایە، ئیتر گرنگ نییە

پزیشکەکە نێر بێت یان مێ، چوونکە دەچێتە خانەی: ﴿غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنْ الرِّجَالِ﴾. هەروەها چەند پیشە و حاڵەتێکی تریش هەن هەمان ئایەتیان بەسەردا دەچەسپێت. پێویستە لێکۆڵەران بەدوویاندا بگەڕێن و ڕوونیان بکەنەوە بۆ ئافرەتان، بۆ نموونە: پزیشك و هەموو ئەو کەسانەی کە لە بواری پزیشکیدا ئیش دەکەن لە کارمەندانی تیشك و بێهۆشکاران و پەرستاران و هەرکەسی تریش.

- ﴿أَوْ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ﴾ النور/٣١:

لێرەدا پێویستە پێناسەی (شەرمگە - **العَورَة**) بکەین، عەورەت و شەرمگە بریتییە: "لەو شوێنەی کە مرۆڤ شەرم بکات لە دەرخستنیدا"، هەموو پێشەوایانی زمانی عەرەبیی یەك دەنگن لەسەر ئەم پێناسە و واتایەی وشەی عەورەت (سەیری کتێبی: **فِقْهُ اللُّغَةِ وَ سِرُّ العَرَبِيَةِ للثعالبی**، بکە)، هەر بەم مانایە پێغەمبەریش (سلاوی لەسەر) لە چەند فەرموودەیدا (ئەگەر ڕاست دەرچن) بەکاری هێناوە، عەورەت و شەرمگەش نە دوور و نە نزیك پەیوەندیی نییە بە حەلاڵ و حەرامەوە، واتە: ئەگەر پیاوێکی سەر ڕووتاو نەی ویست خەڵك بەسەری ڕووتاوەوە بیبینن و قژی دەست کردی خستە سەر سەری تا خەڵك بەڕووتیی سەری نەبینن، ئەوە سەر ڕووتانەوەکەی بەشەرمەساریی و عەورەت دەزانێت بۆیە دای دەپۆشێت. لەم بارەیەوە پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) لەگێڕانەوەیەکدا (ئەگەر ڕاست دەرچێت) گوتوویەتی: "هەرکەس عەورەت و شەرمگەیەکی باوەڕدارێك بپۆشێت، خواوەندیش شەرمگە و عەورەتێکی دەپۆشێت" (**جامع الأصول ج٦، ص٦٥٣، ٦٥٤**)، لێرەدا ڕوونی دەکاتەوە بۆمان کە ئەگەر کەسێکمان شتێکی پێوەبوو یان هەیبوو و پێی خۆش نەبوو خەڵکی تر پێی بزانن و یەکێك پێی زانیی، ئەوا پێویستە ئەو کەسە بۆی بپۆشێت و ناوی نەزڕێنێت.

پۆشینی شەرمگە و عەورەتیش لێرەدا واتای ئەوە نییە کە پۆشاك و پەڕۆیەکی تێوە ئاڵێنێت، بەم واتا و مانەیەش لەم ئایەتەدا وشەی عەورەت هاتووە: ﴿وَإِذْ قَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ يَاأَهْلَ يَثْرِبَ

لَا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِنْ يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا﴾ ألأحزاب/١٣.

لێرەدا مانای وشەی (العَـورة) ڕوونـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە ماڵـەکانیان بەدەرەوەیـە و هێـرش هێنـەرەکان بەئاسـانیی دەسـتیان پێیـان دەگـات و ئـەمانیش نایەنـەوێت ئـەوە ڕووبـدات، لەڕاسیشدا دۆخەکە وا نەبوو. هەروەها ئایەتی: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا لِيَسْـتَأْذِنْكُمُ الَّـذِينَ مَلَكَـتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ النور/٥٨، ڕوونی دەکاتەوە کە سێ کات هەیە، لەو کاتانـەدا پێویسـتە مۆڵـەت لـە مرۆڤ وەربگیرێت بـۆ چـوونە ژوورەوە بـۆلای: کـاتی خـەو، کـە بریتییـە لـەکاتی نیوەڕۆخـەو، هەروەها دوای نوێژی خەوتنان و، پێش بەرەبەیان، ئەمە لانی کەمی ئـەو کاتانەیـە کـە مـرۆڤ حەزناکات کەس بچێتە سەردانی. بۆیە لەو ئایەتەشدا بە سـێ عـەورەت نـاوی بـردوون، لانـی زۆریشـی بریتییـە لـەوەی کـە هەمیشـە مۆڵـەت وەربگیرێـت لـە کـاتی چـوونە نـاو ژوورە داخراوەکانەوە.

عەورەت و شەرمگەش لە شەرمەوە هاتووە، کە بریتییە لە نەخواستنی مـرۆڤ لـە دەرخسـتنی شتێك لە جەستەیدا یان لە ڕەفتاریدا، ئەم شەرم کردنەش ڕێژەییـە نـەك ڕەهـا، پەیوەسـتە بـە دابونەریتیشەوە.

پـەنهان و جیوبـەکان جـێگیرن و شـەرمگە و عـەورەتیش گـۆڕاوە و بـەپێی کـات و شـوێن دەگۆڕێت، ئەوکات واتای ئەم بڕگەیە: ﴿أَوْ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَـاءِ﴾ دەبێتـە: ئەو منداڵانەی نازانن و تێ ناگەن کە ئافرەت لەکاتی دانیشتنندا بۆچی خۆی دەهێنێتـەوە یـەك و پێی خۆشـە بەشـێوازێکی تایبـەت دابنیشـێت و لەپۆشاکیشـدا تایبەتمەنـدیی هەیـە، ئەمـەش ئاشکرایە کە منداڵان تا تەمـەنێکی دیاییی کراو لەواتای شەرم و عـەیب تـێ ناگـەن، بۆیـە بـە پێی دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژیـن، منـداڵان تـا دەگـەنە ئـەو تەمەنـەی لـە دەستەواژەی شەرم و عەیبە تێدەگەن، حوکمی ئەم بڕگەیەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

بۆیە دەسنیشان کردنی عەورەت و پەنهانی پیاو بە: نێوان ناووك و هەردوو ئەژنۆی، دەسنیشان کردنێکی ڕێژەییە نەك ڕەها، چوونکە داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە پیاوەکەی تێدا دەژیی کاریگەریی هەیە لەسەری، ئەو کۆمەڵگەیەش کە کاتی خۆی ئەم سنوورەی تێدا دیاریی و دەسنیشان کراوە، دونیا بینییەکەی لە تێگەیشتن و تێڕوانینی شەرم و عەیبەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك لە تێڕوانینی حەڵاڵ و حەرامەوە.

بۆیە ئەگەر کەسێکیش بڵێت: ئەمە تێگەشتنی شەرعییە بۆ شەرمگە و عەورەت، قسەکەی وەر ناگیرێت، چوونکە شەرع سنوورەکانی خواوەندە و تەنها ئەوەیە کە لە پەڕاوەکەیدا هاتووە، هەرچیش لەدەرەوەی ئەو پەڕاوەوە بێت، شەرع و ڕێسای خەڵکە.

ئەم دیدگایە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی فیقهزانەکان ناچار بوون دەستەواژەی عەورەت دیاریی بکەن و دابەشی بکەن بۆ: عەورەتی پەنهان و عەورەتی تەواو پەنهان (**العَورَةُ المَخفيَةُ و العَورَةُ المُغَلَّضة**)، کە مەبەستیان لە دووەم، شەرمگە و پەنهانەکانی خوارەوەیە، کە بەلای ئەو بەڕێزانەوە ئەم پەنهانانەی خوارەوەی جەستەیە، بۆ پیاو و کەنیزەك گشتییە و، بۆ ئافرەتی ئازادیش تەنها لە ئاست کەسە نزیك و مەحرەمەکانیدایە، بەلای ئێمەشەوە بۆ ئافرەتە بە گشتیی لە ئاست تەنها بەشێك لە کەسە نزیکەکانیدا، نەك لە ئاست هەموویاندا.

**ـ ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِن﴾ النور/٣١:**

ئەو کەسە نەی پێکاوە کە ئەم بڕگەیەی لەسەر بناغەی ئەوە ڕاڤە کردووە، گوایا باسی: خڕخاڵ و پاوانەی قاچ دەکات، گوایا: پێویستە ئافرەت خڕخاڵ و پاوانە نەکاتە قولەپێیەوە و پێ نەکوتێت بەزەویدا تا خڕەی بازنە و خڕخاڵەکەی نەبیسرێت و پێویستە پێڵاوێك لەپێ بکات لەکاتی ڕێ ڕۆیشتنیدا دەنگی لێوە نەیەت.

سەرەتا با لە زمانی عەرەبییدا لە واتای کرداری (ضَـرب) تێبگـەین، (ضَـرب) یـەك بناغـەی هەیە پاشان بەشێوەی تر بەکار دەبرێت و واتای تری لێ دەگیرێت.

یەکەم واتایەك کـە لێـی دەگیرێـت بریتییـە لـە: ڕێکـردن بـە زەویـدا بەمەبەسـتی کـارکردن و بازرگانیی و گەشت و گەڕان، وەك:

ـ ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا﴾ النِسَاء/٩٤، لێرەدا بـەواتای ئـەوە دێـت کە: ئەگەر لەڕێگەی دەسخستنی ڕەزامەندیی خواوەندەوە، دەرچوون بەزەویدا.

ـ : ﴿وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنْ الصَّلَاةِ... ﴾ النِسَاء/١٠١، ـ ﴿إِنْ أَنْتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾ المائدة/١٠٦، لەم دوو جێگەیەشدا بەواتای سەفەر و کاروان دێت.

مانای دووەم کە لە (الضّرب) وەردەگیرێت و دەدرێت بەسەریدا بریتییـە لـە: داڕشـتن و داڕشـتن کاریی، نموونە هێنانـەوە، وەك: ﴿وَضَرَبْنَا لَكُمْ الْأَمْثَالَ﴾ إبراهيم/٤٥، ﴿وَكُلًّا ضَـرَبْنَا لَـهُ الْأَمْثَـالَ﴾ الفرقان/٣٩، ﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلّ﴾ الروم/٥٨.

بۆ سروشت و تەبیعەتیش دەگوترێت: (السجية الضربية)، وەك ئەوەی کە مرۆڤ درابێ بەسەریدا و کوترابێت پیایدا، هەروەها بۆ پۆل و چەشنی شـتێکیش بـەکار دەهێنرێـت، وەك ئـەوەی کـە لەنموونەی خۆی لێدرابێت، لەم سەربەنەوە دەگوترێت: (ضَربُ المَثَل). (الضريبة ـ باج) یـش ئـەو پارەیەیە کە دەدرێت بەسەر مرۆڤدا لەبەرانبەر کەسـابەت و سـودێکەوە کـە کردوویـەتی، یـان لەپای خزمەتگوزارییەکەوە کە دەوڵەت بۆی دابین دەکات.

ئەگەر کەسێکیش بەر بە کەسێك بگرێت، دەگوترێت: (ضَرَبَ فلانٌ عَلَى يَـدِ فُـلان ـ فلانەکـەس دای بەدەستی فلانەکەسدا)، هەروەها وشـەی (الإضـراب ـ مـان گـرتن) لـە کـارکردنیش هـەر

لەوەوە هاتووە، کە بریتییە لە دەست گرتنەوە لە کارکردن، یان مان گرتن و خۆگرتنەوە لە خواردن.

لەم سۆنگەیەوە لە بڕگەی: ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرجُلِهِنَّ﴾ ش تێدەگەین و تێشدەگەین کە هۆکاری ئەم ڕێگریی لێکردنەش بۆ ئەوەیە ئەو ڕازاوەییەی کە ئافرەتان پەنهانی دەکەن و دەیشارنەوە، لەلایەن کەسانی نامەحرەمەوە نەزانرێت، لێرەدا قسە لەسەر ڕازاوەیی و زینەتی شاراوەیە کە بریتییە لە پەنهان و جیوبەکان، چوونکە ئەگەر ئافرەت خۆی نەیەوێت هەرگیز ناگونجێت پێ بزانرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خواوەند ڕێگریی کردووە لە ئافرەتی باوەڕدار لە کارکردن و هەوڵدان (**الضَرب**) یك کە ببێتە هۆی دەرکەوتنی هەموو پەنهانەکانی جەستەی یان هەندێکیان، وەك ئەوەی کاری نمایشکاریی و سەمای نەشیاو "ستربتیز ـ Striptease" کە هەموو پەنهانەکانی جەستەی، یان هەندێکیان، تیایاندا دەرکەون، بەڵام بەڕەهایی سەماکردنی حەرام نەکردووە، بەڵکو ئەوەی لێ حەرام کردووە کە بەویستی خۆی پەنهانەکانی جەستەی یان هەندێك لە پەنهانەکانی دەربخات.

لەم سۆنگەیەوە تێدەگەین کە خواوەند لە سنوورەکانیدا تەنها ڕێگریی لە دوو پیشە کردووە بۆ ئافرەت کە ئەوانیش بریتین لە: خۆڕووت کردنەوە و داوێن پیسیی و سێکسی ڕێگەپێنەدراو. ئیتر هەموو پیشەکانی تر ئافرەت دەتوانێت بەبێ هیچ نیگەرانیی و ترسێك بیان کات، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی مێژوویی و جوگرافیی باو لە کۆمەڵگەکاندا، کە ئەم هەلوومەرجانە لە کۆمەڵگە و سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن و هەرگیز مۆرکی هەتاهەتایی وەرناگرن، هەچ ئافرەتێکیش لەسەردەم و کۆمەڵگەکەی خۆیدا سەرپێچیی ئەو هەلومەرج و دابونەریتانە بکات و پێشێلیان بکات، ڕووبەڕووی سەرزەنشت و سەرەکۆنەی کۆمەڵایەتیی دەبێتەوە، نەك ڕووبەڕووی حەرام کراوێك.

لە کۆتایی ئایەتەکەی ٣١ ی سورەتی **النور** یشدا هاتووە کە: ﴿**وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾.

لێرەدا خواوەند داوا دەکات لە باوەڕداران بە نێر و بە مێیانەوە تەوبە بکەن و پەشیمانیی دەربڕن، چوونکە لە کاروانی ژیاندا بۆی هەیە تووشی لادان لەو ڕێنماییانە بن، بۆ چارەسەری ئەو لادانانەش تەنها تەوبە و پەشیمانیی و گەڕانەوەی داناوە بەبێ هیچ سزایەك.

دەشێت کەسێك بپرسێت: ئەوەی لەبارەی پۆشاکی ئافرەتەوە لە سورەتی **النور** دا بە (فەرزکراوەکان ـ **الفَرائض**) هاتووە و تۆ لەبارەیەوە دەڵێیت: بریتییە لە داپۆشینی نیوەی جیوب و پەنهانە شاراوەکان (**العَورَةُ المُغَلَظَة**) لە ئاست هەموو خەڵك بێجگە لە (هاوسەر ـ **الزَوج**)، بە (مێرد ـ **البَعْل**) یشەوە، نیوەکەی تریشی لە ئاست ئەو کەسانەدا داپۆشێت کە لە ئایەتەکەدا ناویان هاتووە؟

لەوەڵامدا دەڵێم: بەڵێ، ئەوە لانی کەمی پۆشاکە. بۆیە بە (**فَرْيضَة**) ناوی بردووە، ئەمەش جیاوازیی نێوان ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراوە، بەبێ هیچ سزایەك و تەنها بەتەوبە کردن و پەشیمان بوونەوە.

بەڵام ئایا ئافرەتی باوەڕدار بۆی هەیە بەو پۆشاکەوە کە لانی کەمی خۆداپۆشینە، بچێتە دەرەوە؟ دەڵێم: پۆشاکی تەواوکار بۆ ئەم لانی کەمی پۆشاکە لە سوورەتی **ألأحزاب دا** هاتووە، گوتارەکەش لە پێگە و مەقامی (پێغەمبەرایەتیی ـ **النبُوَّة**) دا هاتووە کە تەشریع و ڕێساسازیی نییە، بەڵکو ڕێنماییە بۆ لادانی زەحمەتێك، وەك فەرموویەتی: ﴿**يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا**﴾ **الأحزاب/٥٩**.

دەبینین ئایەتەکە بە ﴿يَاأَيُهَا النَّبِي﴾ دەستی پێ کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئایەتەکە ئایەتی فێرکردنە نەك تەشریع و ڕێساسازیی، پەرلەمانێکیش لە دونیادا نییە کە دەسنیشانی پۆشاك و بەرگی خەڵك بکات و بڵێت: پێویستە ئەوە لەبەر بکەن و ئەوە لەبەر نەکەن، یان بڕیارێك لەو بارەیەوە دەربکات، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لە ئەوکاتی شاری مەدینەدا بەتێگەیەشتنێکی تایبەت بەو قۆناغە مێژووییە لە ئایەتەکە تێگەیشتوون، پەیوەست کراوە بە پاراستنی ئافرەتانی باوەڕدار لە گێچەڵ پێگێڕان لەلایەن چەند کەسێکی نەفام و ئاژاوە گێڕەوە لەکاتی چوونەدەرەوەیاندا بۆ پێداویستیی و سەرئاو و کردنیان، ئێستا و لەم سەردەمانەدا بەتەواویی ئەو مەرج و داخوازییانە بەسەر چوون و نەماون، چوونکە میکانیزمی جێبەجێ کردنی ئایەتەکە لەگۆڕاوەکانە و هەتاهەتایی نییە.

ئەم ئایەتە تەنها پۆشاکی دەرەکیی یان پۆشاکی چوونەدەرەوە بۆ ناو کۆمەڵ فێری باوەڕداران دەکات، کە ئەویش بریتییە لەو پۆشاکەی کە بە ناوی (**جِلْبَاب** ـ پارچەیەکی دەرەدامان کە هەموو جەستە داپۆشێت، وەك: عەبا، چارشێو) ناوی بردووە.

(**جِلْبَاب**) یش لە ڕیشەی کرداری (**جَلَبَ**) ـەیە، ئەم کردارەش لەزمانی عەرەبیدا دوو بنەڕەتی هەیە:

**یەکەم:** هێنانی شتێك لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر.

**دووەم:** ئەو شتەیە کە شتێکی تر ڕووپۆش دەکات و دایدەپۆشێت.

(**جِلْبَبَة**) ش، ئەو قەتماغەیە کە لەکاتی بەرەو چاکبوونەوەدا ڕووکاری دەرەوەی برین دادەپۆشێت، بەڵام پێش ئەو قۆناغە، واتە: پێش قۆناغی بەرەو چاکبوونەوە و پەترۆکە بەستنی زامەکە، بە پارچە پەڕۆیەکی پاقژکراو دای دەپۆشین بۆ ئەوەی لە ئەشکەنجە و پیس بوونی دەرەکیی بیپارێزین. لەم سۆنگەیەوە (**جِلباب**) داهاتووە کە بۆ پارێزگارییە و بریتییە

لەو پۆشاکە دەرەکییەی کە دەشێت پانتۆڵ و کراسێك بێت، یان ڕۆبێـك یـان مانتۆیـەك بێـت، هەموو ئەم پۆشاکانە دەچنە خانەی (**جَلابیـب**) ـەوە. بۆیـە فەموویـەتی: ﴿**یُـدْنِینَ عَلَـیهِنَّ مِـنْ جَلابِیـبِهِنَّ**﴾ **الاحـزاب/٥٩**، ئاشـکرایە کـە بـەکارهێنانی پیتـی (**مِـنْ**) ـەکە بـۆ (**تَبعـیض - هەندییەتیی**) ـە، بۆ نزیك کردنەوەش وشەی (**یُدنِینَ - نزیك و شۆڕی بکەنەوە**) ی بەکارهێناوە، کە لە ڕیشەی (**دَنُو، یَدنو**) ـە، هەردوو وشەی (**الجَلب و الإدنـاء**) بەتـەواوی گونجاون، چـوونکە نزیك بوونەوەیەك هەیە کە بریتییە لـە (**الجَلب**)، وە ئـەوەش هەیـە کـە پۆشـاکەکە نـەلکێت و نەنووسێت بە جەستەوە کە بریتییە لە (**الدَنو**). نەت بیسـتووە خواوەنـد دەفـەرموویت: ﴿**قَـابَ قَوسَینِ أو أدْنی**﴾؟ بەو پێیەش کە ئایەتەکە بۆ فێرکردنە نەك بۆ ڕێساسازیی، زیاتر مەبەسـتەکە ڕۆشن دەبێتەوە و هۆکارەکەشی دیاریی کردووە کە بریتییە لە: ناسینەوەی ئافرەتانی بـاوەڕدار و عـەزیەت نەکردن و خۆلادان لە گێچەڵ گێڕان پێیان.

لە ڕووی فێرکاریی و فێربوونەوە پێویستە لەسەر ئـافرەتی بـاوەڕدار، ئـەو بەشـانەی جەسـتەی داپۆشێت کە ئەگەر دەرکەون تووشی عەزیـەت و گێچـەڵ پـێ گێڕانـی دەکەنـەوە: عەزیـەت و گێچەڵیش دوو چەشنە: سرووشتیی و کۆمەڵایەتیی.

یەکەمیان کە سرووشتییەکەیە پەیوەستە بە ژینگەی سرووشتییەوە لـە پلـەی گـەرما و ڕێـژەی شـێ، بۆیـە پێویسـتە ئـافرەتی بـاوەڕدار بـەپێی هەلومـەرجی کەشـوهەوای دەرەکیـی پۆشـاك بپۆشێت و خۆی تووشی زەحمەت و عەزیەتی سرووشت نەکات.

لەوانەیە هەندێ بەڕێز بڵێن: لە باسی ئەم بابەتە لێبووینەتەوە چـوونکە ئایەتەکـە باسـی لێـوە نەکردووە و عـەزیەت و گێچەڵەکەی بەستووەتەوە بە ناسینەوەکەیانەوە ﴿**أنْ یُعْرَفْنَ فلا یُؤذَینَ**﴾، سەرنجی ئە وە بدە کە (**فاء السَبَبیَةَ**) و پاشبەندی نێوان ناسینەوە و عـەزیەت، کـە پێـی دەڵـێن عـەزیەت و گێچـەڵی کۆمەڵایـەتیی، واتـە: ژنـی بـاوەڕدار پێویسـتە لەسـەری لـەکاتی چـوونە دەرەوەیدا، بەپێی دابونەریتە باو و بەرکارەکانی کۆمەڵگەکەی پۆشاکێکی دەرەکیـی بپۆشـێت

ئەوجا بچێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگەی گاڵتە و گازندە و عەزیەتی خەڵك، ئەگەر وانەکات، ئەوا خۆی دەخاتە بەر ڕەخنە و گاڵتە و عەزیەتی خەڵکەوە و هەر ئەو عەزیەت و گێچەڵەی کە ڕوبەڕووی دەبێتە خۆی لە خۆیدا سزای ئەو سەرپێچییەیە کە کردوویەتی و هیچ سزایەکی تری لەسەر نییە، واتە: لەلای خواندەوەوە هیچ دەسخۆشیی و سزایەکی لەسەر نییە، هەر ئەمەش ڕووی داوە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم ئایەتەدا لە شاری مەدینەدا، لەکاتی چوونە دەرەوەی ئێواران و شەوانی ئافرەتانی باوەڕدار بۆ پێداویستیی تایبەتی خۆیان، کەسانی نەفام و لاسار ڕێگەیان پێ دەگرتن و گێچەڵیان پێ دەگێڕان.

بۆ ئەوەی خەڵکیش زیادکردن و زەمکردن بەسەر یەکتردا نەکەن لە پۆشاکدا، پێغەمبەر (سلاوی لەسەر) لە فەرموودەیەکیدا (ئەگەر ڕاست دەرچێت) لای سەرووی پۆشاکی دیاریی کردووە و گوتوویەتی: "جەستەی ئافرەت شەرمگە و عەورەتە بێجگە ڕوومەتیی و هەردوو دەستی". لەگەڵ ئەمەشدا ئەم قسەیەی مۆرکی هەتاهەتایی نییە، ڕێگەی داوە بە ئافرەت وەك لای سەرووی خۆداپۆشین، هەموو جەستەی داپۆشێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی ئەوەی پێ نەداوە کە ڕوومەتی و هەردوو دەستیشی داپۆشێت، چوونکە ڕوومەتی مرۆڤ پێناس و شوناسی ئەو کەسەیە. **ئەگەر ئافرەتێك چووە دەرەوە و پۆشاکێکی لەبەردا بوو کە تەنها پەنهان وشەرمگەکانی بەشی خوارەوەی جەستەی داپۆشیی بوو، ئەوە لە سنوور و ڕێنماییەکانی خواوەند دەرچووە، ئەگەریش چووە دەرەوە و هەموو جەستەی بەڕوومەت و دەستەکانیشیەوە داپۆشیی بوو، ئەوا لەو حاڵەتەشدا لە سنوور و ڕێنماییەکانی پەیامهێن دەرچووە.** بەم شێوەیە دەبینین کە پۆشاکی زۆربەی ژنانی سەر ڕووی زەوی دەکەوێتە نێوان سنوور و ڕێنماییەکانی خوا و پێغەمبەرەوە، ئەمەش سرووشتی مرۆڤە لە بابەتی پۆشاکدا.

لەهەندێ حاڵەتی کەمیشدا پۆشاك لەسەر سنوورەکان دەوەستێت، لەهەندێ حاڵەتی کەمتریشدا، سنوورەکان تێ دەپەڕێنێت.

## ٥- حوكمی پۆشاكی ئەو ئافرەتانەی كە هیوایەكیان بە هاوسەرگیریی نەماوە (القَواعِدُ مِنَ النِسَاء)

خواوەند لەبابەتی پۆشاكی ئەو ئافرەتانەدا كە هیوایەكیان نەماوە لە هاوسەرگیریی كردندا، حوكمێكی تایبەت و ئازادییەكی زۆری دارشتووە، بەبێ گوێدانە تەمەنیان، دەبینین دەفەرمووێت: ﴿وَالْقَوَاعِدُ مِنْ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ وَأَنْ يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَهُنَّ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ النور/٦٠.

(القَواعِد ـ كەوتەكارەكان) لە (قَعَد) ـەوە هاتووە، كە یەك بناغەیە و بەراوردی پێ دەكرێت، بەڵگە و ئاماژەیە بۆ جێگیربوونی شتێك، لەهەمان كاتدا مانای دانیشتنیش نادات بەدەستەوە، بەڵام پێچەوانەی هەستانە سەر پێیە. (القُعُود) لەم فەرموودەی خواوەندەوە هاتووە: ﴿فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ﴾ المائدة/٢٤. لێرەدا (القعُود) بەواتای جێگیر بوون و خۆگریی لە جوڵە و ڕۆیشتن بۆ گۆڕەپانی جەنگ هاتووە. (قِيام) یش، بەواتای بەردەوامیی هاتووە، وەك بڵێیت: (فلانەكەسم بەسەر ئیشەكەیەوە بینیی) واتە: خەریكی ئەنجامدانی ئیشەكەی خۆی بوو.

لێرەشدا كە (القَواعِدُ مِنَ النِساء) هاتووە، ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە كە بەهۆی نەخۆشییەكی وەكو شەلەلەوە كەوتەكار بوون و كەوتوونەتە جێگەوە، ئیتر جیاوازیی نییە تەمەنیی هەریەكە لەو ئافرەتانە چەندە، گرنگ ئەوەیە ئەو كەوتنە وای لێ كردوون هیوایەكیان بۆ هاوسەرگیریی لا نەماوەتەوە. دەبینین گوتوویەتی: ﴿اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا﴾، بۆیە ئەوانە ناگرێتەوە كە هیوایەكیان بە هاوسەرگیریی كرد لا ماوەتەوە. واتە: (القَواعد) واتای ئەوە نییە كە فیقهزانەكان گوتوویانە، گوایا ئەو ئافرەتانەن كە بەهۆی چوونە تەمەنەوە لە سووڕی مانگانە كەوتوون، ئەو حاڵەتەی ئەوان باسی دەكەن لەم بڕگەیەدا هاتووە: ﴿وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنْ الْمَحِيضِ

**مِنْ نِسَائِكُمْ﴾ الطلاق/٤**، بێ هیوابوون لە سووڕی مانگانە، نەك لەسووڕی مانگانە کەوتوون، واتە: چوونەتە تەمەنی بێ هیوایی ئافرەتەوە، نەك چووبنە تەمەنی کەوتەکارییەوە.

﴿**فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَنْ يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ﴾ النور/٦٠**، (**الجُنَاح**) لە (**جَـنَحَ**) ـەوە هاتووە کە واتای لادان و ترازان دەگەیەنێت، وەك ئەوەی بڵێین: (**جَنَحَت السَفينَةُ أو الطائِرَةُ عَن مسارها** - کەشتییەکە یان فڕۆکەکە لە ڕێڕەوی خۆی ترازا). لەم سۆنگەیەوە چەمکی (**الجُنحَة**) داهاتووە و چەمکێکە بۆ کەتنێك بەکاردێت کە زۆر لە تاوان (**الجَريمَة**) بچووکترە، چوونکە (**جَريمَة**) بەم شێوەیە هاتووە: ﴿**وَيَاقَوْمِ لَا يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَنْ يُصِيبَكُمْ مِثْلُ مَا أَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ﴾ هود/٨٩.**

بەڵام کرداری (وَضَعَ) لە زمانی عەرەبیدا، یەك بناغەی هەیە و ئاماژەیە بۆ دەرچوونی شتێك و داتەکاندن و دەرهێنانی، وەك: ﴿**وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ الطلاق/٤**، وە: ﴿**فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى﴾ آل عمران/٣٦**، کاتێك ئافرەتێك حەمل و سکەکەی دادەنێت، بەشێوەی گشتیی دای دەنێت و لەخۆی دەکاتەوە و خۆی دادەتەکێنێت لێی. کە دەشڵێت: ﴿**يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ**﴾، (**ثیاب**) لێرەدا ناوی ڕەگەز و توخمە کە بریتییە لە هەموو ئەو شتەی کە مرۆڤ دەیکێشێت بەسەر جەستەیدا بە پۆشاکی نێوخۆیی و دەرەکییەوە، لە بنەڕەتی (**ثوب**) ـەوە هاتووە و هەروەها (**ثِیَاب**) یش لەوەوە هاتووە، (**المَثَابة**) و (**الثَـواب**) یش بریتییە لە هەموو ئەو پاداشتەی کە دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ لەپای کردەوە ئەرێنییەکانیەوە. ئەوجا ﴿**يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ**﴾ دەبێتە: **داکەندن و لابردنی هەموو پۆشاکەکان، بەڵام بەمەرج گیراوە کە ئەو کردارە بەمەبەستی دەرخستنی ڕازاوەییە شاراوەکان نەبێت بۆ کەسانی تر (واتە: تەنها پەنهان و جیویەکان) کە دەڵێت:** ﴿**غَيرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ**﴾. (بَـرَجَ) ش لەزمانی عەرەبیدا بەواتای دەرخستن و زەقکردنەوە و پەناگەش دێت، بۆیە (بُـرج - تـاوەر) یش زەق و ئاشکرایە و لە هەمانکاتدا وەك پەناگەشە بۆ خۆپاراستن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿**غَيرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ**﴾، ئەو مەرجەشی بۆیە داناوە تا مەبەست لە داکەندن و لابردنی جل و پۆشاکەکان وەك پەنا بردنێك نەبێت بۆ دەرخستنی ڕازاوەییە پەنهان و شاراوەکانی، بێجگە لە شەرمگەی تەواو و داوێن.

ئەمەش لەژیاندا ئاشکرایە، زۆرێك لەو ئافرەتانەی کە کەوتەکار و نەخۆشی ناو جێگەن پێویستیان بە خۆدانە بەر خۆر و شۆردن و حەمام و مەساج کردن هەیە و پێویستیان بە داکەندنی پۆشاکەکانیان هەیە (بێجگە لە شەرمگەی تەواو و داوێن) لەئاست کەسانی تر و ئەو کەسانەدا کە خزمەتیان دەکەن و بەدەمیانەوە دەبن، چوونکە پێویستیان بەیارمەتیی ئەو کەسانەیە، بۆیە وەك هاوکاریی و کار ئاسانییەك بۆیان (نەك وەك بابەتی حەرام و حەڵاڵ) ئەم ڕێگەیەیان پێ دراوە و لەکۆتاییشدا پێیان دەڵێت: ﴿وَأَنْ يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَهُنَّ﴾، واتە: ئەگەر بتوانن خۆیان بپارێزن و پەنهانەکانیان دەرنەخەن باشترە بۆیان. بەپشت بەستن بەمە، ئافرەت لەم حاڵەتەدا دەتوانێت هەموو ئەو نێرینانەی کە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن و یارمەتیی دەدەن و خزمەتی دەکەن، لەجێگەی کەسە نزیکەکان و مەحرەمەکانی خۆی سەیر و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات، واتە: وەك باوك و برا و کوڕەکانی.

## هەڵەی کەلەپووری بۆماوە لە پۆشاکی ئافرەتدا

با ئێستا باسی ئەوە بکەین کە ئایا هەڵەی لێکدانەوەی کەلەپوور بۆ پۆشاکی ئافرەت لە کوێدایە:

ئەگەر پێش دابەزینی ئایەتی ٣١ ی سورەتی **النور** و ٥٩ ی سورەتی **الأحزاب**، ئافرەتی عەرەب لە نیوەدورگەی عەرەبیدا وەك نموونە وەرگرین، دەبینین:

١ـ لەکاتی دابەزینی ئەم دوو ئایەتەدا ئافرەتی عەرەب ڕووت و بێ پۆشاك نەبووە.

٢ـ ئافرەت و پیاوی عەرەب، بەپێی دابونەریتی باو و بەرکار و بەپێی ئاستی بەرهەم هێنانی پۆشاك لە کۆمەڵگە و سەردەمەکەی خۆیاندا، پۆشاکی نەتەوەیی خۆیان دەپۆشی. پێغەمبەریش (سڵاوی لەسەر) لەپۆشاکی نەتەوەکەی خۆی دەپۆشیی، تەنانەت زۆرێك لە

عەرەبەکان کە دەهاتن بۆ ناوشاری مەدینە، نەیان دەتوانی لە ڕووی پۆشاکەوە پێغەمبەر بناسنەوە و جیای بکەنەوە لە هاوەڵەکانی و دەیان پرسی: کامتان **محەممەد**ە؟

بەهەمان شێوە پۆشاکی ئافرەتی عەرەبیش پۆشاکێك بوو بەپێی دابونەریتی عەرەب و کەشوهەوای نیوچەدوورگەی عەرەب، ئافرەتی عەرەب کراسێکی درێژی لەبەر دەکرد و ڕووسەرییەکیشی دەدا بەسەریدا تا لە گەرما بی پارێزێت، ڕێك وەك پۆشاکی ژنانی بیابان نشینی ئێستا، پۆشاکی دایکی باوەڕداران **خەدیجە**ش هەر وابوو (خوا لێی ڕازیی بێت) کە پێش دابەزینی سورەتەکانی **النور** و **الأحزاب** کۆچی دوایی کرد، پۆشاکەکەی پۆشاکێکی نەتەوەیی تەواو بوو. کاتێك ئایەتی ٣١ ی سورەتی **النور** دابەزیی، ئافرەتی عەرەبی موسڵمان سەیرێکی ئەو پۆشاکەی خۆی کرد کە دەی پۆشیی و هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکرد، تەنها ئەوە نەبێت کە بینی دەشێت لە کراوە (فَتْحَة) ی سنگی کراسە دەرەکیەکەیەوە مەمکی دەرکەوێت، بۆیە ڕووسەریەکەی سەر سەری شۆڕ کردەوە و دای بەسەر سنگیدا، چوونکە هەموو پەنهان و جیوبەکانی تری لەبنەڕەتەوە و بەهۆی پۆشاکە نەتەوەییەکەیەوە داپۆشراو بوون.

عائشەی دایکی باوەڕدارانیش (خوا لێی ڕازیی بێت) هەر وای کرد، تەنانەت ئێمە جیاوازییەك بەدیی ناکەین لە نێوان پۆشاکی خاتوو **خەدیجە** و خاتوو عائشەدا، بەتایبەت لەو بەشەدا کە تایبەتە بە داپۆشینی سەرەوە. لەم ڕوانگەیەوە بە هەڵە والێك درایەوە کە مەبەست لە (**الجیوب** ـ پەنهانەکان) تەنها سنگ و مەمك بێت. بۆیە ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین پۆشاکی شەرعیی، پۆشاکی ئافرەتی عەرەبیی باوەڕدار و پۆشاکی ئافرەتی گاوریش بووە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا. لانی کەمی پۆشاکی ئافرەتی باوەڕداریش لە سورەتی **النور** دا هات، بۆ ئەوان و بۆ هەموو ئافرەتانی باوەڕدار لەهەموو شوێنێکی سەر ڕووی زەویی و لە هەموو سەردەمێکدا. ئەرکی سەرشانی ئافرەتی باوەڕداری عەرەبیشە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە ڕاست بکاتەوە کە لەئاکامی بەراورد کردنی پۆشاکی ئافرەتانی موسڵمانی سەرانسەری ڕووی زەویی لەهەموو کات و شوێنێکدا بە پۆشاکی نەتەوەیی ئافرەتی عەرەب، نەك ئافرەتی موسڵمان

تەنها لە سەدەی حەوتەمی زاییینیدا، هاتە کایەوە. ئەم بەراورد کردنە مەگەر تەنها لەو حاڵەتەدا ڕاست دەرچێت کە وادابنێین، ئافرەتی عەرەب پێش دابەزینی ئەو دوو ئایەتە، ڕووت و قووت بوو بێت و هیچ پۆشاکێکی نەپۆشی بێت، پاشان لە ئاکامی هاتنی ئەو دوو ئایەتەوە پۆشاکێکی پۆشیی بێت، کە ئەمەش لە ڕووی بابەتییەوە هەڵەیە، واتە: پێویستە لەسەرمان فەرزکراوەکانی خواوەند و، پۆشاکی نەتەوەیی، تێکەڵ بکەین. بە کردارییی ئەو تێکەڵ کردنە لەوەدا کە پێی دەگوترێت: (پۆشاکی شەرعیی) خۆی ڕووی داوە، ئەم تێکەڵ کردنەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەراوردی (**شاهِد** ـ ئامادەبوو)، کراوە بە (**غائب** ـ نائامادە). ئیتر بەو شێوەیە تا ئەمڕۆش دەبینین بۆ نموونە: لە ناوچەی حورانی باشووری سوریادا، هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان پۆشاکی ئافرەتانی موسڵمانی باوەڕدار و ئافرەتانی موسڵمانی گاوردا، هەردووکیان یەك چەشن پۆشاك دەپۆشن کە بریتییە لە پۆشاکی نەتەوەیی مێژوویی کلاسیکیی و نەریتیی.

٣ـ بۆئەوەی بەشێوەیەکی درووست لە هەردوو ئایەتەکەی سورەتی **النور** و **الاحزاب** تێ بگەین، پێویستە لەسەرمان وادابنێین ئافرەتێکی تەواو ڕووت، بوونی هەیە و دەیەوێت بێتە ناو ئاینی ئیسلامەوە. ئەوکات لەخۆمان دەپرسین پێویستە ئەو ئافرەتە کە دێتە ناو ئاییینی ئیسلامەوە چیی بپۆشێت؟

٤ـ دەبێت تێبگەین کە هەر ئافرەتێکی باوەڕدار لەهەر وڵاتێکی دونیادا بێت، پێویستە لەسەری بەپێی دابونەریتی وڵاتەکەی خۆی پۆشاك بپۆشێت و وەك فەرزکراوێکیش لەسەری، پابەند بێت بە ئایەتی ٣١ ی سورەتی **النور** و ئایەتی ٥٩ ی سورەتی **الاحزاب** ەوە، وەك ڕێنمایی فێرکاریی، نەك وەك ڕێساسازیی و تەشریع.

٥ـ سەبارەت بەوەش کە پەیوەستە بە هەندێك لە ڕاوبۆچوونە فیقهییەکانەوە و پێی وایە دەنگی ئافرە شەرمەساریی و عەورەتە، ئەمە بەتەواویی وەهم و لێ تێکەڵ بوونە، چوونکە

ئـافرەت لـە مەدینـەدا ئامـادەی نوێـژی هـەینیی دەبـوو و لەڕێگـەوبان و کۆڵانەکانـدا لەگـەڵ پێغەمبەردا دەوەسـتا و وەڵامـی پرسـیارەکانی لـەو وەردەگرتـەوە، پاشـان عـەورەت بەشـێکە لەشەرم، نەك لە حەرام، واتە: ئەگەر کۆمەڵگەیەك هەبوو و خۆشی دەهات لە دەنگی ئـافرەت و تەنانەت لە گۆرانی وتنیشدا بەنەنگیی نـەدەزانی، هـیچ گوناهێـك لەمـەدا نییـە. لەوانەیـە هەندێ کەس بڵێن: ئایا فیقهزانەکان زمانی عەرەبییان نـەزانیوە و ئێمـە ئێسـتە لـەوان باشـتر دەیزانین؟ ئێمەش دەڵێین: هەڵەکە هەڵەیەکی زمانەوانیی نییە، بـەڵکو هەڵەکـە لـە مەنهـەج و ڕەویە و میتۆددایە، کاتێك هەموویان ئایەتی ٣١ ی سورەتی **النـور** و ئایـەتی ٥٩ ی سـورەتی **الاحـزاب** یـان خوێندووەتـەوە و ئـەو حەدیسـەی پێغەمبەریشـیان خوێندووەتـەوە کـە دەڵێـت: "هەمووشتێکی ئافرەت، شەرمگە و عەورەتە بێجگە لە ڕوومەتی و هەردوو لەپی دەستی تـا مەچەکی" وایان زانیوە ئەم گێڕانەوە و حەدیسە ڕاڤەکاری ئایەتەکانـە، نـەك دەسنیشـانکەری لانی سەرووی پۆشاکی ئافرەت، واتە: زیاتر بەلاکەی تردا شکاون، لـەم حاڵەتەشـدا، هەرچـیی زانینیان هەبووە لە بارەی زانستی زمانی عەرەبیی و نەحو و سـەرفەوە، هـیچ دادی نـەداون و بە ناچاریی کەوتوونەتە هەڵە و دژبەریی و گێژاوەوە. لەم سەربەنەوە دەگەینـە ئـەو پوختەیـەی کە سورەتی **النور** فەرز کردنی پۆشاکی بەدوای خۆیدا هێنا، واتـە: بەتـەواویی ئـەو شـوێنانەی دەسنیشان کرد کە پێویستە داپۆشرێن، کـە بـۆ پیـاو بـریتین لـە: شـەرمگەی تـەواو و نێـوان نەرمەی هەردووڕان (واتە: ئەو شوێنەی کە مایۆی مەلەکردن دای دەپۆشێت)، بـۆ ئـافرەتیش بـریتین لە: شەرمگەی تەواو و نێوان نەرمەی هەردووڕان و هەردوو مەمك (واتـە: مـایۆی مەلـە کـردن و سـوخمەی سـنگ)، ئـیتر هەرچـیی لەسـەرووی ئەمـەوە بێـت، پەیوەسـتە بـە زەوق و خواسـتی تاکەکەسیی و دابونەریتی کۆمەڵگەکانەوە. بۆیـە ئایـەتی پۆشـاکی ئافرەتـان کـە بریتییـە لـە ئایەتی ٥٩ ی سـورەتی **الأحـزاب** بـە داڕشـتەی ﴿**يَأَيُّهَـا الـنَّبِي**﴾ هـاتووە تـا بەڵگـەبێت لەسـەر ڕێنمایی و فێرکاریی، نەك حەرام کردن یان حەڵاڵ کردن.

## پوختەی بابەتەکە

١ـ لەوەدا کە پەیوەستە بە پۆشاکی پیاوەوە، لانی کەمی بریتییە لە داپۆشینی شەرمگەی تەواوی، کە لە فیقهدا ڕستەی (**العَورة المُغَلَظَة**) ی بۆ بەکار هێنراوە، ئیتر هەرچیی لە سەرووی ئەمەوە بێت، پەیوەندیی بە دابونەریتەوە هەیە و پەیوەستە بە کات و شوێنەوە.

٢ـ ئەوەش کە پەیوەندیی بە پۆشاکی ئافرەتەوە هەیە:

أ . نابێت ژن بە ڕووتیی لە بەردەم و لەئاست کەسدا دەربکەوێت، بێجگە لە بەردەم و لەئاست تەنها هاوسەرەکەیدا و نابێت کەسی تری لەگەڵدا بێت.

ب . ئافرەت پەنهانەکانی لای خوارەوەی جەستەی (شەرمگە و نێوان هەردوو ڕانی)، لەئاست ئەو کەسانەدا دادەپۆشێت کە لە ئایەتی ٣١ ی سورەتی **النور** دا ناویان هاتووە، کە مێرد ـ **البَعل** یش یەکێکە لەوان، ئەمەش لانی کەمی پۆشاکە و پێی دەگوترێت شەرمگەی تەواو. ئەو کەسە نزیك و مەحرەمانەش کە لەم ئایەتەدا ناو براون، نیوەی مەحرەمەکانن، نەك هەموویان.

ج . لانی کەمی پۆشاکی ئافرەتیش بەگشتیی، بریتییە لە داپۆشینی پەنهانەکانی لای خوارەوەی جەستەی (ئەم بەشە پۆشاکی دەرکەوتن و چوونەدەرەوە نییە بۆ ناو کۆمەڵگە)، هەروەها داپۆشینی پەنهان و جیوبەکانی بەشی سەرەوەی جەستەی (هەردوو مەمك و هەردوو بن باڵی). چەمك و دەستەواژەی: نێوان ناوك و ئەژنۆش، هیچ نییە بێجگە لە چەمك و دەستەواژە و تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیی و فیقهیی ڕووت.

د . پۆشاکی چوونەدەرەوەی کۆمەڵایەتی ئافرەتیش، بەلانی کەمی پۆشاك دەست پێ دەکات، کە پەیوەستە بە دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیەوە کە تیایدا دەژیی و هەلومەرجی تایبەتی ئەو کات و شوێنەوە، بۆ ئەوەی تووشی زەحمەت و ڕوبەڕووی گێچەڵ پێگێرانی کۆمەڵایەتیی

نەبێتەوە، ئیتر لە لانی کەمەوە بەرەوژوور دەکشێت تا دەگاتە لانی سەرووی کە بریتییە لە تەنها دەرخستنی ڕوومەت و هەردوو لەپی دەست تا مەچەك.

٣ـ داپۆشینی سەر بۆ هەریەك لە ژن و پیاو، پەیوەندیی نییە نە بە ئیسلامەوە و نە بە باوەڕەوە، بەڵکو بەشێوەی گشتیی پەیوەندیی بە دابونەریتی کۆمەڵگەکانەوە هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئافرەت هەرچەندە بەرز ببێتەوە، ناچێتە بەهەشت و چارەنووسی هەر ئاگرە، ئەویش بەپێی ئەم گێڕانەوە و (حەدیسانە):

ـ حەدیسی دەستەی سەرفراز **(الفرقة الناجية)**.

ـ حەدیسی ئاگر **"أهلُ النار من كل ألف تسعمئة وتسعٍ وتسعون"**.

ـ حەدیسی **"أُريتُ النار فرأيت معظم أهلها من النساء" البخاري ٣٨** .

بەڵام بەپێی پەڕاوی خواوەند، ئافرەتیش ڕێك وەك پیاو وایە: **﴿وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾ غافر/٤٠**، **﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمْ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ الأعراف/٤٣**.

# کۆتایی

لەوانەیە ئێستا پرسیارکەرێك بپرسێت: جیهانیی بوونی ئیسلام و، سۆز و بەزەیی بوونی ئەم پەیامە ﴿وَمَا أرسَلنَكَ إلاَّ رَحْمَةً لِلنَاس﴾، پاش ئەو هەموو کاتە زۆرە، لەسەدەی بیست و بیست و یەکدا، چۆن دەرکەوت و چۆن گەشایەوە؟

منیش دەڵێم، لەم بابەتانەدا دەرکەوت و درەوشایەوە:

١ـ نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ڕاگەیەنراوێکی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ڕاگەیاند، لەو ڕاگەیەنراوەدا هاوتا بوون و یەکسان بوونی خەڵك و ئازادیی بژاردەکانیان و مافەکانیان لە ڕادەربڕین و داکۆکیی لەخۆ و مافەکانیان لە ڕێساسازیی و هەڵبژاردن و تەندرووستیی و فێربوون و یەکتر ناسین و دانان بە مافی یەکدیدا، دەرکەوت و درەوشانەوە: ﴿وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾. مافەکانی مرۆڤ بوونە گرنگترین پێوەر و پێودانگ کە ئاستی سیستەمە سیاسییەکان و ڕێژە و ڕادەی پێشکەوتوویی گەلانی لەبواری گەشەی ژیاریدا، پێ دەپێورێت. ئەو پێوەر و پێودانگانەش بڕبڕەی پشتی بیروباوەڕی ئیسلامیی پێك دەهێنن، بەتایبەت مافی ئازادیی هەڵبژارد (بەندایەتیی و پەرستش).

٢ـ پەرلەمانەکان لەهەموو جیهاندا هەن، خەڵکیش گەشتوونەتە ئاستێك دەتوانن لە چوارچێوەی سنوورەکانی خواوەنددا، ڕێساسازیی بۆ خۆیان بکەن، دەبێت ئەوەش بزانین کە سنوورەکانی خواوەند ملکەچی سروشتی مرۆڤ و بەهاو ڕەوشتە باڵاکانن، ئێمە ئێستا لە سەردەم و قۆناغی دوای پەیامەکاندا دەژین کە بەها و ڕەوشتە بەرزە مرۆییەکان و ئەو داناییەی مرۆڤایەتی کە لەهەموو سەردەمێکدا بوونی هەیە، ڕیشەیان داکوتاوە و پایەدارن.

٣ـ لە چوارچێوەی سنوورەکانی خواوەنددا گەشتووینەتە قۆناغی ڕێساسازیی بۆ مرۆڤایەتیی و ئیتر لەو شتانەدا کە پەیوەستن بە ڕێساسازییەوە، پێویستمان بە فەتوا و ئەنجومەنەکانی

فەتوادان نەماوە، دووپاتی دەکەمەوە، لەو شتانەدا کە پەیوەستن بەڕێساسازیی و تەشریعەوە، نەك لە بواری درووشمە پەرستشییەکاندا.

ئێمە ئێستا پێویستمان هەیە بە هەڵبژاردن و پەرلەمان و ڕاپرسییەکان، ئەم بابەتانەش، بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگەی مەدەنیی و هاوچەرخ پێك دەهێنن.

لە چوارچێوەی ئەم سێ خاڵەدا، وەك بەشێکی دانەبڕاو لە مافەکانی مرۆڤ دەڕوانینە مافەکانی ئافرەتیشەوە. دەشزانین لە زۆربەی وڵاتاندا نەك تەنها مافەکانی ئافرەتان، بەڵکو مافەکانی مرۆڤ بەگشتیی پێشێل کراون، بەڵام ئافرەت ڕووبەڕووی دووچەشن لە چەوساندنەوە و ستەم لێ کردن دەبێتەوە: جارێك وەك مرۆڤ، کە لەمەیاندا ڕێك وەك پیاو و جارێکیش وەك ئافرەت لە کۆمەڵگەدا. خراپترین چەشنەکانی چەوساندنەوەش لەدیدی ئێمەوە ئەو چەوساندنەوە و ستەم لێ کردنەیە کە ئافرەت خۆی لە ڕوانگەی خۆبەکەم زانینەوە دەڕوانێتە خۆی.

بۆیە بانگەواز کردن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسییەتیی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیی و ئیسلامییەکاندا بووەتە خواستێکی گرنگ و داکۆکیی لەسەرکراو، لەم سەربەنەوە پێویستە ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە پرسی ئافرەتەوە ڕاست بکرێنەوە:

ـ ژن مافی ئەوەی هەبێت ڕەگەزنامە ببەخشێتە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی، ئەگەر هاوسەرەکەی هاووڵاتیی وڵاتێکی تر بوو. ئەم مافە تا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئەگەر نەڵێین لە هەموویاندا، قەتیسە لە پیاودا، ئەمەش نێرسالاریی کۆمەڵگە عەرەبییەکان دوپات دەکاتەوە لەم سەردەمەدا، واتە: ئافرەت تا ئێستاش هاووڵاتیی پلە دووە.

ـ ئافرەت مافی ئەوەی ببێت لە هەڵبژاردنەکاندا خۆی بپالێوێت بۆ هەموو پۆستەکان و بەشداریی تەواو بکات لە بویادنانی کۆمەڵگەی شارستانیدا.

ـ مافی ئافرەتی تەڵاقدراو (**متعَـة المُطَلَقَـةِ**)، کە ئافرەت لەسایەی ئەم مافەوە، لەکاتی جیابوونەوەدا، نیوەی ئەو ماڵ و سامانەی دەکەوێت کە لە کاتی ژیانی هاوبەشیاندا پێکەوەیان ناوە، تەنها لە حاڵەتی تێوەگلانی ئافرەتەکەدا بە ڕەفتارێکی ناپەسەند (**الفَاحشـة**)ـەوە. بەهەمان شێوە لەحاڵەتی پشتڕاست بوونەوەی تێوەگلانی پیاوەکەشدا بەڕەفتارێکی ناپەسەندەوە، ئافرەتەکە مافی داوای جیابوونەوە و بەدەستهێنانی هەموو مافەکانی خۆی هەیە.

ـ لە حاڵەتی جیابوونەوە و تەڵاقدا ماڵی هاوسەریی (**بَیـتُ الزَوجیَـة**) مافی ژنەکەیە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە موڵکی پیاوەکەیە یان کەسێکی تر. بەڵام لەحاڵەتی دووچاربوون و تووش بوونیەوە بە ڕەفتارێکی ناپەسەندەوە، ژنەکە ئەم مافە لەدەست دەدات.

ـ قەتیس کردن و بەستنەوەی چەندییەتیی لە هاوسەرگیریدا بە بێوەژنی منداڵدارەوە، وە ژنی دووەم و بەرەوژووریش میرات ناگرن.

ـ لەئامێزگرتنی منداڵەکان بە هەردوو ڕەگەزیانەوە تا دەگەنە تەمەنی پێگەیشتوویی، مافی دایکە.

ـ حیجاب و پۆشاك وەك چەمك و تێگەیشتن و ڕووپۆشی سەری هەردوو ڕەگەز، پەیوەندیی نییە نە بەئیسلام و نە بەئیمانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە دابونەریتی نەتەوەیی و خۆجێییەوە.

ـ وەسیەت و ڕاسپاردە کردن بناغەیە لە دابەش کردنی ساماندا و کاریگەریی ئەو گێڕانەوە و حەدیسە ئاحادەش هەڵبوەشێتەوە کە دەڵێت: (**لاوصیَّةَ لِوارِثِ**)، لە گواستنەوەی موڵکدارییشدا دەرگای وەسیەت کردن بخرێتە سەر پشت.

ـ چەند یاسایەكی تازە بۆ میراتگرتن دابڕێژێن و بخرێنە بواری جێبەجێ كردنەوە (لەم كتێبەدا ئەو یاسایانە پێشنیار كراون) تا ئەگەر وەسیەت نامەیەك لە مردووەكە بەجێ نەما، كار بەو یاسایانە بكرێت.

لەكۆتاییدا داوای پشتیوانیی دەكەم لە خواوەند، لەهەرچیدا پێكابێتم ئەوە بەپشتیوانیی ئەو بووە و لەهەرچیشدا بەهەڵەدا چووبم لەخۆمەوە بووە.

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان

دیمەشق، نۆی زیلحەججە ی ساڵی ١٤٢٠/ بەرانبەر پانزەی مارس ی ساڵی ٢٠٠٠

............................

سوپاس بۆ خواوەند، منیش ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٤ كاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ لە وەرگێڕانی ئەم بەرگەش بوومەوە